# دۆکیومێنت 7

گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیریی دۆکیومێنتارییە
ژمارە (٧) تەمموزی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز:
حسێن ئەحمەد

سەرنووسەر:
ستار محەمەد

بەڕێوەبەری نووسین
دڵزار حەسەن

دیزاینەر:
عوسمان پیرداود

بۆ پەیوەندی کردن بە گۆڤاری دۆکیومێنت
سەرنووسەر:
٠٧٥٠٤٤٨٨٥٤٧ - ٠٧٧٦٦٩٣٠٤٨٤

# ناوەڕۆک


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەروتار | کەژاڵ ئەحمەد | ٣ |
| شێخ محەمەدی خاڵ گەوهەرێك لە دەریای زانست | ئیحسان موفتی | ٧ |
| نامەیەکی تایبەت لە مام جەلالەوە بۆ عەبدوڵلا ئۆجەلان | ئا: دۆکیومێنت | ٢٩ |
| لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی | دیمانە: محەمەد گۆران | ٤٣ |
| کار و شێوازی خەتی گشتی لەناو (ی.ن.ك) دا | ڕەهبەری سەید براهیم | ٦٣ |
| بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە ڕۆژنامەی هاوکاری | د. ئەحمەد حەمەدەمین | ٧٥ |
| جەلال تاڵەبانی لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی فەڕەنسا - بەشی/٤ | د. نەجاتی عەبدوڵلا | ٧٧ |
| میرانی ئاغا واحیدبەگ هیرانی | ن: نەریمان عەبدولسەمەد ڕواندزی | ٩٣ |
| حەبیب ئاغای سیاوی چۆن کوژرا | ڕەهێڵ تەڵعەت مشیر دزەیی | ١٠٩ |
| بەڵگەنامەی کچە پاکیزەکانی ئەنفال لە نێوان تەزویر و حەقیقەتدا | عەبدوڵلا کەریم مەحموود | ١١٧ |
| ڕۆبەرت های...چۆن پێناسەی ئیسماعیل بەگی ڕواندوزیانی کردییە | بێ باك ڕواندوزی | ١٣٥ |
| گردی قازیخانە بڵندگۆی ڕاپەڕینی جوتیاران | عوسمان هۆرمزیار | ١٣٩ |
| مەرگەوەڕ و قەڵای بێنار لە چەند بەڵگەنامەو وێنەو بەسەرهاتی مێژوویی‌دا | بورهان برادۆست | ١٤٥ |
| نامەیەك لەدوای ڕەشەبای ئەنفالەوە | ئامانج شاکەلی | ١٦٩ |
| کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کەیی و چۆن دامەزرا | یوسف مەنتك | ١٧٣ |
| نامەیەك لە نوگرە سەلمانەوە | ئاسۆ حەیدەری | ٢٠٧ |
| عەبدولڕەقیب یوسف... نازناوی بەدیع زەمانی دووەمی کوردی پێ دەبەخشرێت | ئا: دۆکیومێنت | ٢١٣ |
| مێژووی پزیشکی لە هەولێر - بەشی/٣ | د. ئازاد مەنتك | ٢١٧ |
| گرنگی پاراستنی بەڵگەو دۆکیومێنتەکان لە کۆڕێکی ساڵۆنی لاپەڕە ٩ | ئا: ڕەوەست نەوزاد | ٢٢١ |
| چیرۆکی وێنەکەی عوسمان پیرداود لەگەڵ شاژنی ئەردەن | ئا: دۆکیومێنت | ٢٣٩ |
| لەئەرشیفی ئەدهەم شێخۆ | ئا: دۆکیومێنت | ٢٤٠ |

سەروتار

# دۆکیومێنت
# وەك بێلایەنترین هونەری هێشتنەوە

**کەژاڵ ئەحمەد**



دۆکیومێنت لە سەرەتای هوشیاربوونەوەی مرۆڤەوە لەپێناوی هێشتنەوەی بەڵگەنامە و زانیارییە گرنگەکاندا هاتووە و سەرەتا لە شێوەی شیعری پەندئامێزدا، لەسەر زاران و بە شێوەی زارەکی گواستراوەتەوە، دواتر لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان بە وێنە یان لە شێوەی سومبول دواتریش پیتدا نەخشێنراوە، هەروەها لەسەر بەردی گەورە بە هەڵکۆڵین تۆمارکراوە، وەک لە مۆزەخانەکانی جیهان و لای خۆشمان لە پارچە ئاسەوارە بە نرخەکاندا دەیانبینین. ئەم حەزە بەهێزەی کەسەکان هەیانە بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی نووسینە بایەخدارەکان و ڕووداوە هەرە کاریگەرەکانی ژیانی خۆیان یان نەتەوەکەیان، وا دەکات بەردەوام ئەم هونەرە دێرینەی تۆمارکردن و پاراستنی پارچە کاغەزە گرنگ و ڕووداوە مەزنەکان بە شێوازێ لە شێوازەکان بهێڵنەوە و بەردەوامیش بەرەو بە ڕێگە جۆراوجۆرەکانی هێشتنەوەیان بدەن. واتا لە نەخشی سەر تاشە بەردی چیا سەختەکانەوە، مرۆڤایەتی بەڵگەنامەکانی پاراستووە و هێناونی تا سەردەمی هارد دیسک و کۆمپیوتەر و ئامێرە تەکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان. بایەخ و گرنگیی دۆکیومێنت لەوەدایە بە سوودوەرگرتن لە بابەتە پارێزراوەکانی ڕابردوو، بە تێکەڵکردنیشی لەگەڵ تۆمارە نوێیەکان، شارستانییەتی میللەتان بەرەو پێشکەوتنی

**مرۆڤایەتی بەڵگەنامەکانی پاراستووە و هێناونی تا سەردەمی هارد دیسک و کۆمپیوتەر و ئامێرە تەکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان.**

زیاتر دەبەن. هەروەها کۆمەڵگە ڕێکدەخات لە ڕێگەی ڕێکخستنی بەڵگەنامە یاسایی و نێودەوڵەتییەکانەوە. خاڵێکی هەرە گرنگی پاراستنی دۆکیومێنتەکان پەیوەستە بە هێشتنەوەی بنیات و ناسنامەی میللەتە ژێردەست و چەوساوەکان، پاراستنی ئەسڵی کەلتور و زمان و پرنسیپەکانیان لە ژیاندا. دۆکیومێنتەکان مێژووی دێرین و مافی ئەو میللەتانە لە بەڵگەنامەکاندا دەپارێزن، کە بەدەست جینۆسایدکردن و هەڕەشەی لەناوبردنیانەوە دەناڵێنن. دۆکیومێنتکردن کە بە تەواوەتی پێچەوانەی لەناوبردن و سڕینەوەی تۆماری مێژووی نەتەوەکان و کەسەکان و شتەکانە، یەکێکە لەو هەوڵانەی لای خۆمان گرنگیی شایستە بە خۆی پێ نەدراوە، ئەگەرچی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ی بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە کە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانییە لە هەرێمی کوردستانی عیراق، بەڵام هیچ دامودەزگایەکی حکومیمان نییە لە باشووری کوردستان کە گرنگیی بە دۆکیومێنت بدات بەڵکو هەموو هەوڵەکان لەسەر ئاستی کەسایەتییە دیارەکانی عەوداڵی ئەرشیفکردن و پاراستنی بەڵگەنامە و تۆمارە دانسقەکان بووە، نەک لە ڕێگەی دامەزراوەی فەرمیی سەربە حکومەتەوە. لەو کەسایەتییە دیارانەی ساڵانێکی زۆرە دەرویشی ئەو بوارەن و تەمەنی خۆیان بە دۆکیۆمێنتە بەهادارەکان بەخشیووە، مامۆستایانی بەڕێزی وەک: عەبدولڕەقیب یوسف، مومتاز حەیدەری، سدیق ساڵح و هەموو ئەوانەن کە بە هۆی نەبوونی ناوەندێکی نیشتمانی بۆ ئەرشیفکردن و بەهۆی پەرشوبڵاویی بەڵگەنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی

**دۆکیومێنتکردن کە بە تەواوەتی پێچەوانەی لەناوبردن و سڕینەوەی تۆماری مێژووی نەتەوەکان و کەسەکان و شتەکانە، یەکێکە لەو هەوڵانەی لای خۆمان گرنگیی شایستە بە خۆی پێ نەدراوە، ئەگەرچی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ی بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە کە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانییە لە هەرێمی کوردستانی عیراق**

کوردستانەوە و بە مەبەستی ڕەواندنەوەی مەترسی لەناوچوون لەسەر ئەو دۆکیومێنتانە، خۆیان بوونەتە مەڵبەند و فەرمانگەی پاراستنی دۆکیۆمێنتەکان و هەوڵەکانیان شایستەی ڕێزلێگرتنە. لە کۆتاییدا دەڵێم دۆکیومێنت هونەری کۆکردنەوەیەکی بێلایەنانەی تۆمارکراوە فەرمی و نافەرمییەکانی نیشتمانە، ئینجا بە هەر زمانێک نووسرابێت و بە وێنە یاخود ڤیدیۆ یان هەر شێوازێکی دەربڕینی دی خرابێتەڕوو، هەر دەرژێتە رووباری بەرژەوەندییەکانی نیشتمانەکەمانەوە. بۆ ئەمە نموونەی یەکێکی دیکە لە عەوداڵەکانی دۆکیۆمێنت بە بیردەهێنمەوە کە ئەویش عەلی سیدۆ گەورانی یە، کە کتێبی چاپکراو و دەستنووسەکانی بە زمانی عەرەبین بەڵام کتێبخانەکەی لە عەممان شایەدیی بۆ هەوڵەکانی ئەو نووسەرە کوردە شەیدایەی پاراستنی دەستنووس و بەڵگەکان دەدەن لە جیهانێکدا کە بەردەوام بەرەوپێشەوە دەچێت و دۆکیۆمێنتە کاغەزییەکان زیاتر و زۆرتر زەرد هەڵدەگەڕێن و دەوەرێن، یان بە هۆی شێ و زەبری ساڵەکانەوە دەخوسێنەوە و پیتەکان بەرەو دیانەمان دەچن، خۆشحاڵانە هەوڵێکی سادە و ساکارم هەیە لە بواری گۆڕینی سیما کۆنەکەی دۆکیومێنت بە سیمایەکی هاوچەرخی دیجیتاڵیی، چەندین مانگ کارم لەسەر سکان کردن و ئەرشیف کردنی بەڵگەنامەکانی عەلی سیدۆ کوردیدا کردووە و لە توندکردنەوەی لاپەڕەکان و بەرگ تێگرتن و تەبویب کردنی زنجیرەی باسەکاندا هەوڵێکی خاکەڕایانەم داوە، بێجگە لەوەی کتێبێکم سەبارەت بە ساتەکانی بەریەککەوتنی نێوان خۆم و کتێبخانەکەی ئەو نووسەرە دیارەدا نووسیوە بەڵام هێشتا کاتی چاپکردنیم بۆ نەڕەخساوە. لەوانەیە هەریەکێ لە ئێوەش حیکایەتی عەشقی خۆتان هەبێت بۆ دۆکیومێنت و دنیای ئەو نووسەرانەی لە بایەخی ئەو هونەرە دێرینەی مرۆڤایەتی تێگەیشتوون، وەلێ کورت و پوخت ئێمە ئەو میللەتەین بەڵگەنامە گرنگەکانمان یان ئەوەیە کەوتووەتە ژێر سمی ئەسپی داگیرکەرانی وەک سەفەوی و عوسمانی و مەغۆل و هۆلاکۆ و ئینگلیزەوە و بڕێکیان براون و لە مۆزەخانەی وڵاتانی تر دانراون، یان خۆمان نەزانانە لەناومان بردوون و بە ئێستاشەوە هێندە جێگەی بایەخمان نییە دامەزراوەی باشی بۆ تەرخان بکەین یان وا بکەین پشتیوانیی دارایی ئەو کەس و شوێنانە بکرێت کە بایەخ بەو بوارە ژیانی و ژیارییە دەدەن.

# ئاگاداری بۆ نووسەرانی ئازیز....



ژمارە/٨ی گۆڤاری دۆکیومێنت تایبەت دەبێ بە سیاسەتمەداری کورد مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا. داواکارین هەرکەسێک توێژینەوە و وێنەو دۆکیومێنتی هەیە لەسەر مامۆستا هەمزە لەگەڵ ڕێزدا بۆمان لە ڕێگای ناونیشانی گۆڤاری دۆکیومێنت کە لەسەر بەرگ نووسراوە بنێرێ.

# نامەی خاڵ

## بەڵگەنامەیەکی گرنگ و نایابە

**ئیحسان ڕەشاد موفتی**



سلیمانی

٩٨٢/٢/٧

برازای بەڕێزم ئیحسان ڕەشاد مفتی



لـە مـاوەی سـاڵانی (١٩٧٣-١٩٧٧) کاتێـک خوێنـدکار بـووم لـە زانکـۆی سـلێمانی، نەمدەزانـی ئـەو کەسـایەتییە دیارانـە لـەو شـارەدا هـەن، کـە پەیوەنـدی خێزانـی، ئایینـی، سیاسـی و کۆمەڵایەتییـان لەگـەڵ بنەماڵـەی ئێمـەدا هەبـوو. یەکێـک لـەو کەسـایەتییە دیارانـە زانـای ئاییـنـی، توێـژەر و نووسـەری کـورد خوالێخۆشـبوو شـێخ محەمـەد خـاڵ (١٩٠٤-١٩٨٩) بـوو، یەکێـک لەوانـەی کـە قورئانـی پیـرۆزی بـەوردی لێکدایـەوە، لـە دادوەرە ناسراوەکانـی بـواری یاسـایی، هەروهـا نووسـەرێکی دیـار لـە بـواری زمـان و ئەدەبـی کـوردی بـوو.

دوای ئـەوەی خوێندنـی زانکـۆم لـە کۆتایـی حەفتاکانـدا تەواوکـرد و دامـەزرام وەک



سلیمانی

۱۹۸۲/۳/۱۲

برازای بەڕێزم ئیحسان ڕەشاد مفتی

دوای سڵاو، نامەتان گەیشت، چاوی پێ ڕوون بووەوە، کارەکەتان
زۆر پیرۆزە، [illegible] کارێکی گەورەیە، ئەبێ بە هۆی ئەوەی نانووسرێ، ئەبێ
ئاگاداری یەکی زۆرتان بێ لەو ڕووەوە، وە لە هەموو گۆشەیەکی لە ژیانی
خوالێخۆشبوو بدوێن، وە لە هەموو سووچێکەوە [illegible]
هەڵگیرسێنن کە ڕووناکی بکاتەوە بۆ خوێندەواران، هیوادارم بە هۆ[illegible]
زۆر بەرز و جوان بنووسن، وە ئەم خانەوادە بە زیندوو بکەنەوە، وە ئەوەی کە
من لە خزمەت مەلا ئەفەندیدا ئەم خوێندووە، بە تەمام لە پاشی ئەوە کورت
کە ئیجازەم وەرگرت لە سلێمانی کاغەزێکم بۆ خوالێخۆشبوو نووسی کە بۆ بەرەکەتی
ئیجازەنامەیەکم بۆ بنێرێ، ئەویش لە ڕووی میهرەبانییەوە ئیجازەنامەیەکی
بۆ ناردم، وە تائێستا سوپاسگوزاری ئەو میهرەبانییە ئەکەم، وەک مفتی زەهاوی ئەڵێ:
من ئێستا پیر و کەنەفتکارم، بە سێ پێ ئەڕۆم
آن اوان لیسیر راحلا
من صار یمشی بالعصا من کبر، یمشی علی الاربع یمشی عاملا
اعنی الذی علی ثلاث ارجل یمشی، وە بینیشی نەماوە، چاوی
چاکیشم هەشت نۆ ساڵە ئاوی ڕەشی هاتووە، وە بینیشی نەماوە، ئازارەکەی
ڕاستیشم سێ چوار ساڵە ئاوی سپی هاتووە، هەر یەکێ بوو نە، نازانم کەی
[illegible] تا عەلیاتی بکەم، ئەم پیشە پیرۆزە بە هەشت نۆ ساڵ ئیجا تەواو ئەبێ، چونکە
بە هەموو ماڵ ئەم پیشە [illegible] لە کوردستانا، لەم بابەتەوە کە سەقەت لە [illegible]
کەرەسەی ئەم مێژووە شتانێ نییە لە کوردستانا، بە زاری کاکە عزالدین، بە هۆی
[illegible] کاغەز، بە ڕاستی من پێشم، هەروەک چاوم بڕوای
زۆر سڵاو لە باوکت ئەکەم، بە ڕاستی [illegible] نەیاوە [illegible] بیم بی ببینم، هەروەک ئێستا
گەورە و بەڕێزن، ئێستا چاوم بڕوای نەدیاوە شێخی صام الدین، ئەو قەبرەی کە ئێستا و ئەوە
گەورە و بەڕێز [illegible] قەبرەکەی بە وێرانی و بە تەنیایی، ئەنادەمی یەکی بە لارەیەوە
نیشانە [illegible] کەتیم ئەوە بە [illegible] ئاوی باتی [illegible]
بۆ ئەم شاعیرەی باغی گوڵ ئەوە بە [illegible] هەتا [illegible]
بە [illegible] ئەویش [illegible] هیوادارم خۆشی بێ و [illegible]
گەردشی گردون هەزار ئاخاندان بە ربادداد [illegible] هەستاوم [illegible]
دەستت بە کاکە عزالدین بەدەم [illegible]

نامەی شێخ محەمەدی خاڵ بۆ ئیحسان ڕەشاد موفتی لە ١٢-٣-١٩٨٢

سلێمانی

١٩٨٢/٣/١٢

**برازای بە نرخم ئیحسان ڕەشاد موفتی**

دوای سڵاو، نامەتان گەیشت، چاومی پێ ڕوون بووەوە، کارەکەتان زۆر پیرۆزە، هەر وەك کارێکی گەورەیە، ئەمە بە خۆڕایی نانووسرێ، ئەبێ ئاگادارییەکی زۆرتان بێ لەو ڕووەوە، وە لە هەموو گۆشەیەك لە ژیانی خوالێخۆشبوو بدوێن (مەبەستی مەلا ئەفندییە)، وە لە هەموو سووچێکەوە گڵۆپێکی سەد نمرەیی تیا هەڵگیرسێنن، کە ڕووناکی بکاتەوە بۆ خوێندەواران، هیوادارم بە خوا کە شتێکی زۆر بەرز و جوان بنووسن، وە ئەم خانەوادەیە زیندوو بکەنەوە.

من لە خزمەت مەلا ئەفەندی دا نەمخوێندووە، بەڵام لە پاش ئەوەی کە ئیجازەم وەرگرت لە سلێمانی، کاغەزێکم بۆ خوالێخۆشبوو نووسی، کە بۆ بەرەکەت ئیجازەنامەیەکم بۆ بنێرێ، ئەویش لە ڕووی میهرەبانی یەوە ئیجازەنامەیەکی بۆ ناردم، وە تا ئەمڕۆ سوپاس گوزاری ئەو میهرەبانی یەیم.

من ئێستا پیر و کەفتەکارم، بە سێ پێ ئەڕۆم، وەك مفتی زەهاوی ئەڵێ:

**من صار يمشي بالعصا من كبر**
**ان الاوان ان يصير راحلا**
**اعنى الذى على ثلاث ارجل،**
**يمشي على الاربع يمشي عاجلا**

چاوێکم هەشت نۆ ساڵە ئاوی ڕەشی هاتووە، وە بینینیشی نەماوە، چاوی ڕاستیشم سێ چوار ساڵە ئاوی سپی هاتووە، خەریکی پڕ بوونە، نازانم کەی پڕ ئەبێ تا عملیاتی بکەم.

بە هەرحال ئەم ئیشە پیرۆزە، بە هەشت نۆ ساڵ ئینجا تەواو ئەبێ، چونکە کەرەسەی ئەم جۆرە شتانە نییە لە کوردستانا، لەم بابەتەوە کەس قەڵەمی نەناوەتە سەر کاغەز.

زۆر سلام لە باوکت ئەکەم، بە ڕاستی من شەرمەزاری کاك عزالدینم، بە خوای گەورە و مەزن تا ئێستا چاوم بڕوایی نەداوە بێم ببینم، هەروەك چاوم بڕوایی نەداوە بچمە سەر قەبرەکەی شێخ حسام الدین، ئەو قەبرەی کە ئێستا وا بەسەر لوتکەی باغە کۆنەوە بە وێرانی و بە تەنیایی، نە ئادەمی یەکی بەلاوەیە و نە ئاوەدانی یەکی لێوە نزیکە.

**گەردشی گەردون هەزاران خانەدان بەرباد داد**
**نەهمین بدین، کایەش باتست پایا من بود**

دوو مانگە نەخۆشم کەوتووم، ئەمە چەند ڕۆژێکە هەستاوم، تۆزێ هەوا خۆش بێ، ڕەنگە سەرێکی باوکت و کاك عزالدین بدەم، ئیتر بە خواتان ئەسپێرم.

**دڵسۆزتان**

**محمدی خاڵ**

مامۆستای ئامادەی، دەستم کرد بە گەڕان لە کتێبخانە کۆنەکەماندا کە دەیان کتێبی کۆن و دەستنووسی تێدا بوو. لە کاتی گەڕانمدا، چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگم لە کتێبخانەکەدا دۆزییەوە، کە هانیاندام دەستبکەم بە خوێندنەوە و توێژینەوەیان. هەروەها هانیاندام کە زیاتر لە مێژووی بنەماڵەکەم و زانایەکانی بکۆڵمەوە، بەتایبەتی وردبوومەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی زانایانی وەک حاجی عومەر ئەفەندی، مەلا ئەفەندی، محەمەد موفتی و ئەوانی دیکەی نێو خانەوادەکەمان، بەو بڕوایەی کە تۆ کە خاوەن ماڵ بی، باشتر دەزانی زانیارییەکان بخەیتەڕوو و لێیبکۆڵیتەوە. لە کاتی گەڕانمدا بۆ بابەتی توێژینەوەکەم، تێبینیم کرد کە ناوی شێخ محەمەد خاڵ لە نێو ئەوانەدا هاتووە کە ئیجازەی زانستییان لە مەلا ئەفەندی (١٨٦٣-١٩٤٢) وەرگرتووە.

بۆیە بڕیارم دا نامەیەک بۆ شێخ محەمەد خاڵ بنووسم و تێیدا نیازی خۆم بۆ نووسینی توێژینەوەیەک لەسەر ئەو کەسایەتییانە بەتایبەتی مەلا ئەفەندی بۆ ڕوون بکەمەوە. نامەکەم لە ڕێگەی پۆستەوە نارد و لەسەر زەرفی نامەکە نووسیم: «سلێمانی - بۆ بەڕێز مامۆستا شێخ محەمەد خاڵ». بە شێوازێکی زۆر جوان، وەڵامم بە نامەیەک لە ڕێگەی پۆستەوە لە مامۆستای ڕێزدارمان (شێخ محەمەد خاڵ) پێگەیشت، کە بەلای منەوە بووە گەنجینەیەکی ئەدەبی، کە هەمیشە شانازیی پێوەبکەم، وەڵامەکە، بە زمانی کوردی نووسراوە و شایەنی وەستان و تێڕامانە لەو بابەتانەی کە باسیان دەکات.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە شێخ محەمەد خاڵ، پەیوەندییەکی دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ باوکم ڕەشاد موفتی (١٩١٥-١٩٩٢) هەبوو. جارجار سەردانی هەولێری دەکرد و لە ماڵی ئێمە میوان دەبووە، هەموو جارێکیش لە ژووری کتێبخانەی دیوانەکەدا، کە پڕە لە کتێب و دەستنووسی مێژوویی دەگمەن و هاوشێوەی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی خۆی بوو، ئەو شوێنەی زیاتر بەدڵ بوو و پێی خۆشبوو لێی بخەوێت.

گفتوگۆی نێوان هەردوو زانا (موفتی) و (خاڵ) لە ماوەی ئەم سەردانانەدا، تایبەتمەندی و ناوازەیی خۆی هەبوو. لەو کاتانەدا کە شێخ محەمەد خاڵ دەبووە میوانمان، من و براکەم کەنعان موفتی، هەمیشە لە خزمەتیدا بووین، هەر بۆیەش پاڵپشت بەو ئاشنایەتییەی کە لەگەڵ بەڕێزیان پەیدا ببوو لەو ماوەیەی کە دەهاتە هەولێر ئەم نامەیەم بۆی نووسی.

**ئەمەش دەقی نامەکەی شێخ محەمەدی خاڵە:**

**سلێمانی**

**١٩٨٢/٣/١٢**

**برازای بە نرخم ئیحسان ڕەشاد موفتی**

دوای سڵاو، نامەتـان گەیشـت، چاومـی پێ روون بـووەوە، کارەکەتـان زۆر پیـرۆزە، هەر وەك کارێکـی گەورەیـە، ئەمـە بـە خۆڕایـی نانـووسرێ، ئەبـێ ئاگادارییەکـی زۆرتـان ببـێ لـەو ڕووەوە، وە لـە هەمـوو گۆشـەیەك لـە ژیانـی خوالێخۆشـبوو بدوێـن (مەبەسـتی مـەلا ئەفندییـە)، وە لـە هەمـوو سـووچێکەوە گلۆپێکـی سـەد نمرەیـی تیـا هەڵگیرسێنن، کـە رووناکـی بکاتـەوە بـۆ خوێنـدەواران، هیـوادارم بـە خـوا کـە شـتێکی زۆر بـەرز و جـوان بنووسـن، وە ئـەم خانەوادەیـە زینـدوو بکەنـەوە.

مـن لـە خزمـەت مـەلا ئەفەنـدی دا نەمخوێنـدووە، بـەڵام لـە پـاش ئـەوەی کـە ئیجـازەم وەرگـرت لـە سـلێمانی، کاغەزێکـم بـۆ خوالێخۆشـبوو نووسـی، کـە بـۆ بەرەکـەت ئیجازەنامەیەکم بـۆ بنێـرێ، ئەویـش لـە رووی میهرەبانـی یـەوە ئیجازەنامەیەکـی بـۆ نـاردم، وە تـا ئەمڕۆ سـوپاس گـوزاری ئـەو میهرەبانـی یەیـم.

من ئێستا پیر و کەفتەکارم، بە سێ پێ ئەرۆم، وەك مفتی زەهاوی ئەڵێ:

**مـن صـار یمیشـی بالعصـا مـن کـبر**
**ان الاوان ان یصیـر راحــلا**
**اعنـی الـذی عـلی ثـلاث ارجـل،**
**یمشـی عـلی الاربـع یمشـی عاجـلا**

چاوێکـم هەشـت نـۆ سـاڵە ئـاوی رەشـی هاتـووە، وە بینینیشـی نەمـاوە، چـاوی راستیشـم سـێ چـوار سـاڵە ئـاوی سـپی هاتـووە، خەریکـی پـڕ بوونـە، نازانـم کـەی پـڕ ئەبـێ تـا عملیاتـی بکـەم.

بـە هەرحـال ئـەم ئیشـە پیـرۆزە، بـە هەشـت نۆ سـاڵ ئینجـا تـەواو ئەبـێ، چونکە کەرەسـەی ئـەم جـۆرە شـتانە نییـە لـە کوردسـتانا، لـەم بابەتـەوە کـەس قەڵەمـی نەناوەتە سـەر کاغەز.

زۆر سـلام لـە باوکـت ئەکـەم، بـە ڕاسـتی مـن شـەرمەزاری کاك عزالدینـم، بـە خـوای گـەورە و مـەزن تـا ئێسـتا چـاوم بڕوایـی نـەداوە بێـم ببینـم، هـەروەك چـاوم بڕوایـی نـەداوە بچمـە

سەر قەبرەکەی شێخ حسام الدین، ئەو قەبرەی کە ئێستا وا بەسەر لوتکەی باغە کۆنەوە بە وێرانی و بە تەنیایی، نە ئادەمی یەکی بەلاوەیە و نە ئاوەدانی یەکی لێوە نزیکە.

**گەردشی گەردون هەزاران خانەدان بەرباد داد**

**نەهمین بدین، کایەش باتست پایا من بود**

دوو مانگە نەخۆشم کەوتووم، ئەمە چەند ڕۆژێکە هەستاوم، تۆزێ هەوا خۆش ببێ، رەنگە سەرێکی باوکت و کاك عزالدین بدەم، ئیتر بە خواتان ئەسپێرم.

**دڵسۆزتان**

**محمدی خاڵ**

لە پەراوێزی نامەی خاڵدا

**١- نامەکان و بەڵگەنامە مێژووییەکان**

من سێ نامەی دیکەی بەڕێز شێخ محەمەد خاڵم لای خۆم هەڵگرتووە کە بۆ باوکم ڕەشاد موفتی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٣ نووسیوە. هەروەها بەڵگەنامەیەکی فەرمی قازی شێخ محەمەد خاڵم لای خۆم پاراستووە کە لە دۆسیەی فەرمی باوکم دایە، دوای خانەنشینبوونی لە ساڵی ١٩٧٨ وەک قازی هەولێر، دۆزیمەوە. ئەم بەڵگەنامەیە نووسراوێکی فەرمییە لە دادگای شەرعی سلێمانییەوە بە واژۆی قازی شێخ محەمەد خاڵ کە لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ قازی شاری هەولێر ناردوویەتی. بڕیارم دا بە شێوەیەکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان لە لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز بڵاویان بکەمەوە.

**٢- یادەوەریەکی بە نرخ لەگەڵ شێخی نووسەران**

نامەی شێخ محەمەد خاڵ، کە بە دەستی پیرۆزی خۆی لە ساڵی ١٩٨٢ نووسیویەتی، لە دڵماندا یادگارییەکی بە نرخە. شێخە بەڕێزەکەمان حەوت ساڵ دوای نووسینی ئەم نامەیە، لێمان جیابووەوە و بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانمان و لە بواری ئەدەبی و ڕۆحیدا بەجێهێشت.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، شانازیمان بە میوانداری ئەو لە ماڵەکەماندا لە هەولێر دەکرد، کە سەردانی باوکمی دەکرد و دیدارەکانی بۆ هەمیشە لە بیرەوەریمدا هەڵکەنراوە. قسەکانی پڕبوون لە حیکمەت و نەرمی، وەک هەنگوینی پاک دەڕژانە خوارەوە، بەختەوەری و ئارامییان دەهێنایە دڵەکان.

لە ماوەی مانەوەی لە هەولێر، شێخ محەمەد خاڵ بە ڕۆحە جوانەکەی، پردی خۆشەویستی و ئاشنایەتی دروستکرد، هەموومان بەرامبەری هەستمان بە نزیکییەکی ڕۆحی قووڵ دەکرد. ئامادەبوونێکی جوان و کاریگەرییەکی سیحراوی هەبوو، وای دەکرد لە ناخەوە پێیەوە پەیوەست بین.

### ٣- هۆکاری نامەکە و ئیجازەی زانستی

هۆکاری ناردنی نامەکە بۆ پرسیارێک بوو کە ویستم لە شێخ محەمەد خاڵ بپرسم، سەبارەت بەو ئیجازەی کە پێیدراوە لە لایەن (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی ١٨٦٣-١٩٤٢) کە بە «مەلا ئەفەندی» ناسرابوو، مەلافەندی، ئەم زانا بەرزەی کورد، کەسایەتییەکی دیاری ئایینی بوو لە هەولێر و لە بنەماڵەیەکی زانستپەروەری دێرین پێگەیشتبوو. ئەم زانایە، بە بەخشینی زیاتر لە سەد مۆڵەتی زانستی بە زانایانی ناوچە جیاجیاکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ناوچەکە ناسراوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چارەسەرکردنی ناکۆکی هۆزەکان لە سەردەمی عوسمانیدا هەبووە. بەشداری لە دامەزراندنی چەندین قوتابخانە و مزگەوت کردووە، هاوکات کاریگەرییەکی سیاسی گرنگی هەبووە، بە تایبەت دوای دامەزراندنی عێراقی نوێ و مەلیک فەیسەڵی دووەم «مەدالیای ڕافیدەین»ی بە پلەی یەکەم پێ بەخشیوە، ئەو کوڕی مامی (ئەحمەد عوسمان) و (محەمەد موفتی)یە کە یەکەمیان یەکەم موتەسەرفی هەولێر ١٨٧٩-١٩٤٦ بووە و دووەمیان موفتی شاری هەولێر ١٨٦٩ -١٩٤٦ بووە.


مەلا ئەفەندی لەگەڵ کورە گەورەی عزەدین مەلا ئەفەندی وقاسم مەلا ئەفەندی ١٩٣٤
گوندی باداوە - هەولێر

شێخ محەمەد خاڵ، ئیجازەیەکی زانستی بەرزی لە زانستە شەرعییەکان لە بەڕێز مەلا ئەفەندی وەرگرتووە، دوای ئەوەی سەلمێنرا کە دروستی

ئیجـازەی یەکـەم کـە لـە سـلێمانی وەریگرتبـوو. ئـەم ئیجازەیـە وەک بڕوانامەیەکـی شـانازی بـوو، هەروەهـا قووڵـی پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو بنەماڵـە بەڕێـزەکان دەردەخـات.

**٤- موفتی زەهاوی**

**مـــن صـــار يمـــشي بالعصـــا مـــن كِـــبر**
**آن الأوان أن يصـــير راحـــلا**
**أعنـــي الـــذي عـــلى ثـــلاث أرجـــل**
**يمـــشي عـــلى الأربـــع يمـــشي عاجـــلا**

ئـەم دێرانـە بـۆ شـێخ محەمـەد فەیـزی زەهـاوی (١٧٩٨-١٨٩٠ز) دەگەڕێتـەوە کـە زانایەکـی موسـڵمانی کـورد بـوو. سـەرۆکی بنەماڵـەی زەهـاوی بەغـدا، پۆسـتی موفتـی بەغـدا و ئەمینـی فەتـوای وەرگـرت. لـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و تورکیـدا شـارەزا بـوو، لـە زانسـتەکان و لۆژیـک و فەلەکناسـی کتێبـی نووسـیوە. بـە بەهێـزی بیـرەوەری و زۆری زانسـت نـاسراوە، کوڕەکانـی محەمـەد سـەعید و جەمیـل سـدقی زەهـاوی بـوون.

مەبەسـتی شـاعیر محەمـەد فەیـزی زەهـاوی ئەوەیـە کە ئـەوەی گەیشـتووەتە قۆناغـی پیری و بـە گۆچـان دەڕوات (سـێ پـێ: هـەردوو پێـی و گۆچانەکـە) مەرگـی نزیـک بووەتـەوە. مـرۆڤ لـە منداڵیـدا بـە چوارپـێ دەڕوات (گاگۆلکـێ و ڕۆیشـتن لەسـەر لەپـی دەسـت)، پاشـان لـە گەنجـی بـە دوو پـێ دەڕوات، پاشـان لەپیریـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ پشتبەسـتن بـە گۆچـان و دواجـار دەمرێـت و هەڵدەگیرێـت (وەک تابـووت بـە چـوار کـەس). ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ سـوڕی ژیـان و حەتمیەتـی مـردن کاتێـک دەگاتـە پیـری. لێـرەدا شـێخ محەمـەد خـاڵ ویسـتوویەتی بارودۆخـی خـۆی وەسـف بـکات، هـەروەک چـۆن زەهـاوی بـەم دێرانـە وەسـفی خـۆی کـردووە کـە کاتـی کۆچکردنـی نزیـک بووەتـەوە.

**٥- باری تەندروستی شێخ**

شـێخ محەمـەد خـاڵ لـە نامەکەیـدا، ئاشـکرای دەکات کـە بەدەسـت دوو کێشـەی بینیـن دەناڵێنێـت: تووشـبوونی چـاوی ڕاسـتی بـە ئـاوی ڕەش بـەر لـە چەنـد سـاڵێکەوە، لەکاتێکـدا چـاوی چەپیشـی بـە ئـاوی سـپی گرفتـی بـۆ دروسـت کـردووە.

سـەرەڕای جیاوازییەکـی زۆری تەمـەن لـە نێوانمانـدا کـە بەرێزیـان ئـەوکات تەمـەنی نزیکـەی

٨٠ ساڵ دەبوو، لەکاتێکدا من لە تەمەنی ٢٨ساڵیدا بووم، کەچی لەگەڵمدا وەک کەسێکی نزیک لە خۆی قسەی دەکرد، هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەگەڵ باوکمدا هەیبوو، میهرەبانی و ڕێزێکی تایبەتی پیشان دەدا. سەرەڕای ئاستەنگە تەندروستییەکان کە ڕووبەڕووی ببوونەوە، ئەم بێفیزیی و گەرموگوڕییە زۆرەی، پایە بەرزی ئەخلاقی ئەوی دەردەخست.

**٦- نامەیەکی کەسی بە واتای قووڵ**

نەرمونیانی شێخ محەمەد خاڵ لە نامە ڕاستگۆیەکەیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، وەک ئەوەی هەوڵی دابێت پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ باوکم بنێرێت، بە یارمەتی من وەک پەیوەندیکار. بە ئازارەوە، باری خراپی تەندروستی خۆی وەسف دەکات کە ڕێگری لێکردووە سەردانی گۆڕی شێخی ڕۆحی خۆی، شێخ حیسامەدین نەقشبەندی، لە شارۆچکەی (باغەکۆن) کە نزیکە لە هەڵەبجە، بکات. ئەم بەشداریکردنە هەستییە، ئاماژەیە بۆ پێگەی باوکم لە دڵی ئەودا. هاوکات متمانەیەکی تایبەت بە منیش دەبەخشێ.

**٧- شێخ حیسامەدین نەقشبەندی**

شێخ محەمەد خاڵ ئاماژە بە شێخ حیسامەدین نەقشبەندی دەکات، کە شێخ محەمەد عەلی (١٨٦١-١٩٣٩)، کوڕی گەورەی شێخ محەمەد بەهائەدینە، یەکێک لە خەلیفە بەرچاوەکانی مەولانا خالید بووە لە تەریقەتی تەسەوفی نەقشبەندیدا.

شێخ حیسامەدین دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٨٨١، زۆربەی خەلیفەکان بەیعەتیان پێدا وەک خەلیفەی سەرەکی تەریقەت. دواتر گەڕایەوە بۆ تەوێڵە لەوێ سەرکردایەتی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەی هەورامان وەرگرت و بەردەوام بوو لە خزمەتکردن هەتا مردنی لە ساڵی ١٩٣٩ و لە باغەکۆن نێژرا.



**شێخ حیسامەدینی نەقشبەندی**

شێخ محەمەدی خاڵ بە غەمبارییەکی زۆرەوە

باس لە فەرامۆشکردنی گۆڕی شێخەکان لەو ناوچەیە دەکات و دڵگرانە  کە بەهۆی باری تەندروستییەوە نەیتوانیوە سەردانیان بکات. من لە گفتوگۆی لەگەڵ باوکمدا، لە شێخ محەمەدی خاڵم بیست کە شێخ حیسامەدین دوای وەرگرتنی ئیرشاد، وتوویەتی کە دوو خەلیفەی هەیە: یەکێکیان لە سلێمانی (شێخ ئەمین) باپیری شێخ محەمەد خاڵ و ئەوی دیکەش لە هەولێر (شێخ عەلی ئەفەندی) کە دەکاتە کوری گچکەی مەلا ئەبوبەکری مەلاگچکەی هەولێر (١٧٧٨-١٨٥٥)ز.

شێخ عەلی ئەفەندی، کتێبێکی بە ناوی «سیراج الطالبین» نووسیوە کە تێیدا باسی چاکەکانی شێخ حیسامەدین کردووە، کوڕەکەی شێخ جەمیل ئەفەندی (١٨٧٨-١٩١٩) پێش کۆچکردنی لە کرکوک چاپی کردووە، شێخ جەمیل ئەفەندی، خوشکی شێخی حیسامەدینی خواستووە و دوای کۆچی ئەو، شێخ حیسامەدین کچەکەی (ثوییە حیسامەدین)ی لێ مارە دەکات، هەموویان لە گۆڕستانەکەمان لە گوندی باداوە، کە ئێستا گەڕەکێکە لە هەولێر، نێژراون.

**٨- وێژەی جوان و ڕستەسازی**

لە ئاماژەیەکی بەلاغیدا، شێخ محەمەد خاڵ گوزارشتی لە گۆڕانکارییەکانی زەمان و نەگریسی لە دێرە شیعرێکی فارسیدا کردووە، پێموایە لە ڕێگەی ئەم دوو دێرەوە، خەمی خۆی لە گۆڕانی باری هەندێک بنەماڵە بەتایبەتی ئەوانەی لە نامەکەیدا باسی کردوون، دەردەبڕێت.

**گەردشی گەردوون هەزاران خانەدان بەرباد داد**
**نە همین بدین، کایەش باتست پایا من بود**

ئەم دێرە شیعرە فارسییە، هی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە (١٧٧٩-١٨٢٧)، نوێکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندییە. وەرگێڕانەکەی:

**ڕۆژگار هەزاران بنەماڵەی پەرتەوازە کردووە وەک چۆن با تۆز دەبات**
**دڵڕەقی تەنها بەرامبەر بە تۆ یان من نەبووە**

ئەمەش واتای ڕاستەقینەی دێرەکەیە، کە شاعیر کاریگەری ڕۆژگاری بە با چوواندووە کە تۆز دەبات، لە ئاماژەیەکدا بۆ هێزی ڕۆژگار و کاریگەری وێرانکەری لەسەر ماڵبات و بنەماڵەکان بەدرێژایی مێژوو. تەواوی شعرەکەی مەولانا خالد، کە ئەم دێرە شعرەی

تێدایـە و شـێخ محەمـەدی خـاڵ لـە نامەکـەی نووسـیوە و بریتیـە لـە پێنـج بەیتـە شـعری فارسـی:

سـایە ایـن خرگـە نیلـی کـرا مـا مـن بـود
یـا درایـن دنیـا کجـا ێسـایش یـک تـن بـود
گـردش گـردوون هـزاران خانـدان بـر بـاد داد
نـە همیـن بـد مهـری اش بـا تسـت یـا بـا مـن بـود
چشـم عـبرت برگشـا و گاق کـسری را ببیـن
پـردە دارش عنکبـوت و جغـد نوبـت زن بـود
شـهریارانی کـە بـر اورنـگ زریـن خفتـە انـد
نیـک بنگـر تـا کجـا شـان منـزل و مسـکن بـود
پـا بـە خـاک ێهسـتە نـە خالـد کـە ایـن خـاک سیاە
از غبـار خـگ مـە رویـان سـیمین تـن بـود

ئەم دێرە شعرانەی مەولانا خالد، بە کوردی ئەم مانایە دەگەیەنێ:

**سـێبەری ئـەم کەپـرە نیلـی یـە پەنـاگای مـن بـوو**
**یـان لـەم دنیایـەدا کـوا ئاسـوودەیی یـەک کـەس هەبـوو**
**گەڕانـی گـەردوون هـەزاران بنەماڵـەی بەبـادا**
**نـەک تەنیـا بـەد میهـری لەگـەڵ تـۆ یـان لەگـەڵ مـن بـوو**
**چـاوی عیـبرەت بکـەرەوە و تاقـی کیـسرا ببینـە**
**پـەردە دارەکـەی جاڵجاڵۆکـە و کونـدە نـۆرەوان بـوو**
**پاشـایانەی کـە لەسـەر تەختـی زێڕیـن خەوتـوون**
**بـاش بڕوانـە تـا کـوێ جێگـە و مەنزڵگایـان بـوو**
**پـێ لەسـەر خـاک هێـدی دانێ خالیـد، چونکـە ئەم خاکە ڕەشـە**
**لـە تـۆزی خەتـی مانـگ ڕوویـان سـیمین تـەن بـوو**

**٩- باسکردنی کەسایەتییە هاوچەرخەکان**

شـێخ باسـی ئـەوەی کـردووە کـە بەهـۆی نەخۆشـییەکەیەوە نەیتوانیـوە سـەردانی کاک عیزەدیـن لـە هەولێـر بـکات، مەبەسـتی مـام عیزەدیـن مـەلا ئەفەندییـە کـە سـاڵی ١٩١٦

لـە قـەڵای هەولێـر لەدایکبـووە. خەریکـی وانەوتنـەوە و وتـاردان بـووە لـە مزگەوتـی قـەڵا لـە جیاتـی باوکـی لـە سـاڵی ١٩٤٣ چەنـد خولێکیـش وەک نوێنـەری هەولێـر لـە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق هەڵبژێـردراوە و پۆسـتی وەزیـری دەوڵەتـی وەرگرتـووە. سـاڵی ١٩٩٨ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی بنەماڵـە لـە باداوە نێـژراوە.

**١٠- گوندی باغەکۆن**

شـێخ محەمـەد خـاڵ باسـی گونـدی (باغەکـۆن)ی کـردووە کـە شـێخ حیسـامەدین نەقشـبەندی تێـدا نێـژراوە. کـە کەوتووەتـە نزیـک پارێـزگای هەڵەبجـە و لـە ناوچـەی سـنووری لەگـەڵ ئێـران هەڵکەوتـووە. هاتـووە وەسـفی باغەکـۆنی کـردووە کـە چـۆڵ و وێـران بـووە، چونکـە لـە ناوچەیەکـدا بـووە کـە ئاگـری شـەڕی عێـراق و ئێـرانی تێیـدا هەڵگیرسـابوو. شێخ بـە شـێوەیەکی دەوری سـەردانی ناوچەکـەی دەکـرد و موریدەکانیشـی لـە هەولێـر، مـاوە بـە مـاوە سـەردانی گوندەکەیـان دەکـرد.

**پەیوەندی زانستی و دۆستایەتی (خاڵ) لەگەڵ هەولێر**

خۆشەویسـتیی هـەردوو بنەماڵـەی موفتـی لـە هەولێـر و خـاڵ لـە سـلێمانی، هـاوکات خۆشەویسـتی نەوەکانیـان بـۆ تەریقەتـی نەقشـبەندی و مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی و شێخەکانی نەقشـبەندی، لـە هەورەمـان و تەوێڵـە و باغەکۆن کـۆی دەکردنـەوە. هاوڕێیەتییەکی پتـەو لەنێـوان هـەردوو بنەماڵـەدا دروسـت بووبـوو، بەتایبەتـی لـە نێـوان باپیـری شـێخ محەمەد خـاڵ، شـێخ ئەمیـن کـە سەرپەرشـتی (خـاڵ)ی دەکـرد لـە منداڵیـدا، دوای مردنـی باوکـی، شـێخ عەلـی ئەفەنـدی موفتـی هەولێـر (١٨٢٥-١٨٨٩) و کوڕەکـەی شـێخ جەمیـل عەلـی ئەفەنـدی (١٨٧٨-١٩١٩) زاوای شـێخ حیسـامەدین نەقشـبەندی.

لەنێـو ئـەم کەشـوهەوایەدا، شـێخ محەمـەد خـاڵ لەگـەڵ باوکـم قـازی ڕەشـاد موفتـی ١٩١٥-١٩٩٢ لـە سـاڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ کـە قـازی بـوو لـە شـاری سـلێمانی، دۆسـتایەتیان پتەوتربوو، پاشـان بـە سـەردانی یەکترەوە پەیوەنـدی نێوانیانـدا بەهێزتـر دەبێـت، هەروەهـا هەنـدێ جـار پێکـەوە سـەردانی مـەزاری شـێخەکانی نەقشـبەندیان دەکـرد لـە گونـدی (باغەکـۆن).

هـەر ئـەم پەیوەندییانـە دواتـر بـۆ نەوەکانـی داهاتـووش گوازرانـەوە، بۆیـە دەبینیـن کـە شـێخ محەمـەدی خـاڵ لـە ڕێگـەی ئـەم پەیوەندییانـەوە، دوای وەرگرتنـی ئیجـازەی ئایینـی لـە سـلێمانی، ئیجازەیەکـی شـانازی لـە زانـای گـەورە (مـەلا ئەفەنـدی) کـە نـاوی مـەلا ئەبوبەکـری

کوڕی حاجی عومەر ئەفەندی کوڕی مەلا ئەبوبەکری ناسراو بە مەلا گجکەی هەولێرییە پێ بەخشرا. ئەم ئیجازەیە لە دەستنووسێک لە دەستنووسەکانی مەلا ئەفەندی تۆمار کراوە و بووە هۆی لێکۆڵینەوەم، دەرئەنجام هەر ئەوەش بووە هۆکاری نووسینی ئەم نامەیەی شێخ محەمەدی خاڵ، منیش بەدرێژایی ٤٣ ساڵ پاراستبووم و ئەمڕۆ لێرەوە بەم لێکۆڵینەوەیەم بۆ یەکەم جار بە کوردی لە گۆڤاری دۆکیومێنت بڵاوی دەکەمەوە.

بۆیە ئێمە ئەم خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەمان لەو دۆستایەتیبە وەرگرتووە. ئەمڕۆکەش دوای نیوسەدە لە لێکۆڵینەوەی ئەم ڕەگوڕیشەیە و پەیوەندییانە داین و ئەم زانیارییانە بڵاودەکەینەوە، بەو هیوایەی کە لە هەلێکی دیکە و لە بۆنەیەکی گونجاودا بڕەخسێت بۆ بڵاوکردنەوەی سێ نامەکەی خاڵ کە بۆ باوکمی ناردووە.

### پەیوەندی دۆستایەتی نێوان خاڵ و موفتی

دۆستایەتییەکی تایبەت لە نێوان شێخ محەمەد خاڵ و ڕەشاد موفتیدا هەبوو، کە لە سنووری کەسی تێپەڕبوو و ببووە هێمای خۆشەویستی دوو شار. ئەم دۆستایەتییە بە تەنیاش پەیوەندییەکی کەسی نەبوو، بەڵکو بەرجەستەکردنی ئامانجە هاوبەشە ڕەوا



**شێخ محەممەدی خال و ڕەشاد موفتی - ١٩٧٩ هەولێر**

و بـەرزەکان بـوو، لـە سـەرووی هەموویانـەوە خۆشەویسـتی نیشـتمان و کوردسـتان بـوو، کـە ڕووپۆشـکرابوو بـە بەرگریکـردن لـە ئـەدەب و زمانـی کـوردی، خەباتکـردن بـۆ کێشـەی کـوردی.

**پێکهاتەی زانستی و پیشەیی هاوشێوە**

لێکچوونێکـی زۆر لـە نێـوان ڕێـڕەوی ئـەم دوو کەسـایەتییەدا هەبـوو، هەردووکیـان پـەروەردەی ئایینیـان بـە سـەرکەوتوویی تەواوکردبـوو و مۆڵەتـی ئایینـی پێدراویـان وەرگرتبـوو. هەردووکیـان پۆسـتی دادوەری شـەرعییان (قـازی شـەرع) بـۆ سـاڵانێکی دوورودرێـژ هەتـا خانەنشـینبوونیان بەڕێوەبـرد. ئـەم پاشخانە هاوبەشـەیان، تێگەیشـتن و ڕێزگرتنـی دوولایەنـەی نێوانیـانی، قووڵـتر کردبـووەوە.

**چەسپاندنی دۆستایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان**

دۆسـتایەتییەکە لـە ڕۆژانـی باپیـری شـێخ محەمـەد خاڵـەوە بەهێزتـر بـوو، کاتێـک شـێخ ئەمیـن کۆچـی دوایـی کـرد، خـاڵ پۆسـتی خوتبـە و پێشـنوێژی لـە مزگەوتـی باپیـری خـۆی وەرگـرت. ئیجـازەی (مـەلا ئەفەنـدی) وەک پشـتگیرییەکی گرنـگ بـوو بـۆ ئـەو، تاکـو پێگەکـەی لەنـاو کۆمەڵـی ئاییپـەروەری خەڵـکی سـلێمانی بەهێزتـر بێـت.

**یادەوەرییەکان لە گەیاندن و میوانداری**

یادەوەرییـەکان هێشـتا وێنـەی جوانـی ئـەو ڕۆژانەیـان پاراسـتووە، کـە ئـەوکات (کاک ڕەشـاد) کـە لـە هەشـتاکان بەڕێوەبـەری گومـرک بـوو، شـێخی خـاڵ نامەکانـی بـۆ باوکـم لەڕێگـەی ئـەوەوە دەنـارد، هەنـدێ جـار دیاریـی جۆراوجۆریشـی لەگەڵـدا دەنـارد، بـە تایبەتـی توورشـی.

لـە بەرامبەریشـدا لـەکاتی مانـەوەی شـێخ لـە هەولێـر، باوکـم .زۆر گرنگـی بـە ئامادەکردنـی خواردنـی تایبـەت بـۆ مێوانـە ئازیزەکـەی دەدا، کـە زۆربـەی جـار گۆشـتی بووقەڵەمـون و دۆڵمـەی هەولێـری نـاسراوی تێدابـوو، چونکـە دەیزانـی دۆسـتەکەی زۆر حـەزی لـەم دوو خواردنـە بـوو.

**گرنگیدان بە تەندروستی و چارەسەری**

لـە یەکێـک لـە سـەردانەکانی بـۆ هەولێـر کـە ئێمـە لەگەڵیـدا بوویـن، باوکـم گرنگـی بـە لایـەنی تەندروسـتی شـێخ دەدا، هـاوکات هـەر خۆیـشی ئـەو پزیشـکەی بـۆ پێشـنیازکرد کـە لـە نەخۆشـییەکەی ئـەودا پسـپۆڕ بـووە، کـە دکتـۆر (عەبدوڵەجیـد ئەتراقچـی) بـوو، بێگومـان

ئەمەش ڕادەی ئاستی بایەخ و خۆشەویستی نێوان دوو دۆستەکەی دەردەخات.

### دیارییە زانستییەکان و گەنجینەی زمانەکان

مامۆستا شێخی خاڵ، لە هەر گەشتێکدا یەکێک لە کتێبەکانی وەک دیاری بۆ باوکم دەهێنا. لە یەکێک لە سەردانە تایبەتەکانی، کتێبی "کەنزالألسن"ی هێنا، ئێستاش لەیادمە قەبارەکەی جیاوازبوو وەک (کوراس) وابوو. لێرەوە قسە سەرنجڕاکێشەکەی لە دیوەخان دەگێڕمەوە کە چۆن باسی لەو کتێبە دەکرد: کتێبی "کەنزالألسن" لە نووسینی زانای ئەحمەد فائیق بەرزنجییە. بە شەش زمان لە یەك کاردا کۆکراوەتەوە: عەرەبی، تورکی، فارسی، فەڕەنسی، ڕوسی و کوردی. هەر لاپەڕەیەک لە یازدە ستووندا ڕێکخراوە، بە جۆرێک کە خوێنەر بتوانێت واتا و وشەکان لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا بەراورد بکات. شێخ بۆ دانیشتوانی مەجلس باس لە چیرۆکی ئەم دەسخەتەی و شیکردنەوەی و لێکۆڵینەوە دەربارەی، تا گەیاندنی بە چاپ کردووە.

### دیداری نەوەکان لە کۆنفرانسی زانستی سلێمانی

بەڕێز (ئەختەر خاڵ)، کچی شێخ محەمەدی خاڵ، کە لە لەندەن نیشتەجێیە، پەیوەندی پێوە کردین و بانگهێشتی کردین بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسی زانستی کە زانکۆی سلێمانی بۆ ڕێزگرتن لە زانا و بیریاری ناودار مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە سلێمانی، ڕێکی خستبوو.

لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٢٤/١١/٢٧ هەموومان لە هۆڵی کۆنفرانسەکان لە زانکۆی سلێمانی کۆبووینەوە، کە تێیدا چەندین توێژینەوەی زانستی، دەربارەی بەشداریکردن و کارە فیکرییەکانی شێخ خاڵ، پێشکەشکران. ئەم دیدارە، نیشانەی بەردەوامی نەوەکان بوو بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییەی بنەماڵەی خاڵ و بنەماڵەی موفتی، ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی، خۆشەویستی و ڕێزی دوولایەنەی تێدابوو. پەیوەندی و دۆستایەتییەکە لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی خاڵ، نوێکرایەوە. پێشتریش، ئاشنایەتی لەگەڵ خالد خاڵ هەبوو کە لە هەولێر فەرمانبەر بوو، هەروەها لەگەڵ ئەختەرخان لە سوریا و لەندەن دۆستایەتییەکە لەڕێگەی کاک عەدنان موفتی برام، بەردەوام بوو.



**لە ڕاستەوە: ئیحسان ڕەشاد موفتی، کانی خالید خاڵ، ئەختەر شێخ محەممەد خاڵ، سارە خالید خاڵ ـ کۆنفرانسی شێخ محەممەد خاڵ ٢٧-١١-٢٠٢٤ لە سلێمانی.**

لەو دیدارەدا، (ئەختەرخان) یادەوەرییەکانی بۆ گێڕاینەوە و وتی: «لە سەرەتای منداڵیمەوە، گوێم لە باوکم دەبوو کە لە بۆنە جیاوازەکاندا باسی هاوڕێیەتی قووڵی خۆی لەگەڵ موفتی لە هەولێر دەکرد، کە چۆن باپیرانمان پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبووە و لە لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی بوونە، بە تایبەت شێخ حیسامەدین نەقشبەندی».

کۆنفرانسەکە پێشکەشکردنی توێژینەوەی زانستی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو، دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح بەشێک لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکەی دەوڵەمەندتر کرد. هەروەها ڕاگەیاندنکار دکتۆر چرۆ شەهاب، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەرکەوتنی کۆنفرانسەکە، کە ئەو و دکتۆر ئاراس، لەگەڵ خاتوو ئەختەر خاڵ، هەموویان پەرۆش بوون بۆ ئامادەبوونمان لەم کۆبوونەوە زانستییە گرنگەدا.

### شێخ محەممەد خاڵ ژیان و بەرهەمەکانی

شێخ محەممەدی خاڵ، کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناوداری کوردستانن. ڕەچەڵەکی بە پێنج پشت دەگاتەوە مەلا مستەفای موفتی بابانەکان و لەوێشەوە بۆ شێخ ئەبوبەکری موسەنیف.

مـەلا مسـتەفای باپیـرە گـەورەی شـێخ محەمـەدی خـاڵ، پـاش گواسـتنەوەی میرنشـینی بابـان لـە قەڵاچۆلانـەوە بـۆ سـلێمانی لـە سـاڵی ١٧٨٤، دەستنووسـە بـە نرخەکانـی لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە. ئێسـتا ئـەم کتێبخانەیـە نزیکـەی ٦٣٦ دەستنووسـی مێژوویـی لـە خـۆ دەگرێـت.

## سەردەمی منداڵی و خوێندن

شـێخ محەمـەدی خـاڵ لـە سـاڵی ١٩٠٤ لـە شـاری سـلێمانی لەدایکبـووە. سـاڵی ١٩١٤ باوکـی بـە نەخۆشـی کۆچـی دوایـی کـردووە، دوای ئـەوە باپیـری حاجـی شـێخ ئەمینـی خـاڵ، کـە پیاوێکـی نـاوداری خواپەرسـت بـووە، ئـەو و هـەر چـوار براکـەی بەخێـو کـردووە.

سـەرەتای خوێندنـی لـە قوتابخانەکـەی باپیریـدا خوێنـدووە. بەشـی زۆری خوێندنـی لای مامۆسـتا شـێخ عومـەری قەرەداغـی بـووە، کـە زانایەکـی ئایینـی بەناوبانگـی سـەردەمی خـۆی بـووە، هەروەهـا بەشـێک لـە خوێندنـی لای مـەلا حسـێنی پیسـکەندی و شـێخ جەلالـی قەرەداغـی تـەواو کـردووە.

شـێخ خـاڵ، بایەخـی تایبەتـی بـە خوێندنـەوەی تەفسـیری المنـاری شـێخ محەمـەد ڕەشـید ڕەزا و بەرهەمەکانـی شـێخ محەمــەد عەبـدە داوە، کـە کاریگەرییەکـی گەورەیـان لەسـەر بیرکردنـەوە و فەلسـەفەی ئایینـی ئـەودا هەبـووە.

## ژیانی پیشەیی

لـە سـاڵی ١٩٣١ شـێخ ئەمینـی باپیـری کۆچـی دوایـی دەکات و بـە فەرمانـی فەرمـی، شـێخ خـاڵ دەکرێـت بـە پێشـنوێژ و وانەبێـژی مزگەوتەکـەی باپیـری. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٣١ تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٣٨ بـە وانەوتنـەوە و پـڕۆژەی دانانـی فەرهەنگـی خـاڵ، ڕێزمانـی کـوردی و چەنـد پەرتووکێکـی ئایینـی سـەرقاڵ دەبێـت.

لـە سـاڵی ١٩٣٩ دەچێتـە بـواری دادوەری و پلـەی یەکـەم لـە تاقیکردنـەوەی قازی بەدەسـت دەهێنێـت. بـە فەرمانـی پادشـایەتی دەکرێـت بـە قـازی و لـە هەڵەبجـە دادەمەزرێـت. ئیـتر ناچـار دەبێـت دووربکەوێتـەوە لـە وانەوتنـەوە.

لـە ژیانـی فەرمانبەرێتیـدا، یەکێـک بـووە لـە قازییـە نـاوداره شـارەزاکان و لـە مـاوەی ٢٨ سـاڵدا، وەک قـازی لـە چەمچەمـاڵ، سـلێمانی، کەرکـوک و موسـڵ کاری کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٦٢ لەنـاو هەمـوو قازییەکانـی عێراقـدا هەڵبژێـردراوە بـۆ ئەندامـی دادگای جیاکردنـەوەی (تەمیـز) شـەرعی لـە بەغـدا. لـە سـاڵی ١٩٦٧ خانەنشـین کـراوە.

**کەسایەتی و بیروباوەڕ**

مامۆستای خاڵ، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، ڕەوشت جوان، زمانپاک، دڵفراوان و مێشک کراوە بوو. تا ڕادەی خواپەرستی باوەڕی بە ڕاستگۆیی، لێبووردن و ڕێزگرتن لە ماف و دادوەری هەبوو. مامۆستا خاڵ، لە دەروونییەوە دژی هەموو جەور و ستەمێک بوو کە لە نەتەوەکەی دەکرا، لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت ئایین، ئاوێتەی نیشتمانی و نەتەوایەتی بێت و خەباتی نیشتمانیش پێویستییەکی ئایینی بێت.



**شیخ عوسمانی بیارە و شێخ محمدی خاڵ و**
**شا فەیسەڵی دووەم - سلیمانی ١٩٥٧**

مامۆستا خاڵ، یەکەم وتاری لە گۆڤاری گەلاوێژدا لە کانوونی دووەمی ١٩٤٠دا لەژێر ناونیشانی «خۆشەویستی نیشتمان» بڵاو کردەوە. بەڕێز پرۆفیسۆر د. ئاراز حەمە ساڵح کە پەرۆشی زیندووکەرەوەی بەرهەم و نووسینەکانی خاڵە، لەم بارەیەوە دەڵێ: سەردەمی زێڕینی ژیانی شێخ محەمەدی خاڵ لە دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە دەستپێدەکات. دەرچوونی ئەو گۆڤارە دەرگایەکی گەورەی بە ڕووی خاڵدا کردووەتەوە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بیرە نوێخواز و ڕیفۆرمییەکانی بڵاوبکاتەوە و خەڵکانێکی زیاتر بیخوێننەوە.

خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژدا، بابەتەکانی خۆشەویستی نیشتمان و دایک، فەلسەفەی ئایینی نووسیوە، پاشان لە زۆرێک لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە ناوازە دا، تەفسیری قورئانی پیرۆزی نووسیوە. لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، تەنیا یەک چاوی مابوو و بەردەوام بۆ خوێندنەوە زەرەبینی بەکاردەهێنا. کاتێک پێیان دەوت تەمەنی زۆر بووە و خۆی ماندوو نەکات، لە وەڵامدا دەیوت: «تەندروستیم بەندە بە خوێندنەوە و نووسینەوە، ئەگەر دوورم بخەنەوە لێی، نەک هەر تەندروستیم خراپ دەبێت، بەڵکو لەوانەشە بمرم. من وەک ماسی وام، کە لە ئاو دەرت هێنا دەمرێت».

## ڕۆڵی زانستی و ئەکادیمی

شێخی خاڵ لەبەر ئەوەی نووسەرێکی خاوەن بیر و لێهاتوو بووە، زوو بووە بە ئەندام لە کۆڕی زانیاری عێراقدا. لە ساڵی ١٩٥٣وە ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق بووە و لە ساڵی ١٩٧٢وە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردیش بووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٤ وەک ئەندامێکی بەرچاو لە کۆڕی زانستی دیمەشق هەڵبژێردرا.

لە ڕێی هەردوو کۆڕی زانیارییەوە، توانیویەتی ناوی گەورەپیاوانی کورد بگەیەنێت بە جیهاندا، وەک موفتی زەهاوی (باوکی شاعیری گەورەی بەناوبانگ، جەمیل سدیق زەهاوی)، بێتووش، شێخ ئەحمەد فائیز بەرزنجی، بابەتایەری هەمەدانی، مەلا محەمەدی خاکی و چەندین زانای دیکەی ناودار.

## ڕێبازی زانستی

شێخ محەمەدی خاڵ بە ڕێبازێکی زانستی دامەزراو ناسراوە کە لە نێوان ڕەسەنایەتی و نوێگەریدا کۆیکردوونەتەوە. لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا، پشتی بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان بەستووە لەگەڵ کرانەوە بە ڕووی تەفسیرە چاکسازییە هاوچەرخەکاندا، بە



له ڕاستەوە: کەنعان موفتی، عوسمان موفتی، عەزەدین مەلا ئەفەندی، عەدنان موفتی، ڕەشاد موفتی، ئیحسان موفتی، وێنەکە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی کریس کۆجیرا گیراوە ١٩٩٢ هەولێر دیوەخانی ڕەشاد موفتی.



بەشێك لە بەشداربوانی کۆنفرانسی شێخ محەمەدی خاڵ لە سلێمانی لە بەرواری ٢٠٢٤/١١/٢٧ لەراستەوە: پرۆفیسۆر د.ئاراز حەمە سالح، کانی خالد شێخ محەمەد خال، سارا خالد شێخ محەمد خال، دالیا علی مستەفا خاڵ، د.لەنجە شێخ هیوا شێخ مستەفا خال، د. چرۆ شەهاب، هاوار شێخ رەئووف، ئیحسان رەشاد موفتی.

تایبـەت قوتابخانـەی المنـار. لـە کارە زمانەوانییەکانیشـیدا، ڕێبازێکـی تـەواوکاری پەیـڕەو کـردووە کـە زاراوە جیاوازەکانـی کـوردی کۆکردووەتـەوە و هەوڵـی داوە بنچینەیـەک بـۆ یەکگرتنـی زمانی کـوردی نـووسراو دابنێـت. هەروەهـا نووسـینە مێژووییەکانـی بـە وردبینـی لـە بەڵگەنامەکردنـی زانیارییـەکان و پشتبەسـتن بـە سـەرچاوە ڕەسـەنەکان جیـاوازن، لەوانـەش ئـەو دەستنووسـە دەگمەنانـەی کـە لـە کتێبخانەکەیـدا هەبـوون. شـێخ خـاڵ لـە ڕێبازەکەیـدا، پارێـزگاری لـە میـرات و کرانـەوە بـۆ نوێگـەری، هەروەهـا پابەندبـوون بـە بنەمـا ئایینییـەکان و وەڵامدانـەوەی پێداویسـتییەکانی سـەردەمی کۆکردووەتـەوە، ئەمـەش وایکـردووە بەرهەمەکانـی لەیەککاتـدا ڕەسـەنایەتی و هاوچەرخـی بـوونی تێدابێـت.

**بەرهەمەکانی**

مامۆسـتا شـێخ محەمـەدی خـاڵ، لـە دوای خـۆی ٤٠ پەرتووکـی لەچاپـدراوی بەجێهێشـتووە کـە گرنگترینیـان: تەفسـیری قورئانـی پیـرۆز:- تەفسـیری جـوزی سـێیەم لـە سـاڵی ١٩٣٥ - تەفسـیری نـۆ جـوزی دیکـە - تەفسـیری خـاڵ (شـەش سـورەی قورئانـی پیـرۆز).

**زمانەوانی و ئەدەبی**

- فەرهەنگی خاڵ (نزیکەی چل هەزار وشەی کوردی بە زاراوە جیاوازەکان).
- ڕێزمانی زمانی کوردی
- پەندی کوردی

**ئایینی**

- فەلسەفەی ئایینی ئیسلام
- ژیانی پێغەمبەر

**مێژوویی و ژیاننامە**

- ژیاننامەی کەسایەتییە بەرچاوەکان وەک جەمالەدین ئەفغانی
- مەلا محەمەد خاکی
- محەمەد فەیزی زەهاوی
- هەروەهـا بەرهەمەکانـی کۆمەڵێـک زانسـتی دیکـە لەخۆدەگـرن وەک لۆژیـک، ڕێزمـان، سـەرف، دەیـان وتـاری زانسـتی، ئایینـی و کۆمەڵایەتـی لـە گۆڤـارە جیاوازەکانـدا.

**میراتی**

مامۆستای خاڵ لە ڕۆژی ١٥ی تەمموزی ١٩٨٩ دوای ئەوەی زیاتر لە دوو ساڵ لەگەڵ نەخۆشییەکەی بەردەوام بوو. ماڵاوایی لە ژیان کرد. شێخی خاڵ، لەو ماوەیەی ژیانیدا، میراتی زانستی دەوڵەمەندی بەجێهێشت. کتێبخانە تایبەتەکەی، زیاتر لە ١٧٥٠ ناونیشانی کتێب بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، عوسمانی، ڕوسی و ئینگلیزی لەخۆ دەگرێت.

بنەماڵەی شێخ خاڵ، کتێبخانەکەیان بە دیاری پێشکەش بە دامەزراوەی «زەین» بۆ زیندووکردنەوەی میراتی بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەگەری کوردی لە سلێمانی کرد، بەمەش میراتی زانستی ئەم بیرمەندە کوردە بۆ نەوەکانی داهاتوو پارێزراوە.

**دەرەنجام**

شێخ محەمەد خاڵ وەک زانا، بیرمەند، نووسەر، وەرگێڕ، فەرهەنگنووس و کەسایەتییەکی نەتەوەیی ئایینی، ڕۆڵێکی گرنگی لە پارێزگاریکردن و گەشەپێدانی کولتوور، زمان و میراتی کوردیدا گێڕاوە. خزمەتە زانستی و فیکرییەکانی، بە تایبەت لە بواری تەفسیری قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ڕۆشنبیری کوردی هەبووە. ئەو نموونەیەکی بەرزی تێکەڵکردنی خۆشەویستی نیشتمان و بیروباوەڕی ئایینی بوو، میراتەکەیشی بۆ هەمیشە لە ڕێگەی بەرهەمە نووسراوەکانییەوە، بەردەوامە.

# نامەیەکی تایبەت
# لە مام جەلالەوە بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان

ئا: دۆکیومێنت




**مێژووی پڕ لە شکۆی ڕەوانشاد مام جەلال، بارتەقای کێوی قەندیل و دەشت و دۆڵی کوردستان، پڕە لە گەوهەری گرانبەها. هەرکاتێک سەیری لاپەڕەکانی ژیانی ئەو کەڵە پیاوە دەکەی، ئینجا تێدەگەین کە خاوەنی چ سەرمایەکی بەنرخ بووین. هەر وێستگەیەکی ژیانی مام جەلال، خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکە بۆ ئەمڕۆکەمان.**

زۆر دەگمەنن ئەوانەی، بۆ هەمیشە لە ڕێگەی نووسین و ڕوانین و تێگەیشتن و خەباتەکانیان بە نەمری دەمێننەوە. نەمری مرۆڤ هەر بە قسە و هۆتاف و هاشوهوش ناکرێ. ئەوانەی نەمرن، کەسانێکن بیریانکردووەتەوە و بە ڕاو سەرنجەکانیان دونیایەك گۆڕانگارییان لەناو گەل و نەتەوەکەیان بەرهەمهێناوە. ڕەوانشاد (مام جەلال) لەو کەسایەتییە نەمرانەیە، کە هەم وەك سیاسەتمەدارێك،



**مام جەلال هیچ کات کوردستانی مەزنی فەرامۆش نەکردووە و بە گرنگییەوە سەیری پێشهاتە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە.**

هـەم وەك نووسـەر، هەمیـش وەك پێشـمەرگە و سـەرکردەیەك ڕابەرایەتـی مێژوویەکـی زێڕینـی کـورد و کوردسـتانی کـردووە. لەلایەکـی دیکـەوە بـە هەوڵـە دیبلۆماسـی و پێشـبینییە سیاسـییە قووڵەکانـی، لـە زۆر کاتـدا بووەتـە پاراسـتنی ڕیزەکانی سـەرجەم جوولانـەوە شۆڕشـگێڕییەکانی کـورد، لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـاندا. ئەگـەر چـاو لـە نووسـین و وتـار و هەوڵـە سیاسـییەکانی مـام جـەلال بکەیـن، دەبینیـن پڕیەتـی لـەو سـەروەرییانە. ڕەوانشـاد (مـام جـەلال) هیـچ کاتێـك خـۆی وەك سـکرتێری حزبێکـی باشـووری کوردسـتان سـەیر نەکـردووە، بەڵکـو بـە کـردەوە سـەلماندوویەتی بێجیـاوازی

خەباتـی بـۆ یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، کـە تەعبیـرە لـە هەمـوو خاکـی کـورد و کوردسـتان کـردووە. ئـەو دۆسـتی نزیکـی هەمـوو سـەرکردەکانی کـورد بـووە، بیـروڕای خـۆی لەسـەر هاوخەباتەکانـی بـە ڕاشـکاوی وتـووە و بەنامە و نووسـین و تێبینـی چەندان گۆڕانـکاری لەناوچەکـە دروسـتکردووە. بەتایبەتـی لـە باکـووری کوردسـتان هـەر لـە سـەردەمی (سـەرۆك تورگـوت ئـۆزال)ەوە تـا ئەمڕۆکـە بناغەیەکـی پتـەوی بـۆ تێگەیشـتن لـە پێوەندیـی نێـوان تـورك و کـورد بونیـاد نـاوە. مام جـەلال هیـچ کات کوردسـتانی مەزنی فەرامـۆش نەکـردووە و بـە گرنگییـەوە سـەیری پێشـهاتە سیاسـییەکانی ئـەو ناوچەیـەی کـردووە. لـەو نامەیـەی بەردەسـتان، لەوانەیـە مێژووەکـەی بگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٣. کـە لـە ئەرشـیفی (دکتـۆر عوسـمان دەشـتی) پارێـزراوە و بـە زمانـی عەرەبـی بـۆ عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان (ئاپـۆ)ی نـاردووە و لەسـەر داوای گۆڤـاری دۆکیومێنـت (محەمـەد شـێخ عوسـمان) بـە کـوردی کـردووە. ئەگـەر بـەوردی ئـەو نامەیـە بخوێنیتـەوە، زیاتـر مەزنـی ڕەوانشـاد (مـام جەلال)مـان بـۆ بەدیـار دەکەوێـت، کـە چەنـد سیاسـییانە بـاس لە دۆخـی وڵاتـی تورکیـا و کێشـەی کـورد لـە باکـوری کوردسـتان و ناوچەکـە دەکات. هێنـدە قـووڵ سـەرنجەکانی لەسـەر گۆڕانکارییـە سیاسـی و هەرێمایەتییـەکان دەردەبڕێـت، وەك ئـەوەی پێشـبینی هەمـوو شـتێکی لـەو ناوچەیـە کردبێـت، ئاخـر سیاسـی دەبـێ ئاوهـا قـووڵ و ورد بێـت و بەباشـی دۆخەکـە هەڵسـەنگێنێت و مەبەستەکەشـی بپێکێـت. ڕەوانشـاد (مـام جـەلال) لـەو بـوارەدا سیاسـییەکی موخـەزرەم بـوو، وڵاتـی دەورووبـەر و جیهـان و سـەرکردە و سیاسـییەکانی کـورد و عێـراق و ناوچەکـە بـە بایەخـەوە گوێیـان لـە قسـە و لێدوانەکانـی ڕادەگـرت.

**برای بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ)ی ئازیزم.**

**سڵاوی برایانەی گەرم**

**دەمەوێت ئەم نامەیەتان ئاراستە بکەم بۆ خستنەڕووی ئەم ڕاستیانە:**

**یەکەم:**

ئەرکـی سـەرکردایەتی بەرپرسـیاری کـوردە تێگەیشـتنیان هەبێـت بـۆ سیسـتمی نوێـی جیهانـی، کـە فاکتەرێکـی گرنگـە بـۆ دیاریکردنـی سیاسـەتی حکومەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، تەنانـەت لـە دیاریکردنـی فۆڕمەکەشـیاندا، لـە هەمانکاتـدا ئـەم فاکتـەرە گرنگـە بـۆ دیاریکردنـی پەیوەنـدی ئـەو وڵاتانـە بـە پرسـی کـورد و هەڵوێسـتەکانیان لەمـەڕ گەلـی کـورد.

جیهان لەپڕ گۆرانکاریی بە خۆیەوە بینی، ئەمەش بەهۆی دارمانی بلۆکی سۆڤیەت و سەرکەوتنی دیموکراسی لیبراڵ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و هەڵکردنی شنەبای گۆڕانکاریی بەرەو دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا.

ئێستا بنەمای ماددی و ژێرخانی سیستمی نوێی جیهانی بریتییە لە بازاڕی سەرمایەداری جیهانی، کە هەنگاو بەرەو بازاڕی یەکگرتوو لە ئەوروپا و شوێنەکانی تری گۆی زەوی دەنێت، ئەم جۆرە بازارەش پێویستی بە ئازادییە، ئازادی جولە، ئازادی ئاڵوگۆڕ و ئازادی هەوڵی تاکە کەسی، ئازادی یاساکانی سەرمایەداری بۆ هاریکاری و یاساکانی بازاڕ... هتد..

هەروەها ستراکچەری پێویست و گونجاو و هاوشێوە و خزمەتکار بۆ ئەم بازاڕە جیهانییە یەکگرتووە، کە ئەویش سیستمی دیموکراتی لیبڕاڵی (سەرمایەداری)ـە، بەم پێیە، وەك چۆن بازاڕە سەرمایەدارییە نیشتمانییەکان لە سەرەتاکانی سەردەمی بۆرژوازی بووە هۆی گشتگیریی ئازادییە تاکە کەسییەکان و دیموکراسی و بۆ سیستمی پەرلەمانی سەرمایەداری، بەو شێوەیە سیستمی نوێی جیهانی لە دنیای هاوچەرخدا پێویستی بە فەراهەمکردنی ئازادی و دیموکراسی هەیە.

بۆیە خواستی نێودەوڵەتیی سیستمی نوێی جیهانی بۆ دیموکراسی و ئازادی، هۆکارەکەی هەڵقوڵاوی شەرعیەتی ئەو سیستمەیە نەك لەبەر چاوی ئێمە و گەلەکانمان، ئەمەش ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە ئەو خواستە لە خزمەتی گەلانی ئێمەی گیرخواردوو بە دیکتاتورییەتدایە، بەڵام بانگەشەی پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، کە سیمای دووەمی ئەو

**بۆیە خواستی نێودەوڵەتیی سیستمی نوێی جیهانی بۆ دیموکراسی و ئازادی، هۆکارەکەی هەڵقوڵاوی شەرعیەتی ئەو سیستمەیە نەك لەبەر چاوی ئێمە و گەلەکانمان، ئەمەش ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە ئەو خواستە لە خزمەتی گەلانی ئێمەی گیرخواردوو بە دیکتاتورییەتدایە**

سیستمە نوێیەیە، پێشینەی پێشتری هەیە، کە لە دەستپێکدا بەشێك بوو لە جەنگی سارد وەك هەڵمەتی سەرمایەداریی دژ بە سۆسیالیزم بەپاساوی ئەو دیموکراسییەی خەڵکانی وڵاتە سۆڤێتییەکان لێی بێبەش بوون، کە بە تێپەڕبوونی کات، بوو بە هزرێکی گشتگیر و بنەمایەك هەموو وڵاتانی گرتەوە بە پلە و ئاستی جیاواز.

دووهەمین دیاردەی جیهانی کە دەبێت ڕەچاوی بکەین لە کاتی داڕشتنی سیاسەت و دیاریکردنی تاکتیکی نوێماندا، ئەوەیە کە دوای هەرەسهێنانی بلۆکی سۆڤییەت و گەڕانەوەی بۆ باوەشی سەرمایەداری و بازاڕی سەرمایەداری یەکگرتوو و دواتر گەڕانەوەی دیموکراسییەتی لیبراڵی بۆ ئەو گروپە لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو.

شکستی ئەزموونی سۆڤییەت هۆکاری زۆر و ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆری هەیە، کە لێرەدا پێویست بەباسکردنی ناکات، بەڵام گومانی تێدا نییە کە دەرئەنجامی زۆری ئەرێنی و نەرێنی هەبوو، لە ڕووی ئەرێنییەکانەوە یەکەم، فراوانبوونی بەکارهێنانی ئیدیۆمی دیموکراسی بە پلەی یەکەم، مافی مرۆڤ بە پلەی دووەم و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی ڕاستەقینەی خۆیان بە پلەی سێیەم، پاشانیش داڕمانی چەمکی پیرۆزی سنوورە کێشراوەکان لە پلەی چوارەم و شکستی فۆڕمی تاکە حزبی و تاکپەرستی لە پلەی پێنجەمدا.

سێهەمین دیاردەی نێودەوڵەتی ئەوەیە، کە چەپ و پێشکەوتووخوازەکان بوون بە بەشێك لە پارتە سۆشیاڵ دیموکراتەکان و سەوز و هێزە ناسیونالیستە شۆڕشگێرە بە ئاگاکانی جیهانی سێهەم، لە نێوانیاندا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، بەڵام پارتە کۆمۆنیستەکان پاشەکشەی زۆریان کردووە تا ئەو ڕادەیەی چیتر لە ڕیزبەندی چەپی پێشکەوتووخواز یان نوێخواز هەژمار ناکرێن، ئەگەر نوێگەری و گەشەنەکەن و بەرەو پێشکەوتن و کرانەوەی ڕاستەقینە نەچن.

چوارەمین دیاردەی نێودەوڵەتی هەژموونی کردەیی سەرمایەداریی و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و دوو جەمسەرییە لە دنیادا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پێشەنگی سیستمی نوێی جیهانییە، بەشێوەیەك کە لەم دۆخەی ئێستادا بووەتە ناوەندی بڕیارەکان و بڕیارە نێودەوڵەتییە یەکلاکەرەوەکان لەوێوەیە، ئەمەش چەندین ئاکامی هەیە لەوانە:

١ـ کۆتایی قسە و دروشم و سیاسەتەکانی جەنگی سارد.

٢ـ نەمانــی بارگــرژی نێودەوڵەتــی بەرەنجامــی بوونــی دوو جەمســەرەوە، کــە لەگەڵیــدا ئــەو درز و بۆشـاییانە نەمـان کـە لـە نێـوان سـنوور و تخوبـی دوو جەمسـەرەکەدا هەبـوو، کـە ببـوو بـە ڕووبەرێـك بـۆ شـۆڕش و بزوتنـەوە ڕزگاریخـوازەکان لـە جیهانـی سـێهەمدا، تـا بتوانـن ڕۆڵـی گرنگـی خۆیـان ببینـن.

٣ـ پشـتیوانی بەهێـز، کـە هەندێ جار سـۆڤیەت و چین و لایەنەکانی تری سۆسیالیسـتەکان پێشکەشـی بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕ و ڕزگاریخـواز و وڵاتـە تازەپێشـکەوتوەکانیان دەکـرد بـەرەو ئاوابـوون چوو.

٤ـ بەدەسـتهێنانی سـۆزی جیهانـی و پشـتیوانی ئەوروپـی و ئەمریکـی بـۆ سەرخسـتنی خەبـات لەپێنـاو دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ و مافـی چـارەی خۆنوسـین بـۆ گەلـە سـتەملێکراوەکان.

٥ـ پێویسـتی پەنابـردن بـۆ گفتوگـۆ و دانوسـتان وەك شـێوازێکی سیاسـی و ئاشـتیانە بـۆ چارەسـەری کێشـە و گرفتـە ئاڵۆزەکانـی جیهـان، سـەرنج بدەن لـە چۆنێتی چارەسـەری کێشــەکان لــە کەمبۆدیــا، ئەفغانســتان، فەلەســتین، ئەســیوپیا، بیابانــی ڕۆژئــاوا، ئەمریـکای لاتیـن، نیکاراگـوا، سـلڤادۆر... هتـد، تەنانـەت لـە بەڵتیـك و ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی سـۆڤێتی، یوگسـلافیاش، دواجاریـش داواکاری کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ چارەسـەرێکی دادپەروەرانـەی دۆزی کـورد، کـە تیایـدا ڕەچـاوی دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ و جۆرێـك لـە فیدراڵـی بکرێـت.

٦ـ چەسـپاندنی نابــودی تیرۆریــزم و ڕەفتــاری تیرۆریســتانە، هــەروەك ســەرهەڵدانی ڕای گشـتی جیهانـی و نێودەوڵەتـی دژ بـە تیرۆریـزم و ڕەفتـارە تیرۆریسـتییەکان لـە جیهانـدا.

٧ـ کۆتاییهاتنـی سـەردەمی کودەتـای سـەربازی و پێویسـتی باڵکردنـی هێـزی سـەربازی و کەمکردنـەوەی ڕەچەککـردن لـە دامـەزراوە سـەربازییەکاندا.

دیـاردەی نێودەوڵەتـی پێنجەمیـش، ئاوابوونـی خـۆری شۆڕشـی لادێکانـە بـۆ گەمـارۆی شـارەکان و ڕزگارکردنیـان، لەپێـش ئـەم دیاردەیـەش شکسـتی هەناردەکردنـی شـۆڕش بـوو لەڕێـی بـژاردەی خەباتگێڕییـەوە وەك چـۆن شـەهید (گیڤـارا) هەوڵیـدا ئـەو پرنسـیپە پەیـڕەو بـکات.

شـۆڕش باڵاتریـن قۆناغـی خەباتـی جەماوەرییـە نـەك تێکۆشـانی دەسـتەبژێر، بـەو مانایـەی کـە خەباتـی جەماوەریـی پەرەدەسـێنێت تـا رادەی هەڵگیرسـانی شۆڕشـێکی

جەماوەریـی کـە پشـت بـە جەمـاوەری شۆڕشـگێر دەبەسـتێت نـەك بـە کۆمەڵـە خۆبەختکارێـك یـان دەسـتەبژێرێکی شۆڕشـگێڕ، لەسـەرو هەمـوو ئەوانەشـەوە شـۆڕش هـاوردە ناکرێـت، دیـارە مەبەسـتم لـەو ڕاسـتیانە ئەوەنییـە، کـە ئیـتر کۆتایـی سـەردەمی (شۆڕش)ـە، بەڵکو پێمـوایـە ئێسـتا سـەردەمی پاشەکشـە و متبوونـی جیهانییە، سـەردەمی خاوبوونەوەیـە، سـەردەمی داکشـانی جیهانییـە لەبـەر هـۆکاری هەمەجـۆر، سـەرەڕای بوونـی دیـاردەی گـۆڕانـی چۆنایەتـی لـە شۆڕشـی (لادێ)وە بـۆ ڕاپەڕینـی شـارەکان، بـەڵام ڕاپەڕینـی شـارەکان چەندیـن مەرجـی بابەتـی و خـودی و هەروەهـا پێویسـتییەکانی سەرکەوتنیشـی هەیـە، کـەوا بەسـت نییـە بـە مـاوەی درێژخایـەن، بەڵکـو بـە دەسـتوبردی و خێرایـی یەکلاکەرەوەیـە. ئـەوە لەکاتێکدایـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە شۆڕشـی لادێ بـێ هەمـوو مەرجەکانـی سـەرکەوتن هەڵگیرسـێت، بـەڵام ڕاپەڕیـن ناتوانێـت ئەو سەرکێشییە بـکات، بەڵکـو بوونـی سـەرجەم مەرجەکانـی سـەرکەوتن بریـار دەدات.

سـەرکردایەتی شۆڕشـی هۆشـیار و دووربیـن، ڕزگار بـوو لـە چەقبەسـتوویی و کەلەڕەقـی، هەروەهـا نوێخـواز و کـراوە بـەڕووی ڕاسـتییەکانی سـەردەم، پێویسـتە بـەر لـە تێپەڕبوونـی کات درك بـە تێگەیشـتنی ڕاسـتییەکانی سـەردەم بـکات نـەك ململانـێ لەگـەڵ دیفاکتـۆ نوێـکان بـکات، کـە تـاڵ و نەخـوازراون.

زمانـی سـەردەم زمانـی دیالۆگـە وەك چەکێـك بـۆ ناچارکردنی ڕکابـەرەکان تـا ڕەزامەند بێـت بـە گفتوگـۆ، ڕێـگای چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـەم سـەردەمەدا چارەسـەری سیاسـییە بـە پشـتیوانی خەباتـی شۆڕشـگێڕانە و چەکـداری، دانوسـتان تەکتیکـە بـەڵام لـە هەمانکاتـدا زانسـت و هونەریشـە و دەبێـت شـارەزاییمان لـە هـەردوو چەمکەکـەدا هەبێـت بـۆ بەهێزکردنـی لایەنـی خـودی، لەکاتێکـدا هاوسـەنگی هێـزەکان و توانـای بەدەسـتهێنانی هاوپەیمانـان و متمانـەی ڕای گشـتی جیهانـی فاکتەرێکـی بابەتـی یەکلاکەرەوەیـە.

**ئەی برای بەڕێز..**

نامەوێـت درێـژە بـە هەڵسـەنگاندنی تێـوری بـدەم، بەڵکـو دەمەوێـت باسـی ئـەو دیفاکتـۆ سـەپێندراو و دەستنیشـانکراوە بکـەم کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و نەتـەوەی کوردمـان دەبێتـەوە، بـا پێکـەوە لـە هەنـدێ تایبەتمەندییەکانـی شۆڕشـی کـوردی ووردبینـەوە تـا ببینیـن کـە سـەرکەوتوو نەبـوون نـە لـەم سـەردەمە و نـە لەکۆتایـی

سـەدەی ڕابـردوو، گرنگتریـن هۆکارەکانیشـی:

**یەکەم:** نەبوونی سەرکردایەتییەکی هۆشیار و دووربین.

**دووەم:** پێکهاتـەی کۆمەڵگـەی کـوردی لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری سیاسـی و فکرییـەوە... هتـد.

**سـێهەم:** هەڵوێسـتی ئاڵـۆزی نێودەوڵەتـی یاخـود پاڵپشـتی وڵاتانـی بیانـی لـە داگیرکەرانـی مافـی گەلەکەمـان دژ بـە ڕزگاربـوون و شۆڕشـەکەمان. یـان نەبوونـی هەڵوێسـتێکی پشـتیوانی نێودەوڵەتـی و بوونـی هەلومەرجێکـی نێودەوڵەتـی لەبـار، بـە داخێکـی زۆرەوە تـا ئەمـرۆ دەبینیـن سـەرکردایەتی هۆشـیار و چاوکـراوە و دووربیـن وەك پێویسـت و خـوازراو سـەرکەوتوو نەبـوون، هەرچەنـدە پێکهاتـەی کۆمەڵگـەی کوردسـتانیش گـۆڕاوە، بـەڵام نەگەیشـتووەتە ئاسـتی نەتەوەیەکـی مۆدێـرن.

سـەبارەت بـە فاکتـەری نێودەوڵەتـی، ئەویـش لـە بەرژەوەنـدی گەلەکەمانـدا زۆر گـۆڕاوە، بـەڵام بەمەرجێـك درك بەگرنگـی و ڕۆڵەکـەی بکەیـن و نەیکەیـن بەتەنهـا فاکتـەری یەکلاکـەرەوە و ڕۆڵـی خۆمـان پشـتگوێ نەخەیـن وەك کـورد لـە بەکارهێنـان و وەبەرهێنانـی ئـەو فاکتـەرە نێودەوڵەتییـە، بـەو مەرجـەی شـەمەندۆفێرەکە جێـمان نەهێڵـت و ئـەو پەنـدە تورکییەمـان بەسـەردا بسـەپێت کـە دەڵێـت: ئـەوەی عەقڵـی کـوردی دەیەوێـت دوای کار لەکارتـرازان و تێپەڕینـی ڕووداوەکەیـە.

**دووەم:**

شۆڕشـی کـوردی هەرگیـز دیالۆگـی ڕەتنەکردووەتـەوە، بـەڵام لـە دیالۆگ نەگەیشـتووە و تـا ئەمـرۆش زانیـاری تـەواوی لەبـارەی دانوسـتان و هونـەری دانوسـتان نەبـووە، بـۆ نموونـە شـەهید (قـازی محمـد) سـاڵی (١٩٤٦) ڕەزامەندبـوو بـە دانوسـتان و چـوو بـۆ تـاران، دوای ئـەو شـەهید ( قاسـملۆ) لـە سـەرکردایەتی حـزب ڕازی بـوو بـە دانوسـتان و گیانـی خـۆی لەپێنـاودا بەخشـی، خوالێخۆشـبوو بارزانـی هەمیشـە بـە دانوسـتان ڕازی بـوو تـا ئـەو ڕادەیـەی ژمـارەی دانوسـتانەکان لـە گـەڕی شـەڕەکان زیاتـر بـوو، شۆڕشـی نوێشـمان چەندیـن جـار ڕەزامەنـد بـووە بـە ئەنجامدانـی دیالـۆگ لەگـەڵ سـەدام حوسێنی دیکتاتـۆردا.

**سێهەم:**

ئـەوەی شۆڕشـی جیادەکـردەوە قوربانیدانـی زۆر و زیانـی گـەورەی کۆمەڵانـی



الاخ عبدالله اوجلان المحترم :

عزيزى ابـــو

تحيه اخويه حاره

بودى ان اتوجه اليك بهذه الرساله لبيان الحقائق التاليه :ـ

١ ـ يجب على القيادات الكرديه المسوءوله ان تفهم النظام الدولى الجديد، ذلك لان هذا النظام الدولى الجديد هو عامل مهم فى تحديد سياسات حكومات الشرق الاوسطيه ، وحتـــى فى تعيين شكلها و بالتالى عامل مهم فى تحديد علاقات هذه الدول بالقضيه الكرديــــه، و مواقفها من الشعب الكردى .

لقد تبدل العالم فجأة بانهيار المجموعه السوفيتيه و انتصار الديمقراطيه الليبراليه فـى اوربا الشرقيه و هبوب رياح التغيير باتجاه الديمقراطيه و حقوق الانسان فى العالـــم ان الا ساس المادى و البناء التحتى للنظام العالمى الجديد هو السوق الراسماليه العالميــــه السائره نحو التوحيد فى اوربا و غيرها من بقاع الارض . و السوق الرأسماليه الواحــــده تتطلب الحريه ، حريه الحركه ، حريه التداول ، و حريه الجهد الفردى ، و حريه القوانيـــن الرأسماليه فى التعاون و قوانين السوق و الى أخره، و البناء الفوقى اللازم ، المناســـب، المتطابق و الخادم لهذه السوق العالميه الواحده ، هو النظام الديمقراطى الليبرالــــــى ( الرأسمالى ) و هكذا مثلما ادت الاسواق الوطنيه الرأسماليه فى بدايات عصر البرجوازيــه الى تعميم الحـريات الفرديه و الديمقراطيه و الى النظام البرلمانى الرأسمالى ، فــــان النظام الدولى الجديد يتطلب تعميم الحريات و الديمقراطيه فى العالم المعاصر .

اذن فالرغبه الدوليه للنظام الدولى الجديد نحو الديمقراطيه و الحريات ليســـت الآ وليده شرعيه لهذا النظام . و ليست لاجل سواد عيوننا و شعوبنا ، و لكن ذلك لايخفـى حقيقه انها تخدم شعوبنا المبتلى بالدكتاتوريات . اما الدعوه الى حقوق الانسان فى العالـم التى هى السمه السياسيه الثانيه له فهى اقدم . بدأت كجزأ من الحرب البارده، كحملــــه رأسماليه ضد الاشتراكيه و بذريعه الديمقراطيه التى حرمت جماهير البلدان السوفيتيه منها . و اصبحت بمرور الزمن عامه و شامله ، وغدت قاعده تشمل جميع البلدان و بدرجات متفاوته . و الظاهره الدوليه الثانيه التى يجب ان نأخذها فى الحسبان ايضا ، عندما نرسم سياساتنا ونحدد تكتيكاتنا الجديده ، بعد انهيار المجموعه و المنظومه السوفيتيه و عودتها الـــى النظام الرأسمالى و السوق الرأسماليه الواحده و بالتالى عوده الديمقراطيه الليبراليه الـى تلك المجموعه من البلدان السوفيتيه السابقه .

ان لفشل التجربه السوفيتيه اسباب عديده و تفسيرات مختلفه لسنا بصددها الان، ولكن ولا شك ان لذلك نتائج ايجابيه وسلبيه كثيره ، من بين الايجابيات تعميق المقولات الديمقراطيه اولا ، و حقوق الانسان ثانيا ، وحق الشعوب فى تقرير مصيرها بشكل حقيقى ثالثا ، ومن ثـــم انهيار مقوله قدسيه الحدود المرسومه رابعا ، و فشل الحزب الواحد و عباده الفردخامسا .



- ١ -

و الظاهره الدوليه الثالثه هى ان اليسار و التقدميه اصبحا ممثلين فى الاحزاب الاشتراكيه الديمقراطيه و الخضر و القوى الوطنيه الثوريه الواعيه فى العالم الثالث و منها الحركـــه التحرريه للشعب الكردى . اما الاحزاب الشيوعيه فتراجعت كثيرا حتى لم تعد تسمى ضمـــن اليسار التقدمى او التجددى فى العالم ، مالم تجدد نفسها و تطور نحو التقدم و الانفتــــاح الحقيقى انفســـها .

فالظـاهره الدوليه الرابعه هى سياده الرأسماليه عمليا ، و انتهاء الحرب البارده،والمركزين القطبين فى العالم ، و تصدر الولايات المتحده الامريكيه للنظام الدولى الجديد ، بحيث اصبحت مركز القرارات ، القرار الدولى الحاسم فى الظروف الراهنه، ومن نتائج ذلك مايلى :ـ

١ ـ انتهاء مفعول المقولات و الشعارات و سياسات الحرب البارده .

٢ـ انتهاء التوتر الدولى الناجم عن وجود القطبين و معه انتهت الفسح و المسافه اللتين كانتا موجودتين بين التخوم و الحدود القطبين و اللتين كانتا مسرحا للثورات و الحركات التحرريـــه فى العالم الثالث لتلعب دورها الهام عليه .

٣ـ توارى الدعم القوى احيانا الذى كان السوفيت و الصينيون و غيرهم من المنظومه الاشتراكيه يقدمونه للحركات الثوريه و التحرريه و الدول الناميه .

٤ـ يلزم كسب العطف العالمى و الاسناد الاوربى و الامريكى لانجاح النضال من اجل الديمقراطيــه وحقوق الانسان و حق تقرير المصير للشعوب المظلومه .

٥ـ يوجب اسلوب الحوار و المفاوضات كاسلوب سياسى وسلمى فى حل القضايا المعقده الموجوده فى العالم . لاحظوا كيفيه حلول المسائل فى كمبوجيا ، افغانستان ، فلسطين ، اثيوبيا ، الصحراء الغربيه ، امريكا اللاتينيه ، نيكاراگوا و سلفادور الى آخره وحتى فى البلطيق و الشـــرق الا سلامى السوفيتى، يوغسلافيا و اخيرا مطالبه المجتمع الدولى بحل عادل للقضيه الكرديـــه تراعى فيها الديمقراطيه و حقوق الانسان و نوع من الفيدراليه .

٦ـ ثبوت فضاحه الارهاب و الاساليب الارهابيه وظهور راى عام عالمى ودولى عارم ضد الارهـــاب والاساليب الارهابيه فى العالم .

٧ـ انتهاء عصر الانقلابات العسكريه و بروز الحاجه لتقليم اظافر العسكر و تقليل التسليح مـــن المنشات العسكريه .

و الظاهره الخامسه : هى افول شمس الانطلاقه المندلعه فى الريف و الهادفه الى تطويـق المدن و ثم تحريرها و سبقت هذه الظاهره فشل تصدير الثوره طريق النخبه المناضله كمـــا حاول الشهيد( تشي غيفارا ) تطبيق هذا المبدا . ان الثوره هى اعلى مراحل الكفاح الجماهيرى وليس كفاحا نخبويا بمعنى ان النضال الجماهيرى يتصاعد حتى يصل حد اندلاع ثوره جماهيريه تستند على جماهير الشعب الثائره و ليست على فيئه فدائيه او نخبه ثوريه انها فضلا عن ذلـــك لا تستورد ، لا اقصد بذلك انتهاء عهد الثوره نهائيا بل اعتقد انها فتره ركود عالميه ، فتـــره تراخ ، فتره جزر عالميه لاسباب عديده فضلا عن وجود ظاهره تحول نوعى فى ثوره الريف الـــى انتفاضه المدن . و لكن انتفاضه المدينه لها شروط موضوعيه و ذاتيه و مستلزمات نجاح و هـــى

خەڵـك بـوو كـە پێشكەشـيان دەكـرد، بـەڵام بەهرەمەنـد نەبـوون لـە حيكمـەت و زانيــن و شــارەزايی كاری سياســی و ڕێكخراوەيــی و تەكتيــك لــە ســەركردايەتيكردنی شۆڕشـدا، هـەروەك پەيوەندييـە نێودەوڵەتييەكانيـان لەسـەر بنەمـای سياسـی و ميديايـی دانەڕشـتووە، بەڵكـو هەوڵيـداوە لـە ڕووی مـادی و هـاوكاری سـەربازی و ... هتـد بـەكاری بهێنێـت و وەبەرهێنانـی تيـادا بـكات.

چوارهـەم: وڵاتانـی دراوسـێ وەبەرهێنانيـان لـە سـەركردايەتييەكانی كـورد زۆر زياتـرە لـە وەبەرهێنانـی سـەركردايەتييەكانی كـورد لەپەيوەندييەكانيـان لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەدا، ئـەو سـەركردايەتييانە نەيانتوانيـوە خۆكيفايەتـی بـەدی بێنـن و پشـت بەگـەل و خـود ببەسـتن، سـەربەخۆيی خۆيـان بپارێـزن.

كەواتـە بـا لـە بەرژەوەنـدی بزوتنـەوەی ڕزگاريخـوازی كـوردی كاربكەيـن، بـە سـوودوەرگرتن لــە ئەزموونەكانـی ڕابـردوو و تايبەتمەندييەكانـی شۆڕشـی كـوردی و

وەبەرهێنـان لـە پێشـهاتە ئەرێنییەکانـی جیهانـی هاوچەرخـمان و سیسـتمی نوێـی جیهانـی، کـە مـن پێموایـە پێکهاتـە بنەڕەتییـە باوەکانـی بـەم شـێوەیە دەبێـت کـە:

١. سـەرکردەکانی کـورد دەبێـت نوێگەریـی لـە هـزر و تێڕوانیـن و سیاسـەت و هەڵوێسـتەکانیان بکـەن و پـەرەی پێبـدەن، شـیکار و تاکتیکەکانیـان لەسـەر بنەمـای فاکتـی نوێـی ژیـان و دیـاردە زیندووەکانـی جیهـان و سیسـتمی نوێـی جیهـان بنیـات بنێیـن.

٢.ئـەم سـەرکردانە دەبێـت شـارەزای ڕۆحـی سـەردەمی نـوێ بـن و پەسـنی بکـەن لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی چۆنێتـی مامەڵەکـردن و هەڵکـردن لەگەڵیانـدا و بـۆ بەرژەوەنـدی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد کەڵکیـان لـێ وەربگـرن.

٣. سـەرکردایەتییە کوردسـتانییەکان دەبێـت دیـد و تێڕوانینیـان بـۆ پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بگـۆڕن و درك بەگرنگـی خەباتـی دیپلۆماسـی بکـەن لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا، وەك مەرجێکـی سـەرەکی و بنەمایـەك بـۆ سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بێگومـان نابێـت دەسـتبەرداری ئـەو مەرجـە بیـن بەتایبەتـی کـە

حسنا ، فلنعمل لما فيه خير الحركه التحرريه الكردستانيه و بالاستفاده من التجارب الماضيه وخصائص الثوره الكرديه باستثمار المستجدات الايجابيه في عالمنا المعاصر و النظام الدولي الجديد . اعتقد ان العناصر الاساسيه السائده تكمن كما يلي :-

١- على القيادات الكرديه ان تجدد وتطور افكارها و مفاهيمها وتصوراتها وسياساتها ومواقفها وان تقوم تحليلاتها و تكتيكاتها على الوقائع المستجده في الحياه و الظواهر الحيه في العالم و النظام الدولي الجديد .

٢- على هذه القيادات ان تفهم و تستوعب روح العصر الجديد و مستلزمات التعامل و التعايش معها و استثمارها لصالح الحركه التحرريه الكرديه .

٣- ان القيادات الكردستانيه ملزمه بضروره تغيير نظرتها الى العلاقات الدوليه وتتفهم ضروره النضال الدبلوماسي دوليا ، كشرط رئيسي ، و اساسي لانتصار الحركه التحرريه الكرديه ، و بالتالي فهذا الشرط لا يمكن الاستغناء عنه خاصه لان اعداء شعبنا قد حرمونا دوما منه وجعلوه شرطا لعبوديتنا و حرماننا من حقوقنا .

٤- ان القيادات الكردستانيه ملزمه بضروره شجب وادانه وتحريم اقتتال الاخوه وحل الخلافات بينها بقوه السلاح وضروره جعل الحوار و الاساليب السياسيه طريقه وممارسه النقد و النقدالذاتي وبيان الحقائق وتقديم الحججو البراهين طريقه التعامل فيما بينها .

٥- ان القيادات الكردستانيه ملزمه بضروره شجب المهاترات و توجيه الاتهامات و تبادل الشتائم، بل هي ملزمه بضروره العمل المشترك و التنسيق و التفهم بدلا عنها .

٦- ان القيادات الكردستانيه ملزمه بالتمسك بالمبادیء التاليه في علاقاتها مع الدول التي تتقاسم كردستان :-

أ - ان تكون لها علاقات مع كل دوله بعلم احزاب ذلك الجزء من كردستان الواقعه تحت ظل تلك الدوله لا من وراء ظهرها .

ب - ان لا تكون هذه العلاقات على حساب شعب ذلك الجزء من كردستان و لا لمعادات احزاب ذلك الجزء ولا للاضرار الجسيم بها .

ج - ان تكون تلك العلاقات محافظه على قدر مطلوب من الاستقلاليه و المبدئيهوالحذر المطلوب .

٧- ان تقيم هذه الاحزاب جبهه وطنيه حقيقيه بين احزابها ومنظماتها داخل جزءمن كردستان وان تقيم تنسيق و تعاون و حتى جبهه كردستانيه عامه .

ايها الاخ العزيز ....

انني اناشدكم للتمعن فيها ...... و للالتزام بالشعب و ...... فيها ، و اعتقد ان علينا انتدارس معا وضع كردستان العراق نظرا لتصاعد النضال فيها و تعاظم نفوذ احزابها و پيشمرگتهاونظرا لتحرر جزء هام من كردستان العراق ، وهذا وضع فريد لا مثيل له ، ونظرا للعزله الدوليه القاتله و الضغوط الدوليه الهائله التي يتعرض لها الحكم العراقي المطلوب دوليا و عربيا و اقليميا و داخليا ، كرديا و شيعيا على الاقل، و كذلك وضع كردستان تركيا نظرا لاهميتها التاريخيه والاجتماعيه و السياسيه و نظرا لسريان مسيره ديمقراطيه برلمانيه فيها و خضوع دولتها

-٣-

لا تتصف بمده طويله بل بالمفاجئه و السرعه الحاسمه . و بينما تستطيع الثوره في الريف الاندلاع قبل توفر جميع شروط الانتصار لا تستطيع الانتفاضه المغامره بذلك ، بل تحكم تحتم توفرجميعشروط النجاح.

ان القياده الثوريه الواعيه البعيده النظر ، المتحرره من الجمود و التحجر و المتجدده والمنفتحه على حقائق العصر ، يجب عليها ان تدرك قبل فوات الاوان ضروره استيعاب حقائق العصر وعدم المناطحه مع الوقائع الجديده و المرهو النغير المرغوبه ذاتها .

ان لغه العصر هي لغه الحوار و الرشاشه هي لاجبار الخصم على قبول الحوار ، وان طريق حل المشاكل في عصرنا هي الحل السياسي المدعوم بالعمل الثوري و المسلح ، و المفاوضات هي تكتيك ولكنها علم و فن في آن واحد لا بد من اجادتهما معا كي نجيد تنفيذ الجانب الذاتي بينما تظل موازين القوى و القدره على كسب الحلفاء وعلى كسب الراى العام العالميعاملا موضوعيا حاسما .

ايها الاخ العزيز ...

لا اريد ان اطيل عليكم التقييم النظري العام بل اريد الانتقال الى المفروض المحتم و المشخصالذي يواجه كرد ستانو امتنا الكرديه لنتمعن معا في بعض خصائص الثوره الكرديه لنرى انها لم تحقق النجاح في هذا العصر ولا في اواخر القرن الماضي ومن اهم الاسباب عدم وجود قياده واعيه مدركه بعيده النظر اولا ، و تركيبه المجتمع الكردي الاجتماعيه و الاقتصاديه و السياسيه و الفكريه و الى آخره ثانيا ، و الموقف الدولي المعقد او وقوف الدول الاجنبيه بجانب غاصبي حقوق شعبنا ضد تحرره و ثورته و افتقاد الموقف الدولي المساند و الظرف الدولي المساعد ثالثا . و للاسف الشديد فاننا نرى لحد اليوم ان القيادات الواعيه المتبصره البعيده النظر لم توفق كما هو مرغوب ومطلوب ، و تركيبه المجتمع الكردستاني قد انقلبت و لكنها لم تصل الى مرحله الامه العصريه ، اما العامل الدولي فقد تغير كثيرا لصالح شعبنا شرط ان ندرك اهميته ودوره ولانجعله العامل الحاسم الاحد و لانهمل دورنا ، نحن الكرد في استغلاله و استثماره وشرط الا يفوتنا القطار وينطبق علينا المثل التركي التي يريد العقل الكردي بعد فوات الاوان ومرور الحادثه .

ثانيا ان الثوره الكرديه لم تهمل الحوار قطعا ولكنها لم تجد الحوار ولم تتعلم حتى اليوم عن المفاوضات وفن المفاوضا ت ، فالشهيد( قاضي محمد) قبل المفاوضات وذهب الى طهران عام١٩٤٦ والشهيد قاسلمو خلفه في قياده الحزب قبل المفاوضات ودفع حياته ثمنها ، و المرحوم البارزاني قبل دوما الحوار حتى غدت المفاوضات اكثر من القتال فيها ، و ثورتنا المعاصره قبلت مرات عديده المفاوضات مع الجلاد صدام حسين .

ثالثا : تميزت الثوره بالتضحيات الجسامه و الخسائر الفادحه تقدمها الجماهير الشعبيه ولم تتميز بالحكمه و الدرايه و اجاده العمل السياسي و التنظيمي و التكتيكي في قيادتهاو لم تستوغ العلاقات الدوليه على اسس سياسيه و اعلاميه بل حاولت استثمارها ماليا و كمساعدات عسكريه او ..... او .... اليها و الى آخره .

رابعا : تستثمر الدول المجاوره قيادات الثوره الكرديه اكثر من استثمار القيادات الكرديه لعلاقتها بهذه الدول و لم تستطع هذه القيادات تحقيق الاكتفاء الذاتي او الاعتماد على الشعب والنفسولا الاستقلال التام .



للمفاهيم الديمقراطيه و حقوق الانسان حتى وان كل ذلك بشكلها الاول و ليس المتكامل والمطلوب .

و فيما يتعلق بكردستان العراق فنحن على اتم الاستعداد للاستماع الى ارائكم وملاحظاتكم و نرجوا ان تتفهموا انتم طلبنا الملح بالكف الفورى على الانطلاق المكشوف و المدفوع من اراضي كردستان العراق للانقضاض على مخافر حدوديه على تخوم الحدود و ليست في العمق ، مما تجلب لنا العدوان المسلح التركى على اراضينا وعلى شعبنا و قرانا ، بدلا ان تساعدنا انت بالذات وما يتطلبه الموقف المبدئى منكم كما يشرحه الاخ حامل الرساله .

ان الانطلاق الحالى لا يخدم الا مخططات صدام العدوانيه .

و فيما يتعلق بكردستان تركيا سأسمح لنفسى ببيان الملاحظات الاخويه التاليه :ـ

١ـ ضروره الاهتمام بالنضال السياسى و البرلمانى والاعلامى و التنظيمى و الجماهيرى العلنى بجانب النضال المسلح الذى لم يعد الشكل الوحيد .

٢ـ ضروره دعوتكم لجميع الاحزاب الكردستانيه فى تركيا الى الاتحاد فى جبهه وطنيه عريضه و نبذ الشتائم و تبادل الاتهامات و ان تبادروا انتم من جانبكم الى وقف المهاترات والاتهامات فى اعلامكم .

٣ـ ضروره مبادرتكم الى وقف الانطلاق من كردستان العراق للقيام بالعمليات العسكريه على الحدود التركيه العراقيه ، لان ذلك يخدم الشعب الكردى و يحبط مخطط صدام حسين الرامى الى اجبار تركيا على التعامل معه و الطلب من الحلفاء سحب قواته من تركيا و ترك الشعب الكردى تحت رحمه صدام دون حمايه دوليه .

٤ ـ دعوتكم علنا وفى موءتمر صحفى الى وقف القتال والى الهدنه ، و اعلانكم ايقاف العمليات العسكريه لمده سنه او على الاقل سته اشهر قابله للتجديد يتم خلالها اجراء الحوار و السعى للحل السياسى الديمقراطى .

يتم الحوار كالاتى :ـ

أ ـ حوار سرى او علنى بين ( پ . ک . ک ) و الحكومه .

ب ـ حوار علنى وطنى على شكل المائده المستديره لجميع الاحزاب و الهيئات .

جـ ـ حوار بين النواب الكرد فى البرلمان التركى و الحكومه .

وفوائد هذه الدعوه لكم و لحزبكم عديده و كثيره منها :ـ

أـ نفى الاتهام بالتعصب و سفك الدماء و العنجهيه و غيرها .

ب ـ نفى الاتهام بالارهابيه عنكم واظهاركم سياسيايرغب بالحل السياسى العادل و المشرف .

جـ ـ تعزيز التيار الداعى الى الحل السياسى داخل الحكم بدءا من الرئيس التركى اوزال و انتهاءا برئيس الوزراء سليمان بيگ ديميرل .

د ـ احباط مخطط القوى الشوفينيه لاثارت النوازع التركيه المعاديه للاكراد .

هـ ـ تعزيز التيار التقدمى و اليسارى فى تركيا .

تعزيز المساعى الدوليه التى بذلناها نحن ووجدنا تجاوبا محدودا معها لايجاد حل سياسى وسلمى للقضيهالكرديه فى تركيا .



تعزيز موقف اخوانكم فى كردستان العراق دولياو اقليميا و مساعدتنا للاستمرار فى الاستفاده من المعبر التركى و كذلك احباط مخطط صدام لغرض الانتصار على الثوره فى كردستان العراق .

ايها الاخ العزيز .....

اننى اضعكم امام مسوءليتكم التاريخيه و اترفع عن بيان الانتقادات لسياستكم التى الحقت بقضيتنا اضرار كبيره .

ارجوكم رجاءا اخويا دراسه الموقف بحكمه و تبصر و تمعن كبير ودعونى آمل بانكم سوف تتجاوبون معنا و حتى نلتقى تقبل منى كل موده و محبه ، و دمتم للنضال .

اخوكم المخلص

جلال الطالبانى

دوژمنانی گەلەکەمان هەمیشە بێبەشیان کردووین لێی و کردوویانە بە ئامرازێك بۆ ژێردەستەکردن و بێبەشیکردنمان لە مافەکان.

٤. سەرکردایەتییە کوردستانییەکان دەبێت ئیدانە و سەرکۆنە و تەحریمی شەڕی براکوژی و چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوانیان بە زەبری چەك بکەن، پێویستە لەنێوان خۆیاندا دیالۆگ و میتۆدی سیاسی و ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن و خستنەڕووی ڕاستی و ئارگومێنت و بەڵگەکان بکەن بە ڕێباز لەنێوانیاندا.

٥. سەرکردایەتییە کوردستانییەکان نەك هەر دەبێت سەرکۆنەی سوکایەتیکردن و تۆمەتبارکردن و شەڕەجنێوی یەکتری بکەن، بەڵکو دەبێت پێکەوە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن و پێکەوە کارکردن بکەن بە ڕێباز و کردار.

٦. پێویستە سەرکردایەتی کوردی پابەندبن بەم پرنسیپانەی خوارەوە کە لە پەیوەندییەکانیاندا بەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە:

أ. دەبێت پەیوەندییان بەهەر یەك لەو وڵاتانەوە هەبێت بەئاگاداری پارتەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر سایەی ئەو وڵاتەدایە نەك ژێر بەژێر و بێ ئاگاداری

ئەوان.

ب. نابێت ئەو پەیوەندییانە لەسەر بەرژەوەندی گەلی ئەو بەشەی کوردستان بێت یان بۆ دژایەتی پارتەکانی ئەو بەشەو زیان پێگەیاندنیان.

ج. دەبێت ئەو پەیوەندییانە بەپێی پێویست بە هەستیاریی پارێزگاری لە سەربەخۆیی و پرنسیپ و کارامەیی و خۆیان بکەن.

٧- ئەو حزبانە بەرەیەکی نیشتمانی ڕاستەقینە لەنێوان پارت و ڕێکخراوەکان دروست بکەن لە هەر بەشێکی کوردستان و لە هاوکاری و هەماهەنگی بەردەوامبن هەتا پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی کوردستانی.

**ئەی برای ئازیز:**

دواکارم بۆ بەرژەوەندی و پابەندبوون بە گەلی کوردستانەوە بەقوڵی بیری لێبکەنەوە، پێموایە ئەرکمانە بەیەکەوە تاوتوێی بارودۆخی کوردستانی عێراق بکەین لە ڕوانگەی پەرەسەندنی خەبات تیایدا و فراوانبوونی هەژموونی پارتەکانی و هێزی پێشمەرگەکەی، هەروەها ڕزگاربوونی بەشێکی گرنگی کوردستانی عێراق، کە ئەوەش دۆخێکی ناوازە و بێهاوتایە، هەروەها لە ڕوانگەی ئەو دابڕانە نێودەوڵەتییە کوشندە و فشاری زۆر بۆ سەر ڕژێمی عێراق لە ئاستی نێودەوڵەتی و عەرەبی و هەرێمی و ناوخۆیی (کوردی ـ شیعی) بەلایەنی کەمەوە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کوردستانی تورکیا، بەهۆی گرنگیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو بەشە و سەرپێکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی و پەرلەمانی تیایدا و ملدانی دەوڵەت بۆ بەشێك لە بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەگەرچی لە سەرەتادا ڕووکەش بێت و لە هەنگاوی یەکەمدا وەك پێویست و خوازراو نەبێت.

وابەست بەکوردستانی عێراقەوە، ئێمە لەوپەڕی ئامادەباشیداین بۆ گوێگرتن لە بیروڕا و سەرنجەکانتان، تکادەکەین تێبگەن لەم داواکاری و پەرۆشییەمان بۆ کۆتایهێنانی خێرای چالاکی ئاشکرا و هاندراو لە خاکی کوردستانی عێراقەوە بۆ سەر بنکە و مەخفەرە سنوورییەکان نەك لەناو قوڵایی وڵات، کە ئەوەش دەبێت بە هۆکارێك بۆ دەستدرێژی سەربازی تورکیا بۆ سەر خاك و گەل و لادێکانمان، لەبری ئەوەی خودی خۆت هاوکار و یاریدەدەرمان بیت بە هەڵوێستێکی جوامێرانە، وەك برای هەڵگری نامە بۆتان ڕوون دەکاتەوە، ئەم ئۆپەراسیۆن و جولانەی ئێستا

خزمەتـی کەسـمان نـاکات تەنهـا خزمـەت بەپلانـە شـەڕانگێزییەکانی سـەدام دەکات.
سـەبارەت بـە کوردسـتانی تورکیـاش ڕێگـە بەخـۆم دەدەم چەنـد سـەرنجێکی برایانـە بخەمـەڕوو:

١. پێویسـتە گرنگـی بـە خەباتـی سیاسـی و پەرلەمانـی و میدیایـی ڕێکخراوەیـی و جەمـاوەری ئاشـکرا بدرێـت هاوشـان لەگـەڵ خەباتـی چەکـداری کـە وەك تاکـە بـژاردە نەمـاوە.
٢. پێویسـتی بانگـەوازی ئێـوە بـۆ هەمـوو پارتـە کوردسـتانییەکانی تورکیـا بـۆ یەکگرتـن لـە بەرەیەکـی نیشـتمانی فـراوان و وەلانانـی شـەڕەجنێو و یەکـتر تۆمەتبارکـردن، ئێـوە لای خۆتانـەوە دەسـتپێشـخەربن لـە وەسـتاندنی هەڵمەتـی شـکاندن و تۆمەتبارکـردن لـە میدیاکانتـان.
٣. پێویسـتە دەسـتپێشـخەربن بـۆ وەسـتاندنی هێـرش و چالاکییەکانتـان لـە کوردسـتانی عێـراق و ئەنجامدانـی کـردەوەی سـەربازیی لەسـەر سـنووری عێـراق و تورکیـا کـە بێگومـان لـە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتان و پوچەڵکردنـەوەی پلانەکانـی سـەدام حوسـێنە بـۆ هاندانـی تورکیـا کـە مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات و داوا لـە هاوپەیمانـان بـکات هێزەکانیـان لـە تورکیا بکشـێتەوە و کوردسـتان بخەنـەوە ژێـر چەپۆکـی سـەدام بـێ هیـچ پاراسـتنێکی نێودەوڵەتـی.
٤. ڕاشـکاوانە و لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیـدا داوای وەسـتانی شـەڕ و ئاگربـڕ بکـەن، لای خۆتانـەوە وەسـتاندنی ئۆپەراسـیۆنەکان ڕابگەیەنـن بـۆ مـاوەی سـاڵێك یـان شـەش مانـگ کـە ئەگـەری درێژکردنـەوە هەبێـت، لـەو ماوەیـەدا دەسـت بـە دیالـۆگ و هەوڵـی چارەسـەری سیاسـی و دیموکراسـی بـدەن.

دیالۆگ بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت:
أ. دیالۆگی نهێنی یان ئاشکرا لەنێوان (پ.ك.ك) و حکومەتی تورکیا.
ب. دیالۆگی نیشتمانیی ئاشکرا لەسەر مێزی کۆکەرەوە بۆ سەرجەم پارت و لایەنەکان.
ج. دیالۆگ لەنێوان پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و حکومەتی تورکیا.
ئەم بانگهێشتنامەیەی ئێوە سوودی زۆری بۆ ئێوە و حزبەکەتان هەیە لەوانە:
أ. ڕەتکردنەوەی تۆمەتی دەمارگیری و توندڕەوی و خوێنڕێژیی... هتد.
ب. ڕەتکردنـەوە تۆمەتبارکردنتـان بـە تیـرۆر، لـە ڕووی سیاسـییەوە پیشـاندانتان وەك خوازیارێکـی چارەسـەری ئاشـتی و دادپەروەرانـە و شـەرەفمەندانە.

ج. بەهێزکردنـی ئـەو ڕەوتـەی داوای چارەسـەری سیاسـی دەکات لـە حکومڕانـی تورکیـا لـە ئۆزالـی سـەرۆکی تورکیـاوە بـۆ سـلێمان بـەگ دیمریلـی سـەرۆك وەزیـران.

د. پوچەڵکردنەوەی پلانی هێزەشۆڤێنیەکان بۆ هاندانی توندوتیژیی تورك دژ بە کورد.

هـ. بەهێزکردنی ڕەوتی پێشکەوتووخواز و چەپگەرا لە تورکیا.

و. پتەوکردنـی ئـەو هەوڵـە نێودەوڵەتیانـەی کـە ئەنجامـدران لەلایـەن ئێمـەوە و بەدەنگەوەهاتنێکـی سـنووورداری هەبـوو بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەری سیاسـی و ئاشـتییانەی دۆزی کـورد لـە تورکیـا.

ز. بەهێزکردنـی پێگـەی براکانتـان لـە کوردسـتانی عێـراق لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و هەرێمـی کـە هاوکاریکردنتـان بـۆ بـەردەوام بـوون لـە سـوودوەرگرتن لـە دەروازەی تورکیـا و پوچەڵکردنـەوەی پیلانەکانـی سـەدام بـۆ سـەپاندنی سـەرکەوتن بەسـەر شۆڕشـی کوردسـتانی عیراقـدا.

**ئەی برای بەڕێز ..**

مـن دەتخەمـە بـەردەم بەرپرسـیارێتی مێژووییتـان و خـۆم بـەدوور دەگـرم لـە خسـتنەڕووی ڕەخنـەکان و ئـەو سیاسـەتانەتان کـە زیانـی گـەورەی بـە دۆزەکەمـان گەیانـدووە.

تکاتـان لێدەکـەم، تـکای برایانـە بەژیرانـە و تێرامانـی قوڵـەوە تاوتوێـی بارودۆخەکـە بکـەن و ڕێگـەم پێبـدەن هیواداربـم کـە بـەدەم بانگەوازەکەمانـەوە دێـن.

هەتا بەیەکگەیشتنمان خۆشەویستی و ڕێزم قبوڵ بفەرموون.

هەر بمێنن بۆ خەبات

**برای دڵسۆزتان**

**جەلال تاڵەبانی**

# لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی

**دیمانە: محەممەد گۆران**



**دکتۆر نووری تاڵەبانی، خاوەنی پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، داڕێژەری بڕگە و بەندە قانوونییەکانی پەرلەمانی کوردستانی تاراوگە، سەرۆکی یەکەم خولی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنی کوردستان، سەرۆکی دەزگای ئەکادیمیای کورد، ئاوا وەسفی خۆی و بنەچەکەی دەکات:**

لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوی شاری کەرکوك لە ٢٨ی ١٠ی ١٩٣٧ هاتوومەتە دنیاوە. کوڕی چوارەمی حاجی شێخ جەمیل تاڵەبانی، کوڕی شێخ محەمەد عەلی، حاجی شێخ عەلی گەورە، شێخ عەبدوڕەحمانی «خالص»، شێخ ئەحمەد تاڵەبانی، مەلا مەحمودی زەنگەنەم. دایکم کچی شێخ ئەحمەدی «هەباس ئاوا»یە لە هەورامانی ئەودیو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. دایکی باوکم لە نەوەی شێخ عوبێدولای نەهرییە، بەهۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی لە ساڵی ١٨٨٢ بەشێك لە نەوەکانی ڕوویان لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان کردووە، بۆیە زۆرجاران بە «موهاجیر» ناودەبرێن. شێخ جەسیمی برازای لە کەرکوك نیشتەجێ بووە، پاشان گوندی «سۆنە گوڵی» لە نزیك ئەو شارە کڕیوە.

**لە ٢ی ٣ی ١٩٥٩ عەبدولکەریم قاسم سەرەک وەزیرانی عێراق و وەزیری بەرگری ئامادەی ئاهەنگی دەرچوونی خولەکەمان بوو لە کۆلێجی ئیحتیات**

ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێوانیـان و شـێخانی تاڵەبـانی لـە کەرکـوك پەیدابـووە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی شـێخ محەمـەد عـەلی باپیـرم خوازبێنـی فاتەخـانی کچـی بـکات، دوو کـوڕ و پێـنج کچیـان بـووە، نۆبەرەکەیـان باوکـم بـووە. بۆیـە کـە دەڵێـم خەڵـکی هەرسێ بـەشی کوردسـتانی دابەشـکراوم، بـە ناهەقـی ئـەو قسـەیەم نەکـردووە.

تەمەنـم پێـنج سـاڵ بـووە، لـە تەکیـەی تاڵەبـانی لـە لای مەلاسـەعید، پێشـنوێژی ئـەو تەکیـە، دەسـتم بـە خوێنـدنی قورئـانی پیـرۆز کـردووە و مەلاسـەعید فێـری نووسـینی دەکردیـن. لـە تەمـەنی حـەوت سـاڵیم لـە قوتابخانـەی بنەڕەتیـی «ئیـمام قاسـم»ی کـوڕان وەرگیـرام، مامۆسـتا (محەمـەد جەمیـل بابـان) بەڕێوەبـەری بـوو. لـە دوای تاقیکردنـەوە لـە پـۆلی دوو داینـاوم، بـەڵام داوایانکـردووە سـاڵی لەدایکبوونـم بکرێتـە ١٩٣٦ تـا لەگـەڵ ئـەو پۆلـەم گونجاوبێـت، لـە دادگای «سـولح»ی کەرکـوك ئەنجامـدراوە.


صاحب الدفتر رقم ( ٨٨٥٠ )
الاسم واللقب: نوری الطالبانی
اسم الاب والجد: جمیل محمد علی
اسم الام والجد: صبریه احمد
رقم سجل النفوس العام: ٤٧
الصحيفة: ٦٩
اللـواء: كركوك
محل الاقامة الاعتيادي: كركوك
اسم رئيس الدائرة
التوقيع
التاريخ

خوێنـدن لـە کەرکـوك بـە زمـانی عـەرەبی بـوو، کاتـێ خوێنـدکار بـووم لـە خوێندنـگای بنـەڕەتی «ئیـمام قاسـم»ی کـوڕان، بـەشی زۆری خوێنـدکار و مامۆسـتاکان کـورد بـوون، بـەڵام دەبـوو بـە زمـانی عـەرەبی بخوێنیـن. لـە ١٦ی ٩ی ١٩٥٤ قۆناغـی دواناوەندیـم لـە کەرکـوك تەواوکـرد، لـە ١٦ی ١٠ی ١٩٥٤ لـە کۆلێـژی مـاف (حقـوق) وەرگیـرام. لـە کۆلێـژی مـاف بـووم بـە خوێنـدکار، چەنـد خوێندکارێـکی لێبـوو پێشـتر یەکترمـان دەنـاسی وەکـو کاك مستەفا عەسـکەری، لـە پۆلی دوو بـوو، مـام جـەلال و شـێخ حسـێن بەرزنجـی لـە پـۆلی سـێ بـوون.

لـە ٧ی تەممـوزی ١٩٥٨ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـم لـە قانـوون لـە کۆلێجـی «حقـوق/ مـاف» لـە زانکـۆی بەغـدا وەرگـرت. ڕۆژی ٨ی تەممـوزی ١٩٥٨ لـە سـەندیکای پارێـزەران بـووم بـە ئەنـدام وەکـو پارێـزەر و گەڕامـەوە بـۆ کەرکـوك. پـاش هەفتەیـەك لـە ١٤ی ٧ی ١٩٥٨ کودەتایـەکی سـەربازیی بـە سـەرکردایەتیی جەنـەڕاڵ عەبدولکەریـم قاسـم ڕوویـدا بـووە هـۆی ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە عێـراق.

کاك موکـەڕەم تاڵەبـانی ئامـۆزام پارێـزەر بـوو لـە کفـری، لەبـەر هـۆی سیاسی لەژێـر چاودێـری پۆلیـس دانرابـوو، پـاش ئـەو کودەتایـە گەڕایـەوە بـۆ کەرکـوك. بەپێـی پەیـڕەوی ناوخـۆی سـەندیکای پارێـزەران، دەبـوو پارێـزەری تازەدەرچـوو بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ، لەگـەڵ پارێزەرێـکی شـارەزادا کاربـکات. هاتنـی کاك موکـەڕەم بـۆ کەرکـوك بـووە هـۆی ئـەوەی پێکـەوە کاربکەیـن، لـە کۆتایـی مانگـی تەممـوزی ١٩٥٨ تـا مانگـی ئۆکتۆبـەری ئـەو سـاڵە، پاشـان هەردووکـمان چوویـن بـۆ بەغـدا، مـن بوومـە خوێنـدکار لـە کۆلێجـی ئەفسـەرانی یـەدەگ/ ئیحتیـات، ئـەو بـووە بەڕێوەبـەری کاروبـاری تووتـن لـە بەغـدا، پاشـان بەڕێوەبـەری گشـتی ئـەو دەزگایـە.

لـە ٢ی ٣ی ١٩٥٩ عەبدولکەریـم قاسـم سـەرۆك وەزیـرانی عێـراق و وەزیـری بەرگـری ئامـادەی ئاهەنگـی دەرچـوونی خولەکەمـان بـوو لـە کۆلێجـی ئیحتیـات، کـە خـولی ١٣ بـەشی دوو بـوو. بەبۆنـەی دەرچووـمان لـەو کۆلێجـە وتارێـکی پێشکەشـکرد پلـەی ئەفسـەری بـە هەمووـمان بەخـشی. بـەشی زۆری ئـەو ئەفسـەرە کوردانـەی لـەو خولـە دەرچـوون بـە بڕیـاری وەزارەتی بەرگـری لـە فیرقـەی دوو دامەزرایـن کـە بارەگاکـەی لـە کەرکـوك بـوو.

دکتۆر نووری بەر لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە پاریس و دەبێتە خوێندکاری کۆلێجی «ماف و زانستە ئابوورییەکان» لە زانکۆی سۆربۆن و ساڵی ١٩٦٨ تێزی دکتۆراکەی کە لەسەر بابەتێکی قانوونی فەڕەنسی دەبێت، بە پلەی زۆرباش قبووڵ دەکرێت.

دیمانەکەی ئێمە لە «گۆڤاری دۆکیومێنت» لەگەڵ دکتۆر نووری تاڵەبانی، سەرەڕای هەندێ باسوخواسی قانوونی دیکەی لا بە لا، بەڵام تایبەتە بە پڕۆژەی دەستووری کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە ئامادەی کردووە و تاکو ئێستاکەش کە زیاتر لە ٣٣ ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووە، بەڵام نەتوانراوە جێگیربکرێ و هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی.

**دۆکیومێنت: دکتۆر بەر لەوەی بێینە سەر پرسیارەکان، با ئەوەی یەکلابکەینەوە، وشەی «یاسا» یان «قانوون»، کامیان ڕاسترە؟**

**دکتۆر نووری:** مامۆستا (تۆفیق وەهبی) کاتی خۆی وشەی یاسای دانابوو بۆ تەرجەمەی قانوون، وتی: من بەهەڵەدا چوومە، وشەی یاسا، وشەیەکی تورکی مەغۆلییە لە «یاساغ»ەوە «مەمنووع» هاتووە. جا ئاوا پێکەوە لە ماڵەکەی لە لەندەن دانیشتبووین، سێ جار وتی: هەڵەمە هەڵەمە هەڵەمە، دان بەو هەڵەمە دادەنێم و دەمەوێت ڕاستی بکەمەوە. وتم مامۆستا چۆن؟ وتی وشەی «قانوون» ڕاسترە لە «یاسا»، چونکە وشەی قانوون لە کەنیمۆسی یۆنانی هاتووە و کراوە بە قانوون، عەرەب و فارس بەکاری دەهێنن با ئێمەی کوردیش بەکاری بهێنین بەڵام بە دوو واو بینووسین.

جا (تۆفیق وەهبی) زانایەکی گەورە بوو، حەوت زمانی کۆن و تازەی، وەك زمانی دایکی خۆی دەزانی.

**دۆکیومێنت: جیاوازی نێوان قانوون و دەستوور چییە؟**

**دکتۆر نووری:** قانوون کە ئێستا پێی دەڵێن یاسا، هەتا من سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بووم، چەسپاندمان بە قانوون بەڵام دوای من، دیسان کردیانەوە بە یاسا وەکو جاری جاران! «دەستوور» بە تورکی پێی دەڵێن «ئەنە یاسا»، بۆیە وتم وشەی یاسا، وشەیەکی تورکی مەغۆلییە، لە زمانی تورکی بە دەستوور دەڵێن «ئەنە یاسا»

**کە دەڵێم خەڵکی هەرسێ بەشی کوردستانی دابەشکراوم، بە ناهەقی ئەو قسەیەم نەکردووە**

واتا «دایکی یاسا»، واتا دەستوور دایکی قانوونە، لە هیچ شوێنەکی دنیادا، پەرلەمان ناتوانێ قانوونەك دانێ پێچەوانەی دەستوور بێ بەڵکو دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێك بێ.

**دۆکیومێنت: ئێوە ماوەیەکی زۆر، هەم بە نووسینی پڕۆژەی دەستووری کوردستان، هەم بە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی خەریك بوون، جا دەمەوێت بپرسم ئەو ڕژد بوونەی ئێوە، ئامانج و مەبەست و هۆکارەکەی چی بوو؟**

**دکتۆر نووری:** دوای ڕاپەڕین، من یەکێ بووم لەو کەسانەی بیرم لەوە کردەوە کە ئیستغلالی ئەو وەزعە بکەین کە بەشێك لە کوردستان ئازادە و لەژێر دەسەڵاتی حزبی بەعس نییە. جا پێشنیازم کرد، وتم مادام دەسەڵات، دەسەڵاتی کوردییە، لە هەر وڵاتێکیشدا حوکم و دەسەڵات هەبێ، دەبێ دەستوور هەبێ، هەتا ئەگەر بە شێوەی دەستوورێکی کاتی



**کە چوومە پەرلەمان، ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی کردم، بەعسیش وای نەکردووە**

بێـت، پێویسـتە بـۆ ئـەم بەشـە ڕزگارکـراوەی کوردسـتان، دەسـتوورەك هەبـێ، بـەڵام خۆمـان داینێیـن. کـەم تـا زۆر قەناعەتـم پێکـردن، هـەردوولا لـە تـرسی بەغـدا، بـە قسـەیان دەکـردم و بـە قسـەیان نەدەکـردم.

سـەروەختی هەڵبژاردنەکـەی سـاڵی ١٩٩٢ پـڕۆژە دەسـتوورەکم ئامادەکردبـوو، حـەزم کـرد خەڵـکی دیکـەش ببینـن و بەشـداربن لـە دەوڵەمەندکـردنی، لـەو کاتـە کـە مـن ڕاگـری کۆلێجـی ئیـدارە بـووم لـە زانکـۆی سـلێمانی، دکتـۆر فـازل قەفتـان ئەویـش خەڵـکی سـلێمانی بـوو، لـە هەولێـر بەڕێوەبـەری چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین بـوو، جاروبـار دەهاتـە لام بـۆ ماڵـەوە، ڕۆژێـك هـات و بـاسی شـتێکمان دەکـرد، وتـم تـۆ بۆچـی بـاسی ئـەوە دەکـەی، لـەوەم گرنگـتر هەیـە؟! وتی چییـە؟ وتـم پـڕۆژەی دەسـتوورێکم ئامادەکـردووە. وتی کـوا لـە کوێیـە؟ وتـم وا لـە سـەرەوەیە. یەکڕاسـت چـوو

د. نووری تاڵەبانی

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پێشنیازی چاککردنی کەموکوڕییەکانی

- ناوی کتێب: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پێشنیازی چاککردنی کەموکوڕییەکانی
- نووسەر: د. نووری تاڵەبانی.
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
- نەخشەسازی: عیسام موحسین.

هەڵیگرێ و بیبا چاپی بکات. وتم لەسەرخۆبە با لە ئیشەکەت دەرتنەکەن.

وتم ئەو پڕۆژەیە چاپ دەکەین، دواتر دابەشی دەکەین بەسەر خەڵك و مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیریی، بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا، بۆ ئەوەی بیخوێننەوە و دەوڵەمەنتری بکەن. ئەوەبوو بردی و ٥٠٠ دانەی لێ چاپکرد و خۆیشی ئەندام پەرلەمان بوو، ١٠٠ دانەیەکی دابەشکردە سەر ئەندام پەرلەمانەکان.

ئەیاد نامیق، ئەو کاتە یەکێتییەکی تۆخ بوو، جارجار دەهات، گەنجیش بوو، ڕۆژێك هات وتی: ئەوە خەریکین لەناو پەرلەمان ئیمزای بۆ کۆدەکەینەوە، نازانم وتی ٣٣ یان ٣٨ ئیمزامان بۆ کۆکردیتەوە، لەکاتێکدا ٢٥ بەس بوو، ئیدی دەبووە پڕۆژە و دەخرایە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان تاکو تاوتوێ بکرێت، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان پڕۆژەکەیان ڕاگرت.

بەڵام کەسانێکی زۆر، هەم لە ناوەوەی کوردستان، هەم لە دەرەوە، پاڵپشتی بۆچوونەکەی منیان دەکرد. سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ کە چوومە لەندەن، لەوێ مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن، کە گەورەترین مەڵبەندی ڕۆشنبیریی بوو لە دەرەوەی وڵات، داوایان لێکردم کۆڕێك سازبدەم و باسی پڕۆژەی دەستوورەکە بکەم. ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆر هاتبوون لە کوردانی بەریتانیا و ئەوروپا، هەتا خەڵکێکی زۆر لە ئەندامانی پارتی و یەکێتیش کە ئەو کاتە لەگەڵ فکرەکەی من نەبوون، ئامادە بوون.

نوسخەیەك لە پڕۆژە دەستوورەکەم لەگەڵ

**مامۆستا (تۆفیق وەهبی) کاتی خۆی وشەی یاسای دانابوو بۆ تەرجەمەی قانوون، وتی: من بەهەڵەدا چوومە، وشەی یاسا، وشەیەکی تورکی مەغۆڵییە لە «یاساغ»ەوە «مەمنووع» هاتووە**

خۆمدا بردبوو و لەوێ کۆپیان کرد و دابەشیان کرد، هەر لەناو کۆڕەکەشدا وتیان دکتۆر نووری بۆیە لە کوردستان نەماویت و هاتوویت بۆ ئێرە، چونکە ئەوان لە دژی فکرەکەی تۆن و دژی دەستوورن، بۆیە ناچاربوویت هەڵێی! نەوەك شتێکت لێبکەن؟! من ئینکارم کرد، بەڵام واش بوو!

**دۆکیومێنت: دکتۆر لە سیستەمی فیدراڵی، دەکرێ ناوەند دەستووری هەبێ و هەرێمەکانیش دەستووریان هەبێ؟**

**دکتۆر نووری:** بەڵێ، چونکە دەستووری عێراق، مرۆڤ با هەق بڵێ دەستوورێکی فراوانە، چەند کەسێك بەشداریان لە نووسینەوەی کردووە و لە پەسەندکردنی ڕۆڵیان هەبوو، بەتایبەتی نەوشیروان، مام جەلال، کاك مەسعود. ئەو کاتە ئەمەریکییەکان ئیشیان بە کورد هەبوو و هەوڵیاندەدا سۆزی کورد بۆ خۆیان ڕاکێشن، جا بەتایبەتی کاك نەوشیروان دەوری هەبوو لە پەسەندکردنی ئەو دەستوورە. لەوێدا باس کراوە، کە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی ئەوە و ئەمەیە، یەك دوو سێ چوار .... مافی ئەوەشی هەیە دەستوورێك بۆ خۆی دابنێ، بە مەرجێك پێچەوانەی فڵان مادده و ماددەی دەستووری عێراق نەبێت.

**دۆکیومێنت: دوای ٢٠٠٣ و نەمانی دەسەڵاتی بەعس، لە یەکەم هەڵبژاردنی دەستەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا، بۆ ماوەیەك بوونە سەرۆکی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، ئەمە چۆن بوو، بۆچی ئاوا بە زوویش دەستتان لەکار کێشایەوە؟**

**دکتۆر نووری:** خۆیان داوایان لێکردم ببم بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوەش بوو کە پارتی و یەکێتی، هەردوولایان












دەیانـزانی مـن مرۆڤێـکی بێلایەنـم. سـەرۆکی کۆمیسـیۆنەکە عەرەبێـکی شـیعەی چـەپ بـوو، پێشـتر لـە فەڕەنسا بینـی بـووم. ئـەو داوای لێکـردم و وتـم بیـری لـێ دەکەمـەوە، دوای چەنـد ڕۆژێـك هاتـەوە، وتی دکتـۆر نـوری ئەگـەر تـۆ ڕازی نەبیـت، واتـا کارەکـە ناکـرێ؟ وتـم بۆچـی؟ وتی تەنیـا تۆیـت کـە پـارتی و یەکێتـی کۆکـن لەسـەری کـە ئینسـانێکی بێلایـەنی و قبوولیـان کـردووە ببـی بـە سـەرۆکی ئـەو کۆمیسـیۆنە. بۆیـە وتی هەردەبـێ بیکـەی.

هـەر لەسـەر بابەتی پـڕۆژەی دەسـتووری کوردسـتانیش بـوو کـە وازم لێـی هێنـا، چونکـە ئەوەنـدە گرنـگ بـوو بـە لامـەوە، هەندێـك داوایـان لێکـردم کـە وەکـو کەسـێکی بێلایـەن بچمـە پەرلەمانـەوە و لـەوێ ڕاسـتەوخۆ کار بـۆ پەسـەندکردنی دەسـتووری کوردسـتان بکـەم، قەناعەتـم بـە قسـەکانیان کـرد، خـۆم کاندیـد کـرد و هـەردوولاش وتیـان پشـتگیریت دەکەیـن، بـەڵام ڕاسـتییەکەی یەکێتـی زیاتـر پشـتگیری کـردم. ئەوەبـوو وەك کەسـێکی سـەربەخۆ خـۆم کاندیـد کـرد و دەرچـووم.

بـەڵام کـە چوومـە پەرلەمـان، ئـەوەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان پێـی کـردم، بەعسـیش وای نەکـردووە. جاروبـار کـە دەسـتم هەڵدەبـڕی، جـا مـن لـە دواوە دادەنیشـتم چونکـە سـەرۆك کوتلـە نەبـووم، سـەرۆکایەتی پەرلەمـان وا خۆیـان پیشـاندەدا کـە چاویـان نامبینـێ، ئینسـان بـۆ هـەق بڵـێ «کەمـال کەرکـوکی» دەیـوت ئـەوە دکتـۆر نـوری دەسـتی هەڵبڕیـوە!

**دۆکیومێنـت: بـە بۆچـوونی ئێـوە، هـۆکارەکانی دواخسـتنی پڕۆژەکـە بـۆ چـی دەگەڕێننـەوە؟**

**مامۆستا (تۆفیق وەهبی) کاتی خۆی وشەی یاسای دانابوو بۆ تەرجەمەی قانوون، وتی: من بەهەڵەدا چوومە، وشەی یاسا، وشەیەکی تورکی مەغۆڵییە لە «یاساغ»ەوە «مەمنووع» هاتووە**



**مام جەلال گلەیی لێکردم، وتی تۆ بوویتایە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە لە (عیسمەت شەریف وانلی) باشتر بوو**

**دکتـۆر نـووری:** لـە ڕووی سیاسـیەوە، بـاری سـیاسی لـە عێـراق و ناوچەکـە لـەو دەمـە ئاڵۆزبـوو، هێـزەکانی ڕژێـم ئابڵوقـەی سـەربازی و ئابووریـان لەسـەر ناوچـەی ژێردەسـەڵاتی کـورد دانابـوو و هەڕەشـەی داگیرکردنەوەیـان دەکـرد. ئەمریـکا و بریتانیـا کـە فڕۆکـە جەنگییەکانیـان لـە تورکیـاوە ئاگادارییـان لـە ئاسـمانی ناوچەکـە دەکـرد لـە ئەگـەری دەسـتدرێژیکردنی ڕژێـم، پشـتگیرییان لـە دامەزرانـدنی قەوارەیێـکی سـیاسی بـۆ کـورد نەدەکـرد. وەزیـرانی دەرەوەی دەوڵەتـانی ناوچەکـە ناونـاوە کۆدەبوونـەوە بـۆ خنکانـدنی ئـەو کۆرپـە ساوایە لـە باشـووری کوردسـتان. ئـەو هۆیـە دەرەکییانـە و چەنـد هۆیـەکی نـاوەکی کـە پەیوەندییـان بـە ناکـۆکی نێـوان هـەردوو حـزبی دەسـەڵاتدارەوە هەبـوو، بوونـە هـۆی دواخسـتنی پەسـەندکردنی ئـەو پـڕۆژە دەسـتوورە.

**دۆکیومێنـت: ئـەی دوای ڕووخـانی ڕژێـم، دەرفـەت مابـوو، کـوردی باشـوور ببێتـە خـاوەن دەسـتووری خـۆی؟**

**دکتـۆر نـووری:** پـاش ڕووخـانی ڕژێـم لـە نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٣، قانـوونی کاتی بەڕێوەبـردنی دەوڵـەتی عێـراق TAL کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٤ ئەنجومـەنی حوکـم لـە عێـراق پەسـندی کـرد و وەکـو دەسـتوورێکی کاتـی












تەماشادەکرا، ئەو پڕۆژە دەستوورەی کوردستانیش کە لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ پەسندکرابوو وەکو (پڕۆژە)، دەبوو جارێکی دیکە تەماشا بکرێتەوە تا بەندەکانی لەگەڵ بارودۆخی تازەی عێراقدا بگونجێن. لە یاداشتنامەیەکدا کە پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٣ پێشکەشم کردبوو بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پێشنیازم کردبوو جارێکی دی بەو پڕۆژەدا بچینەوە. ئەوەبوو بە پشتگیری (کاك نێچیروان بارزانی) کە ئەو دەمە سەرۆکی حکومەت بوو لە هەولێر، لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ کۆبوونەوەیەك ڕێکخرا، ئەندامانی لێژنەی قانوونی لە پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمان ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوون، بڕیاردرا جارێکی دی پێداچوونەوە بە بەندەکانی ئەو پڕۆژەی پێشتر ئامادەکرابوو بکرێتەوە. لەپاش چەندین کۆبوونەوە لە بارەگای لێژنەی قانوونی لە پەرلەمان، سەرەڕای ئەوەی سکرتێری پەرلەمان نەیدەویست دەستکاریی لە پڕۆژە کۆنەکە بکرێت، لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ پڕۆژەیەکی نوێ ئامادەکرا و خرایە بەردەست سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدرا، بۆیە وەکو پڕۆژە مایەوە لە ئەرشیفی پەرلەماندا.

لەولاوەش، قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق TAL لە ماددەی ٥٣دا سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق پەسندکردبوو و دانیشی بە هەرێمی کوردستاندا نابوو لە چوارچێوەی ئەو سنوورە ئیدارییەی لە ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بوو. لە بەندی ٥٤ی هەمان ئەو قانوونەدا، دان بەو دامەزراوانەدا نرابوو کە پێشتر هەبوون، بۆیە پەرلەمانی هەرێم وەکو دەزگای قانووندانەر دەیتوانی دەستکاری لە قانوونەکانی هەرێم بکات تا ئەو ڕۆژەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق پەسنددەکرا.

**دۆکیومێنت: ئەی کەواتە بۆچی هەوڵنەدرا کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی؟ هۆکار و لەمپەرەکان چیبوون؟**

**دکتۆر نووری:** هۆکارەکان، بەشێکی ئەوەبوو کە بۆچوونێك هەبوو، دەیگوت پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەبێ دوابخرێت بۆ پاش

پەسـندکردنی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق. هـۆی ئـەم بۆچوونـە سیاسـی بـوو نـەك قانـوونی، بـە بۆچـوونی ئـەوان بـاری سیاسی لـە عێـراق و ناوچەکـە شـێواو بـوو، پەسندکردنی دەسـتوور بـۆ هەرێـم لـەو بارودۆخـەدا بـە «جوداخـوازی» دەدرایـە قەڵـەم! بەپێـی ئـەو بۆچوونـە، دەبـوو چاوەڕێـی دەسـتووری عێـراق بکرێـت تـا بزانیـن لەوێـدا چـی بـە کـورد دەدرێ و چـی قبـووڵ ناکرێـت!

بـەم شـێوەیە هەمـوو سـەنگی کـورد دەخرایـە نـاو یـەك سـەبەتەوە، کـە ئەنجومـەنی نیشـتمانی عێراقـی بـوو، ئەگـەر لەوێـدا کارەکان لـە بەرژەوەنـدی کـورد یەکلایـی نەکرێنـەوە لـەو «شـەڕە» دەسـتوورییە بـە دۆڕاوی دەهاتینـە دەرەوە.

**دۆکیومێنـت: لێـرەدا دەمـەوێ لەسـەر بۆچـوونی ئێـوە بووەسـتین؟ ئێـوە لـەم بارەیـەوە چ دەڵێـن؟**

**دکتـۆر نـووری:** بـە بۆچـوونی مـن، چاکتربـوو کـورد لـە چەنـد بەرەیەکـدا ئـەو «شـەڕە» دەسـتوورییە بـکات و پەرلەمـانی کوردسـتان ڕۆڵـی هەبیـت وەکـو نوێنـەری شـەرعی خەڵـکی کوردسـتان بـۆ داواکـردنی مافـەکانی گەلەکەمـان. ئەگـەر ئـەو داواکارییانـە پێشـتر لـە دەسـتووری هەرێـم بچەسـپێندرابان، لـە دەسـتووری عێراقـدا ئاسـانتربوو هەوڵـی چەسـپاندنیان بدرێـت. دەبـێ ئـەوەش لەبیـر نەکرێـت کـە سـەنگی پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان لـە خـولی دووەمـی قورسـتربوو، چونکـە ئـەو خولـەی پەرلەمـان وەکـو دەزگایـەکی شـەرعی تەماشـادەکرا لەبـەر ئـەوەی لـە ئاکامـی هەڵبژاردنێـکی شـەرعییەوە دیـاری کرابـوو. هەڵبـژاردنی خـولی دووەمـی پەرلەمـانی هەرێـم بەپێـی قانوونێـکی عێراقـی ئەنجامدرابـوو لەژێـر چاودێـری دەزگایـەکی عێراقـی - نێودەوڵـەتی، بۆیـە حکومـەتی عێـراق و دەوڵەتـان و دەزگا نێودەوڵەتییـەکان، نەیاندەتـوانی گـوێ لـە داخوازییـەکانی ئـەو خولـەی پەرلەمـان نەگـرن.

دەسـتووری هەرێـم کـە داواکارییـەکانی گـەلی کوردسـتانی تێـدا دیـاری دەکرێـن، دەبـووە شـیرێکی تیـژ بـە دەسـت لایەنـەکانی کوردسـتان لەنـاو ئەنجومـەنی نیشـتمانی عێراقـی. لـە بڕگـەی (ج)ی بەنـدی ٦١ی قانـوونی کاتی بەڕێوەبـردنی دەولـەتی عێـراق TAL ڕێگـە بـە دانیشـتوانی دوو لەسـەر سـێی پارێـزگاکانی عێـراق دراوە لـەکاتی دەسـتکاریکردنی دەسـتووری عێـراق، ئەگـەر سـێ پارێـزگا دەنـگ بـۆ ئـەو دەسـتکارییە

نەدات، ئەو پێشنیازەی بۆ دەستکاریکردنی دەستوور کراوە ڕەتدەکرێتەوە. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی سێ پارێزگای دەکرد، دەیتوانی ئەو پڕۆژە دەستوورەی بۆ عێراق ئامادە دەکرێت و مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەستنیشان ناکرێت، ڕەد بکاتەوە. گرووپی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەیتوانی ئەو چەکە بخاتە بەرچاو ئەو لایەنانەی قایل نەدەبوون کە مافەکانی گەلی کوردستان لەو دەستوورە بچەسپێن. کورد دەبوو «شەڕی» دەستووری لەسەر هەموو بەرەکان بکات، لەناو پەرلەمانی عێراق و لە پەرلەمانی هەرێم، هەروەها بە هاوکاریی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان، جگە لە پشتگیری دۆستانی کورد لە دەرەوە. ئەو «شەڕە» دەستووریە ڕەواتر دەبوو ئەگەر کورد لە هەموو بەرەکانەوە کاری لەسەر بکردبا و سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و هەموو مافەکانی، بە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە لە دەستووری هەرێم و لە دەستووری عێراق دەچەسپێنران. چونکە ئەگەر کورد هەموو سەنگی لەسەر پرنسیپی «تەوافوق» بێت، ناگاتە ئەو ئامانجانەی ساڵەهای ساڵە خەباتی

**مەسەلەی کورد پاش ئەو بڕیارەی ئۆجەلان زۆر چووەتە پێشەوە، ئیشێکی زۆر عاقڵانەی کرد**












بـۆ کـردووە و خوێنێـکی زۆری بـۆ ڕشـتووە، پێویسـتە ئـەو هەمـوو فاکتەرانـە بخرێنـە گـەڕ تـا لـەو «شـەڕە» دەسـتووریە سـەربکەوێت.

**دۆکیومێنـت: پەرلەمانتـاران کـە نوێنـەری چیـن و توێـژە جیاجیـاکانی کوردسـتانن، ئـەوان لـە بـارەی دەسـتووری هەرێمـەوە، هەڵوێسـت و کاردانەوەیـان چـۆن بـوو؟**

**دکتـۆر نـووری:** پێـش ئـەوەی شـاندێك لـە هەرێمـی کوردسـتان بچێتـە بـۆ بەغـدا بـۆ بەشـداریکردن لـە داڕشـتنی پـڕۆژەی دەسـتووری عێـراق، ٥٧ پەرلەمانتـار لـە هەمـوو لایەنـەکانی نـاو خـولی دووەمـی پەرلەمـان بـە نووسـین داوایـان لـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کـرد ئـەو پـڕۆژە دەسـتوورەی هەرێـم کـە چاککرابـوو بخرێتـە بـەردەم پەرلەمـان تـا تاوتـوێ بـکات پاشـان پەسـندی بـکات، بـەڵام ئـەو داواکارییـە لەگـەڵ پڕۆژەکـە لـە ئەرشـیفی پەرلەمـان مایـەوە، ئـەوەش بـە پێچەوانـەی پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان بـوو.

دواتـر، پـاش پەسـندکردنی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق، ئینجـا پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان، پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێمـی لـە ٢٤ی حوزەیـرانی ٢٠٠٩ بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـندکرد، هەنـگاوی دووەم دەبـوو دەنگـدەران لـە هەرێمـی کوردسـتان  لـە مانگـی تەممـوزی ئـەو سـاڵە دەنگـی لەسـەر بـدەن!

بۆیـە پێویسـتە لێـرە ڕوونـاکی بخەمـە سـەر چەنـد خاڵێـك کـە پێشـتر ئاماژەیـان بـۆ نەکـراوە. ئـەو پـڕۆژە دەسـتوورەی لـە سـاڵی ٢٠٠٦ بـە زمـانی عـەرەبی ئامادەکرابـوو، کـە پاشـان لـە ٢٤ی حوزەیـرانی ٢٠٠٩ بـە زۆرینـە دەنـگ پەسـندکرا، لـە کاتی خۆیـدا ئـەرکی وەرگێـڕانی بـۆ سـەر زمـانی کـوردی لەلایـەن لێژنـەی دەسـتووری لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە بەنـدە سـپێررا.

لـە کاتی  پشـووی هاوینـی سـاڵی ٢٠٠٦ لـە لەنـدەن دەقـی ئـەو پڕۆژەیـەم وەرگێڕایـە سـەر زمـانی کـوردی و لەسـەر (CD)، لـە سـەرەتای مانگـی ئەیلـولی ٢٠٠٦ ڕادەسـتی سـەرۆکی لێژنـەی دەسـتووریم کـرد لـە پەرلەمـان. لـەو مـاوەی خەریـکی وەرگێـڕانی ئـەو پڕۆژەیـە بـووم، بەبـێ ئـاگاداری نزیکـەی سـێ یـەکی ئەندامـانی ئـەو لێژنەیـە، کۆبوونەوەیـەکی بەنـاو نائاسـایی لـە ٢٠ی ئـابی ٢٠٠٦ سـازکرابوو، تێیـدا دەسـتکاری (٢٢) مـاددە و بڕگـە لـەو پـڕۆژەدا کرابـوون. ئەمـە لەکاتێکـدا لـە ڕووی قانوونییـەوە،

کۆبوونـەوەی نائاسـایی تایبەتـە بـە پەرلەمـان نـەك بـە لیژنـەکانی، مـاددەی (٦) لـە پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان مەرجـی سـازدانی کۆبوونـەوەی نائاسـایی دیـاری کـردووە، بـەڵام ئامـاژەی تێـدا نەکـراوە بـۆ کۆبوونـەوەی نائاسـایی لیژنـەکان، (قیاس)یـش لەنێـو ئـەو دوو حاڵەتـەدا ناکرێــت.

لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی لیژنـەی دەسـتووری کـە لـە سـەرەتای مانگـی ئەیلـولی ٢٠٠٦ بەسـترابوو، ڕەخنـەم لـەو کۆبوونـەوە بەنـاو نائاسـاییەی لیژنـەی دەسـتووری گـرت، بـەڵام گـوێ لـە ڕەخنەکـەم نەگیـرا. پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێـم بـەو دەسـتکارییانەی لـە ٢١ی ئەیلـولی ٢٠٠٦ ئەنجامدرابـوون بڵاوکرایـەوە، داواکرابـوو لـە هەمـوو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ڕاوسـەرنجی خۆیـان بـۆ لیژنەکـە بنێـرن. ژمارەیـەکی زۆر لـە ڕێکخـراوی سـیاسی و مەدەنـی و کەسـانی پسـپۆر و شـارەزا، بـۆ دەوڵەمەندکـردنی پڕۆژەکـە، تێبینـی خۆیـان بـۆ لیژنەکـە ناردبـوو. بێگومـان دوای ئـەم هەنگاوانـە، ئـەرکی لیژنەکـە ئەوەبـوو بـۆ تەماشـاکردنی ئـەو تێبینییانـە، کۆببێتـەوە، بـەڵام بـە بڕیارێکـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لیژنەکـە، بەشـێك لـەو تێبینیانـەی تەماشـانەکران بـە پاسـاوی ئـەوەی بـێ سـوودن، بەشـەکەی دی لـە ژوورێـکی نزیـك ژووری سـەرۆکی لیژنەکـە دانرابـوون، داوا لـە ئەندامـانی لیژنەکـە کرابـوو بچنـە ئـەو ژوورە لـەوێ تەماشـایان بکـەن!

لیژنـەی دەسـتووری لـە پەرلەمـانی هەرێـم کۆنەبـووەوە تـا دەسـتپێکردنی پشـووی هاوینـی پەرلەمـان لـە مانگـی تەممـوزی ٢٠٠٨. لـە یـەکی تەممـوزی ئـەو سـاڵەدا دەسـتی بـە کۆبوونـەوە کـرد، لـە ٧ی تەممـوزی ئـەو سـاڵە جارێـکی دی کۆبوونەوەیـەکی بەنـاو نائاسـایی ئەنجامـدا، تێیـدا جارێـکی دی دەسـتکاریی بنەڕەتـی لـە پڕۆژەکـەدا کرابـوو. بەنـدە بەشـداریم لـەو کۆبوونـەوە بەنـاو نائاسـاییە نەکـرد، لەبـەر ئـەوەی بـە ناشـەرعیم دەزانی. لـەو کۆبوونـەوەدا جاریـکی دی دەسـتکاری لـە پڕۆژەکـەدا کرابـوو، بـەو دەسـتکاریبانەوە لـە ٢٤ی حوزەیـرانی ٢٠٠٩ پڕۆژەکـە خرایـە بـەردەم پەرلەمـانی هەرێـم بـە زۆرینـە پەسـندکرا. ئـەو دەنگدانـە پـاش هەموارکردنـەوەی قانـوونی پەسـندکردنی پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێـم ژمـارە (١٦)ی سـاڵی ٢٠٠٨ کـرا.

**دۆکیومێنـت: بـەڵام پڕۆژەکـەی دەسـتووری هەرێـم، تاوەکـو ئێسـتاکەش هـەر**

**پڕۆژەیـەـ؟!**

**دکتـۆر نـووری:** بەڵـێ، پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێـم تـا ئێسـتا هـەر پڕۆژەیـە، چونکـە دەنگـدەران لـە هەرێمـی کوردسـتان دەنگیـان لەسـەر نـەداوە. ئەگـەر پەسـند بکرێـت دەبێتـە یەکـەم دەسـتوور لـە مێـژووی گـەلی کـورد، کـە پێویسـتە بـە باشـترین شـێوە ئامادە بکرێـت و ماددەکانـی بـە زمانێـکی قانوونی ڕەوان دابڕێژرێـن. قانـوونی ژمـارە (١٦) ی سـاڵی ٢٠٠٨ی هەموارکـراو تایبـەت بـە پەسـندکردنی پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێـم، ڕێـگای لـە ئەندامـانی پەرلەمـانی هەرێـم گرتـووە گفتوگـۆ لەسـەر نـاوەڕۆکی پڕۆژەکـە بکـەن، بـە پاسـاوی ئـەوەی پەرلەمـانی هیـچ وڵاتێـك گفتوگـۆی لەسـەر نـاوەڕۆکی پـڕۆژە دەسـتووری وڵاتی خـۆی نەکـردووە.

**دۆکیومێنـت: جـا بـە بۆچـوونی ئێـوە، دەکرێـت پرسـێکی ئـاوا گرنـگ و چارەنووسسـاز، ئـاوا بـە هەڵـواسراوی بمێنێتـەوە؟**

**دکتـۆر نـووری:** بێگومـان نەخێـر. چەندیـن کەسـانی پسـپۆڕ و شـارەزا دەمێکـە داوای هەموارکردنـەوەی پـڕۆژەی دەسـتووری هەرێـم دەکـەن بـە مەرجێـك کەموکورییـەکانی چاکبکرێـن. بەشـێك لـەو شـارەزایانە پێشـنیازی دامەزرانـدنی لێژنەیـەکی تـازە دەکـەن، دەڵێـن باشـترە ئەندامـانی ئـەو لێژنەیـە تازەیـە کەسـانی پسـپۆر و شـارەزا بـن، بـە ڕێککەوتـن لەنێـو فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـانی هەرێـم دەستنیشـان بکرێـن.

پەلەکـردن لـە پەسـندکردنی پـڕۆژەی دەسـتوور بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، داواکاریـی زۆرینـەی خەڵـك و لایـەن و کەسـانی شـارەزایە. بەشـی زۆری ئـەو گرفـت و کێشـانەی بـەرەو ڕووی هەرێمـی کوردسـتان بوونەتـەوە، هۆیەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبـوونی دەسـتوور لـە هەرێـم، کـە دەبـوو لـە سـاڵی ١٩٩٢ هەرێمـی کوردسـتان خـاوەن دەسـتووری خـۆی بێـت.

پەسـندکردنی دەسـتوورێکی مۆدێـرنی گونجـاو بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، لـەم بارودۆخـە سیاسـیەی کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە پێیـدا تێدەپەڕێـت، دەبێتـە هـۆی گوێگرتـن لـە داواکارییـەکانی هەرێـم و دەوڵەتـان و لایەنـە نێودەوڵەتییـەکان زیاتـر حیسـاب بـۆ هەرێمێـکی خـاوەن شـەرعییەتی دەسـتووری دەکـەن، نـەك هەرێمێـك تـا ئێسـتا دەسـتووری خـۆی نەبێـت.

**دۆکیومێنت: لە ٢٤ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٩٩ لە ئەمستەردامی پایتەختی وڵاتی هۆڵەندا بە بەشداری ٧٠٠ کەسایەتی ئەکادیمیی و سیاسیی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان و کوردانی سەرانسەری دنیادا، کۆنگرەی دامەزراندنی پەرلەمانی کورد لە تاراوگە دامەزرا، ئێوە سەرەڕای ئەوەی کە بڕگە و بەندە قانوونییەکانی ئەو پەرلەمانەتان نووسییەوە، هاوکات پاڵێوراوی سەرەکیش بوون کە ببن بە سەرۆکی پەرلەمانی تاراوگە، بەڵام لە دواساتدا پاشەکشەتان کرد؟ چی لەم ماوە کورتەدا ڕوویدا کە ئێوەی پەشیمان کردەوە؟**

**دکتۆر نووری:** پێش هەڵبژاردنی سەرۆک، یەکێ لەناو هۆڵەکە هاتە لام وتی نیازیان وایە لە وەختی کۆتایی کۆنفڕانسەکە پێشنیازبکەن ئۆجەلان ببێتە سەرۆکی فەخری ئەو ڕێکخراوە، پێشتریش ئەوان (پەکەکە) و چەندین کەسایەتی کوردی لای خۆمان، داوایان لە من کردبوو، کە خۆم کاندید بکەم بۆ سەرۆکایەتی، من وەعدەکم پێدابوون، بەڵام کە ئەو کوڕەیان هاتە لام وتی نیازمان هەیە لە کاتی دەنگداندا، پێشنیاز بکەین ئۆجەلان ببێتە سەرۆکی فەخری، زۆر سوپاسم کرد لە دڵەوە.

کاتەك هاتەسەر ئەوەی داوایان لێکردم، لەوانە (حەمەی حاجی مەحموود) و (بەهائەدین نووری) و کێ و کێ، چونکە کوردەکانی خۆیشمان هەموو بانگ کرابوون، عوزرم لێ خواستن، گوتیان هەموو لەسەر تۆ کۆکن، وتم من شتێکم بیستووە ئەگەر پێتابڵێم ئێوەش ئەو هەقەم پێدەدەن، وتم: من بیستوومە نیازیان هەیە لەکاتی دەنگداندا، لە ئاخر لەحزە بڵێن ئۆجەلان ببێتە سەرۆکی فەخری، ئێوە قبووڵ دەکەن ببمە سەرۆکی ڕێکخراوەك کە سەرۆکە فەخرییەکەی ئۆجەلان بێت، وتیان نا. ئەوەبوو نزیکەی سەعات و نیوێك کۆبوونەوەکە ڕاگیرا، تەلەفۆنیان بۆ قەندیل کرد، وتیان ئەرێوەڵا وایە!

هەتا مام جەلالیش گلەیی لێکردم، وتی تۆ ببوویتایە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە لە (عیسمەت شەریف وانلی) باشتر بوو، وتم مام جەلال من دەمەویست ڕێکخراوەکی بێلایەنی، نێودەوڵەتی، کوردستانی لە دەرەوە دروستبکەین، بتوانین لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دنیادا پەیوەندی بکەین بەناوی کوردەوە، بەڵام ئەگەر سەر

7 Ferry Road,
Barnes,
London, S.W.13

8th July

کاک د. نوری ی خۆشەویستم،

هیوا-م وا-یە کە لە تەندروستی و خۆشیێک ی وەهادا بن کە بە دڵ ی من بێ. د.عەتیە ~~خان~~ خان ی هاوسەر یش -تان، سپاس بۆ خودا لە خۆشی-یە لێرە، وە لە ~~کۆ~~ کۆششدا-یە بۆ ئامادە-یی بۆ ئازمایشی ی ڕۆژی ١٩/٧/٧٦. خودا سەری خا.

د. عەتیە خان بۆی گێڕامەوە کە گوایا محەمەد عەلی ی کوردی بە ئێوە تان وتووە لە ئەوانە ئامادە-ن بۆ ئەوە کە هەر کەسێ من بەرێ نێرن کە لەندەن تا پاریس-م بەرن بۆ ئامادە کردنی

ئەو نووسراوە زۆر و زەبەندەکان ـم کە کە بە ئاواتەوە
چاوەڕێی ی لە چاپدران ـن، من ئەم ئاگایەم
زۆر پێ خۆش بو، وە زۆر سپاس ـیان دەکەم.
ئەو کەسەی ئەوەز شیاوی دەبینم بۆ ئەم کارە
زانستە گرنگە ماموستا (محمد مەلا کەریم) ە ـ لام
وا ـیە ئەویش پێی خۆشی دەبێ، چونکە
ئەوانەی ئامادەم کردون، گشت ـیان سەر بە
کوردۆلۆژ ـی بە هەمو ڕیشە و تەن و لقو و
پۆپنکەوە، ئەمە لە پێش دوعا خوازیمدا بێ ـیانە
ئەگەن، ئەم گەنجینە یە لە دەست ئەوەی
کورد دەچێ.

پێتر دوعای سەرکەوتن ی هەمو
لایەک ـتان دەکەم.

حاقنان

ت.

بـە پەکەکـە بووایـە کـەس گوێـی لـێ نەدەگرتیـن، وتی وایـە.

هەتـا شـتەکی تـازە بـۆ تـۆ دەدرکێنـم، برایـم ئەحمەدیـش یارمەتیـدام لـە پێداچوونـەوەی بەنـدە قانوونییـەکان، هەنـدێ شـت هەبـوو، لـە وەختـی دەنگـدان لەنـاو خۆمانـدا، پێـش دەنگدانی گشـتی، مـن دژی ئەوەبـووم بخرێتـە نـاوی. سـەیرم کـرد ئیبراهیـم ئەحمـەد لەگـەڵ ئەوەدایـە، گوتـم مامۆسـتا ئیبراهیـم یەکـێ کـە پەکەکـە نەبێـت تەئیـدی ئـەو قسـەیە نـاکات، وتی جـا تـۆ چـوزانی مـن پەکەکـە نیـم! ئـەو لەگـەڵ ئـەوەدا بـوو ئۆجـەلان ببێتـە سـەرۆکی فەخـری.

**دۆکیومێنـت: دکتـۆر بێگومـان ئێوەمانـان ئاگاتـان لـە هەنـدێ شـت هەیـە و خەڵـکی ئاسـایی ئاگایـی لـێ نییـە، مەسـەلەن ئەمەریـکی و ئینگلیـز و ئەوروپییـەکان، ئەگـەر بیانـەوێ شـتەك بـۆ کـورد بکـەن، خـۆ دەبـێ پـرس و ڕا بـە دووانی وەك ئێـوەی شـارەزا بکـەن، بۆیـە ئێوەمانـان کـەم و زۆر ئـاگاداری هەنـدێ شـت هـەن کـە خەڵـکی لێـی بـێ ئاگایـە، جـا دەمـەوێ بپرسـم، لـە سـەد ساڵی ئایینـدەدا، کێشـەی کـورد بـەرەو چ قۆناغێـك و کام ئاڕاسـتە دەڕوات؟!**

**دکتـۆر نـووری:** وەڵام دانـەوەی ئـەو پرسـە ئاسـان نییـە، هەمـووی بۆچـوون و تەخمینـە، بـەڵام مەسـەلەی کـورد پـاش ئـەو بڕیـارەی ئۆجـەلان زۆر چووەتـە پێشـەوە، ئیشـێکی زۆر عاقڵانـەی کـرد، بـەو جـۆرە نەبێـت مەسـەلەی کـورد ناچێتـە پێشـەوە. ڕاسـتە ئەردۆغـان و حزبەکـەی و حکومـەتی تورکیـا لەگـەڵ بـەشی زۆری حزبـەکانی دیکـە هەتـا بڵێـی دوژمنـی کـوردن، خـوا ڕەحمـی کـردووە، ئێسـتا دۆخـی ناوەخـۆی تورکیـا هەتـا بڵێـی خراپـە، حـزبی جەهەپـە کـە حزبەکـەی مسـتەفا کەمالـە، ئێسـتا هەڵوێسـتی بەرامبـەر کێشـەی کـورد زۆر لـە حزبەکـەی ئەردۆغـان باشـترە، هـەر چەنـدە خـۆی وا پیشـان نـادات!

دۆخـی کـوردی سـوریاش، ئەوروپـا و ئەمەریـکا لـە تـرسی داعـش، کارەکـە بـە جۆرێـك هاتووەتـە پێشـەوە، نـەوەك لەبـەر ئـەوەی دۆسـتی کـوردن، لەبـەر ئـەوەی تـرسی ئەوەیـان هەیـە ئـەو داعشـانەی لـە لایـەن کـوردەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە، بـەڕەڵا نەکرێـن، بۆیـە پشـتگیریی لـە مەسـەلەی کـورد دەکـەن لـە سـوریا.

# کار و شێوازی خەتی گشتی لەناو (ی.ن.ک) دا

ڕەهبەری سەید براهیم



لەڕاستەوە: کەمال خۆشناو، هۆمەر شێخ مووس، مام جەلال،
د. فوئاد مەعسوم، عادل موراد

**لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) لەسەر زەوی کەتوار (الارض الواقع) کۆمەڵە و بزوتنەوە هەبوو، ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک) هیچ کامێکیان سەر بە بزوتنەوە و کۆمەڵە نەبوون، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی مام جەلال و لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە برادۆست ساڵی ١٩٧٧، کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) پێکهات بە سیستەمی وەك یەك لە نێوان کۆمەڵە و بزوتنەوەدا؟ لەو کۆبوونەوەیە خەتی گشتی هاتە کایەوە پشکی داندرا لە کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک).**

(حسێن بابەشێخ-فەرماندەی هەرێمی بادینان) و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک) بە نوێنەری خەتی گشتی لە قەڵەم دران، جگە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین بەداوای خودی مام جەلال و بەشێك لە سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە خەتی گشتییەوە

**مام جەلال دەڵێت: (ی.ن.ك) بوو بە سێ باڵی سەرەکی، باڵێکیان کۆمەڵە بوو، باڵێکیان بزووتنەوەی سۆشیالیست بوو، باڵەکەی تریشیان ئەو کەسانە بوون کە نە بزووتنەوە و نە کۆمەڵە بوون، ناومان لێنابوون (خەتی گشتی).**

خۆی گواستەوە بۆ کۆمەڵە، لەسەر پشکی کۆمەڵە بووە فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێر خۆشی هەر سەرکردایەتی بوو!!

لەو بارەیەوە مام جەلال دەڵێت: (ی.ن.ك) بوو بە سێ باڵی سەرەکی، باڵێکیان کۆمەڵە بوو، باڵێکیان بزووتنەوەی سۆشیالیست بوو، باڵەکەی تریشیان ئەو کەسانە بوون کە نە بزووتنەوە و نە کۆمەڵە بوون، ناومان لێنابوون (خەتی گشتی)، هەر کەسێك بەرنامەی (ی.ن.ك) قبوڵ بکات ئەوا دەبێتە ئەندامی یەکێتی.

دەرکەوتنی هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەم، هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی تەگەرەی ڕاستەقینە بووەوە، هێڵی گشتی بەپێچەوانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزووتنەوەی سۆشیالیستەوە هیچ تەونێکی ڕێکخراوەیی لەناو وڵاتدا نەبوو و هەروەها هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو و



جیهانبینییەکـی ڕوون و ڕۆشـنی نەبـوو، هەرچەنـد هەمـوو ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێتیـی نیشـتیمانی بـە کـردەوە لـە ژێـر چەتـری هێڵـی گشـتیدا کۆبوونـەوە.

خەتـی گشـتی نوێنـەری نەبـوو لـە (م.س) تەنهـا لـە کۆمیتـەی سـەرکردایەتی پشـکی هەبـوو، تـا ئەوکاتـی ئـەوەی کۆمەڵـە و بزوتنـەوە نەبـا بـە (خەتـی گشـتی) دادەنـدرا!

(هێڵـی گشـتی لـە کەسـانی دیـار و کوردپـەروەر و شۆڕشـگێڕ پێکهاتبـوون، کـە سـەرکردەکانی ئـەم هێڵـە بریتیبـوون: شـەهیدی سـەرکردە حسـێن بابەشـێخ ئێزیـدی و سـەرکردەکانی دیکـەی: د.فوئـاد مەعسـووم و د.کەمـال فوئـاد و عومـەر شـێخمووس و عـادل مـوراد).

لـە ڕاسـتیدا دەسـتەی دامەزرێنـەر هەموویـان بـە نـاوی خەتـی گشـتی بـوون، هەتـا نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین-یـش، جگـە لـەوەش د.خـدر مەعسـووم هەورامـی ڕۆڵێکـی گـەورە و هـەر سـەرکردایەتی بـوو، لـە پشـتی خەتـی گشـتی، هێڵـی گشـتی باڵێکـی نـاو (ی.ن.ك) ئـەم باڵـە لـەو تێکۆشـەرانە بـوون، کـە نـە سـەربە کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان و نـە سـەربە بزووتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان بـوون، ئەو باڵـە لـە کەسـانی سـەربەخۆ بـوون، باوەڕیـان بـە بەرنامـەی (ی.ن.ك)بـوو، ئەندامـی ڕاسـتەوخۆی (ی.ن.ك)بـوون.

**لە ڕاستیدا دەستەی دامەزرێنەر هەموویان بە ناوی خەتی گشتی بوون، هەتا نەوشیروان مستەفا ئەمین-یش، جگەلەوەش د.خدر مەعسووم هەورامی ڕۆڵێکی گەورە و هەر سەرکردایەتی بوو، لە پشتی خەتی گشتی، هێڵی گشتی باڵێکی ناو (ی.ن.ك) ئەم باڵە لەو تێکۆشەرانە بوون،**

هێڵـی گشـتی لـە سـەرەتای دامەزراندنیـدا تەنهـا لەنـاو دەسـتەی دامەزرێنـەر و سـەرکردایەتی بوونیـان هەبـوو، لـە سـاڵی ١٩٧٧ بـەدواوە ڕێکخسـتنەکانی خەتـی گشـتی بـۆ ئاسـتەکانی خـوارەوە شـۆڕبووەوە و دەیـان کادری پێشـکەوتووی سیاسـی و فەرمانـدەی سـەربازییان هەبـوو، مام جـەلال جگـە لـەوەی سـکرتێری گشـتی (ی.ن.ك)بـوو ڕێبـەری

هێڵی گشتیش بوو، ئەم هەڤاڵە سەرکردانەش لە ڕووی ڕێکخراوەیەوە سەربە هێڵی گشتی بوون، (د.کەمال فوئاد، د.فوئاد مەعسووم، عومەر شێخمووس، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی، د.کەمال خۆشناو).

بۆیە مام جەلال لە نامەیەکی لە ڕۆژمێژووی ١٩٧٦/٦/٣٠ لە شام بۆ (د.محەمەد سابیر)ی نووسیوە کە خەتی گشتی بە کوردپەروەرە پێشکەوتووەکان ناودەبات.

مەلا بەختیار دەڵێت: (خەتی گشتی، خەت نەبوو، تا کێشە و ململانێمان هەبێت، فکرییان نەبوو، سیاسەتیان نەبوو، کاریگەرییان نەبوو، بڕیاریان نەبوو).

هەنگاونانی ڕاستەقینە بۆ چەسپاندنی چەمکی هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك کۆبوونەوەکانی ماوەی نێوان ٣١ی ئاب و ١٢ی ئەیلول کە لە ناوچەی برادۆست بەستران، یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی و یەکەم مەکتەبی سیاسییان تێدا پێك هێنرا، لە پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتییدا کار بە سیستمی سێ باڵ کرا، لە شێوەی پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بەڕوونی دان بەوەدا نرا کە هێڵی گشتی باڵی سێیەم پێك دێنێ، کورسییەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە یەکسانی بەسەر هەر سێ باڵدا دابەش کران.

لە کۆبوونەوەکانی برادۆستدا کۆمیتەی سەرکردایەتی بە سکرتێری گشتییەوە لە ١٩ ئەندام پێکهات و هەر یەکێ لە سێ باڵەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزووتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی شەش نوێنەریان لە کۆمیتەکەدا بەرکەوت، لەم پێکهاتەیەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا، نوێنەرانی هێڵی گشتی هەر یەك لە دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل مراد، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا، عومەر شێخموس، دکتۆر کەمال فوئاد و حسێن بابە شێخ بوون، بەڵام لە مەکتەبی سیاسیدا هێڵی گشتی هیچ نوێنەرێکی بۆ دیاری نەکرا، چونکە هەر شەش نوێنەرەکەی هێڵی گشتی لە دەرەوەی وڵات بوون.

لە سەروبەندی کۆبونەوەکاندا، نەوشیروان مستەفا ئەمین کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە هێڵی گشتییەوە گواستییەوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بووە یەکێ لە نوێنەرەکانی کۆمەڵە.

لە دووەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە گوندی نۆکان لە مانگی نیسانی ١٩٧٨، هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر لێپرسراوەتییەکانی نوێنەرانی هێڵی گشتیدا نەهات.



**مولازم عومەر، د. کەمال خۆشناو، شێخ حوسێن بابە شێخ**

سـاڵی ١٩٧٩ باڵـی هێڵـی گشـتی لـە سـۆنگەی دوو هـۆوە ڕۆڵێکـی ئەکتیڤـتری لەنـاو یەکێتیـدا گێـڕا. هـۆی یەکـەم دەگەڕێتــەوە بــۆ هاتنــەوەی ژمارەیەکــی زۆری ســەرکردە و کادیرەکانـی هێڵـی گشـتی لـە ئەوروپـاوە بـۆ کوردسـتان، لـە ڕێـگای تورکیـاوە پێـش ڕووخانـی ڕژێمـی شـای ئێـران و لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی شـا. هـۆی دووەم پەیوەنــدی بــە جیابوونــەوەی بزووتنــەوەی سۆشیالیســتی کوردستانەوە هەیـە کە بـووە مایەی دروسـتبوونی بۆشـاییەکی گـەورە لەنـاو کۆمیتـەی سـەرکردایەتیدا، لـە سـۆنگەی ئـەم دوو هۆیــەوە، لــە ســاڵی ١٩٧٩ بــەدواوە نوێنەرانــی هێڵــی گشـتی لەنـاو کۆمیتـەی سـەرکردایەتی پێگەیەکـی باشـتریان چنـگ کـەوت و لـە پێکهاتـەی مەکتەبـی سیاسـیش نوێنەریـان پەیـدا کـرد.

ئەگەرچـی هێڵـی گشـتی وەك باڵێکـی جیـاواز مامەڵـەی لەگەڵـدا کـراوە و نوێنەریشـی لـە کۆمیتـەی سـەرکردایەتی

**نەوشیروان مستەفا ئەمین کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە هێڵی گشتییەوە گواستییەوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بووە یەکێ لە نوێنەرەکانی کۆمەڵە.**



**لەڕاستەوە: هۆمەر شێخ مووس، د. کەمال فوئاد**

**هێڵی گشتی بە کردەوە هیچ ئۆرگانێکی سەرکردایەتیی جێگیر و دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ڕاگەیاندنی نەبوو، هەروەك هیچ بڵاوکراوەیەکی خولەکی نەبوو کە گوازرشت لە تێڕوانین و بۆچونەکانی بکات.**

و هەروەها لە مەکتەبی سیاسیدا هەبووە، بەڵام هێڵی گشتی بە کردەوە هیچ ئۆرگانێکی سەرکردایەتیی جێگیر و دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ڕاگەیاندنی نەبوو، هەروەك هیچ بڵاوکراوەیەکی خولەکی نەبوو کە گوازرشت لە تێڕوانین و بۆچونەکانی بکات. ئەندامانی هێڵی گشتی بە بەراورد لەگەڵ ئەندامانی دوو باڵەکەی تر، لیبراڵتر بوون و جیهانبینییەکی دیاریکراو و ڕۆشن کۆی نەدەکردنەوە. کوردایەتی بە مانا کلاسیکییەکەی بیری زاڵی ناو سیستمی بیروباوەڕی هێڵی گشتی پێکدێنێ کە تێیدا ئەندامەکان هیچ کۆت و بەندێکی ئایدۆلۆژییان لەسەر نەبووە.

ساڵی ١٩٨٢ لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەم سەری دەرهێنا. لە ڕەوتی مشتوماڵکردنی بیرۆکەکەدا، مەسەلەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی

تـازەدا یـەك بخرێـن. لـە مانگـی ئـاب بـەدواوە زنجیرەیـەك کۆبوونـەوە لەنێـوان نوێنەرانـی هـەردوو بـاڵ و بـۆ یەکرگرتنـەوە و پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـی نـوێ بەڕێوەچـوو. لـە ئەیلولـدا هـەردوو بـاڵ لەسـەر هەمـوو پێداویسـتییەکانی یەکگرتنـەوە ڕێککەوتـن و لـە ١١ی ئەیلولـدا دامەزراندنـی یەکێتیـی شۆڕشـگێرانی کوردسـتانیان ڕاگەیانـدن. لێـرە بـەدواوە یەکێتیـی نیشـتمانیی لەسـەر بنەمـای ڕێکخرانێکـی نیمچـە بەرەیـی خاوەنـی دوو بـاڵ کاروبـاری ناوخۆیـی خـۆی ڕێکخسـت و ئـەم ڕەوشـە تـا سـاڵی ١٩٨٩ بـەم شـێوەیە مایـەوە.

چونکـە خەتـی گشـتی بـۆ هاوسـەنگی ڕاگرتنـی بڕیـارەکان بـوو، ڕێکخراوێکـی تۆکمـە و سیاسـی نەبـوو، بەیاننامـەی دامەزراندنـی نەبـوو، تێڕوانینێکـی ڕوون و ڕۆشـنی نەبـوو، پەیـڕەو و پرۆگرامـی گشـتی (ی.ن.ك)یـان کردبـووە نەخشـە ڕێـگا، دامـودەزگا و ئۆرگانـی نەبـوو، ڕاگەیانـدن و بڵاوکـراوە و پەیامێکـی نەبـوو، بـە گەمـە و گاڵتـە و پـەلار بـە خەتـی گشـتییان دەگـووت (خەتـی پـان). تەنانـەت قسـەی ناشرینیشـان پـێ دەگـوت (ق.پـان)!

هێڵـی گشـتی بـە (خەتـی پان)نـاسراوە، مـەودای نێـوان کۆمەڵـە و بزووتنـەوە بـوو، ئـەو پانتاییـە بـوو، کـە کەسـانی کۆنـە جەلالـی لەخـۆ دەگـرت و ڕاسـتەوخۆ لای جـەلال تاڵەبانییـەوە سەرپەرشـتی دەکـرا.

لـە ڕاسـتیدا د.فوئـاد مەعسـووم و د.خـدر مەعسـووم هەورامـی و عەبدولکەریـم حاجـی و شـێخ محەمـەدی سـەرگەڵوو، نـەك هـەر جەلالـی نەبـوون، بەڵکـو مەلایـی بـوون، تەنانـەت لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بـوون، تـا هـەرەس د.فوئـاد مەعسـووم نوێنـەری مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـوو لـە شۆڕشـی ئەیلـول.

### گروپێك هەبوون بۆ خۆشی بەخۆیان دەگوت (خەتی چوار)

مـام جـەلال و بەشـێك لـە سـەرکردایەتی (خەتـی گشـتی) بەتایبەتـی د.خـدر مـەلا مەعسـووم ڕێکخسـتن و ئەنـدام و لایەنگریـان هەبـوو بەنهێنـی لـە شـارەکان، کەسـایەتی تێکۆشـەر و دێرینـەکان و کۆنـە جەلالییـەکان ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە مـام جـەلال-ەوە هەبـوو! هەشـبوو نەیدەویسـت کۆمەڵـە و بزوتنـەوە بـێ، لەبـەر خاتـری مـام جـەلال لەگـەڵ ئـەو ڕەوتـە بـوو!

خەتـی گشـتی باڵێکـی نـاو یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو، مـام جـەلال سـکرتێری گشـتی (ی.ن.ك) بـۆ هاوسـەنگ و تـەرازوو، بـۆ بڕیـاردان لـە کۆمیتـەی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك)









**بەڵگەنامە ژمارە (١)**

**نامەی مام جەلال بۆ باڵیۆز د.محەمەد سابیر- ساڵی ١٩٧٧**







**بەڵگەنامەی ژمارە (٢)**

**دەستنووسی د.خدر مەعسووم هەورامی،**

**دەربارەی کۆبوونەوەی فراوانی هێڵی گشتی، ساڵی ١٩٨٢**

دانرابـوو کـە بـەلای مـام جەلالـدا بیشـکێنەوە، باڵـی خەتـی گشـتی، ئـەو باڵـە بیدعەیـەك بـوو لـە مارکسـیەت، چونکـە بنچینـەی چینایەتـی و یاسـایی دیالێکتێکـی نەبـوو، بـەڵام توانـرا لـەو باڵـە کۆمەڵـە خەڵکێکـی بیروبـاوەڕ جیـا و ئینتـمای جیـا لـە ئاغـەی نیشـتمانپەروەر و ئاینـی و نامارکسـی جێیـان بێتـەوە، بـەو شـێوەیە یەکێتـی بـووە ئـەو (تەیرە)جوانـە (وەك سـکرتێری یەکێتـی وەسـفی دەکـر) بـە دوو باڵەکـەی دەفـڕی و لەشـە گەورەکـەش خەتـی گشـتییە و قاوغەکـی شـمولیانەی وا داڕێژرابـوو بیانـوو و بـواری هیـچ لـە حـزب و تەیارێکـی تـری فکـری و سیاسـی نەمێنـێ لـە دەرەوەی ئـەو قاوغـە.

تـا جیابوونـەوەی بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان (ڕەسـول مەمەنـد) و کۆمیتـەی ئامادەکردنـی (پ.د.ك) (د.مەحمـود عوسـمان).

خەتـی گشـتی نوێنـەری لـە (م.س)دا نەبـوو بـۆ ئـەو بۆشـاییە سیاسـییە و هاوسـەنگی بڕیـارەکان خەتـی گشـتی پشـکی دانـرا لـە (م.س)ی (ی.ن.ك) لـە سـاڵی ١٩٧٩، (د.کەمـال خۆشـناو) و (جان-هۆمـەر شـێخ مـووس) ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی دانرابـوون وەك نوێنـەری خەتـی گشـتی لـە (م.س)ی (ی.ن.ك)!

دوایـی د.کەمـال خۆشـناو لـە کۆنفرانسـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان لـە مالیمـۆس بـە سـەرکردایەتی کۆمەڵـە هەڵبژێـردرا لـە خەتـی گشـتییەوە بـۆ سـەرکردایەتی کۆمەڵـە.

خەتـی گشـتی هەتـا کۆبونـەوەی سـەرکردایەتی نـاو وڵات و گەڕانـەوەی مـام جـەلال و نەوشـیروان مانگەکانـی (٦و٧)ی١٩٧٧، لـە دۆڵـی گۆستێ-برادۆسـت، باسـێك لـە هێڵـی گشـتی لـە ئـارادا نەبـوو. مـام جـەلال لـە گەرمـەی ناکۆکییەکانـی کۆمەڵـە و بزوتنـەوە، نـاوی هێڵـی گشـتی هێنایـە ئـاراوە. کـە هێشـتا ئـەو هێڵـە یـەك کۆبوونەوەیـان نەکردبـوو؛ بەیاننامەیـان دەرنەکردبـوو؛ کەچـی بـە ئەنـدازەی کۆمەڵـە و بزوتنـەوە، نوێنەریـان خرانـە مەکتەبـی سیاسـی و سـەرکردایەتی و ئۆرگانەکانـی تـازە دامـەزراوی نـاو وڵات.

خەتـی گشـتی بـەو کەسـانە دەوتـرا کـە هـەر یەکێتـی بـوون، نـە کۆمەڵـە و نـە بزووتنەوەش بـوون، دەنـا لـە ڕاسـتیدا، ڕێکخسـتنێك نەبـوو بـە ناوی خەتـی گشـتییەوە، خەتی گشـتی ڕێکخراو نەبـوون، بـەڵام لـە مەسـەلەی نوێنەرایەتـی، لـە دەزگا سـەرکردایەتییەکاندا، حسـابی باڵێکیـان بـۆ دەرکـرا و بەقـەد هـەر یـەك لـە کۆمەڵـە و لـە بزووتنـەوەش، نوێنەرایەتیـان لەسـەرکردایەتی و مەکتەبـی سیاسـیدا هەبوو.

ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەر هەمـووی خەتـی گشـتی بـوون، گەرچـی مـام جـەلال

بەنهێنـی و شـاراوەیی سـکرتێری کۆمەڵـە بـوو، بـەڵام سـەرۆکایەتی (ی.ن.ك)دەکـرد، خـۆی دەرنەدەخسـت بـە کۆمەڵـە بەڵکـو ڕێبەرایەتـی خەتـی گشـتی دەکـرد، (ئەگـەر چـی هـەر حـەوت ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەری (ی.ن.ك)لـە سـاڵی ١٩٧٥ سـەر بـە هێڵـی گشـتی بـوون، بـەڵام پەیدابوونـی ئـەم دەسـتەواژەیە لـە قۆناغـی دامەزراندنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا بـاو نەبـوو، پەیدابوونـی دەسـتەواژەکە زۆرتـر پەیوەنـدی بـەو گۆڕانکارییانـەوە هەیـە کـە دواتـر بەسـەر پێکهاتـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا هـات).

تـا لـە ١٩٨٢/٩/١١ خەتـی گشـتی و بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان ئـەو باڵـەی لەنـاو (ی.ن.ك)مابوونـەوە، تێکـەڵ کـران و یەکێتیـی شۆڕشـگێرانی کوردسـتانی لـێ پێکهێنـدرا!!

بەیاننامـەی دامەزراندنـی (ی.ش.ك)مـام جـەلال نووسـیبووی و بڵاوکرایـەوە!! بـە فەرمـی (ی.ن.ك) بـووە دوو بـاڵ، بـەڵام بەشـێك لـە تێکۆشـەرانی نـاو (ی.ن.ك)هـەر بـە خەتـی گشـتی مانـەوە، نەبوونـە کۆمەڵـە و شۆڕشـگێران، هـەروەك: (سـەید مەجیـد، سـەید حسـێن، سـەید مورسـل) نـاسراو بـە خاڵـە سـەید مەجیـد، سـەرەتا لەگـەڵ شۆڕشـگێڕان بـوو پاشـان کشـایەوە، (ڕەفعەتـی مـەلا) ئەویـش سـەرەتا لەگـەڵ شۆڕشـگێڕان بـوو و کشـایەوە، (مامۆسـتا عەزیـز حەسـەن و شـێرکۆ بێکـەس و مەجیـد میرخـان و مەجیـدی سـمایلە خـڕە و حاکـم فەرهـاد) و (ئەحمـەد کوردە-ئەحمـەد سـمێڵ ١٩٢٨ سلێمانی-١٩٩١) و (قادراغـای مەمەنداغـای نورەدیـن و شێخ سـەدرەدینی سـەندۆلان و حەسـۆ قالەداود و محمـود بەنزیـن و شـێردڵ حەوێـزی و هیـوا سـەرهەنگ و حسـێن سـنجاری و فـاروق جەمیـل و ....هتـد) هـەروەك خەتـی گشـتی بـوون، بەتایبەتـی (عەبدوڵـڵا حەبیـب). تەنانـەت بـۆ خۆشـی بـەو خەتەیـان دەگـوت (حەبیبـی)، یـان پێیـان دەگووتـن (شـۆڕمەڵە) کـەوا لـە پێکهاتـەی (شـۆر-گێران)و (کۆ-مەڵە)پێکهاتبـوون و جیاوازیـان نەدەکـرد لـە نێـوان ململانێـی کۆمەڵـە و شـۆڕگێڕان!! بەڕاسـتیش لـە ململانێـی کۆمەڵـە و شۆڕشـگێران دوور بـوون!! هەقیـان لەسـەر ئـەو ململانـێ بـێ مەعنایـەی ئـەو دوو باڵـەی نـاو (ی.ن.ك)نەبـوو! شـۆڕمەڵە ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە کۆمەڵـە و شۆڕشـگێڕان نەبـوون.

ئـەو حەبیبـی و خەتـی گشـتییانە پەیوەسـت و پشـتیوانی مـام جـەلال بـوون، دەنـا سـەرکردایەتی و ئـۆرگان و پشـکی دیاریکراویـان نەبـوو لەنـاو (ی.ن.ك) پێکەوە نەبەسترابوونەوە و کۆبونەوەشـیان نەبـوو، بـەس دیدەنـی مـام جەلالیـان دەکـرد و پەیـڕەوی خەتـی مـام بـوون.

مسـتەفا چـاوڕەش کـە لـە کۆنگـرەی یەکەمـی (ی.ن.ك) هەڵبژێـردرا بـە سـەرکردایەتی، کـە کۆمەڵـە بـوو، لـە یادەوەرییەکانیـدا دەڵێـت: (لـە کۆنگـرەی یـەک ئـەم تێکەڵکردنەوەیـە جێبەجـێ بـوو، هەموومـان دەسـتمان بـۆ بـەرز کـردەوە، کەسـیش دژی نەبـوو. ئەوەنـدەی مـن

بزانم، بە هەموو کاکەکانەوە فاتحە بۆ باڵباڵێن خوێندرا و ئیتر سێ باڵ نەما. لەو کاتەدا کەسێک نەبوو بڵێ فڵان شت ڕاست نییە، چونکی قسەیەکی وانەکرا کە دیار بێ و دژی هەبێ).

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان


١. جەمال لۆلۆ: (چرای ڕێی خەبات، بەشێك لە نامە و دیکۆمێنتی د.محەمەد سابیر لە شۆڕشی نوێدا)، (سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٢)، ل١٣-١٩.

٢. خەلیل عەبدوڵڵا و شیلان ئەحمەد: (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، (مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، (هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١١)، ل١٠١-١٠٢.

٣. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦)، (سلێمانی، چاپخانەی تەما، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢)، ل١٠٣

٤. شیلانی حاجی شەریف: (ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور)، (کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٢١) ل١٠٠.

٥. فەرید ئەسەسەرد: (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)، (سلێمانی: بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی.ن.ك، چاپی چوارەم، بەرگی سێیەم، ٢٠٢١)، ل٢٣٧٩-٢٣٨١..

٦. مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: (سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، (سلێمانی، چاپی چوارەم، ٢٠١٤)، ل٤٨.

٧. مەسعود عبدالخالق: (ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان)، (هەولێر: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم، ٢٠١٤)، ل١٢١.

٨. هەڤاڵ کوێستانی: (ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو)، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٧)، ل١١٨.

٩. ئەنوەر حسێن (بازگر) و ژیلوان هەڵەدنی: (دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ مەلا بەختیار)، (سلێمانی، بڵاوکراوەی چاودێر، ٢٠٢٤)، ل١٢٥.


### سەرچاوەی ئەلکترۆنی


١. مەلا بەختیار: (لە یادی ٥٣ ساڵەی کۆمەڵە، کۆمەڵە چۆن هەڵدێرا؟(هەڵەکان لە چونە ناو یەکێتی) دا، وتاری بڵاوکراوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، بەرواری سەردانیکردن: ٢٠٢٣/٦/١٤
https://www.facebook.com/Mala.Bakhtiar/posts/pfbid02W9QrKAkiGHAZmG9eKTzjefhS-jbqSZmK1fZE3e43mhKDWSHbKPzt4jWuMDy8yfr2Ul

٢. مستەفا چاوڕەش، یادەوەرییەکان، لە ئینسکلۆپیدیا وەرگیراوە لە ڕۆژمێژووی ٢٠٢٥/٦/١٨
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20181121211138163041&lng=8

# بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە ڕۆژنامەی هاوکاری

د. ئەحمەد حەمەدئەمین


هـــــاوكاری
التضامـــن
جريدة اسبوعية عامة تصدر عن دار الطباعة
والنشر الكردية في المؤسسة العامة للصحافة والطباعة

الرقم / ٦٠
التاريخ / ٦٢ / ١ / ١٩٧٠

أمـــــر اداري

تنظيما لعمل منتسبي جريدتنا ، ومنعا للتداخل في الاختصاصات والاعمال ، قررنا تنظيم اعمال العاملين كافة وفق ما مدون ادنـــــــاه راجين التقيد بها والعمـــــل بموجبهـــــــــا .

| الاســـــــم | العمـــل |
| --- | --- |
| ١) السيد صلاح عقراوي | مديراً للادارة |
| ٢) - جلال كريـــم | تحرير صفحة الادب والترجمة |
| ٣) - محمود زامدار | تحرير صفحة الفن والترجمة |
| ٤) - عبدالله عبـــاس | تحرير التحقيقات والترجمة والتصحيح |
| ٥) - حميد عزيـــز | محرر ومنفذ |
| ٦) - علي النقشبنـــدي | تحرير صفحة "همه مره نك" |
| ٧) - نوري حيران | تحرير صفحة "منوعات" صحافة الاسبوع |
| ٨) - صلاح الدين احمد خورشيد | محرر ومشرف على التنفيذ |
| ٩) - ممتاز الحيـــدري | مراسل الجريدة (متجول) |
| ١٠) - فاضل محمود | محرر - مترجم |
| ١١) - ابراهيم حاجبون | محرر |
| ١٢) - انور محمود | مصحح |
| ١٣) - حميد الطالباني | مصحح |
| ١٤) - عبد الرحمن علي | مصحح |
| ١٥) - زهير النعيمي | مشرفاً على التصميم |
| ١٦) - محمد عثمان زاده | خطاط |

المشـــــــرف
سربست عمر البارزانـــي

نسخة منه الى /
المؤسسة العامة للصحافة والطباعة / للعلم رجاء
الذاتية
الاضبارات الشخصية للمحررين كافة
السادة المحررين كافة / للعمل بموجبه

سعاد / ١٧

**ساڵی ١٩٦٨ دوای ئەوەی بەعسییەکان لە عێراق دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، بەهۆی ئەو بارودۆخەی تێیدا بوون، کەوتنە بیرکردنەوە لە چارەسەکردنی دۆزی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش دوای نزیکبوونەوەیان لە هێزە کوردییەکان وەک پێشاندانی نیاز پاکی خۆیان، بڕیاری ژمارە (٤٨٤)یان لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دەرکرد و دانیان بە مافی ڕۆشنبیری گەلی کورد نا.**

ئیدی لەدوای ئەو بڕیارە و دەرچوونی گۆڤاری بەیان لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩، بە مەبەستی لەدایکبوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی داوای کۆبوونەوەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی کورد دەکرێت. ئەنجام هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ و ڕۆژنامەی هاوکاری لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ یەکەمین ژمارەی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

بەپێی یەکێک لە نووسراوەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٦٠) لە ٢٧ی

کانوونـی دووەمـی ١٩٧١ ئـەو کاتـە ڕۆژنامەکـە وەك ڕۆژنامەیەکـی هەفتانـە لـە خانـە چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کـوردی لـە دەزگای گشـتی بـۆ ڕۆژنامەوانـی و چـاپ دەرچـووە. ناوەرۆکـی نووسراوەکـە فەرمانێکـی کارگێڕییـە سەربەسـت عومەر بامەڕنی وەك سەرپەشـتیار واژۆی لەسـەر کـردووە. لـە ناوەرۆکەکەیـدا هاتـووە «بـۆ ڕێکخسـتنی ئەندامانـی ڕۆژنامەکەمـان و ڕێگریکـردن لـە دەسـتوەردان لـە پسـپۆڕی و کارکـردن، بڕیارمانـداوە کارەکانـی سـەرجەم کارمەنـدان بەپێـی ئـەوەی لـە خـوارەوە ئامـاژەی پێکـراوە ڕێکبخرێـن، بەهیـوای جێبەجێکـردن و کارپێکردنـی».

له نووسراوەکه هەریەك له کارمەندەکان و ئەرکەکانیان بەم شێوەی خوارەوە ڕێکخراوە:

سەڵاح ئاکرەیی، بەڕێوەبەری کارگێڕی.

جـەلال کەریـم (مەبەسـتی جەلالـی میـرزا کەریـم - ئەحمـەد)، بەپرسـی لاپـەڕەی ئـەدەب و وەرگێـڕان.

مەحموود زامدار، بەرپرسی لاپەڕەی هونەر و وەرگێڕان.

عەبدوڵڵا عەباس، بەرپرسی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕأن و هەڵەبڕی.

حەمید عەزیز، نووسەر و جێبەجێکار.

عەلی نەقشبەندی، بەرپرسی لاپەڕەی هەمەڕەنگ.

نووری حەیران، بەرپرسی لاپەڕەی هەمەرەنگ و چاپەمەنی هەفتانە.

سەڵاح ئەحمەد خورشید، بەرپرس و سەرپەشتیاری جێبەجێکار.

مومتاز حەیدەری، پەیامنێری ڕۆژنامە (گەڕۆك).

فازیڵ مەحموود، نووسەر و وەرگێڕ.

ئیبراهیم حاجون، نووسەر.

ئەنوەر مەحموود، هەڵەبڕ.

حەمید تاڵەبانی، هەڵەبڕ.

عەبدولڕەحمان عەلی، هەڵەبڕ.

زوهیر نوعێمی، سەرپەرشتیاری نەخشازی.

محەمەد عوسمان زادە، خۆشنووس.

ئەگەرچـی ئـەو نـووسراوە، ناوەرۆکەکـەی پەیوەسـتە بـە کاری کارگێـڕی نێـو ڕۆژنامەکـە، بـەڵام وەك بەڵگەنامەیەکـی گرنـگ بـۆ مێـژووی ڕۆژنامەنووسـی کـوردی بەگشـتی و ڕۆژنامـەی هـاوکاری بەتایبەتـی دەکرێـت بـە گرنگییـەوە لێـی بڕوانرێـت. بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی بـڵاوی بکەینـەوە.

بەسوپاسەوە لە کتێبخانە و ئەرشیڤی مومتاز حەیدەری وەرگیراوە.

# جەلال تاڵەبانی لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی فەرەنسا

**لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا**



**(بەشی چوارەم)**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١**

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

تەلەگرامی گەیشتوو

(گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات)

(٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣)



عەلی ساڵح ئەلسەعدی



تاهیر یەحیا

قاهیرە، ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣

لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ، سەعات ٨ و ١٦ خولەک بڵاوکراوەتەوە

لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ، سەعات ٨ و ٠٤ گەیشتووە.

ژمارە: ٢٦٨-٢٧٠

هەیکەل لە ئیدیتۆریالی (سەروتاری) هەفتانەی ئەمڕۆی خۆیدا هەڵوێستی وڵاتانی یەکگرتووی عەرەبی سەبارەت بە کێشەی کورد شی دەکاتەوە، بە تایبەتی هێرش دەکاتە سەر بەڕێز عەلی ئەلسەعدی کە گاڵتە بە گەنجیی و بێ ئەزموونیی ئەو دەکات.

ئیدیتۆریالەکە هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات، کە حەقیقەتی نەتەوەیی کورد بوونی هەیە و لەلایەن حوکومەتی عێراقەوە لە بەیاننامەی ٩ی ئازاری ڕابووردوودا دانی پێیدا نراوە. پاشان نووسیاری ئەو ئیدیتۆریالە پشت بە کۆنووسی دانوستانەکانی عێراقی و میسری لە ٢٣ و ٢٤ی شوباتی ڕابووردوو دەبەستێت بۆ خستنەڕووی هەڵوێستی وڵاتانی یەکگرتووی عەرەبی سەبارەت بەم بابەتەوە. لەم کۆنووسانە ئەوە وەدیاردەکەون، کە پێش چاوپێکەوتنی بە گفتوگۆکارە عێراقی و کوردەکان، سەرۆک ناسر پێی ڕاگەیاندوون، کە ئەو هەر چەشنە جیابوونەوەیەکی کوردەکان قەبووڵ ناکات. بەڕێز تاڵەبانی ئەو دڵنیاییانەی پێی داوە کە ئەو داوای کرد بوو، بە تایبەتی تاڵەبانی باسی لەوە کرد بوو،

کە کوردەکان تەنیا بە داخوازیی ئۆتۆنۆمی دەستبەردار دەبن و بزووتنەوەی کورد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو گرووپەدا نییە، کە لە ڕاگەیەندراوێکدا، کە لە سویسرا بڵاو کرایەوە، داوای دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و چۆڵکردنی خاکی کوردەکان دەکات لەلایەن سوپای عێراقەوە.

لە دوابەدوای کۆتایی کۆبوونەوەکە، سەرۆک ناسر سیاسەتێکی گرتەبەر کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: داوای سەربەخۆیی کوردیی ڕەتدەکاتەوە بەڵام هانی هەردوولا دەدا لەسەر ئەوەی کە چارەسەرێکی دانوستانکاریی بۆ کێشەکە بدۆزنەوە بۆ ئاسانکاریی لە گەڕان بەدوای چارەسەریی دۆزینەوەدا.

لە لایەکی دیکەوە قاهیرە داوای لە بەغدا کردووە پرۆژەیەکی لامەرکەزیی ئامادە بکات بۆ بردنەپێشەوەی دانوستانەکان بۆ پێشەوە و لە لایەکی دیکەشەوە هاوکاری سەربازیی پێشکەش بە حوکوومەتی عێراق کردووە بۆ بەهێزکردنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی نەیارەکانی. لەچاوی ئەلئەهرام خەمی قاهیرە لە دووركەوتنەوە لە شەڕی چەکداریی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتی گشتی. بە پلەی یەکەم مەسەلەکە ئەوەیە کە بیانوویەک نەدرێتە دەست یەکێتیی سۆڤیەت بۆ دەستێوەردان لە کاروباری عەرەبی، نە کاردانەوەی دوژمنکارانەیشی لێی بورووژێنرێت لە کاتێکدا کە پشتیوانیکردنی سۆڤیەت بۆ جیهانی عەرەبی پێویستە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەستڕۆیشتوویی ئیسرائیل بەسەر ئەمریکا، کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا تا دێت بەهێزتر دەبێت.

**دۆندۆنە**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

کاروباری دەرەوە

تەلێگرامی گەیشتوو

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(٢٢ ی حوزەیرانی ١٩٦٣)

IR-5-8 Kurdes

تاران، ٢١ی ئاگستۆسی ١٩٦٤، ١٤ لە سەعات ١٤ نێردراوە

لە ٢١ ی ئاگستۆسی ١٩٦٤ لە سەعات ١٧ و ١٦ خولەک گەیشتووە

-تایبەتی-

ژمارە ٥٧٦

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە ٥٧٠ دەکەم.

بریـکاری وەزیـری دەرەوە بـۆ کاروبـاری دەرەوە پێـی ڕاگەیانـدم کـە حوکوومەتەکـەی مەزەنـدەی تێهەڵچوونـەوەی شـەڕ و پێکدادانەکانـی نێـوان سـوپای عێـراق و هێـزە کوردییەکانـی بارزانـی، لـە هـەر ڕۆژێـک بـێ لـە ئێسـتەوە پێشـبینی دەکات.

پێدەچێـت نزیکبوونـەوەی شـەڕ ئاسـانکاریی کردبـێ بـۆ لێـک نزیکبوونـەوەی تاڵەبانـی و بارزانـی. دەسـەڵاتکارانی ئێـران لـەوە ڕازیـن کـە ئەمـەی دووەمیـان (بارزانـی) توانیویەتـی لەژێـر سـەرکردایەتی خۆیـدا تاڕادەیـەک یەکگرتووییەکـی دیاریـکراو بـۆ نـاو پارتـی دیموکراتـی کـورد بگەڕێنێتـەوە.

**گیراودۆن**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣**

باڵیۆزخانەی فەرەنسا

لە عێراق

بەغدا، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

IR-5-8 Kurdes

ژمارە ٩٠

لە پۆل لۆ گۆریک شارژ دەفێری فەڕەنسا لە عێراق

بۆ خاوەنشکۆ بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوە

(ئەفریقا -ڕۆژهەڵات)

لەبارەی کێشەی کوردەوە: دژە پێشنیازەکانی حوکوومەت.

وا هاوپێـچ وەرگێڕانـی ئینگلیزیـی ئـەو کۆنگـرە ڕۆژنامەوانییـەی، کـە لـە ١٠ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ لەلایـەن بەڕێـز عەلـی سـاڵح ئەلسـەعدی، جێگـری سـەرۆکی وەزیـران و وەزیـری ئیرشـادی نیشـتیمانی، لەبـارەی کێشـەی کـورد و بڕیـاری حوکوومـەت بـۆ پچڕاندنـی دانوسـتانە بەردەوامـەکان لەگـەڵ لایەنگرانـی جەنـەڕاڵ بارزانـی بەڕێوەچـوو، بـۆ وەزارەت دەنێـرم.

هەروەهـا پـڕۆژەی حوکوومەتیـش بـۆ لامەرکەزیـی ئیـداری بۆتـان دەنێـرم، کـە پێشـکەش



AFFAIRES ÉTRANGÈRES

AMBASSADE DE FRANCE EN IRAK

EN CLAIR

MEL/

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

ATTRIBUTIONS: 2/ AL AL AL
3/ IP

AFRIQUE LEVANT
ARRIVÉE

Bagdad, le 10 Juillet 1963
Reçu, le 15 " " - 15 H. 33

TELEGRAMME EN CLAIR PAR COURRIER

DIPLOMATIE PARIS N° 429

D'après les informations recueillies par cette Ambassade, les membres de la délégation kurde aux pourparlers de BAGDAD, qui avaient été avisés à la veille de la rupture, le 7 juin dernier, de la décision du Gouvernement de leur permettre de regagner le Nord par avion et de rejoindre Mollah Mustafa BARZANI, ont été en fait incarcérés et soumis aux pires traitements. Comme tant d'autres opposants, certains d'entre eux ont dû apparaître devant la Télévision, où ils ont confessé leurs "crimes".

Cette délégation était composée - en dehors de M. TALABANI qui, on le sait, n'a pas regagné l'Irak - de MM. Salah YOUSSEFI (Parti Démocratique Kurde), BA BEKR (PDK), AGIB (PDK), CHEIKH HUSSEIN (Indépendant), MASOUD (Indépendant).

Son leader, M. YOUSSEFI, se trouverait à l'heure actuelle, dans un état très grave, en traitement dans un hôpital du Nord./.

LE GOURRIEREC



AFFAIRES ÉTRANGÈRES

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DÉCHIFFREMENT

ATTRIBUTIONS : 2 - AL - AL - AL
3 - EU - EU
IP

ARRIVÉE
17 JUIN 1963

MOSCOU LE 15 JUIN 1963
RECU LE - - 18H.00

NO 3170/3172

JE ME REFERE A MON TG NO 3108.

VENANT S'AJOUTER AUX NOMBREUX ARTICLES OU DEPECHES DEJA CONSACRES PAR LA PRESSE SOVIETIQUE DEPUIS LE 10 JUIN AU PROBLEME KURDE ,LES '' IZVESTIA '' DU 14 JUIN VERSE SOUS LA PLUME DE B. KOUDRIAVTSEV UN NOUVEAU DOCUMENT AU DOSSIER .

L'ARTICLE INTITULE :'' L'HISTOIRE SE REPETE'' SOULIGNE SPECIALEMENT QUELQUES ASPECTS DU PROBLEME .

1- LES REPRESSIONS MENEES PAR LE POUVOIR CENTRAL ,TANT EN 1943 QU'EN 1945, ONT CONNU L'ECHEC ET CELA EN DEPIT DE L'AIDE MILITAIRE ANGLAISE RECUE PAR NOURI SAID'' VENDU A L'IMPERIALISME BRITANNIQUE ''.

2- TOUS '' LES PECHES MORTELS DONT SONT AUJOURD'HUI ACCUSES LES KURDES PAR BAGDAD'', SONT EN REALITE LES PROPRES PECHES DES DIRIGEANTS BAASISTES : EFFORT DE DISSOCIATION DES TRIBUS ,TENTATIVE DE JOUER LES CHIITES CONTRE LES SUNNITES ,LIAISON ETROITE AVEC L'IMPERIALISME .'' CET IMPERIALISME ,ECRIT KOUDRIAVTSEV ,QUI SENT LE PETROLE QUI COLLE AUX MAINS DE SES AUXILIAIRES ''.

بە وەفدی کورد کراوە، کە بریتییە لە وەڵامی بەغدا بۆ دوایین یادداشتنامەکەی بەڕێز تاڵەبانی (برووسکەنامەی ژمارە AL/٣٦ -م لە ٧ی ئایاری ١٩٦٣) هاوپێچ دەکەم.

بەدەر لە دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیداریی کوردی لە غیابی ئەو سەربەخۆییەی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای دەکات، ئەوا ئەم بەڵگەنامەیە تەنیا دابەشبوونێکی ئیداریی نوێی وڵات بۆ شەش پارێزگا (محافظە) درووست دەکات، کە سێیان لەوانە دانیشتوانەکانی کوردن و پرەنسیپی لامەرکەزیی تەنانەت بەسەر ئەم دابەشبوونە هەرێمییە نوێیەش جێبەجێ ناکرێت، کە بەهۆی شێوازی دانانی ئۆرگانەکانی (پارێزگار لەلایەن بەغداوە دیاری دەکرێت، ئەنجومەن تەنیا بەشێکی لە ئەندامانی هەڵبژێردراو پێک دێت)، ئەوە جگە لە سنوورداریی توانا و دەسەڵاتەکانی.

جگە لەوەیش، پڕۆژەی یاساکە زمانی کوردی بە تەنیا لە پارێزگای سلێمانی وەک زمانێکی ڕەسمیی ناساندووە، کە خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی تێدا دەخوێندرێ. بەڵام لە ناوچە دراوسێکانی لە کەرکووک و مووسڵ زمانی کوردی ئەم پێگەیە ڕەسمییەی نییە. لەسەر ئەم خاڵە کۆتاییەدا بەتایبەتی، پڕۆژەکەی حوکوومەت بریتییە لە هەنگاوێک بۆ دواوە بەراورد بەو مافانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان بۆ کورد ناسێندرا بوون، ئەو مافانەی کە لەلایەن حوکوومەتی

جەنەڕاڵ قاسمەوە دووپات کرابوونەوە.

ئاشکرایە کە ئەم «دژە پێشنیازانە»ی حوکوومەت، کە بە هیچ شێوەیەک وەڵامی خواستی نوێنەرانی گەلی کورد ناداتەوە، ناکرێ لەلایەن نوێنەرانی مەلا مستەفا بارزانییەوە قەبووڵ بکرێن، کە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە من کۆم کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان ئامادە بوون زۆر دوورتر بڕۆن بۆ ئەوەی مل بنەوێنن. هەموو شتێک ئەوە دەردەخات کە ئەوان لە شێوەی ئۆلتیماتۆمێکدا لە ڕۆژی شەممە ٩ی حوزەیران پێشکەشیان کردوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕەتدەکرێتەوە و ئەم ڕەتکردنەوەیش ڕەوایەتی دەدات، لە چاوی ڕای گشتیدا، ڕەوایی بەو کارە سەربازییە دەدا، کە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر درا بوو.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دوێنێ پێم گەیشتووە، وەفدی کوردی توانیویەتی بەغدا بەجێبهێڵێت. تا ئێستە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی هەردوو ئەندامە کوردەکەی حوکوومەت، جەنەڕاڵ فوئاد عارف، وەزیری دەوڵەت و بەڕێز بابا عەلی، وەزیری کشتوکاڵ بڵاو نەکراوەتەوە.



AMBASSADE DE FRANCE
EN IRAK

n° 90 / A.L.

IR-5-8

BAGDAD, le 12 juin 1963. (Kurdes)

AFRIQUE LEVANT
1? JUIN 1963
ARRIVÉE

Pol LE GOURRIEREC
CHARGE D'AFFAIRES DE FRANCE EN IRAK
à
SON EXCELLENCE MONSIEUR LE MINISTRE
DES AFFAIRES ETRANGERES
- Afrique - Levant -

A/S problème kurde :
contre-propositions gouvernementales.

J'adresse ci-joint au Département la traduction en anglais de la conférence de presse que M. Ali Salih El SAADI, vice-président du Gouvernement et ministre de l'Orientation, a consacrée le 10 juin 1963 au problème kurde et à la décision du Gouvernement de rompre les négociations en cours avec les partisans du Général BARZANI.

J'y joins le projet gouvernemental de décentralisation administrative présenté à la délégation kurde, qui constitue la réponse de Bagdad au dernier mémorandum de M. TALABANI (ma dépêche n° 36/AL du 7 mai 1963).

Loin de consacrer une entité administrative kurde à défaut de l'autonomie réclamée par le Parti Démocratique du Kurdistan, ce document se contente de créer un nouveau découpage administratif du pays en six gouvernorats ("Mufahada") dont trois se partagent les populations kurdes. Le principe de décentralisation n'est même pas appliqué à cette nouvelle circonscription territoriale, qui reste étroitement soumise à la tutelle gouvernementale en raison du mode de désignation de ses organes (le Gouverneur est nommé

... / ...

COMMUNIQUE A :

- Cabinet du Ministre
- Secrétariat Général
- Direction politique
- Londres
- Washington
- Moscou
- Bonn
- Alger
- Ammane
- Beyrouth
- Damas
- Djeddah
- Khartoum
- Le Caire
- Rabat
- Tunis
- Tripoli
- Ankara
- Téhéran
- Tel Aviv
- Aden



- 2 -

par BAGDAD, le Conseil est en partie seulement composé de membres élus), aussi bien que de la limitation de ses compétences et de ses pouvoirs.

En outre, le projet ne reconnaît à la langue kurde la qualité de langue officielle que dans le gouvernorat de Suleimaniyah, où l'enseignement primaire serait donné en kurde. Ce caractère lui est en revanche dénié dans les régions voisines de Kirkouk et Mossoul Sur ce dernier point en particulier, le texte gouvernemental marque un recul par rapport aux droits qui avaient été reconnus aux Kurdes dès la fondation de l'Etat irakien sous les auspices de la Société des Nations, droits qui avaient été confirmés par le gouvernement du général Kassem.

Il est évident que ces "contre-propositions", qui ne répondent en aucun point aux désirs des représentants des populations kurdes, ne pouvaient être acceptées par les représentants de Mollah Mustafa Barzani, qui, d'après les indications que j'ai recueillies, étaient cependant prêts à aller très loin dans la voie des concessions. Tout porte à croire qu'elles n'ont été présentées - sous la forme d'un ultimatum, le samedi 9 juin - que dans la certitude qu'elles seraient repoussées, et que ce refus justifierait, aux yeux de l'opinion, l'action militaire décidée depuis déjà quelque temps par les autorités irakiennes.

D'après les informations qui m'ont été données hier , la délégation kurde a pu quitter Bagdad. Aucune indication n'a encore filtré sur le sort des deux membres kurdes du Gouvernement, le général Fouad AREF, ministre d'Etat, et M. BABA ALI, ministre de l'Agriculture./.

P. Legourrierec

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤**

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

تەلەگرامی گەیشتوو

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(١٧ ی حوزەیرانی ١٩٦٣)

مۆسکۆ، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣

لە ١٥ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ، سەعات ١٨ و ٠٠ خولەک گەیشتووە

ژمارە ٣١٧٢/٣١٧٠

من ئاماژە بە تێلێگرامی ژمارە ٣١٠٨ م دەکەم.

جگە لەو وتارگەل یان نامە زۆر و زەوەندانەی کە لەوەتای ١٠ی حوزەیرانەوە چاپەمەنیی سۆڤیەتی بۆ کێشەی کوردی تەرخان کردوون، ئیزڤێستیای ڕۆژی ١٤ی حوزەیران بەڵگەنامەیەکی نوێی لە مەلەفی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە لەلایەن ب. کودریافتیس (١) نووسراوە.

وتارەکەی بە ناوی «مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە» تیشک دەخاتە سەر هەندێک لەلایەنەکانی کێشەکە و بەڕوورییەکیی تایبەتیش:

١- ئەو داپڵۆسینەوانەی کە دەسەڵاتکارانی ناوەندیی ئەنجامی داون، چ لە ساڵی ١٩٤٣ یا لە ساڵی ١٩٤٥، شکستیان هێناوە، سەرەڕای ئەو هاوکارییە سەربازییەی بەریتانیایی پێشکەش بە نوری سەعید دەکرا، کە خۆی بە ئیمپریالیزمی بەریتانیایی فرۆشتبوو.

٢- هەموو ئەو گوناهی کوشتارانەی کە ئەمڕۆ کورد لەلایەن بەغداوە پێی تۆمەتبار دەکرێن، ڕاستییەکەی گوناهی سەرکردەکانی بەعس خۆیانن: لە هەوڵدان بۆ ناکۆکی درووستکردن لەناو خێڵەکان، هەوڵدانێک بۆ گەمەکردنی شیعەکان دژ بە سوننەکان، پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئیمپریالیزمەوە هەیە. ئەم ئیمپریالیزمە، وەکوو کودریڤتسێڤ دەنووسێت، بۆنی نەوتی لێدێت کە کەوتۆتە بندەستی ئالیکارەکانییەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥**

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

تەلەگرامی گەیشتوو

IR-5-8 Kurdes

بالیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(١٥ ی تەممووزی ١٩٦٣)

بەغدا، ١٠ی تەممووزی ١٩٦٣

لە ١٥ ی تەممووزی ١٩٦٣ ، سەعات ١٥ و ٣٣ گەیشتووە

تەلەگرامی غەیرە شیفرەکراو بە پۆستەی دیپلۆماتی پاریس ژمارە ٤٢٩ نێردراوە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە ئەم باڵیۆزخانەیە کۆی کردۆنەتەوە، ئەندامانی وەفدی کوردی بۆ دانوستانەکانی بەغداد، کە لە سەروبەندی تێکچوونەکەدا، لە ٧ی حوزەیران، لە بڕیاری حوکومەت ئاگەدارکراونەتەوە بۆ ڕێگەپێدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ باکوور بە فڕۆکە و پەیوەندیکردنەویان بە مەلا مستەفا بارزانی، لە ڕاستیدا زیندانیی کراون و بە خراپیی مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون. وەک زۆرێک لە نەیارانی دیکە، کە هەندێکیان ناچار کراون لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەربکەون، لەوێ دانیان بە «تاوانەکانیان»دا ناوە.

ئەم وەفدە، جگە لە بەڕێز تاڵەبانی کە وەک ئەوەی ئێمە دەزانین نەگەڕاوەتەوە بۆ عێراق، بریتی بوون لە بەڕێزان ساڵح یوسفی (پارتی دیموکراتی کورد)، بابەکر(٢) (پارتی دیموکراتی کورد)، عەگید (٣) (پارتی)، شێخ حوسێن (٤) (سەربەخۆ)، و مەسعوود (٥) (سەربەخۆ) پێکهاتبوون.

سەرکردە بەڕێز یوسفی ئێستە باری تەندروستی زۆر ناجۆرە، لە نەخۆشخانەیەک لە باکوور چارەسەر وەردەگرێت.

**لۆ گۆرریریک**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

کاروباری دەرەوە

( بە بێ شیفرە)

تەلەگرامی گەیشتوو

IR-5-8 Kurdes

بالیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(٢٧ ی تەممووزی ١٩٦٣)

بەغدا، ٢٣ی تەممووزی ١٩٦٣

لە ٢٧ ی تەممووزی ١٩٦٣ ، سەعات ١١ و ٢١ خولەک گەیشتووە

تەلەگرامی غەیرە شیفرەکراو بە پۆستەی دیپلۆماتی پاریس ژمارە ٤٧٥ نێردراوە.

چوار ئەندامی وەفدی کوردی بۆ دانوستانەکانی بەغدا لەم دواییە بە بڕیاری حاکمی عەسکەری گشتیی ئازاد کراون. ئەوانیش بریتین لە بەڕێزان مەسعوود محەممەد و بابەکر محەممەد، کە لە تەلەگرامی ژمارە ٤٢٩مدا باسم کردوون و هەروەها دووو کەسی دیکە.

لە بەیاننامەکەدا کە سەبارەت بەم ئازادکردنانە دەرکراوە باس لەوە دەکات کە ئەو کەسایەتییە کوردییە ناوبراوانە، «تێگەیشتنێکی گەورەیان بۆ دیدگای حوکوومەت نیشان داوە و نیازپاکییان نیشان داوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەکە. هەروەها هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ کە دەبێ ببێتە هۆی وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی لەم بەستێنەدا».

ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم بڕیارە (کە بەڕێزان ساڵح یوسفی و شێخ حسێن و عەگید ناگرێتەوە) هێشتە ڕوون نییە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە حوکوومەت هەوڵی ئەوە بدات یان بازنەکانی بزووتنەوەی کورد دابەش بکات یان ئەوەتا بۆ دواڕۆژ «وتوێژکاری گونجاو» بۆخۆی دەستەبەر بکات.

**لۆ گۆرییێرێک**



AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

IR-5-8 (Kurdes

ATTRIBUTIONS : 2 AL AL AL
3 SC
EU EU AM

AFRIQUE LEVANT
15 JUIN 1963
ARRIVÉE

BAGDAD, LE 12 JUIN 1963 - 19h10
RECU, LE 12 JUIN 1963 - 22h00

- RESERVE -
Télégramme de base

NO. 356/368

COMMUNIQUE DIRECTEMENT PAR LA VALISE A BEYROUTH, DAMAS, AMMAN ET AU CAIRE.

L'OFFENSIVE GOUVERNEMENTALE CONTRE LES INSURGES KURDES EST MAINTENANT EN PLEIN ELAN. MALGRE LE CONSEIL DE MODERATION DONNE AUX DIRIGEANTS IRAKIENS DE DIVERS COTES (EN PARTICULIER PAR LES BRITANNIQUES ET LES AMERICAINS), LE PARTI DE LA GUERRE, REPRESENTE ESSENTIELLEMENT PAR LES MILITAIRES BAATHISTES, L'A EMPORTE. POUR CES ELEMENTS, LES NEGOCIATIONS ENGAGEES AU LENDEMAIN DE LA REVOLUTION DU 14 RAMADAN N'ONT ETE QU'UNE FEINTE QUI LEUR A PERMIS D'ATTENDRE LE MOMENT FAVORABLE. APRES AVOIR FAIT TRAINER LES CHOSES EN LONGUEUR, LE GOUVERNEMENT N'A REPONDU AUX DEMANDES DES KURDES QUE PAR DES CONTRE-PROPOSITIONS TARDIVES ET PEU SERIEUSES.

LES RESPONSABLES KURDES ETAIENT DEPUIS LONGTEMPS PARFAITEMENT CONSCIENTS DE CETTE ATTITUDE, COMME ME L'ONT INDIQUE NOTAMMENT M. TALABANI (MON TELEGRAMME NO. 172) ET LE GENERAL FOUAD AREF (MON TELEGRAMME NO. 233) . AYANT PERDU TOUT ESPOIR D'UNE



- 2 -

SOLUTION PAR VOIE DE NEGOCIATIONS, ILS PREFERAIENT, POUR DES RAISONS PSYCHOLOGIQUES, LAISSER A L'ADVERSAIRE L'INITIATIVE D'UNE RUPTURE QU'ILS ATTENDAIENT D'UN MOMENT A L'AUTRE. TOUT PORTE A PENSER QUE LES DIRIGEANTS BAATHISTES ONT COMMIS UNE IMMENSE ERREUR DE CALCUL. TANT SUR LE PLAN MILITAIRE QUE SUR LE PLAN POLITIQUE, LA SITUATION SE PRESENTE POUR EUX DE LA FACON LA PLUS DEFAVORABLE.

1) LES FORCES EN PRESENCE SONT LES SUIVANTES :

A) DU COTE BARZANI, 20.000 PARTISANS ENVIRON SONT ACTUELLEMENT SOUS LES ARMES. ILS DISPOSENT D'UN IMPORTANT ARMEMENT LEGER (Y COMPRIS DES MORTIERS) MAIS NON D'ARMES ANTI-AERIENNES ET ANTI-CHARS.

LES PRINCIPAUX ATOUTS DES COMBATTANTS KURDES - QUE DES DIZAINES DE MILLIERS DE LEURS COMPATRIOTES SONT PRETS A REJOINDRE -SONT LE SENTIMENT NATIONAL, L'ESPRIT GUERRIER PROPRE A LEUR RACE, ET UNE GRANDE CONNAISSANCE DU TERRAIN.

B) EN FACE DE CES FORCES PARTICULIEREMENT ENTRAINEES A LA GUERILLA, LE GOUVERNEMENT ALIGNE 85% DES EFFECTIFS DE SON ARMEE - SOIT 50.000 HOMMES ENVIRON - LAISSANT A PEU PRES DEGARNI LE RESTE DU PAYS (2 BATAILLONS D'INFANTERIE ET 4 BATAILLONS BLINDES A BAGDAD, UNE BRIGADE D'INFANTERIE A BASRAH).

DOTEE DE MOYENS MECANIQUES IMPORTANTS, CETTE ARMEE N'A QUE PEU D'EXPERIENCE DE LA GUERRE EN MONTAGNE ET LES ACTIONS COMBINEES DE DIVERSES ARMES LUI SONT INCONNUES. LE PROBLEME DES MUNITIONS ET DU MATERIEL QUI EST ESSENTIELLEMENT D'ORIGINE SOVIETIQUE, VA SE POSER AVEC ACUITE D'ICI PEU DE TEMPS.

LE MORAL DU CORPS DES OFFICIERS, DECIME PAR LES EPURATIONS SUCCESSIVES, AUSSI BIEN QUE DE LA TROUPE QUI COMPREND MAL LA GUERRE

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧**

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

تەلەگرامی گەیشتوو

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(١٥ ی حوزەیرانی ١٩٦٣)

بەغدا، ١٢ی حوزەیرانی ، ١٩٦٣، سەعات ١٩ و ١٠ خولەک

لە ١٢ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ، سەعات ٢٢ و ٠٠ خولەک گەیشتووە

(تایبەتی)

ژمارە ٣٥٦/٣٦٨

ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی جانتای دیپلۆماسییەوە بۆ بەیروت و دیمەشق و عەمان و قاهیرە بڵاودەکرێتەوە.

ئەو هێرشەی کە حوکوومەت بۆ سەر یاخیبووە کوردەکان کە ئێستە بەتەواوی

لەئارادایە. سەرەڕای ئەو ئامۆژگارییانەی کە بۆ میانڕەویی بوون لە لایەنە جیاوازەکانەوە (بەتایبەت ئینگلیز و ئەمریکییەکان) دراوە بە سەرکردەکانی عێراق، ئەوا سەرکەوتن بۆ تەرەفدارانی جەنگ بوو، کە لە بنەواندا سوپای بەعس نوێنەرایەتی دەکات. لە چاوی ئەم توخمگەلانەوە، ئەوا ئەو دانوستانانەی کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزانەوە دەستیان پێ کردووە، بۆ ئەوان تەنیا فریودانێک بوو کە ڕێگەی پێ دەدان چاوەڕێی ساتەوەختێکی گونجاو بکەن. دوای ئەوەی شتەکان زۆر درێژەیان کێشا، حوکوومەت تەنیا بە دژە پێشنیازی درەنگوەختە و نا جددی وەڵامی داخوازیینامەکانی کوردی دایەوە.

سەرکردە کوردەکان لە مێژ بوو بە تەواوی ئاگاداری ئەم هەڵوێستە بوون، هەر وەک ئەوەی بە تایبەتی بەڕێز تاڵەبانی پێی وتم (تەلەگرامی ژمارە ١٧٢-م) و جەنەراڵ فوئاد عارف (تەلەگرامی ژمارە ٢٣٣-م). ئەوەی کە هەموو هیوایەکیان بە چارەسەرێک لە ڕێگەی دانوستانەوە لەدەست داوە، ئەوان پێیان باشە بەهۆی هۆیەیلی پسیکۆلۆژییەوە دەستپێشخەریی پچڕانی گفتوگۆ بۆ نەیار بەجێبهێڵن، کە لە ناوەوەڕا چاوەڕێیان دەکرد. هەموو شتێک ئەوەی دەگەیاند کە سەرکردە بەعسییەکان چ لەسەر ئاستی سەربازی و چ لەسەر ئاستی سیاسی لەبەرچاوگرتنێکی هەڵەیان هەبوو و دۆخەکە لە قازانجی ئەواندا نەبوو.


AFFAIRES ÉTRANGÈRES

- 3 -

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DÉCHIFFREMENT

FAITE AUX ''FRERES KURDES'', EST TRES BAS COMME LE MONTRENT LES DESERTIONS QUI SE SONT MULTIPLIEES AU COURS DE CES DERNIERS MOIS. UNE IMPORTANTE PROPORTION DES EFFECTIFS EST FORMEE D'ELEMENTS KURDES.

ON PEUT DONC AFFIRMER AVEC CERTITUDE QUE LES CAPACITES OFFENSIVES DE L'ARMEE IRAKIENNE SONT TRES FAIBLES ET LIMITEES DANS LE TEMPS. DES ACCROCHAGES QUI ONT EU LIEU CES TEMPS DERNIERS, NOTAMMENT, DE L'AVEU MEME DES AUTORITES DE BAGDAD, CELUI DU 8 JUIN (MON TELEGRAMME NO. 351), ONT ENTRAINE DES PERTES SEVERES POUR LES FORCES REGULIERES.

IL SEMBLE QUE L'ETAT-MAJOR COMPTE ESSENTIELLEMENT SUR L'AVIATION QUI EST DEJA ENTREE EN ~~ACTIVITE~~ action AVEC LA PLUS GRANDE BRUTALITE (MON TELEGRAMME NO. 353). MAIS L'EFFICACITE DES BOMBARDEMENTS AERIENS EST EXTREMEMENT DOUTEUSE ETANT DONNE LA CONFIGURATION DU TERRAIN ET LA MOBILITE DES FORCES ADVERSES.

D'AUTRE PART, D'APRES DES RENSEIGNEMENTS QUI M'ONT ETE DONNES DE SOURCE OCCIDENTALE, LA CENTAINE D'APPAREILS DE COMBAT DONT DISPOSE L'AVIATION IRAKIENNE NE PEUVENT ETRE TOUS EMPLOYES FAUTE DE PILOTES. LE CONCOURS DES FORCES AERIENNES SYRIENNES AURAIT ETE ENVISAGE AU COURS D'UN RECENT ENTRETIEN SYRO-IRAKIEN.

2) SUR LE PLAN POLITIQUE, LE RAPPORT DES FORCES JOUE DAVANTAGE CONTRE LE GOUVERNEMENT.

LA GUERRE - ET LA GUERRE TOTALE, ENVISAGEE PAR BAGDAD - VA GROUPER AUTOUR DE BARZANI ET DU PARTI DEMOCRATE DU KURDISTAN LA TRES GRANDE MAJORITE DES POPULATIONS KURDES. '' ~~(2 GROUPES FAUX) AURAIT ETE~~ MOLLAH MUSTAPHA, MAIS TOUS LES KURDES S'UNIRONT AUTOUR DE LUI SI LES COMBATS REPRENNENT'' ME DISAIT IL Y A QUELQUES JOURS UN REPRESENTANT DES MILIEUX KURDES MODERES.


- 4 -

EN REVANCHE, LA MASSE DE L'OPINION IRAKIENNE EST LOIN DE SE RALLIER DERRIERE LE GOUVERNEMENT. LES KURDES JOUISSENT DE SYMPATHIES NOMBREUSES NOTAMMENT CHEZ LES CHIITES, LES CHRETIENS ET PARMI LES OPPOSANTS DE TOUS BORDS AU REGIME BAATHISTE.

AVEC UNE REMARQUABLE INGENUITE M. SAADI A AVOUE HIER DEVANT LA PRESSE QUE LA REPRISE DES COMBATS ALLAIT IMPOSER AU PAYS DE LOURDS SACRIFICES FINANCIERS.

A L'EXTERIEUR L'ACTION DU GOUVERNEMENT IRAKIEN NE RENCONTRERA QUE PEU DE SYMPATHIES. BAGDAD NE POURRA GUERE COMPTER QUE SUR DAMAS ET SANS DOUTE SUR ANKARA. LE CAIRE A DEJA, PAR SES EMISSIONS EN KURDE, FAIT CONNAITRE SA TOTALE OPPOSITION A LA POLITIQUE IRAKIENNE. IL EN EST DE MEME POUR LES ETATS DE L'EST. L'ATTITUDE DE L'IRAN VUE D'ICI APPARAIT, POUR LE MOINS DOUTEUSE ET DE NATURE A LAISSER DE LARGES POSSIBILITES DE MANOEUVRE A L'U.R.S.S. - QUI, PENSE-T-ON DANS LES MILIEUX DIPLOMATIQUES OCCIDENTAUX, NE SE RISQUERA PAS A EFFECTUER DES PARACHUTAGES D'ARMES IMPLIQUANT LE SURVOL DE LA ZONE PROTEGEE PAR L'OTAN OU LE CENTO, MAIS QUI POURRAIT BIEN ACHEMINER DE L'ARMEMENT PAR LES MONTAGNES DU KURDISTAN IRANIEN.

3) L'EVOLUTION DES EVENEMENTS, DANS CES CONDITIONS, PEUT DIFFICILEMENT ETRE CONFORME AUX PLANS DE L'ETAT-MAJOR IRAKIEN. RECEVANT CES JOURS DERNIERS LES COMMANDANTS D'UNITES, LE GENERAL TAHER YAHIA, ~~PRESIDENT DU CONSEIL~~ chef d'Etat-Major, A PREDIT ''UNE CAMPAGNE DE DEUX A TROIS SEMAINES''.

SANS DOUTE, LE KURDISTAN VA-T-IL ETRE RAVAGE ET LES POPULATIONS SERONT-ELLES DUREMENT EPROUVEES. LA RECOLTE QUI ETAIT EN COURS SERA COMPROMISE OU MEME DETRUITE (PEUT-ETRE EST-CE L'UNE DES RAISONS DU CHOIX DU MOMENT DE L'ATTAQUE GOUVERNEMENTALE). ON DOIT S'ATTENDRE A UN EXODE MASSIF DES POPULATIONS VERS LES ZONES LES PLUS DIFFICILEMENT ACCESSIBLES DE LA MONTAGNE ET ~~(PASSAGE TRONQUE)~~ : COUPS DE MAIN CONTRE LES CONVOIS MILITAIRES, LES CAMPS

**یەکەم: ئەو هێزانەی کە بەشدارن بەم شێوەیەن:**

ئەلیف) لە لایەنی بارزانییەوە، لە ئێستەدا نزیکەی ٢٠ هەزار جەنگاوەری شۆرشگێری هەیە، کە ئێستە چەکیان هەڵگرتووە و برێکی زۆر چەکی سووکی بەهێزیان هەیە (بە بۆمباهاوێژیشەوە) بەڵام چەکی دژە فڕۆکە یان دژە تانکیان نییە.

گرینگترینی ئەوەی خەباتکارانی کورد هەیانە، کە دەیان هەزار هاووڵاتیی ئامادەن بۆ پەیوەندی پێوەکردنیان، بریتییە لە هەستی نەتەوەیی و ڕۆحێکی جەنگاوەریی و شارەزایی زۆریان بە بەرزونزماییەکانی ناوچەکە هەیە.

بێ) لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانە ڕاهێنراوانەدا، کە بە تایبەتی لەسەر شەڕی گەریلایی ڕاهێنراون، بەوە حوکومەت ٨٥٪ی هێزە چەکدارەکانی، یان نزیکەی ٥٠ هەزار لە سەربازەکانی لەبەرەی جەنگ دایە، بەمەش باقی وڵات بە کردەوە چۆڵ بووەتەوە (چەند کەتیبەیەکی پیادەڕۆ و زرێپۆش لە بەغدا، لیوایەکی پیادەڕۆش لە بەسرە) یە.

ئەم سوپایەی (عێراق) هۆیەیلی میکانیکی بەرچاوی نییە، هیچ ئەزموونێکی زۆری لە شەڕدا نییە لە ناوچە چیاییەکان، و ئاشنا نییە بە کردارەیلی هاوبەشیی چەکی جۆراوجۆر. بۆیە کێشەی تەقەمەنی و کەرەستەی جەنگیی کە لە بنەڕەتدا سۆڤیەتیین لە دواڕۆژدا توونددەبێتەوە.

ورەی مۆڕاڵیی دەستەی ئەفسەرەکان بەهۆی پاکتاوکردنی یەک لە دوای یەکەوە داڕووخاوە، هەروەها ورەی لەشکرەکانیش، کە تێگەیشتنێکی وای نییە کە بۆچی شەڕ لە دژی برایانی کورد دەکەن، ورەیان زۆر نزمە هەر وەک ئەوەی لەو هەڵاتنانەی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا، کە چەند هێندە زیادیان کردووە، دەردەکەوێ. بەشێکی بەرچاوی پێکهاتووی ئەو هێزە لە توخمەیلی کورد پێکهاتوون.

بۆیە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە تواناکانی هێرشبەریی سوپای عێراقی زۆر لاواز و سنووردارە بەهۆی ئەو شەڕ و پێکدادانانەی کە لەم دواییانەدا ڕوویان دا، بە دانپیانانی دەسەڵاتکارانی بەغدا، بەتایبەتی ئەو شەڕەی کە لە ٨ی حوزەیران ڕووی دا (تێلێگرامی ژمارە ٣٥١ م)، کە بووەتە هۆی پێگەیاندنی زیانێکی زۆر بۆ هێزە نیزامییەکان.

وا دیارە دەستەی گشتیی ئەرکانی سوپا بە پلەی یەکەم پشت بە هێزی ئاسمانیی

دەبەستێ، کە پێشتر بەو پەڕی دڕندەییەوە چۆتە شەڕەوە (تەلەگرامی ژمارە ٣٥٣ -م). بەڵام کاریگەریی بۆردومانی ئاسمانیی بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی زەوی و جووڵەی هێزەکانی دوژمن مایەی گومانە.

لە لایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانەوە پێم دراوە، ئەو سەد فڕۆکەی جەنگییەی کە لەبەردەستی هێزی ئاسمانیی عێراقدایە، هەموویان بەهۆی کەمی فڕۆکەوانەوە ناتوانرێت بەکاربهێنرێن. بەپێی زانیارییەکان، لە میانی کۆبوونەوەیەکی ئەم دواییەی نێوان سووریە و عێراقدا تاوتوێ ئەوە کراوە هاوکاریی لە هێزی ئاسمانیی سووریەوە وەربگرن.

**دووەم: لە لایەنی سیاسیشەوە هاوسەنگیی هێز زیاتر لە دژی حوکوومەت دایە.**

جەنگ - شەڕی سەرتاسەریی، پێشبینیکراو، پیلان بۆ داڕێژراو لە لایەن بەغداوە ، زۆرینەی زۆری دانیشتوانی کورد لە دەوروبەری بارزانی و پارتی دیموکراسی کوردستان کۆدەکاتەوە. (٢ گروپی نەناسراو) مەلا مستەفا، بەڵام هەموو کوردەکان لە دەوروبەری ئەودا کۆدەبنەوە ئەگەر شەڕ دەست پێ بکاتەوە، وەک ئەوەی چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستە یەکێک لە نوێنەرەکانی ناوەندە میانڕۆکانی کورد ئاوای پێی وتم.

لە لایەکی دیکەوە بیروڕای جەماوەری عێراقی دوورە لەوەی لە پشت حوکوومەتەوە گردببنەوە. کوردەکان هاودۆستییەکی ژمارەیەکی زۆریان هەیە بەتایبەت لە لایەن شیعەکان، مەسیحییەکان و هەروەها لەناو هەموو خەنیمەکانی لایەنەکانی ڕێژیمی بەعس.

بە لێهاتووییەکی بەرچاوەوە، سەعدی دوێنێ لەبەردەم ڕۆژنامەنووسەکاندا دانی بەوەدا نا کە تێهەڵچوونەوەی شەڕ پێویستی بە خەرجییەکی دارایی قورس دەبێت کە لەسەر وڵات دەکەوێ. هەرچی لە دەرەوەیە ئەوا کاری دڵڕەقانەی حوکوومەت هاوسۆزییەکی ئاوای لەگەڵدا نابێت کە شایانی باس بێت. بەغدا تەنیا دەتوانێت پشت بە دیمەشق ببەستێت و، بێ گومان ئەنقەرەیش. هەرچی قاهیرەیە لە ڕێگەی پەخشی ئێستگە بە زمانی کوردی، بە تەواوەتی دژایەتی خۆی لەگەڵ سیاسەتی عێراقی نیشان داوە. هەمان شت بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتیش ڕاستە. هەڵوێستی ئێران، وەک لێرەوە وا دەبینرێت،

لانیکەم وادیارە جێگەی گومان بێت، دەشێ بوارێکی بەرفراوانی ئەگەری مانۆڕکردنی بێ بۆ یەکێتیی شوورەوی-، کە، هەر وەک لەناوەندە دیپلۆماتیکییەکانی ڕۆژئاوا پێیان وایە، کە ڕیسکی ئەوە ناکات لە ئاسمانەوە چەک بۆ ناوچە پارێزراوەکان بە پاراشووت بخاتە خوارەوە. بە فڕین بەسەر ناوچەییەکی پارێزراوی ناتۆ یان سەنتۆ، بەڵام دەتوانێت بە باشی چەک لە ڕێگەی چیاکانی کوردستان (ڕانیە)وە بگەیەنێت.

**سێیەم: پەرەئەستاندنی ڕووداوەکان،**

لەم هەلومەرجانەدا، ناکرێ لەگەڵ پلانەکانی دەستەی ئەرکانی گشتیی عێراقی بگونجێت. کە ئەمڕۆژانەی دوایی جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی سوپا، پێشوازیی لە قوماندانی وەحدەکان کرد. پێشبینی (هەڵمەتێکی لەناوبردنی کرد لە ماوەی دوو تا سێ هەفتە) بە کۆتایی بێت.

بێ گومان کوردستان وێران دەبێت و دانیشتوانەکەی زۆر زەرەمەند دەبن. ئەو دروێنەیەی کە لە ئارادایە، دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە یان تەنانەت لەناوچوونیش (ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لە هۆکارەکانی سەروبەندی هێرشی حوکوومەت). دەبێت چاوەڕوانی کۆچێکی بەکۆمەڵی دانیشتوان بکەین بۆ ناوچە هەرە سەختە شاخاوییەکان و هەڵکوتانە سەر کاروانە سەربازییەکان، کەمپ و ئەمبارەکانی چەک، هەڵکوتانە سەر ناوچە عەرەبییەکان، و ڕەنگە - بێ گومان- دواجاریش (کوردەکان) ڕێگای دژی دامەزراوە نەوتییەکان بگرنە بەر، هەروەها ئاگادارکرامەوە کە کوردەکان هەوڵدەدەن تا ئەو کاتەی دەتوانن، لە شاری سلێمانی


ET DEPOTS D'ARMEMENT, RAIDS EN PAYS ARABES, ET PEUT-ETRE - SANS DOUTE A LA DERNIERE EXTREMITE - CONTRE LES INSTALLATIONS PETROLIERES. IL M'A ETE, D'AUTRE PART, RAPPORTE QUE LES KURDES SE PROPOSAIENT DE TENIR LE PLUS LONGTEMPS POSSIBLE LA VILLE DE SULEIMANIYAH, LEUR CAPITALE, OU ILS CIRCULAIENT LIBREMENT ET EN FORCE JUSQU'A PRESENT ET QU'ILS PENSAIENT, PAR CETTE RESISTANCE, FAIRE IMPRESSION SUR L'OPINION MONDIALE.

C'EST LA EN EFFET L'UN DES SOUCIS PRINCIPAUX DES KURDES QUI COMPTENT BEAUCOUP SUR LES SYMPATHIES DONT ILS JOUISSENT EN OCCIDENT ET NOTAMMENT EN EUROPE, POUR EVITER D'AVOIR RECOURS AU SOUTIEN SOVIETIQUE ET QUI, ON LE SAIT , ENVISAGENT UN RECOURS AUX NATIONS UNIES.

APRES PEUT-ETRE QUELQUES SUCCES INITIAUX DES FORCES IRAKIENNES LES PARTISANS TIENDRONT EN ECHEC LES FORCES REGULIERES AUXQUELLES ~~VRAISEMBLABLEMENT MEME~~ ils pourraient même infliger, ~~ILS INFLIGERONT~~ DE SANGLANTES DEFAITES. CEPENDANT, ET A MOINS QUE LE GOUVERNEMENT, DEVANT LES REACTIONS ETRANGERES, NE FASSE MARCHE ARRIERE, LA GUERRE RISQUE D'ETRE LONGUE, INDECISE ET LOURDE DE COMPLICATIONS DE TOUT ORDRE. ELLE NE PEUT GUERE SE TERMINER QUE PAR UNE REPRISE DES NEGOCIATIONS AVEC UN NOUVEAU GOUVERNEMENT DANS DES CONDITIONS SINGULIEREMENT AGGRAVEES POUR BAGDAD ET SUR LE THEME, CETTE FOIS, DE L'AUTODETERMINATION.

C'EST DANS UNE AVENTURE QUI POURRAIT BIEN, COMME CE FUT LE CAS POUR LE REGIME DU GENERAL KASSEM, ENTRAINER LEUR PERTE COMME IL ENTRAINERA SANS DOUTE LA FIN DES PROJETS D'UNITE ARABE, QUE VIENNENT DE SE LANCER LES DIRIGEANTS DU BAATH.

LE GOURRIEREC

NOTE DU CHIFFRE : LE PASSAGE TRONQUE A ETE RECLAME D'URGENCE A BAGDAD. IL SERA DIFFUSE DES RECEPTION.

پایتەختـی خۆیـان، بەرگریـی بکـەن و بەجۆرێـک کـە تـا ئێسـتە بـە ئـازادی و بـە هێـزەوە جولاونەتـەوە. ئـەوان هەوڵیـان دەدا، لـە ڕێگـەی ئـەم بەرخۆدانـەوە، کاریگەریـی لەسـەر ڕای گشـتیی جیهانیـی دروسـت بکـەن.

ڕاسـتییەکەی ئەمـە لـە ڕاسـتیدا یەکێکـە لـە نیگەرانییـە سـەرەکییەکانی کوردەکانـە، کـە زۆر پشـت بـەو هاوسـۆزییە دەبەسـتن کـە لـە ڕۆژئـاوا و بەتایبەتیـش لـە ئەوروپـا هەیانـە، بـۆ ئـەوەی ناچـار نەبـن پەنـا بـۆ کۆمەگیـی سـۆڤیەتیی بـن و وەک دەزانیـن ئـەوان بیـر لـەوە دەکەنـەوە پەنـا بـۆ وڵاتـە یەکگرتـووەکان ببـەن.

ڕەنگـە دوای هەندێـک سـەرکەوتنی سـەرەتایی کـە هێزە عێراقییـەکان بەدەسـتیان هێنا بێت، لەوانەیـە پارتیزانـەکان (پێشـمەرگەکان و) دەتوانـن شکسـت بـە هێـزە نیزامییـەکان بهێنن وێڕای ئـەوەی کـە تووشـی شکسـتی قـورس دەبـن. بـەڵام لەحاڵێکـدا ئەگـەر حوکوومـەت لـە بەرامبـەر کاردانـەوەی دەرەکیشـدا پاشەکشـە نـەکات، ئـەوا مەترسـی ئـەوە هەیـە شـەڕەکە درێژخایـەن بـێ و یەکلانەکرێتـەوە و پڕبـێ لـە ئاڵۆزیـی بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە. تەنیـا دەتوانێـت بـە دەسـتپێکردنەوەی دانوسـتانەکان لەگـەڵ حوکوومەتێکـی نـوێ لەژێـر هەلومەرجێکـدا کـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو خراپـتر بووبـێ بـۆ بەغـدا کۆتایـی پـێ بێـت، ئەمجـارە لەسـەر تـەوەری مافـی چـارەی خۆنووسـین دانوسـتان بکـەن.

سـەرکردەکانی بەعـس ملیـان وەبـەر سـەرەڕۆییەک، کـە دەتوانێـت، ببێتـە مایـەی ڕوخانیـان وەک چـۆن بـۆ ڕێژێمـی جەنـەڕاڵ قاسـم وابـوو، بـەدوور نازانرێـت کـە ببێتـە هـۆی کۆتایـی هاتنـی پڕۆژەکانـی یەکێتـی عەرەبـی کـە سـەرکردەکانی بەعـس دەسـتیان داوەتـێ.

**لۆ گۆرییرێک**

تێبینـی بەشـی شـیفرە خوێندنـەوە: بڕگـە بـردراوەکان: بەپەلـە لـە بەغـدا داوا کـراون و لـە کاتـی وەرگرتنیشـیدا دابـەش دەکرێـت.

## پەراوێزەکان:

(١) B. Kudriavtse

(٢) بابەکر مەحمود حەوێز، ساڵی ١٩٢٧ لە دەڤەری پشدەر لەدایک بووە، تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی ئەیلوول کردووە و بۆتە ئەندامی لێژنە ڕێکخراوی سەنگەسەر بەشی عەسکەری، ساڵی ١٩٦٣ پلەی ئامر بەتالیۆنی لە هێزی کاوە وەرگرتووە، ساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ جێگری ئامر هێزی کاوە بووە لە قەلادزێ، بەشداری چەندین شەڕوداستان کردووە، لەوانە ساڵی ١٩٦٨ فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی هێزی کاوەی کردووە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی سەربازی وەک لێدانی بارەگای لیوایەکی سوپای عێراقی لە کیوەڕەشی ناحیەی سەنگەسەر. ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لە مەکتەبی عەسکەری ئەرکی بینیوە، هەمان ساڵ تاوەکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول سەرپەرشیاری بەرەی شەڕەکانی چیای زۆزک بووە. ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە کوردستان، ساڵی ١٩٨٨ دووبارە ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە و ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە کوردستان، ساڵی ١٩٩٣ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە.

(٣) عەگید سەددیق

(٤) حوسێنی خانەقا

(٥) مەسعوود محەمەد

(ماویەتی)

# میرانی ئاغا واحید بەگ هیرانی

**ن: نەریمان عەبدولسەمەد ڕواندزی**



**یەکێک لە شانازیی و گەورەییەکانی گەلی کورد ئەوەیە؛ هەمیشە هەگبەی مێژووەکەیی و خەرمانی کۆمەڵگاکەی بە کەڵە کەسایەتیی و پیاوگەلێکی جوامێر و مەزن تژی بووە، هەردەم لە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردا قەڵغانی بەخشندەیی، فریادڕەسی قۆناغە دژوارەکان، کەوا سووری بەرلەشکری فیداکاریی گەلی کورد بوون. یەکێک لە ئەستێرە دیار و درەوشاوەکانی ئەم مەیدانە، (میرانی ئاغا واحیدبەگ هیرانی)یە،**

کە لەم بابەتەدا دەمانەوێت هەڵوەستەیەك لەسەر ژیان و ئەو خزمەتانەی بە شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و زێدگاکەی هیران کردووە، هەروەها هەندێ لەو دەستنووسانەی لە دیدی ئەو کەسایەتییە جیاوازانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم کەسایەتییەیان، یان دیوەخانەکەیان بینیوە بخەینەڕوو. ناوی تەواوی میرانی



**میرانی (ئاغا واحید بەگ) وەك خودان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و کارامە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ئاشتەوایی و هەڵدانی چەتری تەبایی و خۆشگوزەراندنی خەڵکی ناوچەکە، زۆربەی کات ئەرکی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و خەرجی چارەسەرکردنی هەر کێشە و ئاریشەك هەبووایە دەیخستە سەرئەستۆی خۆی.**

ئاغا واحیدبەگ هیرانی: (عەبدوڵڵا بەگ کوڕی واحیدبەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ کوڕی حەمەد بەگ کوڕی خدر بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی سلێمان بەگ کوڕی میر شەمسەدین کوڕی میر عەبدوڵڵا کوڕی شێخەمیر کوڕی میر مەحمەل کوڕی ئەمبێزخان)ە، لە ڕێکەوتی (١٩٢٠/١٠/٧) لە شارەدێی هیران لەدایکبووە. لە حوجرەی مزگەوتی گەورەی هیران لەلایەن چەند مامۆستایەکی بە توانا و کارامەی ئەوکات دەستی بە خوێندن کردووە. دایکی ناوی (عایشەگوڵ کچی شاعیری گەورە صافی هیرانی)یە، خاوەن (٧) خێزان بووە، خودان (١٢) کوڕە بەناوەکانی (خەسرۆ میران، جەنگی میران، دڵشاد میران، ئەرسەلان میران، هۆشەنگ میران، ئەسکەندەر میران، خۆشەوی میران، سەردار میران، ئەردەلان میران، سەرتیپ میران، نەهرۆ میران، بەهمەن میران). ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە بە شارەدێکردنی هیران لە ڕێکەوتی (٢٨ /١/ ١٩٥٤ز)، هەر

ئەوکاتیش بە (ناحیة خوشناو) ناودێر دەکرێت. میرانی ئاغا واحیدبەگ هیرانی ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە هێنان و کردنەوەی یەکەم قوتابخانە لە ساڵی (١٩٥٣ز) لە هیراندا؛ وەك هاندان و برەودان بە بزاوتی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی لەناو توێژی ژناندا (بەیان خانی)ی کچی وەك یەکەم کچ دەنێرێتە قوتابخانە، تەنانەت لە ماڵەکەی خۆیدا دوو ژووری بۆ ئەو مامۆستایانە دروست کردبوو، کە ماڵیان لە دەرەوەی هیران بوو بۆ ئەوەی تێیدا نیشتەجێ بن و بمێننەوە. لە ساڵانی (١٩٧٧ ــ ١٩٧٨ز) ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەبووە لە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی هیران و بنیاتنانی خانوو بۆ بەڕێوەبەری شارەدێکە (مدیر ناحیة)، دروستکردنی چەندین خانوو بۆ کارمەندانی ناحیە و قیرتاوکردنی چەندین شەقام و جادەی ئەم شارەدێیە، دروستکردنی چەند پردێك لەناو هیران و ڕێگای نێوان هیران و شەقلاوەدا، بە تایبەت دروستکردنی شەقامێك لەناو جەرگەی هیران کە لە ئێستادا جوانترین شەقامی گەشتیاریی هیرانە.

میرانی (ئاغا واحیدبەگ) وەك خودان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و کارامە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ئاشتەوایی و هەڵدانی چەتری تەبایی و خۆشگوزەراندنی خەڵکی ناوچەکە، زۆربەی کات ئەرکی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و خەرجی چارەسەرکردنی هەر کێشە و ئاریشەك هەبووایە دەیخستە سەرئەستۆی خۆی، قۆناغ و دیوانەکەی هەموو کات شکۆی خزمەتکردنی پێشمەرگە و دۆست و خزم و خەڵکی ناوچەکە و هەژاران و لێقەوماوانی پێبڕاوە. قۆناغ و دیوەخانی ئەم میرخاس و بنەماڵەیە هەردەم لە هەولێر و شارۆچکەی هیران ئاوەدانە؛ ئەوی جێی باری سەرنجە ئەمەیە: دار توویەکی گەورە و بەتەمەن لە دیوەخانی هیراندا دەبیندرێت بەپێی دێرینی ئەم بنەماڵەیە و درەختناسان تەمەنی بۆ نزیکەی (٨٠٠ ــ ٩٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەمەیش دێرینی دیرۆکی ئەم بنەماڵەیە لەم ناوچەیەدا دەسەلمێنێت.

**ئەدەبدۆستیی:**

شایانی باسکردنە ناوبراو ئەدەبدۆستێکی شەیدا بووە، زمانی فارسی بەباشی زانیوە، بە بەردەوام دیوانی سافی هیرانی دەخوێندەوە و زۆربەی غەزەل و شیعرەکانیشی ئەزبەربوون، بەتایبەتی زۆر شەیدای ئەدەبیاتی کلاسیکیی فارسی بوو، زۆربەی کات

خەریکی خوێندنەوەی دیوانی هەردوو گەورە شاعیری فارس (حافزی شیرازی و سەعدی شیراز)ی بووە. خۆیشی تا ئەندازەیەك دەستی نووسینی شیعری هەبووە، خاوەن خورپە و هەستگەلێکی جوان و ناوازە بووە. جێگای ئاماژە پێدانە هونەرمەند و حەیرانبێژی بە توانا (عارەب عوسمان) ناسراو بە (تەنیا عەرەب)، لەمیانەی بەرنامەی (فلاشباك) کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردسات ئەنجامدراوە، لە سازدانی (زاهیر عەبدوڵڵا)دا لەبارەی ئەو کاسێتانەی کە باوکی خوالێخۆشبووی (عوسمان حەیران) تۆماریکردوون دەڵێت: «باوکم سێ کاستی حەیرانی تۆمارکردووە، یەکێك لەم کاسێتانە بۆ ئاغای واحیدبەگی تۆمارکردووە». میرانی (ئاغا واحیدبەگ) لە ڕێکەوتی (١٥ لەسەر١٦ی مانگی٥ی ساڵی١٩٩٩) کاتژمێر دوازدەی شەو بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات، لە زێدگای باوك و باپیرانی هەر لە شارەدێی هیران بە خاك دەسپێردرێت. ئەمەی خوارەوەش یەکێکە لە نموونەی شیعرە جوانەکانی:

**دەبا بمرین لە بۆ خۆمان لە داخی حیزە دنیایێ**

**کە چەند کەس بوون بە تاجیر و ئێمەش ماوین لە سەحرایێ**

**ئەوەل گەنجین ئەوا ڕۆیی بە پیرییش تازە بۆن نایێ**

**لە دەستێ چوو دین و دنیا بە غەوسی مار لە بەغدایێ**

**گەلێ ماندی و مشەقەت بووین لە فرت و فێری دنیایێ**

**ئەوا ئیمڕۆ کە زانیمان لەو ئیشانە چ دەرنایێ**

**زەمان ئیمڕۆ لە گەڵ پێشوو وەکو جاران بە کارنایێ**

**ئەگەر نەتبێ پارەوپول ئەسڵ و نەسەب بە کەلك نایێ**

**مەڵێ خزم و کەسم زۆرە بەقیمەت یەك فلس نایێ**

**ئەگەر هەتبێ خزم زۆرە ئەگەر نەتبێ بۆ لات نایێ**

**فکر لێکە لەهەر لایێ یەکێ پیاو بوو چی بۆ نایێ**

**لە نامەردیش چ دەرنایێ دیناری بێ وەکوو کایێ**

**بڕۆ (ئاغا) بۆ خۆت دانیش تەماشاکە لە مەودوایێ**

**لە عەسری ئەو زەمانەیدا پیاوی موفلیس بە کەلك نایێ**

**نیشتمانپەروەریی:**

هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئەیلوولـەوە، کاتێـك مـەلا مسـتەفای بارزانـی ڕوو دەکاتـە ناوچـەی خۆشـناوەتی بەگشـتی و بەتایبـەت شـارەدێی هیـران، لـە سـاڵی (١٩٦٤) بـەدواوە، تاکـو سـاڵی (١٩٧٥) بـارەگای لقـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و هێـزی سـەفینی تێـدا بـووە، کەسـایەتیی ناوبـراو (میرانـی ئاغـا واحدبـەگ) پێشـوازییەکی گەرموگـوڕ لـە مـەلا مستەفای بارزانـی دەکات و ئامادەیـی خـۆی بـۆ دەردەبڕێـت بـە هەمـوو شـێوەیەك؛ دیـوان و دیوەخانـە بەخشـندە و دڵگیرەکـەی دەبەخشـێتە شـۆڕش و دەبێتـە بـارەگای لقـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە بـە سـەرجۆگەی (میرانـی ئاغـا واحدبـەگ) نـاسراوە، ئەم دیوانـە دەبێتـە مەکـۆ و هەوێنـی شـۆڕشـی ئەیلـول خـاوەن داسـتانگەلێکی پـڕ لـە سـەروەری و دلێریـی پێشـمەرگەکان. وەك (شـێخ ئیسـماعیل کـوڕی مـەلا عەزیـزی کـوڕی سـافی هیرانـی) کـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر بەرپرسـی لقـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئـەوکات دەبێـت، لـە دیمانەیەکـی دۆکیومێنتـاری تەلەفیزیۆنـی زاگـرۆس لـە سـازدانی (سـەفەر کەریـم هـاواری)، ئامـاژە بەمـە دەکات و دەڵێـت: «ئـەم شـوێنە ماڵـی ئاغـا واحدبەگـە، بـارەگای لقـی دوو بـۆ ماوەیەکـی زۆر لێـرە بـوو، لێـرەدا شـوێنێکمان هەبـوو بـە تانـۆك ڕێکخـرا بـوو بـۆ کۆبوونـەوە، ئەگـەر قەڵەباڵغییـەك هەبوایـە، یـان کارێکـی تایبەتیـمان هەبووایـە کۆدەبووینـەوە و ئـەوەی پێویسـت بـوو ئەنجامـمان دەدا». کەسـایەتیی ناوبـراو هـاوڕێ و



**لە چەپەوە: مولازم خەلیل فەندی، ڕەقیب حوسێن مەلا، میرانی ئاغا واحید بەگ، عەریف شەهاب - ساڵی ١٩٦٠**



**لە ڕاستەوە: مولازم ئەوەل نازی ئەحمەد، د. میران ئاغا واحێد بەگ هیرانی**

**وای (٧) مانگ من ئیعترافم نەکرد و (میرانی ئاغا) لەدوام بوو هەتا من دەرچووم لە زیندان. دوایی لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/١٢/١٥) من بەر بووم پاش دووجار، چووین بۆ دادگا، دوایی منیان برد بۆ مرکزی شورتەی ئازادی، دوایی ئازاد کرام.**

دۆستێکی خۆشەویست و نزیکی سەرۆك (مام جەلال) بووە گەلێجار سەردانی یەکترییان کردووە و بەدیداری یەکتری شاد بوون، هەروەها دۆست و هاوڕێیەکی ئەزیزی خوالێخۆشبوو (شێخ جەنگی) بووە، هەر کاتێك چووبێتە هیران سەردانی (میرانی ئاغا واحدبەگ)ی کردووە شەو لەلای ئەو ماوەتەوە. وێڕای ئەمانەیش دۆستێکی نزیکی (کاك کۆسرەت ڕەسوول) بووە.

فەرماندە (ملازم خولەی دزەیی) کە فەرماندەی تیپی (٨٣)ی هەورێی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو، یەکێك بووە لە فەرماندە دیار و ئازا و قارەمانەکانی سەردەمی خەباتی شاخی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خۆیی و پێشمەرگەکانی چەندینجار لەلای میوان دەبن و یارمەتیان دەدات، ئازوقە و خۆراك و جلوبەرگ و هەمووجۆرە هاوکارییەکیان پێشکەش دەکات. تەنانەت ڕۆژێکیان باوکی ملازم خولە دزەیی، سنووری چالاکی لە ناوچەی خۆشناوەتی بوو، بەناوی (عەزیز فەرحان ئاغای

گەڕەسۆری) دوای دووری و دابڕانێکی زۆر لە کوڕەکەی ڕوودەکاتە دیوانی (میرانی ئاغای واحدبەگ) داوای لێدەکات بۆ چەند چرکەساتێکیش بێت کوڕەکەی ببینێت (میرانی ئاغای واحدبەگ) هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکات و لەگەڵ چەند پیاوێك بەنهێنی دەینێرێت بۆ گوندی نازەنین بۆ بینینی کوڕەکەی، بەبێ گومان لەو سەردەم و کاتەشدا کە ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام فەرمانڕەوایی دەکرد ئەم جۆرە کار و هەڵوێستانە کاری هێندە سانا نەبوون.

کاک (سمکۆی تاهیر ئاغای دزەیی) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: «لە ساڵی (١٩٨٢) ئەوکات سەرتیپی (٩٠)ی کۆیەی یەکێتیی نیشتیمانیی بووم، لەکاتی پێشمەرگایەتی کە دەچوینە هیران لە ماڵی ئەو نانی ئێوارەمان دەخوارد یان چایەک و دوایی دەڕۆیشتین. بەڵام ئاغای واحدبەگ پیاوێکی زۆر قسە خۆش و ئاوەدان و خانەدان بوو کەسێکی کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەر و پێشمەرگە دۆست بوو».

هەروەها مام (فارس عەولا سمایل ناسراو بە فارسەقوت) لە دیمانەیەکدا دەڵێت: «لە ڕۆژی (٢٣ ــ ٥/ ١٩٨٥) من و هەڤاڵێکم بەناوی (ئەحمەد حەمەد حاجی) کەوتینە ناو کەمینی جاشەکانی (مەلا عوزێر) لەنێوان قوشتەپە و بێستانە، بەخۆم و سەیارەیەکی لادەی سپی و چوار گوڵلە ئاربێجیمان پێبوو بۆ مەفرەزەی پارتیی شەهید (خدر سوارە) و شەهید (مام ئەبوزێد عەبدوڵڵا حەسەن)مان دەبرد بۆ دەواجنەکانی نزیك بێستانە، چونکە هەواڵمان پێگەیشتبوو ئەم مەفرەزەیە لەوێ بوون بەنیازبوون بچنە کەندێناوە و بچنە قەرەچووغ، دوایی ئێمە دەست بەسەرکراین بردمانیانە دائیرەی ئەمن، دوایی (میرانی ئاغا ) داوای لە (مەلا عوزێر) کرد دەبێت (فارس عەولا) بەردەی، چونکە (فارس) زەلامی منە، دەبێت کێسەکەی بگۆڕیت مەڵێ تەنزیمی ناو شارە بڵێ سائق تەکسییە نەیزانیوە ئەم گوڵلە قازیفانە لە صندوقی لادەکەیە، دوای (٧) مانگ من ئیعترافم نەکرد و (میرانی ئاغا) لەدوام بوو هەتا من دەرچووم لە زیندان. دوایی لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/١٢/١٥) من بەربووم پاش دووجار، چووین بۆ دادگا، دوایی منیان برد بۆ مرکزی شورتەی ئازادی، دوایی ئازاد کرام لێرەوە زۆر سوپاسی (میرانی ئاغا واحیدبەگ) دەکەم یارمەتییەکی باشی دام».

کاك زیرەك کەمال: نووسەری دیار و ڕۆشنبیری بەتوانا لە دەستنووسێکدا دەڵێت:

(زۆرن ئەوانـەی لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و چەندیـن بـواری تـری جیاجیـا لـە واقیعـی مێژووییمانـدا لەگەڵمانـدا ژیـاون و کاریگەرییەکـی زۆریـان لـە سـەرجەم کایە و بـوارە جیاجیاکاندا بەسـەر ئێمـەوە هەبـووە و تـا ڕادەیەکـی زۆر بوونەتـە بەشـێك لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و واقیعـی بوونمانـدا (میرانـی ئاغـای واحیدبـەگ) یەکێکـە لـەو مرۆڤـە بەڕێزانـەی کـەوا هـەر کەسـێك ناسـیبێتی و تێکـەڵاوی کۆمەڵایەتـی لەگەڵـدا هەبـوو بێـت ئـەوا هـەر زوو لـە چەندیـن گۆشـەنیگاوە کەوتووەتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو پیـاوە بەڕێـزە و سـوود و قازانجـی لـە توانسـت و توانـا و بەهـرەی ئـەو وەرگرتـووە ــ واتـا ڕاشـکاوانە دەیڵێـم (میرانـی ئاغـا واحیدبـەگ) ئـەو کەسـایەتییە بـوو هـەر زوو لایەنـی بەرامبـەری دەخسـتە ژێـر کاریگـەری خـۆی و بـەو توانـا و وزە و بەهرەیـەی هەیبـوو ڕۆڵـی دەبینـی لـە پەروەردەکردنـی لایەنـی بەرامبـەر. ئاغـای واحیدبـەگ پیاوێکـی گـران و سـەنگین و خـاوەن کەسـایەتی و پێگـەی کۆمەڵایەتـی خـۆی بـوو. هـەر بۆیـەش لـە سـنووری عەشـیرەتی خۆشـناوەتی و بگـرە ڕووبەرێکـی فراوانـی کوردسـتانیش وەکـو شەخسـیەتێکی دیـار و کاریگـەر نـاسرا بـوو. لێـرەدا دەمەوێـت ڕا و سـەرنجی خـۆم لەسـەر ئـەو پیـاوە بەڕێـزە لـە چەنـد خاڵێکـدا بخەمـەڕوو:

١ـ میرانـی ئاغـای واحیدبـەگ خاوەنـی دیوەخانێکـی گـەورە بـوو هـەزاران گەڕیـدە و لێقەومـاو و پێشـمەرگە و ڕاکـردووی دەسـتی زوڵـم و سـتەم و زۆرداری و خـاوەن کێشـەی کۆمەڵایەتـی و هـەزاران غەریبـی گونـد و شـاری وڵاتەکەمـان ڕێـگای کەوتووەتـە ئـەو دیوەخانەیـە و لەلایـەن مـام ئاغـا و خانەوادەکـەی بەوپـەڕی ڕێـز و ویقـار و ڕووی هەمیشـە خـۆش پێشـوازیان لێکـراوە و بەپێـی پێویسـت لـە چەنـد بـواردا هـاوکاری ئـەو خەڵکەیـان کـردووە و مـاڵ و دیوەخانەکـەی (ئاغـای واحیدبـەگ)، هـەردەم کوانـووی گـەرم و هـەواری هەمیشـە ئاوەدانـی خەڵکـی جۆراوجـۆر بـووە، بۆیـە نـاو و ناوبانگـی ئـەو پیـاوە بەڕێـزە و ئـەو بنەماڵەیـە لەسـەر ئاسـتی عەشـیرەتی خۆشـناوەتی و کوردسـتاندا ناویکـی نـاسراو و درەوشـاوە بـووە.

٢ـ میرانـی ئاغـای واحیدبـەگ پیاویکـی کوردپـەروەر و نیشـتمانپەروەر بـوو، لەپێنـاوی گەیشـتنی گەلـی کـورد بـە مافـە نەتەوەیـی و سیاسـی و نیشـتمانییەکانی خـۆی، خـۆی و بنەماڵەکـەی ڕەنـج و ماندووبوونێکـی زۆریـداوە و لەسـەر ئـەو ڕێگایـەدا لـە چەندیـن بـواری جیاجیـادا ڕەنـج و قوربانیـداوە، چونکـە جگـە لـەوەی خـۆی لـە ڕووی کـرداری و مەیدانیـدا

پیاوێکــی تێکۆشــەر و کوردپــەروەر بــوو، هەروەهــا مــاڵ و دیوەخانەکەشــی هــەردەم هــەوار و مەڵبەنــدی پێشــمەرگە و هەمــوو ئــەو تێکۆشــەرانە بــوو کــە خەونیــان بــە ئــازادی و ســەربەخۆیی کوردســتانەوە دەبینــی، هــەر بۆیــەش شــوێن و پێگــە و دەوری میرانــی ئاغــای واحیدبــەگ لــە شــۆڕش و بزووتنــەوەی کوردایەتیــدا بــە وێنــەی ئەســتێرەیەکی گــەش بــۆ تاهەتایــە لــە ئەوجــی جوانیــدا دەدرەوشــێتەوە.

میرانی ئاغای واحیدبەگ پیاوێکی وردبین و دووربین و تێگەیشتوو بوو، سەری لە واقیعی سیاسی و دیاردە و ڕووداوەکان دەردەچوو، بۆ هەموو پێشهات و واقیع و ڕووداوێك هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و شرۆڤەی خۆی هەبوو.

٣ـ میرانــی ئاغــای واحیدبــەگ پیاوێکــی وردبیــن و دووربین و تێگەیشــتوو بــوو، ســەری لــە واقیعــی سیاســی و دیــاردە و ڕووداوەکان دەردەچــوو، بــۆ هەمــوو پێشــهات و واقیــع و ڕووداوێــك هەڵســەنگاندن و شــیکردنەوە و شــرۆڤەی خــۆی هەبــوو، بەقــەد ئەکادیمــی و خــاوەن بڕوانامــەی خوێندنــە بــاڵاکان ڕوئیــای فراوانــی هەبــوو، لــە گەرمــەی ڕووداوە ناخۆشــەکانی کوردســتان، ڕۆژێکیــان مــن لــە خزمەتــی بــووم و هــەر یــەك لــە ئامادەبــوان بــە شــێوازی بیرکردنــەوەی خــۆی



باسـی واقیعەکـەی کوردسـتان و ململانێـی حزبایەتـی دەکـرد. مـام ئاغـا ڕووی لـە مـن کـرد و پێیگووتـم: زیـرەك بـەوە نییـە ئێـوە نووسـەر و ڕاگەیانـدکارن مامیشـت هەڵبـەت مەبەسـتی خـۆی بـوو سـەری لـە شـت دەردەچێـت، زیـرەك بـا پێـت بڵێـم کـورد چەنـدە کێشـەی لەگـەڵ دوژمنەکانیـدا هەیـە و هەبـووە، ئەوەنـدەش کێشـەی لەگـەڵ خۆیـدا هەیـە، هەڵبـەت مەبەسـتی ئـەو پیـاوە بەڕێـزە ئـەوە بـوو کـەوا کـورد چەنـد دوژمنـی گـەورە و ترسـناکی هەیـە، ئەوەنـدەش لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـدا دوژمنـی یەکتریـن. ئـەو ڕسـتەیەی مـام ئاغـا سـەرنجی منـی ڕاکێشـا و هەسـتم کـرد ئـەو بۆچوونـەی ئـەو چەنـد وشـەیەکە، بـەڵام واتـای قووڵـی هەیـە، هـەر بۆیـەش لـە ناوەڕاسـتی نۆهەتەکانـی سـەدەی ڕابـردوو لـە ڕۆژنامـەی ڕێـگای کوردسـتان وتارێکـم لەسـەر کارەسـات و شـەڕی ناوخـۆ نووسـی و لـە وتارەکەمـدا و لـە ڕسـتەیەکدا گوتـم (بەڵـێ منیـش هـاوڕای ئاغـای واحیدبەگـم کـە لـە دانیشـتنێکدا پێیگوتـم کـورد چەنـدە کێشـەی لەگـەڵ دوژمنەکانیـدا هەیـە، ئەوەنـدەش کێشـەی لەگـەڵ خۆیـدا هەیـە) . هـەر بەڕاسـتیش دواتـر واقیـع و گۆڕانکارییـە ترسـناکەکانی سیاسـی لـە کوردسـتان ڕاسـتی و دروسـتی میرانـی ئاغـای واحیدبەگـی سـەلماند.

٤ـ ئاغـای واحیدبـەگ پیاوێکـی ڕاسـتگۆ و سەرڕاسـت و قسـەلەڕوو بـوو، لـە وەڵامدانـەوەی هیـچ پرسـیارێك لـە ڕوو دانەدەمـا و وەڵامـی پڕبەپێسـتی هەبـوو، پیاوێکـی زمانپـاراو و شـیرین کـەلام بـوو، دەیزانـی لـە چ کاتوسـات و شـوێنێکدا قسـەی خـۆی دەکات، ڕاشـکاوی و جورئەتـی لـە دەربڕینـدا لـە ئاسـتێکی بـاڵادا بـوو، نـەك هـەر ئـەوە، بەڵکـو زۆر لـەو قسـانەی دەیکـرد وەکـو پەنـد و ئەزمـوون وا بـوو؛ خۆزگـە سـەرجەم وتـە و قسـەکانی ئـەو پیـاوە بەڕێـزە لـە دووتوێـی نامیلکەیـەك کۆدەکرانـەوە.

٥ـ میرانـی ئاغـای واحیدبـەگ پیاوێکـی دەم و لوتـف شـیرین و سـەرنجڕاکێش بـوو ـــ لەهـەر مەجلیـس و کـۆڕ و کۆبوونەوەیـەك دانیشـتبا دەبـووە سـەنتەر و جڵـەوی مەجلیسـەکەی دەگرتـە ئەسـتۆ، چونکـە ئەوەنـدە بـە ڕاسـتی و دروسـتی و مەحکەمـی قسـەی دەکـرد، کـوردەواری گووتەنـی هـەر زێنـەت بـوو گوێـی لێبگـری ـــ هـەزاران سـڵاو لـە گیانـی پاکـی میرانـی ئاغـای واحیدبەگ.(٣١ـــ ٣ـــ ٢٠٢٣).

بەکـر مەعـروف: هونەرمەنـدی بـواری نوانـدن لـە دەستنووسـێکدا نووسـیویەتی و دەڵێـت: دیـارە ناسـینی مـن بـۆ ئـەو کەڵـە پیـاوە (میرانـی ئاغـای واحیدبـەگ)ی دەگەڕێتـەوە

بـۆ ناسـینی (دڵشـاد)ی کـوڕی بـوو، بـەڵام کـە ناسـیم بـوو بـە بەشـێك لـە خۆشەویسـتی ڕۆژانــەی مــن، هــەر بۆیــەش زوو زوو ســەردانیم دەکــرد و لــە دیوەخانەکەیــدا گوێــم لــە قسـە نەسـتەق و خۆشـەکانی دەگـرت، بۆشـم دەرکـەوت (ئاغـای واحیدبـەگ) ئەوەنـدە بـە ڕۆحێکـی ڕاسـتگۆیانە مامەڵـە لەگـەڵ هـاوڕێ و دۆسـت و خزمانـی خـۆی دەکات تـا ئاسـتی جیانەکردنــەوەی ئێمــە لــە خانــەوادە و کوڕەکانــی خــۆی.

ئـەو پیـاوە هەرگیـز سـاتەوەختێ لـە کوردبـوون و کوردایەتـی خـۆی دانەبـڕاوە، چونکـە دیوەخانەکـەی ببـووە جـێ مەنزڵـی (فیـرار) و مۆڵگـەی پێشـمەرگەی کوردسـتان، سـەربەری یارمەتیدانــی خەڵکانــی چەوســاوە و لێقەومــاو و نــەداران و باوەشــکردنەوەی بــۆ کێشــەکانی خەڵــك بەمەبەســتی چارەســەرکردنی، هەروەهــا نابــێ ئــەوەش لەبیــر بکەیــن کــە (ئاغــای واحیدبـەگ)ی یەکێکـە لـە نەوەکانـی شـاعیری گـەورەی کـورد (صافـی هیرانی)یـە، لـە بیرمـە جارێکیــان بــۆی گێڕامــەوە کــە هەندێجــار پێشــمەرگە بریندارەکانــی لەنــاو شــار تیــمار دەکــرد و دوایــی چارەســەرکردنیان دەیگەڕاندنــەوە بــۆ شــوێنی خۆیــان لــە شــاخ، بێگومــان ئەمــەش لەمیانــەی ئــەو متمانەیــە بــوو کــە لەنێوانــی مــن و ئــەودا بــوو، چونکــە هەمیشــە منــی لــە شــوێنی (جەنگــی) کــوڕە جوانەمەرگەکــەی دادەنــا. دڵســۆزییەتی ئــەم پیــاوە ببــووە جـێ سـەرنجی هەمـوو لایـەك و ببـووە جێـی پشتبەسـتنی لـە هەمـوو کارێکـی خێرخـوازی و دەربڕینــی هەســتی مرۆڤایەتــی بــۆ بەرامبەرەکــەی، ئەمــەش وەکــو مێژوویــەك بــۆی ماوەتــەوە.

هــەر لــە ڕوانگــەی باوەڕبــوون بــە کــورد و خەباتــی کوردایەتــی، جارێکیــان دوای ئــەوەی هونەرمەنــد (اســعد عمــر) لەســەر ڕێکخســتنەکانی یەکێتیــی نیشــتیمانیی کوردســتان لەلایــەن ڕژێــم زیندانــی کــرا، ماوەیەکــی زۆر لەژێــر ئــازار و ئەشــکەنجەی دایــەرەی (ئەمــن) دابــوو، بــەڵام خۆشــبەختانە هیــچ دانپیانانێکــی نەبــوو، لەگــەڵ ئەوەشــدا ڕژێــم دوو ســاڵی حوکمــدا، هــەر لەگــەڵ تەواوبوونــی لــە زینــدان و ئازادکردنــی کــە گەڕایــەوە لامــان، توانیــمان (اســعد عمــر) بگەیەنینــە دیوەخانــی (ئاغــای واحیدبــەگ) و لەوێشــەوە ڕەوانــەی نــاو هێــزی پێشــمەرگە کــرا، هەروەهــا جارێکیتریــش (شــەهید نــازم محمــد) کــە لــە ڕێکخســتنە نهێنییەکانــی (یەکێتیــی نیشــتیمانیی کوردســتان) بــوو، دوای ئاشــکرا بــوو ڕژێــم هەوڵــی گرتنــی دەدا، بــەڵام توانیــمان بیگەیەنینــە دیوەخانــی (ئاغــای واحیدبــەگ)، ئەویــش لەوێــوە ڕەوانــەی

نـاو هێـزی پێشـمەرگەی (یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان)ی کـرد. سـڵاو لـە ڕۆحـی پاکـی پیـاوە چاکەکـەی خۆشـناوەتی (ئاغـای واحیدبـەگ) هیرانـی.

کاك شـێرزاد هەینـی: هەروەهـا نووسـەر و وەرگێـڕی کارامـە کاك شـێرزاد هەینـی نووسـیویەتی و دەڵێـت : (لـە ڕۆژانـی شۆڕشـی ئەیلـول (١٩٧٤ ـ ١٩٧٥)، وەك گەنجێکـی قوتابییـان و خێزانێکـی کوردپـەروەر بەشـداری شـۆڕش دەکەیـن، لـەم کاروانـە بەجۆشـە، لـەو دیـدارە نادیـار و تـژی لـە هاتووچـوون و ئاڵوگۆڕییـەکان زۆر گونـد و شـاخ و دیوەخـان و بارەگامـان بەسـەرکردەوە، بـوار نەبـوو گوندەکـەی هیـران ببینـم، تامـی هەنارەکـەی بکـەم لـە بنـاری سـەفین پشـوویەك بـدەم، وامدەزانیـش پەنجەیەکـم پێـوە نەمـاوە، دەمارێکـی دڵـم و خوێـن گیـراوە، ڕێـك نەکـەوت بچمـە ئـەو دۆڵ و هـەوارە، بچمـە ئـەو هـەوارەی مەیدانـی کوردایەتـی و پێشـمەرگە بـووە، بۆنـی شـێخانی هیـران و سـەمای سـۆزی شـێوەکانی (سـافی) پێوەیـە، بـوارم نەبـوو، بـەڵام بـۆ پەلـە بکـەم تـازە گەنجـم.

خوێندنـم تەواوکـردووە، تـازە تـۆز و غوبـاری کاروانەکـەم لـە شـان تەکانـدووە! ئیـتر ڕۆژگار مـاوە! لـە شـارەوانییەکانی هەولێـر وەك (مسـاح) دامـەزرام، گەنـج، نەخشـەم لەبەردەسـتە، شـانازم، ئیـتر موچـەم وەرگرتـووە، جاروباریـش ئوتومبیلـی حکومـی هاتووچـۆم پێـدەکات، هـەر حـەزم بـە دیـداری نەخشـە و کاروبـاری دەرەوەی شـارم دەکـرد، پـەرۆش بـووم نەخشـەی کۆیـەم لەبەردەسـت بێـت، بچمـە چۆمـان! دوو سـەفەرم کـرد، یەکەمیـان بـۆ گونـدی دەرگەڵـە بـۆ دانانـی شـوێنی قوتابخانەیـەك، دووەمیـان بـۆ دانانـی شـوێنی قوتابخانەیـەك لـە (هیـران) ڕۆژێـك لەگـەڵ پیاوێکـی بـاڵا بـەرز، نـەرم، شـیرین، جـل ناسـکی کـوردی و پشـدێن و ڕوویکـی شـیرین و جـوان لەگـەڵ شـەدە و دەنگـە بـە سـۆزەکەی هاوشـانی دەچـم بـۆ دیاریکردنـی شـوێنی قوتابخانەیـەك.

پیاوەکـە (ئاغـای واحیدبـەگ) مـن مسـاحی گەنـج و ئەویـش مقاولـی بـە پـەرۆش بـۆ دروسـتکردنی قوتابخانەکـە! بەداخـەوە پڕۆژەکـە نەکـرا، کەوتـە بـەر سانسـۆر و قەدەغـە و محـزور ئیـداری و موحەرەمـات مـن شیشـم بـۆ سـنوورەکە نەکوتـا و ئەویـش وەسـتا و کرێـکاری نەهێنـا و بـەردی سـەفینی نەکـردە دیـوار و ئـاوە ساردەکەی بـۆ ڕۆحـی ڕەقـی چیمەنتـۆ بەکارنەهێنـا و نەبـووە قوتابخانـە! ئیـتر ئـەوە بەعـس بـووە! بـەڵام مـن لـەو سـەفەرەم لـە دیوەخانـی ئـەم پیـاوە سـەوز و زەرد و سـوور و شـیرین، نانێکـم خـوارد لەگـەڵ

جۆگـەی نـاو بـاغ و سـاباتەکەی بـە دەسـتی ژنێکـی شـیرین وەك گـوڵ، بەجولـە وەك پەپولـە یەکەمجـار و هەرگیـز لـە بیـری ناکـەم برنجـی بـە سرکـەم خـوارد، نەمخواردبـوو، نەمدیتبـوو، لەسـەر جۆگەیـەك وەنـەوزم نەدابـوو، لەبـەر شـکۆی هـەوری پیاوێکـی نیـان نەسـابوومەوە! ئـەوەم دیـت، خـوارد، خەوتـم، بـەڵام قوتابخانەکـە، ئیشـەکە نەکـرا، ئـەوەی مـاوە مـن دەڵێـم: ئـەوان نەیانهێشـت، بـەڵام وا هیـران بوویتـە هـەوار و سـێبەر و خـوان و ژوان و ژیـان! مـن نەمتوانـی سـنووری قوتابخانەکـە بـۆ میـران بـەگ سـپیرێژ بکـەم! بـەڵام پـاش ئەوەنـدە سـاڵە وا هیـران گـەورە بـووە! باخچـەکان زۆرن، ئاوەدانییەکـە هەمـوو ڕەنـگ و دەنـگ و نـاوی تێکەوتـووە! هیـران بووکـی سـەیران و سـەما و سـێبەر و ساباتی پشـووە، هیـران خـاڵ و نـاو و تابلـۆی گەشـتیارییە، هیـران وەك سـافی دیوەخانـە، وەك گەرمـی و ئاوەدانـی دیوەخانـی میرانـی ئاغـای واحیدبەگـە، لـەو هیرانـە ئـەم پیـاوە یـازدە کـوڕ و دە کچـی بـۆ ژیـان و سـەفین و جوانـی ناوەتـەوە! ئاغـای واحیدبەگـی هیـران بەقـەد جۆرەکانـی هەنـار و تـرێ منداڵـی پەروەردەکـردووە کـە لـەو هـەوارە و لـە بنـاری سـەفین نـاو و دەسـت و مێشـك و دیدیـان بـەرزە. ئـەوەی بچێتـە سـەیران نەگاتـە هیـران نەچـووە! ئـەوەی نەوەکانـی ئاغـا واحیدبەگـی نەدیـووە، میـوان نەبـووە و گوێـی لـە لەتفـی شـیرینیان نەبـووە، هیـران هەمـوو پێکـەوە، جوتیـار، شـێخ، ئاغـا، هەنـار و تـرێ و ئـاو سـابات پێکـەوە بـوون بـە بەهەشـت، هـەوار، هیـوا، ژیـان. هەولێـر، (٢٠٢٣/٦/١).

دلێـر رشـاغا خورشـید میـران: بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە باسـی کەسـایەتیی ناوبـراو دەکات: ‹ مـام ئاغـا (میرانـی ئاغـا واحیـد بـگ هیرانـی) ئـەو پیـاوە باشـە، هـەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕی بێـت؛ هەرچەنـدە باسـی بکـەم تـەواو نابێـت، لـە پیاوەتـی و لـە سـەخاوەت و مەجلیـس خۆشـی و خـزم دۆسـت و قەدرگـران، لـە قسـە خۆشـەکانی، لـە خانەدانـی و زار بـە پێکەنیـن، پیاوێکـی سـاحێب قۆنـاغ و دیوەخانەکـی هـەردەم گـەرم و بـە مێـوان بـوو، خۆشەویسـتی هەمـوو کـەس بـو، فەقیـر و دەڵەمەنـد، پیـر و جاحێـل، مـام ئاغـا کـەم کـەس هەبـوو نەیناسـی، زۆر بـە دۆسـت و بـرادەر بـوو، لەبـەر ئـەوەی دڵەکـی زۆر فراوانـی هەبـوو، هەمـوو کات دڵخـۆش بـوو، سـاحێب نوکتـە و قسـەخۆش بـوو، هەمـوو مەجلیسـەکی گـەرم دەکـرد، هەرچەنـدە جیاوازیـی تەمـەن زۆر بـوو لەگـەڵ بەنـدە، بـەڵام تێکەڵاویـم زۆر بـوو لەگـەڵ ئـەو پیـاوە بـە حوکمـی خزماتـی و دۆسـتایەتیی ئـەو لەگـەڵ

باوکـم و مامـم و ئامۆزاکانـم، مـام ئاغـا خۆشەویسـتی هەموویـان بـوو.

لـە کاتـی شۆڕشـی ئەیلولـی مـەزن کـە دەسـتیی پێکـردەوە، لـە سـاڵی (١٩٧٤)ەوە بەشـداریمان لـە شـۆڕش کـرد، خـۆم و ئامـۆزای گـەورەم خـسرۆ بـەگ لەگـەڵ (٥٠) کەسـی چەکـداری خۆمـان بـەرەو هیـران بـەڕی کەوتیـن، ناچـار بوویـن لـە هیـران چـاوەڕێ بکەیـن بـۆ چەنـد هەفتەیـەك لەسـەر داوای بەڕێـز (ڕشـید سـندی) ڕەحمەتـی کـە ئـەوکات ئامـر لەشـکر بـوو لـە هیـران دادەنیشـت، داوای لـە ئێمـە کـرد چەکـدارەکان تەوزیـع بکەیـن، هەرچەنـد کەسـێك لـە جێگایەکـی دیاریکـراو، خۆشـمان مـن و خـسرەو بـەگ لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی باوەڕپێکـراو و نزیـك لـە خۆمـان چوویـن بـۆ دیوەخانـی مـام (ئاغـا واحیدبـەگ)، لـەوێ ماینـەوە بـۆ مـاوەی (٣) هەفتـە، ئـەوەی مەبەسـتمە لێـرە دەمـەوێ بیڵێـم باسـی کەرامـەت و سـەخاوەتی و پیاوەتـی مـام ئاغـا بکـەم، کـە هەتاهەتایـێ لـە بیـر ناکـەم، ئـەو خزمـەت و مێواندارییـەی لـەو زوروفـە خراپـەی ئـەوکات پێشـکەش بـە ئێمـەی کـرد و لەبـەر دڵ فراوانییەکـەی و پەیوەندییـە زۆرەکـەی، خەڵکێکـی زۆر ڕووی لـە دیوەخانەکـەی کردبـوو، جگـە لـە خۆمـان کاك فرهـاد برایمـە فەنـدی خـۆی لەگـەڵ (٩) کـەس ئەوانیـش لـەوێ بـوون، نووسـتن و خواردنمـان کـە سـێ جەمـە باشـترین خـواردن دەکـرا بەبـێ ئـەوەی مـام ئاغـا وا بـکات کـە هەسـت بـە بارگرانـی بکەیـن، تاکـو ڕۆژێـك مـن لـە خـەسرەو بەگـم پرسـی، دەبـی شـۆڕش یارمەتـی مـام ئاغـا نـەدات، ئەویـش وەکـو چاکەیـەك بـە مـام ئاغـای وت ڕەئـی چییـە ئەگـەر داوای ئازوقـە لـە شـۆڕش بکەیـن وەك یارمەتییـەك، مـام ئاغـا وتـی: نەکـەن شـتی وا بکـەن پێـم خـۆش نییـە، شـەش مانگیـش بمێنـن مـاڵ ماڵـی خۆتانـە، ئـەوە دەریدەخـات، پیاوەتـی مـام ئاغـا هـەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕی بێـت، ئێمـە پـاش چەنـد ڕۆژ ڕۆیشـتین، پـاش شـەش مانـگ، یـان حەفـت مانـگ، مـام ئاغـام لـە دەربەنـدی ڕایـات دیتـەوە. هـەزاران سـڵاو لـە ڕوحـی پاکـی ئـەو پیـاوە خۆشەویسـتە ( میرانـی ئاغـا واحیدبـەگ) بیـت، جێـگای بەهەشـتە ان شـاءالله ٢٠٢٤/٤/٢٤ ئەسـعەد عـەدۆ: «هەروەهـا نووسـیویەتی و دەڵێـت: لـە مـەودای ژیانـدا خەڵکانێـك بـە سـیما و ڕوخسـار و ڕەوشـت و هەڵسوکەوت لـە هـزردا ناسـڕێنەوە، هـەردەم لـە بۆنەکانـدا وەك فلاشـباك بـە هـزردا گـوزەر دەکـەن، ئاغـای واحیدبـەگ ئـەو جوامێـرە زێـدە قـۆزەی گەڕەکەمـان بـەو جلـە کوردەوارییـە زێـدە پاکوتەمیـز و کەشـخە و پشـدێنی تایبەتـی هـەردەم لەنێـو مەجلیسـەکاندا مەنزڵەتـی

تایبەتـی خـۆی هەبـوو، لـە هەمـوو بۆنەکانـدا بەتایبـەت لـە گـەڕی شـاییدا سـەرنجی خەڵکـی بـۆ خـۆی ڕادەکێشـا! تەسـبێحی جـوان و سـەرنج ڕاکێـش، هاوینـان دەسەسـڕیی بەپشـدێن دەهاتەخـوارێ و ئـەوەی بەنـدەی سەرمەسـت دەکـرد ئـەو شـێوەزارە (بنـزاری خۆشـناوەتی) کـە ئیقاعـی بەنێـو ئامادەبـووان بڵاودەبـووەوە، هەرچەنـدە بەنـدە بەهـۆی تەمـەن لـەو ئاسـتە نەبووبـم کـە بـەردەوام لـە نزیکـەوەی بـم، بـەڵام زۆرجـار لـە زۆر شـوێندا بـە خزمەتـی دەگەیشـتم، بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەك تێـر نەدەبـووم لـە قسـەکانی، زۆرجـار هەبـووە جیـاوازی تەمـەن ڕێـگای نـەداوم پرسـیار، یـان گفتوگـۆی لەگـەڵ بکـەم، هـەردەم بـە دیارکەوتنـی مـام ئاغـا دەلالەتـی کوردپەروەرێـك و خـاوەن دیوەخانەیەکـی کۆمەڵـگای کـوردەواری پێـوە دیـار بـوو، کـەس نەبـوو حـەز بـە نزیکـی نـەکات هێنـدە خـۆش مەحشـەر بـوو، دەم بەپێکەنیـن، زۆرن ئەوانـەی چاومـان حـەز بـە دیداریـان دەکات، بـەڵام کـوردەواری گوتەنـی مـردن بـرا گەورەیـە و گەڵـێ ئازیـزان لـە بەرچـاو ون دەکات، سـڵاو لـە سـمبوڵانی پۆشـتەکانی میللەتەکەمـان، سـڵاو بـۆ ئەوانـەی دوێنـێ کـە کۆمەڵگایـان پـێ دەناسرا کـە مـام ئاغـای واحیدبـەگ یەکێـك بـووە لـەو کەسـانە».

٤/ ٥/ ٢٠٢٥

سەرچاوە:


١ـ نعمان ماهر الكنعاني، (ضوء على شمال العراق)، طبع ٢، ١٩٦٥.

٢ـ ثامر عبدالحسن العامري، (موسوعة العشائر العراقية)، المجلد٧، طبع٢، ٢٠٠٩.

٣ـ عبدالله غفور، (التشكيلات الادارية في جنوب كردستان)، أربيل، ٢٠١٤.

٤- ضحى مجيد سعيد، مجلة الشبكة، (هيران منطقة سياحية لكل الفصول)، العدد (٤٠٨)، ٣١ تموز ٢٠٢٢.

٥ـ محمد السوری، جریدة العراق، (هیران، ناحیة الجمال والسیاحة)، العدد، ٢٠١٩، الاثنين ٢٠/ ١١ /٢٠٢٣.

٦ـ کرێکار عبدالرحمن عزیز خۆشناو، (مێژووی هۆزی خۆشناو)، ب١، چ١، ٢٠٢٤.

٧ـ نبیل عریف خدری وێنەگر، (مێژووی کەسایەتی و کاسبکاران و پیشەوەرانی هەولێر)، هەولێر، ٢٠٢٤.

٨ـ ئینسکلۆپیدیای کورد و کوردستان، ب٥، ئامادەکردنی: لێژنەیەك، ڕێکخراوی زانست بۆ باس و

توێژینـەوە، ٢٠٢٥ز.
٩ـ گۆڤـاری خـازر (کەسـایەتی دیـاری دەڤـەری خۆشـناوەتی ئاغـا واحـد بـەگ هیرانـی)، ئەیـار ئەلباشـا، ژمـارە (٢٠٠)، تەممـوزی ٢٠٢٢.
١٠- گۆڤـاری دیـوان، کـۆسرەت خۆشـناو، (شـابالّەکەی بەخشـندەیی میرانـی ئاغـا واحـد بـەگ)، ژمـارە (١٦)، ئەیلوولـی ٢٠٢٢.
١١- گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، سـانع نەبـی بەنانـی، (میرانـی ئاغـا واحیـد بـەگ هیرانـی)، ژمـارە (٥٠)، کانوونـی یەکـەم، (٢٠٢٤)، ژمـارە (٥٠).
١٢ـ داریـان خۆشـناو، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، (شـارەدێی هیـران و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد)، ژمـارە (٨٥٠٤)، یەکشـەممە ٧/ ٢٠٢١/١١.
١٣ــ ئیسـماعیل بەرزنجـی، هەفتەنامـەی گڵکەنـد، (ڕۆژی تەحەڕییەکـە)، ژمـارە (٨)، چوارشـەممە، (١٥ـ١ـ٢٠٢٥).
١٤ـ سـانع نەبـی بەنانـی، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، (میرانـی ئاغـا واحیـد بـەگ هیرانـی)، ژمـارە (٥٠)، کانوونـی یەکـەم، (٢٠٢٤)، ژمـارە (٥٠).
١٥ـ نەریـمان عەبدولسـەمەد ڕوانـدزی، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، (هیـران هاوینەهـەوارە دڵڕفێنەکـەی کوردسـتان)، ژمـارە (٩٠٧٢)، چوارشـەممە، ٢٠٢٣/١٢/٢٠.
١٦ـ عەبدولخالـق کەریـم، ڕۆژنامـەی خەبـات، (هیـران شـارەدێیەکی گەشـتیاری و سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئابـووری )، ژمـارە (٦١٨٦)، ٢٥ ـ ٨ ـ ٢٠٢١.
١٧ـ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ (مام فارس عەوڵا سمایل)، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/١٧).
١٨ـ بەرنامـەی فلاشـباگ، لەگـەل هونەرمەنـدان (عـارەب عوسـمان، عەلـی ئەحمـەد، سـەفین صالـح)، لـە سـازدانی هونەرمەنـد (زایـەر عەبدولـڵا)، لـە کەناڵـی ئاسـمانی کوردسـات.
١٩ـ دیمانەیەکـی دۆکیۆمێنتـاری تەلەفیزیۆنـی زاگـرۆس لـە شـارەدێی هیـران، لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو بەڕێـز (مـەلا ئیسـماعیل کـوڕی مـەلا عەزیـز سـافی هیرانـی)، لەلایـەن ئامادەکار و پێشکەشـکار (سـەفەر کەریـم هـاواری)، لـە ڕێکەوتـی، (٢٠١٤/١٠/١٥).
٢٠ـ چاوپێکەوتنـی نووسـەر لەگـەڵ (سـەرتیپ میرانـی ئاغـا واحیدبـەگ هیرانـی)، لـە ڕێکەوتـی (٢١ /٢٠٢٥/٦ز)، هەولێـر.

# حەبیب ئاغای سیاوی چۆن کوژرا ؟!

رەهێڵ طلعت مشیر برایم ئاغای دزەیی



گوندی سیاو

**ئەوەی (حەسەن سیساوە) لە حەیرانی حەبیب ئاغای سیاو، باسی لێوە دەکات، بەشەکی زۆری دوورە لە ڕاستی!.**

**برایم ئاغای کوڕی بایز ئاغای دزەیی، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەدایکبووە، جێبەجێکەری خەونی لەمێژینەی باوک و باپیرانی بوو بۆ دروستکردنی مەملەکەتێک بۆ دزەییان. برایم ئاغا کەسێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بوو، کەسایەتییەکی زیرەکی هەبوو.**

پیاوێکی لێزان و دیبلۆماسی و قسەکەرێکی نایاب بوو، ئەو لەناوخۆدا دروستکەری مێژوو بوو، چونکە بەدرێژایی ٣٨ ساڵدا و لە سەردەمی باوکیدا، سەرکردایەتی هێزەکانی دەکرد و بۆ دروستکردنی قەوارەیەک و سەرکەوتووش بوو لە بەجێهێنانی. برایم ئاغا، خاوەنی ١٩ ژن و ١٧ منداڵ بوو، بەشێک لە منداڵەکانی زوو مردوون، ئەوانەی بۆی ماونەوە ٣ کوڕ ٨ کچ بوون. کوڕەکانی، ناویان (حەبیب ئاغا) کوڕە گەورە، مشیر ئاغا، هاوار ئاغا، بوو.

حەبیب ئاغا کورە گەورەی برایم ئاغا بوو، ساڵی ١٨٨٢ لەدایکبووە، دایکی ناوی (گەرحە) بوو لە تیرەی (البوحەمەد)، ئەو تیرەیە، بەشێکن لە عەشیرەتی (العبیدی). برایم ئاغا لەو ١٩ ژنەی هێنابوونی، دوو ژنی عەرەبی هەبووە، ئەوانیش

پێشکەشی کراون بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و خۆپاراستن لە هێرشکردنە سەریان لەلایەن برایم ئاغا. ژنە عەرەبەکانی: (گەرحە العطشان العوبیدی) دایکی حەبیب ئاغا و مشیر ئاغا بووە، (سەکتە حمود الهاوار الطائی) دایکی هاوار ئاغا بووە.

حەبیب ئاغا، هەر لە تەمەنی پێنچ ساڵی، باوکی بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین دەینێرێتە حوجرە، دواتر مامۆستای تایبەتی بۆ دەهێنێتە ماڵەوە، بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە ئاستی مەعریفی خۆی بدات، ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێت کە دزەییەکان هەر زوو درکیان بە گرنگی خوێندن و مەعریفەت کردووە. لەپاڵ سیفاتە باشەکانی پیاوەتی و سوارچاکی و ئازایەتی، خوێندن لای دزەییەکان گرنگی خۆی هەبووە، بەشێک لە کچەکانیشیان ناردووەتە حوجرە لەگەڵ براکانیان.

**حەبیب ئاغا، هەر لە تەمەنی پێنچ ساڵی، باوکی بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین دەینێرێتە حوجرە، دواتر مامۆستای تایبەتی بۆ دەهێنێتە ماڵەوە، بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە ئاستی مەعریفی خۆی بدات**

حەبیب ئاغا گەنجێکی زۆر قۆز بووە، باڵابەرز و لەشولارێکی ڕێک و گورجوگۆڵی هەبووە. خێزانی مشیر ئاغا (مریەم خدر لەک)، کە دەکاتە زڕدایکی باوکم، بۆی باس دەکردین و دیگوت: «حەبیب ئاغا، گەنجێکی زۆر مەرد و ئازا و قۆز بوو، وەک لە کوردەواری دەڵێن، خوشکی خۆی ئاشقی دەبوو». لە کاتی لاویدا خولیای وەرزش بووە، ئەوکاتی سوارچاکی باوی هەبوو، ئەو سوارچاکەکی زۆر لێهاتبووە و هانی گەنجانی داوە وەرزش بکەن، بەهاران دەچوون لە گۆڕەپانی کۆنە قەڵای مەخموور، لەوێ پێشبڕکێ و چەندین یاری دیکە، وەکو (سێبازی، یەکبازی، تۆپی دەست)یان دەکرد.

حەبیـب ئاغـا، هەمیشـە پـەرەی بـە بەهرەکـەی خـۆی داوە و لـە چەندیـن پێشـبڕکی لەگـەڵ سـوارچاکانی عـەرەب و عوسـمانییەکاندا، بەشـداری پاڵەوانییەکانـی کـردووە و لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە، پلـەی یەکەمـی بەدەسـتهێناوە. هـاوکات، خـاوەن کەسـایەتییەکی بەهێـز و ژیـر بـووە، خۆشەویسـت بـووە لەنـاو خەڵـک، لـە سـەرکردایەتی شـەڕەکانی دژ بـە عوسـمانییەکان هـەردەم باڵادەسـت بـووە، دیـارە ئـەو بەهرانـەی لـە باوکـی بـۆ ماوەتـەوە، کوردپـەروەر بـووە و بەرهەڵسـتی عوسـمانییەکانی کـردووە و وەک داگیرکـەر مامەڵـەی لەگـەڵ کـردوون، بۆیـە عوسـمانییەکان بـە مەترسـییان دەزانـی بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانیـان، ئـەوەش وایکـرد فەرمانـی دەسگیرکردنی بـۆ دەرکـەن و لـە ساڵی ١٩١٤ بۆ مـاوەی دوو سـاڵ لـە بەندیخانـەی موسـڵ بەنـد بکرێـت.

لـەو کاتـەی حەبیـب ئاغـا لـە بەندیخانـە دەبێـت، نەهاتـی و قاتوقـڕی بەسـەر ناوچەکـە دادێـت، زۆر کۆمەکـی خەڵکەکـە و ئەوانـەی لەگەڵـی لـە بەندیخانەکـە دەبـن، کـردووە. خـواردن و جلوبەرگیـان بۆ دابیـن دەکات، ئـەوەش پێماندەڵـێ ئـەو کەڵـە پیـاوە، خـاوەن دڵێکـی گـەورە و بەسـۆز بـووە. دوای ئـەوەی لـە بەندیخانـەش بەردەبێـت، ناگەڕێتـەوە مەخمـوور، دەچێتـە گونـدی سـیاو، لـەوێ قەڵایـەک بـۆ خـۆی دروسـتدەکات و هـەر لەوێـش دەمێنێتـەوە. مـن بـۆ خـۆم خانـووی حەبیـب ئاغـام بینیـوە، پێیاندەگـوت (قەراتـی سـیاو). خانووەکـە لە چەندیـن ژووری گـەورە پێکهاتبـوو، حەوشـەکی گـەورەی هەبـوو، لـە لای خـوارەوە، دیوەخانێکـی گـەورەی هەبـوو،

**حەبیب ئاغا، هەمیشە پەرەی بە بەهرەکەی خۆی داوە و لە چەندین پێشبڕکی لەگەڵ سوارچاکانی عەرەب و عوسمانییەکاندا، بەشداری پاڵەوانییەکانی کردووە و لەسەر ئاستی ناوچەکە، پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. هاوکات، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و ژیر بووە، خۆشەویست بووە لەناو خەڵك، لە سەرکردایەتی شەڕەکانی دژ بە عوسمانییەکان هەردەم باڵادەست بووە،**

لـە لای دەرەوە سـەکۆی هەبـوو، خانووەکـە بـە خشـت دروسـتکرابوو، دیوارەکانـی زۆر پـان و بەریـن بـوون، حەمـام و ناندینـی لـێ دروسـتکرابوو. تـا سـاڵی ١٩٨٩ ئـەو قەڵاتـە مابـوو، بـەڵام دواتـر لـە لایـەن ڕژێمـی بەعـس، گونـدی سـیاو و قەڵاتـی سـیاو کـە خانـووی حەبیـب ئاغـا بـوو، دواتـر بـۆ مشـیر ئاغـا مابـوو، لـەدوای ئەویـش بـۆ طەلعـەت ئاغـای کـوڕی مشـیر ئاغـا مابـووەوە، تەختکـران و خەڵکەکـەی دەربەدەرکـران، بـەڵام ئێسـتا سـەرلەنوێ گوندەکـە ئاوەدانکراوەتـەوە، بـەڵام قەڵاتـی سـیاو تەنیـا شـوێنەواری مـاوە.

ئۆمـەر دزەیـی، لـە کتێبـی (لـە دووگردکانـەوە بـۆ بنـی دونیا) دەڵـێ:- «هـەر کەسـێ شـەڕکەرێکی چـاک، شۆڕەسـوارێکی لێهاتـوو و تفەنگچـی یـان شمشـێر وەشـێنێکی نموونەیـی بـووا، ئـەوە نـاوی دەردەکـرد، هـەم لەنـاو عەشرەتـی خـۆی هـەم لەلایـەن یـار و نەیاریشـەوە، ڕێـز و ئافەریـن و دەستخۆشـانەی بـۆ دەهـات و بەندبێـژ و لاوکبێـژەکان بەنـد و بەیتیـان پێـدا هەڵدەگوتـن». حەبیـب ئاغا بـەو تەمەنـە کەمـەی، کـە لـە تەمەنـی ٣٥ سـاڵی کـوژراوە، توانیویەتـی ناوبانگێکـی وا بـۆ خـۆی دروسـتبکات کـە تـا ئێسـتاش بـاس لـە پیاوەتـی و ئازایەتـی و دڵسـۆزی بـۆ خـاک و گەلەکـەی دەکرێـت، حەیرانبێـژەکان بـە دەنگـە بەسـۆزەکانیان، بەسـەرهاتی ژیانـی و کوشـتنی بـە غـەدری (حەبیـب ئاغا)مـان بـۆ دەگێرنـەوە:

**«ئەوڕۆ ئێوارێ لە دەوربەری گردلانکەی لە بەینی قازیخانە و باشتەپە**
**جوملەی ڕەئیسان دادەنیشن، تەگبیریان دەکرد لۆ کوشتنی حەبیب ئاغای سیاوی**
**مێردی مەیدانێ، شێرێکی مل بە زنجیرە، چ ڕێناچێ لۆ کوشتنی**
**شێمحەمەد دیگۆت فارس کاکی من، تەگبیری کوشتنی حەبیبی دەزانم».**

حەیرانبێـژ (حەسـەن سیسـاوە) حەیرانـی حەبیـب ئاغـای چڕیـوە، بـەڵام ئـەو ڕووداوانـەی باسـی دەکاتـن، بەشـەکی زۆری دوورە لـە ڕاسـتی! مـن باسـم لـە دروسـتی کوشـتنی حەبیـب ئاغـا کـردووە. کاتێـك کـە مشـیری بـرای هەندێـک گـەورە دەبێـت، حەبیـب ئاغـا سـیاو بـۆ ئـەو بەجێدەهێلێـت و دەچێتـە هێلـەوە. لـەو کاتـەدا هەنـدێ کێشـە لەسـەر توخـوب لەگـەڵ بەرەبابـی فـارس ئاغـا دروسـت دەبێـت، چونکـە ئاقـاری بنەماڵـەی بایـز ئاغـا و فـارس ئاغـا لەسـەریەکترن، بـەڵام ناگاتـە ئـەو ئاسـتەی کوشـتار دروسـت ببێـت، بـەڵام لەسـەر کێشـەکی کۆمەڵایەتـی دیکـە کـە لـە گونـدی سـیاو

ڕوودەدات، پیاوێکـی خەڵکـی گونـدی سـیاو، ژنێـک لـە هەمـان گونـد هەڵدەگرێـت و دەیبـات بـۆ گونـدی شـێخ شـێروان و خۆیـان دەخیلـی (حاجـی عەلـۆ) دەکـەن، ئـەو گونـدەش (شـێخ شـێروان) تەنیـا سـێ کیلۆمەتـر لـە گونـدی سـیاو دوورە.

ئـەم ڕووداوە، خەڵکـی سـیاو قبووڵـی ناکـەن، پیـاوەکان و سـوارچاکەکانی مشـیر ئاغـا، بەسـەر گونـدی شێخ شـێروان دادەدەن، پیاوەکانـی مشـیر ئاغـا، کابـرای ژنهەڵگر کـە لەسـەر پەرێـزێ دەبیـتن، تەقـەی لێدەکـەن و دەیکـوژن، کاتـێ (حاجـی عەلـۆ) پێـی دەزانـی، ئەویـش سـواری ئەسـپەکەی دەبێـت و بەدوایـان دەکەوێـت و تەقەیـان لێـدەکات، زۆر هەوڵـی لەگـەڵ دەدەن کـە وازبێنێـت و کێشـەکە لێـرە کۆتایـی بێت، هـەر وازناهێنێت و ئەوانیـش تەقـەی لێدەکـەن و دەکـوژرێ.

ئەم ڕووداوە، خەڵکی سیاو قبووڵی ناکەن، پیاوەکان و سوارچاکەکانی مشیر ئاغا، بەسەر گوندی شێخ شێروان دادەدەن، پیاوەکانی مشیر ئاغا، کابرای ژنهەڵگر کە لەسەر پەرێزێ دەبیتن، تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن،

مشـیر ئاغـا کـە هەواڵـی کوشـتنی حاجـی عەلـۆی پێدەگەیـنـن، زۆر تـوڕە و غەمبـار دەبـێ بـەڵام تـازە کارلـەکار ترازابـوو، کێشـەکانی نێـوان بەرەبابـی فـارس ئاغـا و بەرەبابـی بایـز ئاغـا پـەرەی سـەند و بـەدوای تۆڵەکـردن دەگـەڕان. بەرەبابـی فـارس ئاغا، کەسـێک بـە نـاوی (ئەحمـەد بەگـی کـوڕی حەوێـز ئاغا) دەکـوژن لـە تۆڵـەی حاجـی عەلـۆ، بـەڵام هێشـتا واز لـە تۆڵـە ناهێنـن، دوای ئـەوە بـە مەبەسـتی ئاشـتەوای، سـەرۆکی هەرچـوار بەربابـی دزەییـان: (برایـم بایزئاغـا) سـەرۆکی بەرەبابـی بایـز ئاغـا، (حاجـی پیـرداود ئاغـا) سـەرۆکی بەرەبابـی فـارس ئاغـا، (ئەحمـەد پاشـا) سـەرۆکی بەرەبابـی پاشـا، (مەحمـود کاکەخـان) سـەرۆکی بەرەبابـی کاکەخـان، لـە

هەولێـر لـە ماڵـی (حەسـەنی سـاڵحە سـۆری چاوشـلی) کۆدەبنـەوە، بـەڵام کۆبوونەوەکـە هیـچ ئەنجامێکـی ئەرێنـی نەبـوو، چونکـە ماڵـی فـارس ئاغـا و ئامۆزاکانـی حاجـی عەلـۆ داوای تۆڵەیـان دەکـرد.

هــەر لەکاتــی کۆبوونەوەکەشــدا، بنەماڵــەی (فــارس ئاغـا) سـی سـوارچاکیان ڕەوانـەی مەخمـوور کردبـوو بـۆ ئـەوەی تاڵانـی بکـەن، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبووبـوون و ڕێگریـان لێکرابـوو لەلایـەن پیاوەکانـی برایـم ئاغـا، بۆیـە گەڕابوونـەوە بـۆ گونـدی (گردعازەبـان)، کەوا گونـدی ماڵی فـارس ئاغایـە، لـە ڕێگا لەسـەر کانـی (چـارداغ) ئـەو کانییە دەکەوێتـە نێـوان دۆڵەکانـی زورگـەزراو، ئـەوکاتی ڕێـگای هاتووچـۆی عوسـمانییەکان بـووە و لەهەمـان کاتیشـدا شـوێنەک بـووە بـۆ پشـوودان و قۆناغـی کاروانچییـەکان، ئاوێکـی سـازگاری هەیـە، ئـەم شـوێنە ناوەڕاسـتی ڕێـگای هەولێـر و مەخمـوورە و سـەر بـە ئاقـاری هێلەوەیـە. سـوارچاکەکانی بەرەبابـی فـارس ئاغـا لـەوێ پشـوودەدەن و خۆیـان ئامادە دەکەنـەوە و دەڵێـن ئێمـە لـە مەخمـوور هیچـمان بـە هیـچ نەکـرد، بـا لـە گونـدی حەبیـب ئاغـا شـتێک بـە شـتیک بکەیـن! حەبیـب ئاغـاش لـەدوای بەربوونـی لـە بەندیخانـە، دەگەڕێتـەوە گونـدی هێلـەوە و لـەوێ خەریکـی کشـتوکاڵ و مەڕومـاڵات بەخێوکـردن و ژیانـی خـۆی دەبێـت.

**کانی (چارداغ) ئەو کانییە دەکەوێتە نێوان دۆڵەکانی زورگەزراو، ئەوکاتی ڕێگای هاتووچۆی عوسمانییەکان بووە و لەهەمان کاتیشدا شوێنەك بووە بۆ پشوودان و قۆناغی کاروانچییەکان، ئاوێکی سازگاری هەیە، ئەم شوێنە ناوەڕاستی ڕێگای هەولێر و مەخموورە و سەر بە ئاقاری هێلەوەیە.**

هــەر لــەوێ و ڕاسـتەوخۆ دەسـت بـە تەقەکـردن دەکـەن بەسـەر ئاوایـی هێلـەوە، لـە لایەکـی دیکـە (عەلی بـەگ) ئامـۆزای (حاجـی عەلـۆ) بۆسـەیەکی لـە چەنـد سـوارچاکێک لـە نزیـک کەنـدی باقـر ئامـادە کردبـوو. ئـەم

کـردارەی چەکدارەکانـی ماڵـی فـارس ئاغـا، حەبیـب ئاغـای ناچـاردەکات بەرهەڵسـتیان بـکات و بەوجـۆرە چەکدارەکانـی بـەرەو چـارداغ و زورگـەزراو دەنێرێـت و لـەوێ ئـەوان تووشـی شـەڕ دەبـن، لـە لایەکـی دیکـەوە حەبیـب ئاغـا بـە خـۆی و چەکدارەکانـی بـۆ سـەنگەرگرتن بـەرەو کەنـدی باقـرت و شیوەسـوور دەچـن بـۆ ئـەوەی ڕێـگا لـە چەکدارەکانـی ماڵـی فـارس ئاغـا بگـرن، بێئـاگا لـەوەی کـە بۆسـەیان بـۆ دانـدراوە و لـەوێ دەکەونـە نـاو بۆسـەکە و حەبیـب ئاغـا لەگـەڵ چەنـد چەکدارێکـی هـەر لـەوێ دەکوژرێـن (ئێسـتاش شـوێنەکە بـە شـوێنی حەبـی کـوژ نـاسراوە)، لـە لایەکـەی دیکەوەش باشـترین پیـاو و دەستەڕاسـتی حەبیـب ئاغـا بـە نـاوی (مسـتەفا خـدر وسـوو) دەکوژرێـت (لـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکە و حەیرانـەکان، غەدرێکـی زۆر لـە مسـتەفا خـدر وسـوو دەکرێـت و بـە خائیـن و خۆفـرۆش نـاوی دەبـەن، ڕاسـتییەکەی پێچەوانەیـە، مسـتەفا دڵسـۆز و دەستەڕاسـتی حەبیـب ئاغـا بـوو و لـە شـەڕەکە پێـش حەبیـب ئاغـا کـوژراوە).

ئەوانـەی لـەم ڕووداوە کـوژران، ئەمانـە بـوون: حەبیـب ئاغـای کـوڕی برایـم ئاغـای دزەیـی، عەلـی خەیـار، عەلـی زەیتـون، مسـتەفا خـدر وسـووی، فەقـێ حسـێن. سـەرۆکی بنەماڵـەکان هێشـتان هـەر لـە هەولێـر بـوون و کۆبوونەوەکەیـان تـەواو نەکردبـوو، هەواڵـی کوشـتنی حەبیـب ئاغـا بـە برایـم ئاغـا دەگەیێنـن. برایـم ئاغـا کۆبوونەوەکـە بەجێدەهێڵـی و بـەرەو مەخمـوور دەڕوات و مـان دەگرێـت، دەڵـی: ناچـم بـۆ دیوەخـان تـا تۆڵـەی حەبیـب نەکرێتـەوە. براکانـی و خزمەکانـی تـکای لێدەکـەن کـە بچێتـەوە دیوەخـان و هـەر کەسێک ئـەو بـە شـایەنی ئـەوەی بزانێـت کـە تۆڵـەی خوینـی حەبیـب ئاغـای پـێ بکرێتـەوە، بـا دەستنیشـانی بـکات و ئـەوان جێبەجێیدەکـەن و بـە زوتریـن کات دەیکـوژن.

برایـم ئاغـا (حاجـی عەزیـز) دەستنیشـان دەکات و دەڵـێ تەنیـا خوێنـی حاجـی عەزیـز بـە بـەر خوێنـی حەبیبـی دەکەوێـت، بـەڵام ئـەو کاتـە حاجـی عەزیـز لـە موسـڵ لـە لایـەن عوسـمانییەکانەوە بەندکرابـوو. بـۆ ئەنجامدانـی ئەرکەکەیـان هـەر یـەک لـە (حەمەدەمیـن بایـز ئاغـا) و (خورشـید بایـز ئاغـا) و (حسـێنی مـەلای) و (ڕەشـیدی حەوێـز ئاغـا)، پارەکـی زۆریـان کۆکـردەوە و بـەرەو شـاری موسـڵ بەڕێکەوتـن، لـەوێ لـە ڕێـگای بنەماڵـەی (نجێفـی) و (سـابوونچی) کـە لـە کۆنـەوە پەیوەندیـان لەگـەڵ بنەماڵـەی

بایـز ئاغـای هەبـوو، کەسـێکی باڵادەسـتی عوسـمانییەکانیان دەدۆزنـەوە بـە بەخشـینی پارەیەکـی زۆر، توانیـان وابکـەن حاجـی عەزیـز لـە بەندیخانـەی موسـڵ بگوازنـەوە بـۆ بەندیخانـەی کەرکـووک، بـۆ ئـەوەی دەرفەتیـان بـۆ برەخسـێ و لەڕێـگادا بیکـوژن.

ئەوەبـوو لـە نزیـک گونـدی سـێکانیان تووشـی حاجـی عەزیـز دەبـن! هەرکـە حاجـی عەزیـز دەیانبینـێ دەزانـی بـۆ کوشـتنی ئـەو هاتـوون، داوای چـەک لـە جەندرمـەکان دەکات تاکـو بەرگـری لـە خـۆی بـکات، بـەڵام جەندرمـەکان چەکـی پێنـادەن و هـەر لـەوێ حاجـی عەزیـز دەکوژرێـت.

حەبیـب ئاغـا، لـە مـاوەی ژیانیـدا، هاوسـەرگیری لەگـەڵ کچـی مامـی (ئەحمـەد) کردبـوو بـە نـاوی (هەمینـە سـوور)، لـە دوای خـۆی کچێـک بەجێدەهێڵێـت بـە نـاوی (نەخشـین)، بـە داخـەوە ئەویـش لـە تەمەنـی ١٨ سـاڵی بـە نەخۆشـی دەمرێـت. (حەبیب ئاغـا) سـاڵی ١٩١٧ و لـە تەمەنـی ٣٥ سـاڵیدا دەکوژرێـت. تەرمەکەیـشی لـە پشـت (گـردی پیـرداود) کـە قەبرسـتانی ماڵـی بایزییـە، شـاردراوەتەوە و حەبیـب و مشـیری بـرای لـە تەنیشـت یەکـتری نێـژراون.

ماوەتـەوە کـە بڵێیـن: تـەواوی ئـەو ڕووداوانـە لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا دروسـتبووە، هۆکارەکـەشی ئـەوە بـووە کـە عوسـمانی هەمیشـە هەوڵیـان داوە کێشـە و ناکۆکـی لەنێـوان بنەماڵـەکان دروسـتبکەن بـۆ ئـەوەی نەپڕژێنـە سـەر ئـەوان و دژایەتیـان بکـەن، ئـەوەش وای کـرد کەڵـە پیـاوی زۆر گـەورە لەدەسـتبدەین، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی ئینگلیـزەکان، بارودۆخەکـە هێورتـر دەبێتـەوە و ئـەو کێشـانە لەناودەچـن یـان زۆر کـەم دەبنـەوە، ئێسـتا ئـەو دوو بنەماڵـە و بنەماڵەکانـی دیکـەی دزەییـان، پەیوەندییەکـی زۆربـاش و پتـەو لەنێوانیانـدا هەیـە.

# بەڵگەنامەی کچە پاکیزەکانی ئەنفال

## لە نێوان تەزویر و حەقیقەتدا

عەبدوڵڵا کەریم مەحموود



بسم الله الرحمن الرحيم

( سري وعلى الفور )

مديرية مخابرات محافظة التاميم

العدد/ ١٦٠١

التاريخ / ١٢/١٠/ ١٩٨٩

الى / مديرية المخابرات العامة

الموضوع / اجراءت

بعد الايعاز المباشر من لدن القياده السياسيه موقيامنا بعمليات الأنفال الاولى والثانية والتي تم فيها حجز مجاميع مختلفة من الأشخاص ومن تلك المجاميع مجموعة من الفتيات التي تتراوح اعمارهن بين ( ١٤ الى ٢٩ ) سنه وقد قمنا وحسب أوامركم بأرسال مجموعة من تلك الفتيات الى ملاهي والنوادي الليلية لجمهورية مصر العربية وحسب طلبهم مؤالبكم طياً قائمة بأسماء تلك الفتيات مع عمر كل واحدة منهن للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

الاسماء

كلاويز عادل رحيم
جيمن نازم عباس
ليلى عباس جوهر
لميعة ناظم عمر
بيمان بكر مصطفى
خراسان عبدالله توفيق
قدرية احمد ابراهيم
كولبلك ابراهيم علي
خوله احمد
عصمت قادر فخرالدين
نجيبة حسن علي
حسيبة امين حمزه
بلبهر حسن علي

العمر

١٢
٣٣
٢١
١٩
١٦
٣٠
١٧
١٩
٢٥
٢٤
١٨
٢٩
٣٠

التوقيع
مديرية مخابرات محافظة التاميم
٢٠ / ١٢ / ١٩٨٩

**پێشەکی:**

لە ساڵی ٢٠٠٣ لە سەر کچە پاکیزەکانم نووسی، بە ڕۆح و دڵ و گیان، بە جۆرێک تێکەڵ بە تراژیدیاکە بووم. هەمووو ناخم و هەست و ویژدانم پڕ بوو لە گریان، نەمدەزانی خەڵکی کوێن، کەسوکاریان ماوە یا نەماوە؟ بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بە چ زمانێک، بە چ پێوەرێک، بە چ شێوەیەک، لەسەر ئەم بوارە قورس و دژوار و مەرگەساتەی خوشکەکانم بنووسم. وشە و ڕستەکانم لەگەڵ فرمێسکەکانم تێکەڵ دەبوون، دوودڵ بووم لە بڵاکردنەوەی، بەڵام ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەوانی و ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و عەشقم بۆ بە دۆکیومێنتکردنی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدی



# نهێنیی کچە پاکیزەییەکانی ئەنفالی دوای ئەنفال

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

گەلەکەم، بە جۆرێک تراژیدیاکە مێشکی داگیرکردبووم، لە هیچ کاردانەوەیەکی دژ بە نووسینەکەم سڵم نەدەکردەوە. خۆم خەڵکی گوندی هەزارکانی ڕەباتی سەنگاوم، خەڵکی گوندەکەی خۆم و سەنگاوەکەم ، بە هەمان چارەنووس براون، سەراپا گەرمیانەکەم نوقمی تراژیدیا و ئەنفالە، بۆیە دەموت: ئەمە ئەرکی سەرشانمە و شەرەفی پیشەکەمە، هەر دەبێت جێبەجێی بکەم. ڕووبەڕووی چی دەبمەوە، با ببمەوە. گەر کەسوکاری پاکیزەییەکانیش بە هەڵە لێم تێبگەن، هەڵسوکەوتی نەشیاوم بەرامبەر بکەن، هەر دەبێت نووسینەکە و دۆکیومێنتەکە بڵاوبکەمەوە. لە کاتی نووسینەکەمدا فرمێسک بە چاوەکانمدا دەهاتە خوارەوە، هەموویانم بە کەسە هەرە نزیکەکانی خۆم دەزانی. دەمزانی هەر تەنها ئەم ١٨ کچە پاکیزەییەنین، کە بەو دەردە برابن، بەڵکو هەموو کچانی گەرمیانەکەم و نیشتمانەکەمە. لە (سەقەڵای کفری)یەوە، تا دوا سنووری (زاخۆ) بەم

**گەر کەس و کاری پاکیزەییەکانیش بە هەڵە لێم تێ بگەن، هەڵسوکەوتی نەشیاوم بەرانبەر بکەن، هەر دەبێت نووسینەکە و دۆکیومێنتەکە بڵاوبکەمەوە. لەکاتی نوسینەکەمدا فرمێسك بە چاوەکانمدا دەهاتە خوارەوە،**

مەرگەساتانە براون. دەمزانی لەدوای ڕاپەرین، کە کەرکوک ئازاد کرا، چەند کەسی دیکە ئەم بەڵگەنامەی دیوە، بەڵام بە هۆکاری جودا جوداوە خۆیان لە قەرەی نەداوە، چونکە نووسین لەسەر ئەم بەڵگەنامەیە کاریکی یەکجار قورسە. کەسانێك باجی ماندوبوونەکەم بەوە دەدەنەوە، کە ئازاری ڕۆحم دەدەن، هەڕەشەم لێ دەکەن، قسەی نەشیاوم پێ دەڵێن، سکاڵام لەسەر تۆمار دەکەن، ڕووبەڕووی دادگام دەکەنەوە.

**دەروازە:**

لە ٢٤/ ٦/ ٢٠٠٣ بۆ یەکەمجار بەڵگەنامەی (ژ١٦٠١)م، لە چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆ بە ناوی (کچە پاکیزەکانی ئەنفالی، دوای ئەنفال) لە ژمارە (٣١٠٠) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێم بڵاوکردەوە. ئاماژەم بەو (١٨) کچە ئەنفالکراوەی کورد کردووە، کە لە موخابەراتی کەرکوکەوە گوێزراونەتەوە بۆ موخابەراتی گشتی بەغداد، لەوێوە ڕەوانەی وڵاتی (میسر)کراون. ئەم هەواڵە دنیای ناوەوە و دەرەوەی هەژاند. ئەو نووسینەشم بۆیە بڵاوکردەوە، چونکە کارەکە لەنێوان موخابەراتی (عیراق) و(میسر)دا ئەنجام دراوە، بۆیە دوامکرد بەنهێنی بەدواداچوونی بۆ بکرێت. بۆ ئەوی گەر یەکێک لە کچەکان بدۆزینەوە، ئەوا دەتوانین بە دنیای دەرەوە بسەلمێنین (میسر) و وڵاتانی عەرەبیش ڕۆڵیان لە ئەنفالدا هەبووە. بەمەش دەتوانین پرسی ئەنفال لە ئاستێکی لۆکاڵییەوە بگوازینەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر و نێوەندە جیهانییەکانی تایبەت بە جینۆسایدی لێ ئاگاداربکەینەوە، بەڵام بەداخەوە دوای بڵاوکردنەوەی بابەتەکەم هەریەك، لە (فەرمان عەلی) پەیامنێری تی ڤی زاگرۆس و دکتۆر (ڕوشدی جاف) ئەم دۆکیومێنتەیان بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی خۆیان، لە دوو نمایشی جیاوازدا بەکارهێنا، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بووە هۆی بە لاڕێبردن و ناشیرینکردنی کەیسەکە. هەروەها سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش، هەر لە سەرەتاوە دژی ئەم بەڵگەنامەیە وەستانەوە. دیاربوو پرسیان بە (حوسنی موبارەک) ی سەرۆکی میسر و (سۆزان)ی هاوسەریی و(عەمرو موسا)ی سەرۆکی جامیعەی وڵاتە عەرەبییەکان کردبوو: ئایا ئەو کچە کوردانەی، کە لە ئەنفالدا، لە تۆپزاوە و دبس، جیاکرانەوە، لای ئێوەیە؟ ئەوانیش پێیان وتن: ئەو بەڵگەنامەیە هیچ بنەمایەکی نییە و تەزویرە.

دیارە وەڵامەکەی وڵاتی میسر هاوکات بوو لەگەڵ ئەو پرسیارەی، کە لە هۆڵی

دادگای تاوانبارانی عێراق، لە (عەلی حەسەن مەجید) کرا لەبارەی چارەنووسی کچانی ئەنفالکراوی کورد و بەتایبەتی ئەو بەڵگەیەی، کە باسی بردنیان بۆ وڵاتی میسر دەکات، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی: ئەو بەڵگەنامەیە تەزویرە!

بەو بەهانانە (میسر) و (عەلی حەسەن مەجید) چارەنووسی بەڵگەنامەکەیان بەرەو نادیار برد، بەڵام من وەک ئەخلاقی توێژەری ئەنفال و کاری ڕۆژنامەوانی، سڵم لە هیچ ئازار و سزایەک نەکردەوە، بەردەوام بووم لەسەر بەدواداچوون و نووسینی زیاتر، لە گۆڤاری (لڤین)دا وەڵامی هەموو بەهانەکانیانم دایەوە.

دوای چەند ساڵێك لە بێدەنگکردنی ئەو کەیسە، جارێکی دیکە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٣ ئەو پرسە لە درامای (النیران والصدیقة)ی کەناڵی ئاسمانی ( MBC drama) زیندووکرایەوە، کە لە زنجیرەی پێنجەمیدا لەسەر زمانی ئەکتەرەکان باسی ئەو ١٨ پاکیزەیەی کردووە. بەمەش جارێکی تر هەژانێکی دیکەی میدیایی، لەبارەی چارەنووسیان دروست بوویەوە و دەیان پرسیاری بێ وەڵام سەری هەڵدا. باشە گەر ئەم بەڵگەنامەیە تەزویرە! باشە ئەم سیناریۆنووس و درامایە بە چ مەبەست و مەرامێك و چۆن چۆنی، باس لەو کەیسە دەکەن؟

باشە بۆ ئێمە، بەتایبەتی ڕاگەیاندکار و سیاسیەکانمان بەهەمان زمانی نەیاران دەدوێن و دەڵێن: ئەو بەڵگەیە تەزویرە! فەرموو خۆتان بڕۆن ببینن، کە چۆن لەم درامایەدا بەو ڕاشکاویەوە باسی دەکەن؟!




**نووسەر لەگەڵ ڕوفاتی ئەنفال**

**بینینی کەسوکاری ١٨ کچە پاکیزەکان:**

دوای هەفتەیەک لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکەم، کاتژمێر ٢:٣٠ ی ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/١٨ کەسوکاری ئەو کچانە، کە لە (کفری) و (نەوجول) و (دوزخورماتوو) هاتبوون لەماڵەوە سەردانیانکردم. لەو دانیشتنەدا، بەڕەزامەندی خۆیان زانیاری وردم لەو بەڕێزانە وەرگرت و نووسینێکی دیکەم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکردەوە، بەناوی (کەسوکاری کچە کوردە ئەنفالەکانی میسر، داوای چارەنوسی کچەکانیان دەکەن) بەم نووسینە جارێکی دیکە بووە جێگەی باسوخواسی میدیای ناوخۆ و دەرەوە و مشتومڕی حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتییە جیاجیاکانی لەسەر ئەو پرسە لێکەوتەوە. بۆ زانیاریش، هەردوو بابەتی (کچە پاکیزەییەکانی ئەنفالی دوای ئەنفال)، (کەسوکاری کچە کوردە ئەنفالەکانی میسر، داوای چارەنوسی کچەکانیان دەکەن) لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە ( ) بە زمانی عەرەبی و لە بەرگی دووەمی کتێبی (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفالدا) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاوکراوەتەوە.

گەر بەوردی بڕوانینە ئەم لێکۆڵینەوە و دۆکیومێنتی ژمارە (١٤٦٧) ، (١٧٢٥) ، (٩٦) لە بەرگی سێیەمی (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفاڵ) دامناوە هەموو ئەو داکۆکییە بۆشانە بەتاڵ دەکاتەوە، کە ئەوان بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەڵێن تەزویرە.

**مێژووی بەڵگەنامەکە و سەرەتای کەیسەکە:**

لە بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٠١) کە مێژووی ١٠ / ١٢ / ١٩٨٩ بەسەروەیە و لە (بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی تەئمیم)ەوە نێردراوە بۆ (بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی گشتی - عێراق لە بەغداد)، بە نهێنی و خێرا بۆ کاری پێویست بەرز کراوەتەوە.

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

نهێنی و خێرا

ژمارە ١٦٠١

بەروار ١٠/ ١٢/ ١٩٨٩

بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی پارێزگای تەئمیم

بۆ بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی گشتی

بابەت / کاری پێویست

دوای ئاگادارکردنــەوەی ڕاســتەوخۆ لەلایــەن ســەرکردایەتی سیاســی، دوای ئەنجامدانــی ئەنفالــی، یەکــەم و دووەم لــە کۆمەڵــە جیاجیانــەی کــە لامــان دەستبەســەرن، لەنــاو ئــەو کۆمەڵانــەدا، کۆمەڵێــک لــە کچــان کــە تەمەنیــان لەنێــوان ١٤ بــۆ ٢٩ ســاڵدان، بەپێــی جێبەجێکردنــی فەرمانەکانتــان ئــەو کۆمەڵــە کچەمــان نــارد بــۆ مەلاهــی و نادیــی شــەوانی کۆمــاری میــسری عەرەبــی ، لەســەر داواکاریتــان، ئەمــەش لیســتێک لــە نــاوی ئــەو کچانەیــە، تەمەنــی هــەر یەکەیــان تۆمارکــراوە، بفەرمــون بــۆ زانیاریــی زیاتــر لەگــەڵ ڕێــزدا.

١- گەلاوێژ عادل ڕەحیم ١٧ ساڵ
٢- چیمەن نازم عەباس ٢٣ ساڵ
٣- لەیلا عەباس جەوهەر ٢١ ساڵ
٤-لەمیعە نازم عومەر ١٩ساڵ
٥-پەیمان شوکر مستەفا ١٦ساڵ
٦- خۆراسان عەبدوڵلا تۆفیق ٢٠ساڵ
٧- قەدریە ئەحمەد ئیبراهیم ١٧ساڵ
٨- گوڵیک ئەحمەد ئیبراهیم ١٩ساڵ
٩- خولە ئەحمەد فەخرەدین ٢٥ساڵ
١٠-عیسمەت قادر عەزیز ٢٤ ساڵ
١١- نەجیبە حەسەن عەلی ١٨ساڵ
١٢ –حەسیبە ئەیمەن هەمزە ٢٩ساڵ
١٣- شلێر حەسەن عەلی ٢٠ساڵ
١٤- شوکریە ڕۆستەم محەمەد ٢٧ساڵ
١٥- حەسیبە هیدایەت ئیبراهیم ١٥ساڵ
١٦-کوێستان عەباس مەولود ٢٦ساڵ
١٧- سروە عەباس کەریم ١٧ساڵ
١٨- سۆزە مەجید کەریم ٢٩ساڵ

**بۆچوونی کەسوکاری کچەکان:**

یەکێك لە خزمانی کچە پاکیزەکانی ئەنفال، کە ناوی (عەبدولخالق)ە کە لە سیمایدا خەمێکی قوڵ دەبینرا، ئاماژەی بەوە کرد: سەعات ٦ی ئێوارە بوو لە بارەگای حزبی شیوعی کوردستان لە دوزخورماتوو دانیشتبووم، لەو کاتەدا کەمال حەسەن (کوردستانی نوێ)ی بۆ هێنام، بەڵگەنامەکە و نووسینێکی تیابڵاوکرابووە. بە ناوی (نهێنی کچە پاکیزەکانی ئەنفالی دوای ئەنفال). ڕووم کردە بازاڕ نموونەیەکم لە فۆتۆکۆپی ئەو لاپەڕەیە

**ڕووم کردە بازاڕ نموونەیەکم لە فۆتۆکۆپی ئەو لاپەڕەیە دەست کەوت لەناو لیستی کچە پاکیزەکانا ناوی (عیسمەت قادر عەزیز)ی خوشکم بەرچاوکەوت، نووسینەکە سەراپا ناخ و ویژدانی هەژاندم، گریام بۆ چارەنووسی خوشکەکەم، بۆ هەموو کچ و ژنانی کورد.**



وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی
(جوڵانەوە و تاوان / تاوان )

وزارة الداخلية
مديرية الشرطة العامة
مديرية شرطة محافظة السليمانية
( الجنائية و الحركات/ الجنائية )

Ministry of Interior
General Police Directorate
Police Directorate of Sulaymaniyah Governorate
(criminal & operations)

ژمارە : ١٢١٩٩
ڕێکەوت: / / ٢٧١٥ کوردی

NO:
DATE: ٢٠١٥/ ٥ / ٢٢

بۆ/ بەشی پۆلیسی ناوشار / ڕۆژئاوا /جوڵان
بابەت/ دەستگیرکردن

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا فەرمانی گرتنی تۆمەتبار( عبدالله کریم محمود ) بەپێی ماددەی (٢٤٨/ی.س) دەنێرین بۆتان دانیشتووی گەڕەکی (شیخ ئاوا) دەستگیری بکەن بەشێوەیەکی اصولی وئاگادارمان بکەنەوە.

.. تكايە .

هاوپێچ /
فەرمانی گرتن .

عمیدی پۆلیس
نەوزاد علی کریم
بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی
( ٢٠١٥/ / )

وێنەبۆ :_
- سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان / لقی سلێمانی .. بۆزانین تۆمەتباری سەرەوە ڕۆژنامەنوسەو لە (بنکەی پۆلیسی کەلار) فەرمانی گرتنی هەیە .. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان / جوڵانەوەوتاوان / نوسراوتان ژمارە(٣٨١٨ )لە ٢٠١٥/٤/٢٩ بۆزانین .. لەگەڵ ڕێزدا .
- پ٣پ/ هێشوو/ بۆتۆمارکردنی

ناونیشان // شەقامی بازنەی مەلیك مەحمود // پشت بەڵێندخانەی بینایی /ت/ ٣١٩٦١٤٧ - ٣١٩٣١٤٨ // جیار (٤٩) // ٠٤٢٨٧٧ م // ٢٠١٥/٥/١١

دەست کـەوت لەنـاو لیسـتی کچـە پاکیزەکانـا نـاوی (عیسـمەت قـادر عەزیـز)ی خوشـکم بەرچاوکـەوت، نووسـینەکە سـەراپا نـاخ و ویژدانـی هەژانـدم، گریـام بـۆ چارەنووسـی خوشـکەکەم، بـۆ هەمـوو کـچ و ژنانـی کـورد، بـۆ بـێ کەسـی کـورد، بـۆ ئـەم بارودۆخـە دژوارەی تێیکەوتوویـن، زیاتـر ماهییەتـی بەعـس-م بۆدەرکـەوت، کـە چەنـد نەخشـە و بەرنامـەی ورد و قوڵـی هەبـووە بـۆ تێکشـکانی کەسـایەتی (مێینـە)ی کـورد. فرمێسـکی چاوەکانـی بـە پەنجەکانـی سـڕی و بـەدەم هەنسـکی قوڕگـی پـڕ لـە گریانـەوە وتـی: لـە ئەنفالەکانـەوە (٣٠) کەسـی بنەماڵەکەمـان بـێ سەروشـوێن بـووە، دوای ١٦ سـاڵ ئێسـتا زانیومانـە خوشـکەکەم و هەمـوو کچانـی گەرمیـان و بادینـان و کوردسـتانەکەم ڕووبـەڕووی ئـەم تراژیدیایـە بوونەتـەوە. پاشـان وتـی: ئێمـە بـە نـاوی کەسـوکاری کچـە پاکیزەکانـەوە سوپاسـت دەکەیـن، لـەو کاتـەوەی کـە کەسـوکارەکەمان بـێ سەروشـوێنە، ئەمـە یەکـەم بەڵگەنامەیـە، کـە بووەتـە هـۆی سـەرەداوێکمان لـە بارەیانـەوە بـۆ بخاتـە ڕوو. عەبدولخاڵـق لەبـارەی هێرشـەکانی سـوپای ئەنفـال و بـێ سەروشـوینکردنی کەسـوکاری و خەڵکـی گەرمیـان ئامـاژەی بـەوە کـرد: لـە ٦ی نیسـانی ١٩٨٨ لـە گەرمیـان کادری حزبـی شـیوعی بـووم لـە نەوجـول، لـەو کاتانـەدا پێشـمەرگەکانی تیپەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، لـە شـەڕێکی بەرەیـی فـراوان و بەردەوامـدا بـوون لەگـەڵ ڕژێمـی بەعسـدا. هـەواڵ بـە ئێمـەش گەیشـت، کـە سـوپای عێـراق نیازیەتـی پەلامـاری گەرمیـان بـدات .ئێمـەش هێزەکانمـان کۆکـردەوە و ناردمـان بـۆ (بنـاری گل، گونـدی تـازە شـار، گونـدی تـاڵاو ، گونـدی بـاش تەپـە، ئاوایـی چەچـان، سـاڵەیی و چـەوری) لەگـەڵ هێـزی پشـتگیری ناوچەکـە، خۆمـان ئامادەکـرد بـۆ ڕووبەڕووبونـەوە. سـەعای ٤ی ئێـوارەی ٦ / ٤ /١٩٨٨ سـوپای عێـراق لـە زنجیـر گردۆڵکـەی (لفتـی ئاغـا)ەوە، بـە پاڵپشـتی دەبابـە و مودەڕەعـە و تۆپـی قورسـی دوورهاوێـژ، کۆپتـەرەوە هێرشـیانکردە سـەر ناوچەکـە. پێشـمەرگەکانی (یەکێتـی، شـیوعی، سۆشیالیسـت) لـە بـاش تەپـە و ئاوایـی چەچـان ڕووبـەڕووی ئـەو هێـزە زەبەلاحـە بوونـەوە، تێکیـان شـکاندن و سـوپای عێـراق لـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە، شـۆفلێکیان لـێ بەجێمـا.

بەیانـی ٧ /٤ /١٩٨٨ جارێکـی دیکـە سـوپای عێـراق بـە هەمـوو تەکنەلۆژیـای سـەربازی نوێـوە، هێرشـیان کـردەوە بـۆ سـەر ناوچەکـە. جارێکـی تـر پێشـمەرگەکانی (ی. ن. ک) بـە سەرپەرشـتی (سـەید جەوهـەر و حەمـە ) لـە قۆڵـی «شـۆڕاو» و قۆڵـی «دوڕاجی»یـەوە

ڕووبەڕووی سوپاکە بوونەوە. لە قۆڵی شەڕی بەرگری «لفتی ئاغا»دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) و لە بەرگریەکی کەم وێنەدا شەهید کران بە ناوی (خەلیل) و (تاریق محەمەد) هێزەکانی سوپا بەردەوام بوو، لە سەر زنجیرە پەلامارەکانی و بە بەردەوامی هێزی تریان دەهێنا، خەڵکی گوندەکانی گەرمیان پەرتەوازەبوون، کەس بە کەسەوە نەبوو. شەپۆلی خەڵکی گوندەکان ڕوویانکردە (خۆرنەوازان و تاوێرەکە) شەڕ لە (چەوری و لفتی ئاغا) بەرپابوو، پێشمەرگەکانی (یەکێتی و شیوعی و سۆشیالیست) لەگەڵ هێزی بەرگری ناوچەکە لە یەک سەنگەری بەرگریدا بوون، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئەنفال.

سوپای عێراق بێ شومار بوو، لە چەندان قۆڵی تروە پەلاماری گەرمیانیاندا، چواردەوری گەرمیانیان گرت، پێشمەرگەکان ماندوو بوون، بەپێی ژمارە و چەک و تەقەمەنی ئەوان، ئەزمونی جەنگیان هەبوو، تەقەمەنیی و خواردنیان کەم بوو، خەڵکی گوندەکان پەرتەوازەبوون، پێشمەرگە توانای شەڕی بەرەیی فراوانی نەبوو، ئەم هێرش و بەرگریانە تا ١٢ / ٤ / ١٩٨٨ بەردەوام بوو، پێشمەرگەکان بەناچاری بەپێی نەخشەیەکی پارتیزانی کشانەوە بۆ بناری (زەنگنە) دواتر زۆر لە شەپۆلی خەڵکەکە ژن و پیاو و منداڵ ڕوویان کردە قۆڵی خۆرنەوازان و ناو زەنگنە، کە بریتی بوون لە خەڵکی (داودە، توکن، چوارشاخ، هۆمەرب، قەواڵی، لەکی قادرسەرهەنگ، باوەکر، دێی بنەکە، خانی سەروو، خانی ژووروو و ناوشانە) دواتر خەڵکەکە بە زۆری ڕوویان کردە قۆڵی خانی سەروو، خانی ژووروو و ناوشانە. ئەو خەڵکە بێ شومارەی گوندەکانی گەرمیان، سوپای عێراق، لە شەوی ١٤-١٥ /٤ /١٩٨٨ لە ملە سوورە دەسگیرکران، بران بۆ سمود و کەلار و قۆرەتوو دواتر گوێزرانەوە تۆپزاوە و دبس و دوزخورماتو و تکریت و نوگرەسەلمان. بەشێکی تری شەپۆلی خەڵک، کە ڕوویان کردبووە قادرکەرەم و لەوێ دەسگیرکران ، لەو کاتەوە هیچ هەواڵیکیان نازانین.

لە درێژەی گێرانەوەکەیدا عەبدولخالق وتی: ئێمە هێزەکانمان کرد بەسێ بەشەوە، لە بناری (سەنگاو ، قەرەداغ) خۆمان حەشاردا، لە ١٥ / ٤ /١٩٨٨ بڕیارماندا لە «قازانقایە» بکەوینە ڕێ، بەڵام بەداخەوە کەوتینە کەمینی جاشەکان. کەمینەکەمان شکاند، سەعات ٤ ی بەیانی ١٧- ١٨/ ٤ / ١٩٨٨ بە سەرپەرشتی (عەلی زەنگەنە و ئەسکەندەر)

لـە ئەڵایـی پەرینـەوە و بـۆ ناوچـەی شـوان، لـەو کاتـەوە چاوەڕوانـی هـەواڵ و دەنـگ و باسـی کەسـوکارەکانمان و خەڵکـی ناوچەکـە دەکەیـن.

*نـاوی (نەوجـول) لـە «نۆجیـل» یـا «نۆخێڵـەوە» هاتـووە، گوندێـک بـوو لـە پـێ دەشـتی گەرمیـان (٣٠) کیلۆمەتـر لـە سـەرووی خۆرهەڵاتـی دووزخورماتووەوەیـە، لـە سـاڵی ١٩٧٤ کـراوە بـە ناحیـە، شـوێنێکی گرنگـە کەوتووەتـە ناوەڕاسـتی ناوچـەی داوده، لـە خۆرهەڵاتییـەوە پـێ دەشـتی گەرمیانـە، لـە خۆرئاوایـەوە شـاری کەرکوکـە، خـوارەوەی دوزخورماتـووە، سەرەوەشـی جەبەلـی بنـاری گلـە، ٢٠٠ مـاڵ دەبـوو، قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی و نەخۆشـخانەی تیابـوو، زۆربـەی خەڵکـی گەرمیـان کەوتنـە نـاو تـۆری ئەنفالچییەکانـەوە و بـێ سەروشـوێن کران.

لەنـاو میوانەکانـم لـە ماڵـەوە (بەشـارەت ئەمیـن هەمـزە) سـەبارەت بـەو کەیسـە وتـی: ئێمـە ١٤ کەسـمان لـە ئەنفالـی «سـێ»وە بـێ سەروشـوێن کـراوە، لەنـاو کچـە پاکیزەکانـدا نـاوی (حەسـیبە ئەمیـن هەنـزە)ی خوشـکم و نـاوی هـەردوو خوشـکەزاکەم (نەجیبـە حەسـەن عەلـی) و (شـلێر حەسـەن عەلـی)م بینـی، نـاوی براژنەکـەم (حەسـیبە حەسـەن هیدایـەت ئیبراهیـم) لەنـاو دۆکیومێنتەکـەدا بـوو. نازانـم چـۆن گوزارشـت لـەم تاوانـە گەورەیـە بکـەم، لـەو ڕۆژەوە دەڵێـم خۆزگـە زووتـر ئـەم نووسـینە پـڕ لـە جورئەتـە، کـە هەمـوو نهێنیـی و ڕاسـتییەکان بـە بەڵگـەوە دەخاتـە ڕوو بـڵاو بکرایەتـەوە، هەمیشـە بێسـەر و بـێ ئـەوەی بزانـم چـی دەڵێـم هەمـوو سـاتێك بـە بێدەنگـی لەگـەڵ خوشـکەکەم، خوشـکە زاکانـم، براژنـمدا دەدوێـم، هەمیشـە ڕوخسـاری پیـرۆزی وەفـا و ئەمەکـی ئەوانـم لەبـەر چـاوە، کـە پـڕە لـە ڕەوشـتی بـەرزی بەهـای کەلتـووری کـوردەواری. گوێـم لـە ئـازاری ناخـی برینداریانـە. دەمـەوێ بپرسـم بـە چ یاسـایەک، پیوەرێـک، کچانـی کـورد بکرێـن بـە کۆیلـە و دوور لـە هەمـوو بەهـا و یاسـا و ڕێسـا و برگەکانـی مافـی مـرۆڤ ڕووبـەڕووی ئـەو مەرگەسـاتانەیان بکەنـەوە.

لەلایەکـی دیکـەوە (خەیرەوڵـڵا عەبدوڵـڵا تۆفیـق) «١٧» کەسـیان لـێ ئەنفالکـراوە، ئامـاژەی بـەوە کـرد: لەنـاو بەڵگەنامەکـەدا (خۆراسـان عەبدوڵـڵا تۆفیـق)ی خوشـکم، خوشـکەزاکانم (چیمـەن نـازم عەبـاس) و (لەیلـێ نـازم عەبـاس)م بینـی، جگـە لـە نـاوی (گەلاوێـژ عـادل ڕەحیـم)ی بـرازای حەکیـم ڕەحیـم. لەنـاو بەڵگەنامەکـەدا نـاوی (لەیـلا

عەبـاس جەوهـەر) تۆمارکرابـوو، ئامـۆزای مامۆسـتا (یوسـف یونـس جەوهـەر)ە، نـاوی (خولـە ئەحمـەد فەخرەدیـن)ی خەڵکـی «نەوجـول»ی تیـا بـوو. لەنـاو لیسـتی بەڵگەنامەکـەدا «١٠» کچیـان خەڵکـی گونـدی نەوجولـە و کچەکانـی تـر خەڵکـی گوندەکانـی تـری گەرمیانــن.

**سەرەداوی کەیسەکە و بردنیان بۆ وڵاتی میسر:**

گـەر بڕوانییـە دۆکیومێنتـی ژمـارە (١٦٠١) نـوسراوە «سری و عـلی ا لفـور» واتـە «نهێنـی و خێـرا» ئـەم دۆکیومێنتـە لـە ئیسـتخباراتی پاریـزگای «تامیـم»ەوە نێـراوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی موخابەراتـی عێـراق، لـە بەغـداد، لەوێشـەوە بـۆ وڵاتـی میـسر. ئـەو کاتـە «عەلـی حەسـەن مەجیـد» وەك ئەندامـی سـەرکردایەتی هەرێـم لـە «مەنزومـەی ئەمنـی شـیمالی» کارەکانـی هەڵدەسـوڕاند، هەمـوو دامـودەزگاکان خرابـووە ژێـر جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی وەك:

- ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی حوکمی زاتی.
- پارێزەری پارێزگاکان، سەرەکییەکەی حوکمی زاتی.
- دەزگای موخابەرات ، هێزی ئەمنی ناوخۆ و ئیستیخباراتی عەسکەری.
- سەرکردایەتی جەیشی شەعبی.

بەپێـی ئـەو دەسـەڵاتانەی عەلـی حەسـەن مەجیـد نـاسراو بـە (عەلـی کیمیایـی) لـەو ناوچەیـە هەیبـوو، کۆمەڵێـك بڕیـاری دەرهـەق بـە کچـە ئەنفالکراوەکانـدا، بۆیـە دوای ئـەوەی ئەنفالـەکان کۆکرانـەوە و لـە تۆپـزاوە پۆلێنکـران، کچـە گەنـج و ژنەکانیـان نەکوشـت، لـە زیندانەکانـی ئەنفـال جیـا کرانـەوە بـۆ ئـەم شـێوە بەرنامەیـەی کـە لـە دۆکیومێنتـی ژمـارە (١٦٠١) دا خراوەتـە ڕوو.

ئـەوەی مایـەی تێڕامانـە لای مـن ئاخـۆ بـەو ئاسـانییە سـەرانی وڵاتـی میـسر دان بـەوە دادەنێـن و دەڵێـن بەڵـێ ئـەو کچانـە لـە وڵاتـی ئێمـەدان و ئێمـە لـە گـەڵ سـەددام لەسـەر ئـەو پرۆسـەیە ڕێککەوتوویـن و ئـەو کاتـەی ئەنفالـی کـورد کـرا، ئێمـە هاوکاریـی و پشـتگیری سـەددامان کـردووە؟ بێگومـان بـەو ئاسـانییە ناتوانـن ئـەوە بڵێـن، چونکـە بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی خراپـە و میسریـش دەبێـت بـە تاوانبـاری تاوانـی ئەنفـال و جینۆسـایدی کـورد و بەپێـی پرۆتۆکۆڵەکانـی کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتـوەکان دەدرێـت بـە دادگا، بۆیـە خـۆی

لێیان بێدەنگکـردووە. لێـرەدا ڕەنگـە میسرییـەکان لەبـەر ئـەو هـۆکارە خۆیـان بـەدوور دەگـرن لـەو ڕاسـتییە، بـەڵام نەدەبـوو ئـەم سـەرکردانەی خۆمـان ئـاوا خـۆش باوەڕبـن بـەو قسـانە، کـە لـە ڕووی لۆژیـک و یاسـاوە بەهانەکانیـان بـێ بنەمایـە. ناکرێ بـە میـزاج و سـۆزادراییەوە بڕیـار لەسـەر ئـەو کەیسـە بدرێـت، پێویسـتە ئێسـتاکەش خەمێك لـەو پرسـە بخـۆن و بـەوردی بەدواداچـوون بکرێـت. بـۆ ئێمـەش هیـچ ڕەواییەکـی تێـدا نییـە بـەو ئاسـانییە ئـەوە قبوڵبکەیـن، کـە ئـەو بەڵگانـە تەزویـر و بێبنەمـان. هەرچەنـدە ئـەم کارە، پرۆسـەیەکی نهێنـی و خێـرا و موخابەراتییـە ، ئـەم سـەرکردانە دەبوایـە کەسـانێکی شـارەزایان بـۆ بەدواداچوونـی ئـەو کارە تەرخانبکردایـە.

دەبووایـە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد و حکومەتـی هەرێـم و وەزارەتـی شـەهیدان و ئەنفـال، بـە نەخشـە و بەرنامەیەکـی ورد و قـوڵ و چـڕ، بەدواداچوونـی زۆر جددیـی و باشـیان بـۆ خسـتنە ڕووی دۆکیومێنتەکـە بکردبایـە. دەتوانـرا زۆر گرێـی تاڵـی وردی نهێنـی تاوانەکەیـان بخەنـە ڕوو. ئاشـکرایە دەیـان ئەمـن و ئیسـتیخبارات، ئەوسـا لەزیندانەکانـی (تۆپـزاوە، دبـس، نوگرەسـەلمان) کاریـان کـردووە. ئەمانـە وەک ئامێرێـک بڕیارەکانیـان جێبەجێکـردووە و زۆربەیـان مـاون، دەتوانـرا ئەوانـە دەسـگیربکرێن و لێکۆڵینەوەیـان لەگەڵـدا بکـەن و نهێنـی زۆرمـان دەسـت کەوێـت.

**چیرۆکەکانی ناو میدیای کوردی، لەسەر ئەو پرسە:**

لـە ٢٠٠٦/١/٢٨ لـە ژمـارە (٢٦٧)ی هەفتەنامـەی میدیـا، ڕۆژنامەنـووس «فەرمـان عەلـی» ڕێپۆرتاژێکـی بـە ناونیشـانی (دوو کچـی ئەنفالکـراوی کـورد لەمەلهاکانـی قاهیـرە بێـزارن و داوای گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان دەکـەن) بڵاوکـردەوە. بابەتەکـە دەنگدانـەوەی زۆری هەبـووە، بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا ئـەو ڕاپۆرتـە پشـتی بـە هیـچ سـەرچاوەیەکی دروسـت و بەڵگـەدار نەبەسـتبوو، تەنهـا وەك کارێکـی سـۆزادریی و بێبنەمـا، سـیناریۆیەکی دروسـتکردبوو، گوایـە ئـەو کچانـە داوای ئـەو بەهاناچوونەیـان کـردووە.

ناوەڕۆك و جەوهەری بابەتەکە بەو جۆرەیە:

لـە ٢٠٠٦/٥/١٤ ڕۆژنامەنووسـی ناوبـراو، لـە فرۆکەخانـەی هەولێـرەوە دەگەنـە دیمەشـق، لەوێشـەوە بـۆ قاهیـرە .لـە ئوتێـل (شـەهرەزاد) دادەبـەزن و لـە یەکێـك لـە یانـە شـەوانییەکان بەرێکـەوت، کـە نـاوی کوردێکـی کوردسـتانی عێـراق خوێنراوەتـەوە، کچێکـی سـەماکاری

جـوان لـه تەمەنـی(٢٨ - ٣٠) سـاڵ، لـەو سـاتەدا لەسـەر شـانۆكە سـەمای دەكـرد، كـە گوێـی لـە نـاوی كـورد دەبێـت، دەسـتبەرداری سـەماكەی بـووە و هاتووەتـە سـەر مێزەكەیـان. گوایـە وتوویەتـی: مـن كـوردم، لێـرە بـە (سـەحەر كـوردی) نـاسراوم، بـەڵام نـاوی بنەڕەتـی خـۆم ڕۆژگارە و خەڵكـی گەڕەكـی (تەعجیـل)ی شـاری هەولێـرم، لـە ١٩٨٨ خانەوادەكەمـان كـە پێكهاتبـوو لـە (باوكـم و دایكـم و دووخوشـك و برایەكـم) چوویـن بـۆ ماڵـی باپیـرەم، لـە دەورووبـەری (كۆیـە) لـە كاتـی ئەنفالەكانـدا هەموومـان دەسـگیركراین و بەزیندانـی برایـن بـۆ كەركـوك، لـە كەركـوك مـن لـە خانەوادەكـەم جیاكراومـەوە بـە چاوبەسـتراوی بـرام بـۆ ئەمنـی كەركـوك، بـۆ بەیانییەكـەی لەگـەڵ چەنـد كچـی تـر برایـن بـۆ ئەمنـی بەغـداد. دوای هەفتەیـەك، بـە فڕۆكـە براویـن بـۆ ئیسـتخباراتی وڵاتـی میـسر، هەریەكەمـان فرۆشرایـن بـە میـسر.

یەكێـك لـەوێ منیـان لـە كـوڕی دەوڵەمەندێـك مارەكـرد و نـاوی منیـان لـە (ڕۆژگار)ەوە گـۆڕیـوە بـە (سـەحەر كـوردی) ئـەو كاتـە تەمەنـم (٩-١٠) سـاڵ دەبـوو، دوای ئـەوەی دوو منداڵـم بـوو، تەڵاقیانـدام، بۆیـە بەناچـاری بـووم بـە سـەماكار لـە یانـەی شـەوان. لـە درێـژەی قسـەكانیدا فەرمانـی ڕۆژنامەنـووس دەڵێـت: بەهـۆی سـەحەرەوە (نەسریـن محەمـەد كەریـم) دەناسـێت، گوایـە نەسریـن خەڵكـی گوندێكـی دەوروبـەری كەركـوك و گەرمیانـە، زۆر منـداڵ بـووە لەگـەڵ كەسـوكاری ئەنفالكـراوە و هێنراوەتـە قاهیـرە و ناویـان نـاوە (دنیـا منصـور ئەحمـەد) سـەرەتا لـە (شـەرەم شـێخ) لـە شـوێنێكی گەشـتیاری كاری بەردەسـتی كـردووە، بەنـاوی (الـف لیلـە ولیلـە) بـە مانگانـەی (٤٨٠) جونەیهـی میـسری. بـە گوێـرەی گێڕانەوەكـە حكومەتـی میـسر پاسـەپۆرتی نـەداوە بـە سـەحەر و دونیـا، تەنیـا كارتـی ئیقامـەی كاتـی پـێ داون.

لەكاتێكـدا ئـەو ڕێپۆرتـاژە بڵاوكرایـەوە، كـە دەنگـۆی تەزویـری بەڵگـەكان گـەرم بـوو، ئـەوەش زیاتـر لایەنـی پێوەنـداری هانـدا، كـە ئـەو كەیسـە بەتـەواوی دابخرێـت. بەداخـەوە ئـەو ڕۆژنامەنووسـە ئـەو كارەی لـە سـیناریۆیەكی قێزەوەنـی دوور، لـە هەمـوو بەهایەكـی كۆمەڵگـەی كـوردەواری، دوور لـە هەمـوو هەسـت و سـۆز و نەسـتێك بـۆ كەسـێتی كچـە پاكیزەییەكانـی كـورد، بـۆ تراژیدیـای ئەنفـال، هیچـی دیكـە نەبـوو. كاكـی ڕۆژنامەنـووس بـێ ئـەوەی ڕەچـاوی بارودۆخـی ناخـی پـڕ لـە مەرگەسـاتی كەسـوكاری كچـە ئەنفالكـراوەكان

بکات، ئاخۆ ئازار و چاوەڕوانییەکانیان چەند بەسوێیە، چەند ناخیان بریندارکراوە، هاتووە سیناریۆیەکی بێبنەما و بەڵگە دادەتاشێت. «فەرمان عەلی» لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەوە تا دروستکردنی سیناریۆکە، ڕەچاوی ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەوانی نەکردووە. زنجیرەیەک حیکایەتی لە چەند ڕێکەوتێکی یەک لەدوای یەکدا گرێ داوە، ئەمەشی بۆ کەمکردنەوەی، بەهای بەڵگەنامەکە و تاوانی ئەنفال بووە.

**دوای ١٠ ساڵ بێدەنگی جارێکی دیکە کەیسەکە زیندووکرایەوە:**

دوای دە ساڵ بێدەنگی، بەسەر کەیسی کچە پاکیزەکان، لەکاتی پەخشکردنی زنجیرە درامای (النیران الصدیقە) لە کەناڵی ئاسمانی MBC drama کە ساڵی ٢٠١٣ پیشاندراوە، لە بەشی پێنجەمدا و لە دیالۆگی نێوان ئەکتەرەکان، باسی تراژیدیای ئەو کچە پاکیزانەی ئەنفالیان کردووە، بۆیە جارێکی تر ئەم بابەتە وروژێنرایەوە.

**سیناریۆکەی دکتۆر ڕوشدی جاف:**

دوای سیناریۆکەی «فەرمان عەلی» کەسێك بەناوی دکتۆر (ڕوشدی جاف) لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێک دەکەوێت، کە گوایە چەند کچێکی لە کچانی ئەنفال لە قاهیرە لە میسر دۆزیوەتەوە، بە کامێرای ڤیدیۆیی و وێنە و دەنگیانی تۆمارکردووە. ناوبراو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، کە ئەو چارەنووسی ئەو کچە پاکیزانە لە میسر دەزانێ، بەڵام دوای ئەوەی حکومەت و وەزارەتی شەهیدان زانیبوویان هیچ بەڵگەیەکی نییە و تەنها قسەیە، بۆیە فەرامۆشیانکرد.

**هەڵوێستی حکومەتی هەرێم:**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە ٨/٧ / ٢٠١٣ بە نوسراوی (٧٧٠٥) لێژنەیەکی پێکهێنا، لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان تا بەوردی چاودێری ئەو کەیسە و بەڵگەنامەکان بکەن. ئەویش دوو لێژنەی پێکهێنا بۆ بەدواداچوون لە کوردستان و دەرەوە.

ئەندامانی لیژنەکە لە ماوەی ئەو ساڵەیدا، کە کاری تێداکردووە نەیتوانی بەشێوەیەکی فەرمی، هیچ بەدواداچونێکی وا بخاتە ڕوو، کە بیسەلمێنێت ئەو دۆکیومێنتە بێ بنەمایە. هەروەها بۆ هەمان مەبەست، لە ٢٠١٤/٧/١٦ سەرۆکایەتی

ئەنجومەنـی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان، لـە کۆبونەوەیەکـدا (مـەلا یاسـین)ی نوێنـەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە میـسر ڕاسـپارد، بـۆ بەدواداچونـی ئـەو کەیسـە لـە وڵاتـی میـسر، تـا سـەرۆکایەتی لێژنەیـەك بـکات. لێژنەکـە نوێنـەری خانـەوادەی ئەنفالکـراوەکان و کۆمەڵگـەی مەدەنـی و لایەنـە پێوەندیدارەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی تێـدا بـوو.

لـە ژمـارە (٦٤٣٧)ی ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێـدا، دواییـن پێشـهاتەکانی ئـەو لێژنەیـەی بڵاوکـردەوە: سـەرۆك و دەسـتەی لێژنەکـە وەک دەرەنجامـی بەدواداچوونەکەیـان، ڕوونکردنەوەیەکـی پێشـکەش بـە ئەنجومەنـی وەزیـران کـرد، جەخـت لـەوە کراوەتـەوە، کـە سـاڵێک دوای بەدواداچـوون لەسـەر ئـەم کەیسـە لـە میسر و کوردسـتان، دەرکـەوت ئـەم پرسـە هیـچ بنەمایەکـی نییـە، ئـەوەی لەبـارەی ئـەم کەیسـە وتـراوە، کـە گوایـە هـەژدە کچـی کـورد لـە کاتـی ئەنفالـە کانـدا فرۆشراونەتـە میـسر، هیـچ بنەمایەکـی نییـە و لـە هەمـوو ڕاسـتییەکەوە دوورە. لێژنەکـە دوای لـە ئەنجومەنـی وەزیـران کـردووە بەدواداچونـی یاسـایی بەرامبـەر هەمـوو ئـەو کـەس و دەزگا و لایەنانـە بکرێـت، کـە قسـەیان لەسـەر ئـەم پرسـە کـردووە و زانیـاری ناڕاسـت و درۆیـان لـە کەیسـەکە داوە، تـا بدرێنـە دادگا و ڕێـکاری یاساییان لـە بەرامبـەردا بگرنەبـەر. ئەنجومەنـی وەزیرانیـش ئـەم داوایـەی پەسـەندکرد، سوپاسـی هـەوڵ و ماندووبوونـی لێژنەکـەی کـرد، بڕیاریـدا (ڕەدی ئیعتیبـار) بـۆ خانـەوادەی ئـەم کچـە ئەنفالکراوانـە بکرێـت.

پاشـان لـە ٢٠١٤/٩/٢١ ماڵپـەڕی (میللـەت پرێـس) هەواڵێکـی بڵاوکردووەتـەوە کـەوا، سـەرۆکایەتی داواکاری گشـتی بـە نـووسراوی ژمـارە (١٢٧٧) لـە ٣/ ٩/ ٢٠١٤ سـکاڵای لەسـەر چـوار تاوانبارکـرا کـردووە و بەپێـی مـاددەی (٢٤٨) یاسـای سـزاکانی عێراقـی، دەدرێـن بـە دادگا. ناوەکانیـش بریتیـن لـە:

-ڕوشدی سەعید جاف

-«فەرمان عەلی» پەیامنێری تەلەفیزیۆنی زاگروس

- ئومێد ئەبوبەکر حەمەسوور

-عەبدوڵڵا کەریم مەحموود

سکاڵاکە و هەڵوێستی من:

تێکەڵکردنی ناوی من لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کاریگەری لەسەر دەروونم دروستکرد، چونکە ناکرێ کەیسی من تێکەڵ بەوانە بکرایە. ئەوەی من پشتبەستن بووە بە بەڵگەیەکی موخابەراتی عێراقییەوە و ناوەکان وەك خۆیان هاتوون و بە ڕاشکاوی ئاماژە بە بردنی ئەو کچە پاکیزانەی ئەنفالکراو دەدات، کە بە ئاشکرا و بێشەرمانە لەلایەن عێراق و میسرەوە جارێکی دیکە ئەنفال دەکرێنەوە. بەهانەی گوایە بەڵگەکە تەزویرە تا ئێستا لە ڕووی زانستیی و مێژوویی و وردەکاری بابەتییەوە نەتواندراوە بسەلمێندرێت، کە بەڵگەکە تەزویرە، لەتەنها قسەیەك و هەوڵوێستێکی تایبەت لەم کەیسە ڕەتکردنەوەکەی پشتی بە وردەکاری زانستیی و بابەتیانەی دونیای دۆکیومێنتاری نەکردووە. تەنها وتوویەتی تەزویرە، بێئەوەی وردەکاری جۆری تەزویرەکە دیاربکرێت و لە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ئەو بەڵگەیە بەدرۆ بخریتەوە، چونکە هەموو بەڵگەیەکی تەزویر بە بەڵگەی دروست و بەبنەماوە ڕەتدەکرێتەوە. من زیاتر داکۆکی لە ڕاستی بابەتەکەی خۆم دەکەم و پێم وایە نەمانتوانی وەك پێویست و بە شێوەیەکی زانستیی و بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسییە بکرێت، بەداخەوە بەهۆی لێژنە و بۆچوونی هەندێك و کەس و بەرژەوەندی ئەو و ئەم ئیدی منیشیان دا بەدادگا و کەیسەکەشیان بە ئاقارێکی دژواردا برد. هەروەها چەند ساڵێك بەر لەو دادگایە و بردنی من بۆ بەردەم یاسا، لە ١٥ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٩ لە ژمارە (٨٩) ی گۆڤاری «لڤین»دا وەڵامی ئەو هەڵلا و دەنگانەم بە نووسینێک بە ناوی (دۆکیومێنتی ژمارە «١٦٠١» نهێنی چارەنوسی کچە پاکیزییەکانی ئەنفال) کە دەڵێن تەزویرە، بە (٥) لاپەڕە وەڵامم داونەتەوە.س

**دادگایکردنم لەسەر بەڵگەنامەکە:**

بەژمارە ( ) ساڵی ( ) سکاڵایەکم لە هەولێرەوە لەسەر تۆمار کرا، گوایە بەڵگەنامەی ١٨ پاکیزەکە، تەزویر بووە و من کێشەم بۆ کەسوکاری ئەنفاکراوان دروستکردووە. سکاڵەکە گەیاندرایە دادگای کەلار و لە ڕۆژی ( ) دادگایکرام، ئەو ڕۆژە لێکۆڵەری دادگای کەلار و ئەندامێکی ئەنجومەنی داد، لەژووری لێکۆڵینەوە دانیشتبوون. دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵم، گەیشتنە قەناعەتێك کە سکاڵەکەی هەولێر، بۆ زیندانیکردنی من بەتاڵە. دیارە ئەوەی من کردوومە، لە ڕەوشتی پیشەی کارەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە و لە پەرۆشی و ماندووبوون

زیاتـر، هیچـی دیکـه نییـه. لـه کۆتاییـدا بـه ژمـار ( ) دادگای کـەلار، بێتاوانـی منـی سـەلماند.

ڕاستی و دروستی چیرۆکی دەستکەوتنی ئەو بەڵگەنامەیە:

سـەعات ١٠ -٣٠ دەقیقـەی ٢٦/ ٨ / ٢٠١٣ بـوو بەڕیـز (ئـارام ئەحمـەد) وەزیـری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان، تیلـی بـۆ کـردم وتـی : بەیانـی لێژنـەی بەدواداچوونـی کەیسـی ١٨ کچەکـە پاکیزەییەکانـی ئەنفـال، دێـن بـۆ سـەردانت چەنـد پرسـیارێکیان هەیـە و وەڵامیـان بـدەرەوە.

لـە ٢٧ / ٨ / ٢٠١٣ دوای سـەردانیکردنیان بـۆ لام، لێژنەکەمـان ئـەم پرسـیارانەی ئاراسـتە کـردم.

پرسیار: ناوی سیانی و لەدایکبون و شوێنی دانیشتن و ژمارەی مۆبایل؟

وەڵام:- عەبدوڵـڵا کەریـم مەحمـود، لەدایکبـوی (١٩٥٧) شـوێنی دانیشـتن سـلێمانی – گەڕەکـی شـیخ ئـاوا، ژمـارە مۆبایـل ٠٧٧٠١٥٦٥٦٢٣

پرسیار: پیشەت چییە؟

وەڵام :- نووسەر و ڕۆژنامەنووس.

پرسیار: ئایا بەڕێزتان خۆت بە سەرچاوەی ئەم بەڵگەنامەیە دەزانی؟

وەڵام :- بەڵێ.

پرسیار: کاتی دەسکەوتنی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

وەڵام:- لە مانگی ٢٠٠٢/٤ دا ئەم بەڵگەنامەیەم دەست کەوت.

پرسیار: یەکەم جار کەیی و لە کوێ بڵاوکرایەوە؟

وەڵام :- یەکـەم جـار لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، لـە ژمـارە (٣١٠٠) مانگـی٦ی سـاڵی ٢٠٠٣ بڵاوم کـردەوە.

پرسـیار: سـەرچاوەی ئـەو کەیسـە کێیـە؟ ئـەم نـووسراوەی بـۆ جەنابتـان هێنـاوە؟ (بۆچـی تەنیـا تـۆی دەسـت نیشـان کـرد، بەڵگەنامەکـەت پـێ بـدات؟

وەڵام :- سـەرچاوەی ئـەم نـووسراوە کەسـێکی نموونەیـی و تێکۆشـەرێکی نـاسراوە، ئـەم بەڵگەنامەیـەی پێشـکەش بـە بەرگـی دووەمـی پەرتووکـی (ڕەشـەبای ژەهـر و ئەنفـال) کـرد، ئـەو کاتـە مـن بەرگـی یەکەمـی کتێبـی (ڕەشـەبای ژەهـر و ئەنفـال)م چـاپ کردبـوو، سـەرقاڵی بەرگـی دووەم بـووم.

پرسیار: ئایا بەڕێزت دڵنیابوویت لە ڕاستی ئەم نووسراوە، ئینجا بڵاوتکردەوە؟

وەڵام :- بەڵـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کەسـە، یەکێـک بـوو لـە ڕێکخەرەکانـی ڕێکخسـتنی

شـاری سـلێمانی، دوای دەسـگیرکردنی شـەهید (جەبـاری حاجـی ڕەشـید)و هاوڕێکانـی لـە لایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە، ئـەو سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی سـلێمانی کـردووە و پەیوەنـدی بـە پارتیزانەکانـی گەرمیـان و ناوچەکانـی تـرەوە هەبـوو، دڵنیـام لـە کارەکانـی لـە ڕێکخسـتنەکاندا.

پرسـیار: لـە یەکێـک لـە چاوپێکەوتنـەکان، ئاماژەت پـێ کـردووە، کـە بەڵگـەی تـرت لایـە، ئایـا ئـەو بەڵگانامانـە کامانـە تایبەتـە بـەم کەیسـە؟

وەڵام :- دوای بڵاوبونـەوەی بەڵگـەی یەکـەم (١٦٠١) بەڵگـەی تـرم لایـە، بـە هەمـان واژوو هەمـان مـۆری موخابەراتـی کەرکـوک، هـەر لەموخابـەرات دەرچووینـە، بـەڵام لـە بـارەی کەیسـی ئەنفالەوەیـە.

پرسـیار:- ئـەم بەڵگەنامەیـەی، کـە بەژمـارە (١٦٠١) بڵاوکراوەتـەوە کۆپییـە، ئایـە وێنـەی ئەسـڵیەکەی لای خۆتانـە؟

وەڵام :- نەخێر وێنەی ئەسڵیم لا نییە.

پرسیار: ئەو بەڵگانەی دیکە، کە ماوە لای جەنابتان، پێشکەشی لێژنەکەی دەکەیت؟

وەڵام :- ئـەم بەڵگانـەی دیکـە، کـە مـاون، پەیوەنـدی بـە کەیسـی ١٨ کچـە پاکیزەییەکانـەوە نییـە، بەڵکـو تەنیـا بەڵگـەی موخابەراتـی کەرکوکـە، وەڵامێکـە بـۆ ئەوانـەی کـە دەڵێـن: نـوسراوی ژمـارە (١٦٠١) تەزویـرە. ئـەو بەڵگەنامەیـە لـە کاتـی ئێسـتادا پێشکەشـی ناکـەم، تـا وردەکاری زیاتـری ئـەم لێژنەیـەم بـۆ روون دەبێتـەوە، لەسـەر بەڵگـەی یەکـەم.

پرسـیار: ئایـا هیـچ شـتێکت هەیـە دەربـارەی ئـەم کەیسـە و بتەوێـت بیـدەی بـە لێژنەکەمـان؟

وەڵام :- نەخێر هیچ شتێکم نییە، تەنیا ئەو نووسینانەی کە بڵاومکردووەتەوە.

دوای تەواوبوونی دیدارەکەمان، هەر یەك لە بەڕێزان:

(عەبدولخاڵق قادر - ڕەشوان جەلال ڕەزا - پەروین محەمەد نوری)

وەك ئەندامانی لیژنەکە واژوویان لەسەر کۆنووسی چاوپێکەوتنەکە کرد.

**تێبینی:**

ئـەو نووسـینە و بەڵگـە و نووسراوەکانـی، تەعبیـر لـە بۆچوونـی نووسـەری بابەتەکـە دەکات و گۆڤـاری دۆکیومێنـت لێـی بەرپـرس نییـە.

# ڕۆبەرت های...چۆن پێناسەی ئیسماعیل بەگی ڕواندوزیانی کردییە ؟

**بێباك ڕواندزی**

**هاملتۆن: سمایل بەگ لای ئێمە دەیگوت دەبێ ڕۆژێك دابێ کوردستان وەك سویسرای لێبێ**



**یەکێک لەو کوردانەی شاری ڕواندز، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردستان و عێراقدا هەبووە، لە سەردەمی ئینگلیزەکان دەبێتە حاکم، هەروەها لەو کاتەی دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، هەڵوێستە بوێر و کوردایەتییەکەی وا دەکات، دوژمنان و ناحەزانی لێی بترسێن، لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی ناکۆکییەکانی ناوەخۆ دەکوژرێت و تەرمەکەی لە شاری ڕواندز بەخاك دەسپێردرێت.**

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ئیسماعیل بەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەبدوڵڵا پاشای کوڕی بەکر بەگ، لە ڕواندز لەدایك بووە، هەر لە تەمەنی منداڵیدا دەچێتە بەر خوێندن، هێشتا تەمەنی بچووك بووە، باوکی دەکوژرێت و لەعلی خانی دایکی، بەجوانترین شێوە پەروەردەی دەکات و زمانەکانی (ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی، فارسی و



فەڕەنسی) فێر دەبێت و لە ١٥ی١٢ی١٩١٩ لە سەردەمی ئینگلیزەکان دەبێتە حاکمی ڕواندز، هەروەك (سیر ولیەم ڕوبیرت های) لە کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان) واتە ساڵەکانی ١٩١٨- ١٩٢٠ لە باسی ئیسماعیل بەگدا دەڵێت: «ئەستێرەی ئەم گەنجە ڕۆشنبیرە دەگەشێتەوە». لەو کاتەی دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق و هەڵوێستە بوێر و کوردایەتییەکەی وا دەکات، دوژمنان و ناحەزانی لێی بترسن.

هەروەها هاملتۆن لە کتێبی Road Through Kurdistan: The Narrative of an Engineer in Iraq دەڵێت: «سمایل بەگ هەردەم بە ئاواتی پێشکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لەلای ئێمە دەیگوت، دەبێ ڕۆژێك دابێ کوردستان وەك سویسرای لێبێ!. هەروەها لەو بیر و باوەڕە دابوو، بەکردنەوەی ڕێگای گەلیی عەلی بەگ ئاواتەکەی دێتە دی، هەردەم دەستی یارمەتی بۆمان درێژ دەکرد و هانی دەداین»

«بەداخەوە ئیسماعیل بەگی ڕواندزی پشتگوێ خراوە و هەوڵ نەدراوە سوود لە بیرۆکە جوان و پێشکەوتووەکانی وەربگیرێت و خەبات و بەرخودانی لەبەرچاو بگیرێت، هەرکاتێك سەردانی گۆڕی ئیسماعیل بەگی ڕواندزی دەکەم و مەزارەکەی بەو شێوەیە دەبینم، خەفەت دەخۆم بۆ ئەو بێنازییەی ئەم پیاوە مەزنەی ناو مێژووی (٩٠ بۆ ١٠٠) ساڵەی ڕابردوو، کە مەزارەکەی بەم شێوەیە و نۆژەن نەکراوەتەوە».

«ئیسماعیل بەگی ڕواندزی، ئەو پیاوە مەزنەی ناو مێژووی کوردستان، ڕۆڵێکی زۆری لە بزاڤی ڕۆشنبیری و

**هەرکاتێك سەردانی گۆڕی ئیسماعیل بەگی ڕواندزی دەکەم و مەزارەکەی بەو شێوەیە دەبینم، خەفەت دەخۆم بۆ ئەو بێنازییەی ئەم پیاوە مەزنەی ناو مێژووی (٩٠ بۆ ١٠٠) ساڵەی ڕابردوو، کە مەزارەکەی بەم شێوەیە و نۆژەن نەکراوەتەوە».**

سیاسـیی کوردسـتان و عێراقـدا گێـڕاوە. ئـەو یەکـەم کـورد بـوو لـە دوو خولـی پەرلەمـان توانیـی ڕۆڵـی سـەرەکی بگێڕێـت و کێشـەی کـورد بەیاسایی بـکات و داوای دەوڵەتـی کـوردی کـردووە. هەروەهـا چەندیـن بڕیـار و یاسـا و پێشـنیار لەسەردەسـتی ئـەو مرۆڤـە کوردپـەروەرە هاتوونەتـە دی».


Ismail Bagi Rawanduzi 1880 - 8 June 1933
ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی ١٨٨٠ - ٨ مانگی حوزەیران ساڵی ١٩٣٣
South Kurdistan - Rawanduz Ismail Bagi Rawanduzi, from the book (Tow Years in Kurdistan) by Sir William Rupert Hay (1893 -1962), 1918
لە کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان ساڵی ١٩١٨-١٩٢٠) لە نوسینی سێر ویلیەم ڕوپەرت های (١٨٩٣-١٩٦٢) چاپی بەریتانیا. ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی، ڕەواندوز باشووری کوردستان ساڵی ١٩١٨

داواکاریـش بـوو لەلایەنـی پەیوەندیـدار، بەدواداچوونێکـی جدیـی بـە یاداشـت و بەڵگەنامەکانیـدا بکرێـت و سـوود لـە بیـر و ئەندێشەکانیشـی ببینرێـت، بـە تایبـەت لـە بـواری ئیـداری و خزمەتگـوزاری و ئـەو ڕۆحیەتـە بـەرزەی کوردایەتی، کـە لـە دیـد و تێڕوانینـی ئـەودا هەبـووە.

هـەروەك، کەمـال مەزهـەر، نووسـەر و ڕووناکبیـری کـورد، لـە پەراوێـزی کتێبـی (کـورد و کوردسـتان لـە بەڵگەنامـەی نهێنییەکانـی حکومەتـی بەریتانیـا) بەرگـی یەکـەم، لـە لاپەڕەکانـی (١١٩- ١٥٣) دەڵێـت ”ئیسـماعیل بـەگ ڕوانـدزی، یەکێـك بـووە لـە ڕوناکبیـرە دونیادیـدە و ناسراوەکانـی کـورد. هاملتۆنـی ئەندازیـار لـە کتێبـە شـاکارییەکەیدا (ڕێگایـەك بەنـاو کوردسـتاندا) لـە هـەر کوردێـك زۆرتـر بە شـان و بازووی ئەویـدا هەڵـداوە، کـە یەکێـك بـووە لەوانـەی زۆر زوو ڕادیـۆی هێناوەتـە کوردسـتان، نوێنـەری هەولێـر بـووە لـە پەرلەمانـی عێـراق و یەکێـك بـووە لـەو شـەش نوێنـەرە کـوردەی ڕۆژی ٤ی نیسـانی سـاڵی ١٩٢٩ یاداشـتێکی سـەربەخۆیان دەربـارەی مافەکانـی کـوردی عێـراق داوەتـە سـەرۆك وەزیرانـی ئەوسا“.

زیاتـر ئامـاژە بـەوە دەدات: «ئیسـماعیل بەگـی ڕوانـدزی کـوڕی سـەعید بەگـی کـوڕی عەبدوڵـڵا موخلیس کوڕی ڕەسـوڵ ئاغـا (١٨٩٧-١٩٣٣)، لـە ڕوانـدز لەدایکبـووە، بـە ڕەچەڵـەك لـە بەگزادەکانـی بنەماڵـەی پاشـای کـۆرە یـا پاشـای گەورەیـە،





ڕەسوڵ ئاغای باپیرە گەورەی برای محەمەد پاشای میری سۆرانە. لە ساڵی ١٩٢٠دا، دوای ئەوەی ئینگلیز دێنە ئەم وڵاتە، دەکرێتە حاکمی ڕواندز".

دوای دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٥دا، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (مجلس النواب)دا دەبێتە نوێنەری هەولێر، لە ساڵی ١٩٢٨ جارێکی دیکە هەڵبژێردراوەتەوە، لەنێو کوردەواریدا ناوەکەی وەکو سمایل بەگ گۆ دەکەن، گۆڤاری (زۆزك) لەوبارەیەوە نووسیوە "لەبەر ئەوەی هەڵوێستێکی جوامێرانەی لەبەرامبەر شۆڕشی بارزان دەبێ، بۆیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق گومانی دەکەوێتە سەر".

سمایل بەگ دژی بە سەربازگرتنی زۆرەملێ بووە، لە ساڵی ١٩٣٣دا لە بۆسەیەکی نەیارانی لە دۆڵی (نیشاوێ)ی نزیك (خەلیفان) غافڵکوژ دەکرێت، هەندێ دەڵێن هەواڵی کوژرانی، دڵی پاشای عێراقی خۆش کردووە، چونکە مرۆڤێکی کوردپەروەر و بەهەڵوێست بووە.

**دوای دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٥دا، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (مجلس النواب) دا دەبێتە نوێنەری هەولێر، لە ساڵی ١٩٢٨ جارێکی دیکە هەڵبژێردراوەتەوە، لەنێو کوردەواریدا ناوەکەی وەکو سمایل بەگ گۆ دەکەن،**

# گردی قازیخانە
# بڵندگۆی ڕاپەڕینی جوتیاران

عوسمان هۆرمزیار



**لەو دەشتی کاکی بەکاکیەی هەولێر ولە مەملەکەتی گەنم و هەتاو (٦٩)ساڵ پێش ئێستا پیاوێکی مێرخاس و چاونەترس پڕبەگەرووی بانگی ئازادی دا و دژی جەور و ستەم و چەوسانەوە وەستایەوە، مرۆڤێکی هەڵکەوتوو و نموونەیی.**

ڕاستگۆ و بێ پێچ و پەنا، نەگۆڕ و خۆڕاگر و بڕوابەخۆ و لێوەشاوە، سەرقافڵەی کاروانی خەباتی چینایەتی بۆ گەیشتن بە ئایندەیەکی ڕوون و پڕشنگدار، ڕێبەر و ڕێنیشاندەر و جێی متمانە و باوەڕی ڕەنجدەران، پێشەوایەکی بێ فیز و خاوەن ڕێز

لـەلای خەڵـك و دوژمنـی سەرسـەختی سـتەمکاران، پێناسـەی هەقبێـژی و فەرهەنگـی دادپـەروەری و گوێنـەدەر بـە بەرژەوەنـدی شەخسـی و قوربانیـدەر لەپێنـاو ئامانجێکـی پیـرۆز، گرتـن و زینـدان و دەرکـردن و دوورخسـتنەوە لـە زێـدی خـۆی نەیانتوانـی ساردی بکەنـەوە و سازشـی پێبکـەن و لەسـەر ڕێـگای ڕاسـت لایبـدەن، ماندووەنـاس بـۆ هاتنـە دی عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی و مکـوڕ لەسـەر ئـەو ڕێبـازەی بـڕوای پـێ هەبـوو و خـاوەن بەڵێـن لەگـەڵ ئـەو پەیمانـەی بـە خـوا و بـە خەڵکـی خـۆی دابـوو، بەڵـێ (حاجـی سـمایلی قـادر سوراحی) بـۆ داکۆکیکـردن لـە خواسـت و مافـی ڕەوای جوتیـاران لـە٢٢ی نیسـانی سـاڵی ١٩٥٣و لەسـەر گـردی (قازیخانـە) جـاری ڕاپەڕینـی دا و بـوو بەپێشـڕەوی خەباتـی چینایەتـی و بـە ئاغـا و دەرەبەگەکانـی گـوت ئیـتر بەسـە زوڵـم و بێـدادی، بڵێسـەی ئـەو ڕاپەڕینـە لـە ماوەیەکـی کـەم (٣٠٠)گونـدی گرتـەوە و جگـە لـە کوردسـتان لـە عێـراق و ناوچەکـەش دەنگـی دایـەوە، ئیـتر ڕاپەڕینـی جوتیـاران یـان وەك ئـەوکات دەیانگـووت (هـەرای فەللاحی)بـوو بـە وەچەرخانێکـی گرنـگ لـە مێـژووی عێـراق بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبەتـی بەرهەمەکەشـی وشـیاربوونەوەی خەڵـك بـوو تـا چیـتر ناعەدالەتـی و نایەکسـانی قبـوڵ نەکـەن، کاتـێ ئاغـا و دەرەبەگـەکان دەچنـە بەغـدا و لـەلای حکومەتـی پاشـایەتی شـکایەت لـە (حاجـی سـمایل) دەکـەن ئیـتر زۆری نابـات هێزێکـی پۆلیـس لـە کەرکوکـەوە دێ و حاجـی دەسـگیردەکەن و ڕەوانـەی زینـدانی موسـڵ دەکـرێ، لـەوێ بەڕێوبـەری زیندانەکـە بـە (حاجـی سـمایل) دەڵـێ زانیاریـم هەیـە لەسـەر ئـەوە گیـراوی کـە ناهەقیـت قبـوڵ نەکـردووە و منیـش کەیفـم بـەو جـۆرە مرۆڤـە ئـازا و مەردانـە دێ، تـا لێـرە بیـت تـۆ کەسـێکی ڕێزلێگیـراوی، (حاجـی سـمایل) بـە حوکمـی ئـەوەی لـە سـەردەمی گەنجـی کاری کڕیـن و فرۆشـتنی توتـن بـووە لەگـەڵ ناوچـە عەرەبنشـینەکان بۆیـە فێـرە زمانـی عەرەبـی بـووە زۆر بەڕەوانـی و بـێ گـرێ قسـەی پێکـردووە، پـاش ماوەیـەك کـوردە زیندانیکـراوەکان دەچنـە لای و پێـی دەڵێـن: (حاجـی سـمایل) عیلاجێکـمان بکـە شـەقاوەیەکی موسڵاوی لێـرە بەندکـراوە و زۆر شـەلاتییە و بـەردەوام گێچـەڵ بـە کـوردەکان دەکات چـی بکەیـن باشـە، لـە وەڵامـدا پێیـان دەڵـێ ئـەو شـەلاتییە زۆر بـە قەڵافـەت و بەهێـزە شـەڕە بۆکـس لەگەڵـی کەلکی نییـە بـا تەگبیرێکـی ترتـان بـۆ بکـەم، کـە تەگبیرەکەیـان بـۆ



**بەتوندی یەخەی دەگرێ و پێی دەڵێ ئەوجارە ناتکوژین بەس جارێکی تر تەشقەڵە بەیەك کورد بکەی پێشتر خەبەری ماڵەوەتان بدە قەبرت بۆ ئامادەکەن.**

دەکات پێیان دەڵێ کە کەوتە بن دەست و پێتان زوو بانگم بکەن، کوردەکان تەگبیرەکە جێبەجێ دەکەن و شەقاوە موسڵاوییەکە دەکەوێتە بن دەست و پێیان و حاجی بانگ دەکەن، دەچێ و بەتوندی یەخەی دەگرێ و پێی دەڵێ ئەوجارە ناتکوژین بەس جارێکی تر تەشقەڵە بەیەك کورد بکەی پێشتر خەبەری ماڵەوەتان بدە قەبرت بۆ ئامادەکەن چونکە قوتاربوونت نییە و کوژرانت مسۆگەرە، شەلاتییەکە بە پاڕانەوە دەڵێ بەس ئەوجارە بەرەڵامکەن تۆبە دەکەم و ئیتر تەواو، کە بەڕێوبەری زیندان ئەو هەواڵە دەزانێ بانگی (حاجی سمایل) دەکات و پێی دەڵێ چەند هەوڵمدا ئەو شەلاتییە ناپیاوە بکەمە

**حاجی دەڵێ گەر خوای گەورە عومربدا زۆر ناپیاوی تر دەکەمە پیاو، بەڕێوەبەری زیندان دەستی لەسەر شانی دادەنێ و پێی دەڵێ (بارك الله حجی)**

پیاو پێم نەکرا تۆ چۆن توانیت ئەوها عاقڵی بکەی و بیکەی بە پیاو لە وەڵامدا حاجی دەڵێ گەر خوای گەورە عومربدا زۆر ناپیاوی تر دەکەمە پیاو، بەڕێوەبەری زیندان دەستی لەسەرشانی دادەنێ و پێی دەڵێ (بارك الله حجی)، ڕاپەڕینی جوتیاران کارێکی گەورە بوو کرا کاری گەورەش تەنیا بە مرۆڤی گەورە دەکرێ بۆیە ئەوکات ئەو ڕاپەڕینە و کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕەنگدانەوەی هەبوو بەسەر هەست و دەروونی خەڵك و چەندین شیعر و حەیرانی بەسەردا گوتراوە، یەکێك لەو شیعرانە کە جوتیارەکان ئەوکات دەیانگوتەوە بەم شێوەیە بوو:

**سمایلی قادر سوراحی، ، گرتی دەرکەی سەرایێ**

**وەکی شێری دەنەڕی، ، بە غەوسی لە بەغدایێ**

**چی بەدەست ئاغان نەهێشت، ، لە سوغرە وتەعدایێ**

**مەلیك دادمان بپرسە، ، سوتاین لەسەر دونیایێ**




**نووسەر لە گۆڕستانی قازیخانە**

پاش ئـەوەی ئاغـاکان دووبـارە دەچنـەوە بەغـدا، ئینجـا بڕیـاڕی دەرکردنـی خانـەوادەی (حاجـی سـمایل) دەردەچـێ و نەفـی دەکرێـن و دوور دەخرێنـەوە بـۆ شـاری ڕانیـە، دووبـارە هێزێکـی زۆری پۆلیـس لـە کەرکوکـەوە دێ بـۆ گونـدی (قازیخانـە) و خانـەوادەی (حاجـی سـمایل) بـە گچکـە و گـەورەوە دەسـگیردەکرێن لەگـەڵ سـێ ماڵـە جوتیـاری تـر بەناوەکانـی (قـادری مـام حەسـەنی و ئەحمـەد چۆمـەزەردەرە و حەمەدەمیـن حەبێ)کـە ئـەو سـێ جوتیـارەش ڕۆڵێکـی گرنـگ و بەرچاویـان هەبـووە لـە ڕاپەڕینەکـە، هـەر لـەو کاتـە (حاجـی سـمایل) بـە کەلەپچەکراوی دەهێننـەوە و بـەرەو کەرکـوك بەڕێدەکـەون، کـە بـەلای گونـدی (قوڵتەپـە) تێدەپـەڕن کۆمەڵێـك ژن لەسـەر بیـری ئـاوێ دەبـن بـۆ ئاوبـردن کـە (حاجـی سـمایل) بەکەلەبچەکـراوی دەبینـن لەگـەڵ مـاڵ و منداڵەکانـی یەکێـك لـە ژنـەکان حەیرانێکـی غەریبـی دەچـڕێ و دەڵـێ:

**لە سپیلکێ، ، سەرخانێ**

**دوو کۆتر هەرفڕین بەرەو هێلانێ**

**حەیفەك و دووازدە مخابن ئەمن دەکوژی**

**کە ماری حاجی سمایلیان بارکرد ڕوو لە کیستانێ**

کـە دەگەنـە شـاری ڕانیـە و لـەوێ نیشـتەجێ دەبـن ڕۆژێـك یەکێـك لـە ئاغـاکان لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە خزمەتکارەکانـی دێتـە لای (حاجـی سـمایل) و پێـی دەڵـێ حاجـی ئـەوە بـە خزمەتکارەکانـم گوتـووە نانتـان بـۆ بێنـن دەزانـم هـەژارن و منداڵەکانـت برسـیانە، (حاجـی سـمایل) دەسـتی لـە باغەڵـی دەنـێ و سـەفتەیەك پـارە

**بڕیاڕی دەرکردنی خانەوادەی (حاجی سمایل) دەردەچێ و نەفی دەکرێن ودوور دەخرێنەوە بۆ شاری ڕانیە، دووبارە هێزێکی زۆری پۆلیس لە کەرکوکەوە دێ بۆ گوندی (قازیخانە) وخانەوادەی (حاجی سمایل) بەگچکە وگەورەوە دەسگیردەکرێن**

دەردێنێ و دەڵێ ئاغا ئەوەندەم پارە پێیە، ئەوەندەم پارە پێیە هەر ئەو پارانە لە ئاشی دەکەم و دەیانکەم بە نان و دەیدەمە منداڵەکانم بەس تۆ ئەو پارەیەی بۆ ئێمە بە نان دەدەی بڕۆ بیدە بە جلوبەرگ بۆ خزمەتکارەکانت تەماشایان بکە شەرواڵەکانیان هەمووی دڕاوە و تلیشی لە دەلینگیانڕا گەیشتووەتە نیفۆیان دەبێ ببوری ئێمە هەژار نین و نامانەوێ کەس خێرمان پێبکات،

لە وەڵامدا ئاغاکە پێی دەڵێ تۆ کەی واز لەو بەزمە دەهێنێ، حاجی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ کەی ناعەدالەتی نەما و کۆتایی هات، ئاغاکە پێی دەڵێ ئەو حکومەتە لە بابی منی نەکەوێ بەخوای تۆی لە بەلاش نەفی نەکردووە و ئەوە دواقسەی دەبێ و ڕاست دەڕوا، (حاجی سمایلی قادر سوراحی) لە ساڵی ١٩٧٨ لە گەڕەکی ئازادی کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (شێخ زەرد) بەخاك دەستپێردرێ، ئەوانەی بەشداری مەراسیمی بەخاك سپاردنیان کردبوو دەیانگێڕاوە کە خەڵکێکی زۆر لە هەولێر و خەڵکێکی زۆریش لە گوندەکانی دەشتی هەولێر هاتبوون بۆ خواحافیزی و ماڵئاوایکردن لەو پیاوەی بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر و بەسەربەرزی ژیا و بەسەربەرزی دونیای بەجێهێشت، بەڵێ ئاغا و دەرەبەگەکان کە ڕۆژگارێك ستەمیان لە خەڵك دەکرد هەموویان مردن و کەس باسیشیان ناکات، خزمەتکار و کاسەلێس و چەلاوخۆر و ماستاوچی دیوەخانی ئاغاکان هەموویان مردن کەس باسیشیان ناکات، بەڵام (حاجی سمایلی قادر سوراحی) بوو بە سیمبولی شکۆ و شەهامەت هەڵوێستی مەردانە و ناوەکەی بە نەمری مایەوە و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێ و مێژووش باوەشی بۆ کردەوە و لە پڕشنگدارترین لاپەڕەکانی خۆی جێگای بۆ دانا، (حاجی سمایل) بەجەستە ڕۆیشت بەڵام پەیامێکی بەجێهێشت بۆ ئەو مرۆڤانەی کە ئەمڕۆ بڕیاریانداوە بە سەربەرزی بژین و بەسەربەرزیش بمرن، ڕۆحت بە بەهەشت شاد بێت. گەورەم تۆ لە ویژدانی هەموو مرۆڤە پاك و بە هەڵوێست و ئازادیخوازەکان یادت زیندووە، تۆ بە هەموومانت گوت کە ژیان مەسەلەی کاتە و کۆتایی دێ و گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بە کەرامەتەوە بژی و هەرگیز سەر نەوی نەکات جگە بۆ خوای مەزن نەبێ، ئارام بنوو گەورەم، ئارام بنوو پەیامەکەت گەیشت گەورە و سەروەرم...

# مەرگەوەڕ و قەڵای بێنار
# لە چەند بەڵگەنامەو وێنەو بەسەرهاتی مێژووییدا

بورهان برادۆست **



**سەرەتا**

مەرگـەوەڕ ناوچەیێکـی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی نـاو خاکـی ئێرانـە و لەگـەڵ تەرگـەوەڕ و دەشـت سـێ دێهسـتانی سـەر بـە ناحیـەی سـلیوانان (قـەزای شارسـتانی ورمـێ) لـە پارێـزگای ئازەربێجـانی ڕۆژاوا . ڕووبەرەکـەی ٤٤٣ کـم دووجایـە و بریتییـە لـە ٥٥ گونـد لەوانـە زێـوێ و دزێ. بەگوێـرەی ناوەنـدی ئامـاری ئێـران سـاڵی ٢٠١١ تێکـڕای دانیشـتووان نزیکـەی ٣٧ هـەزار کـەس بـوون گشـتیان کـوردی سـوننەن و پێکهاتـوون لـە برادۆسـت و هەرکـی و سـەید و هـۆزی دیکـە.. پێـش سـاڵانی ١٩١٦ گەلێـک لـە فەلـە (دیـانی نەسـتۆری) لـە ناوچەکـەدا دەژیـان. مەرگـەوەڕ شـوێنێکی کشـتوکاڵی و گەشـتیارییە و هەواکـەی سـازگارە پـڕە لـە بـاخ و پـاوان و لەوەڕگـە و مێـرگ و تاڤگـە و چیـای بـەرزی وەک داڵانپـەڕ و بـۆزێ سـینا و گەلـی نـاوداری بێنـار.

مەرگەوەڕ هاوکەوشەنە لەگەڵ:

- لە باشوور: دەشتەبێڵ و شاری شنۆ
- لە ڕۆژئاوا: گەوەڕ (شەمزینان) و خواکوڕک (سیدەکان)
- لە باکوور: سیلوانا (دەشت و تەرگەوەڕ) و سۆما و برادۆست.
- لە ڕۆژهەڵات : بەراندێز (ورمێ)

**ڕیشەی ناوی مەرگەوەڕ**

ڕیشەی وشەی گەوەڕ لە ناوی ئەو سێ ناوچەیەی کوردستان گەوەڕی ناوچیا و مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوور و دێرین. سەردەمانێک بەشێک بووە لە خاکی نائیری (نەهری) و ڕۆژگاری باڵادەستبوونی دەوڵەتی ئۆرارتۆ و گەلی خۆرپەرستانی هۆری کە پێتەختی لەتوشپا (وان) بووە.

وشەی کورا KUR-a لە زمانی سۆمەری کۆندا هەبووە بە واتای ناوچیا یان وڵاتی بێگانان.

لە زمانی کوردیدا وشەی گەوەڕ واتای جیاوازی هەیە: مێرگ، کەلێنەشاخ و شکێڕ، گەوڕ و پشتێر لێوار و ڕۆخ. لە زمانی ئەرمەنیشدا کە سەردەمانێک زمانی ئاخاوتنی بەشێکی دانیشتووانی ناوچەکە بووە بە دوو واتای جیا دێت: دەڤەر (ئاوایی) و جۆگەی ئاو (گاڤار).



لـە ئارامـی (زمـانی سـوریانی)دا کەفـر بـە واتـای دێهـاتی پـڕ وەرزێـر و کشـتوکاڵ دێـت.

ڕۆمانـەکان وشـەی کـۆرا choraیـان بـۆ هەرێـم و ناوچـەی یەکـەی کارگێڕیـی بەکارهێنـاوە کـە لـە وشـەی گریکـی یۆنـانی: خـۆرا: χώρα وەرگیـڕاوە. لـەدوای ئیسـلام وەک زاراوەی جوگرافیایـی چووەتـە نێـو زمـانی عەرەبـی بـە شـێوەی: الكُورَةُ (جەمعەکـەی: کـور) بـە واتـای ناوچەیێـک کـە چەنـد کوندێکـی لەخـۆ گرتبێـت. لـە فارسیشـدا بـە شـێوەی کـورە و خـۆرە هەیـە و بـە هەمـان مانـای عەرەبییەکـە بەکارهاتـووە.

لەبـارەی هـۆی ناونـانی ناوچەکـە بۆچوونێکـی تریـش هەیـە دەڵـێ: ناوچەکـە پـڕە لـە مێـرگ و دار و دەوەن، بۆیـە دەشـێ ناوەکـە لـە ئەسـڵدا مـەرخ گـەوەڕ بێـت. مـەرخ بـە واتـای داری کاژ یـان هـەورەس (لـە ئەرمەنیشـدا وشـەی مەیـری بـە -دار و درەخـت- دەگوترێـت). بـەم شـێوەیە دەبـێ مەرگـەوەڕ بـە واتـای ناوچـەی پـڕ لێـڕ و درەخـت بێـت. هـەر لەنـاو مەرگـەوەڕ گوندێـک هەیـە بـە نـاوی شـەقڵاوا کـە هەمـان واتـا دەبەخشـێت.

### مێژووی مەرگەوەڕ

لـە ڕۆژئـاوای مەرگـەوەڕ لـە خاکـی شـەمزینان گونـدی نەهـری هەیـە کـە ناوەکـەی لـە نەقـش و نـووسراوە ئاشـووریی و ئۆرارتۆییەکانـدا بـە نائیـریNairi خوێندراوەتـەوە. هەروەهـا شـوێنەواری دێرینـی مسـاسر (کـە پەرسـتگای خـودای خالـدی ئۆرارتـۆی لـێ بـووە) ئێسـتا هـەر بـە هەمـان نـاو مجاسـەر (مجێسـەر) ماوەتـەوە لـە نزیـک سـیدەکانی ڕۆژئـاوای ناوچەکـە و لەوێشـەوە کێـلی پـڕ بەهـای پاشـای ئۆرارتـۆ نـاسراو بـە کێلـە شـین لـە ڕێـڕەوی نێـوان مجێسـەر و شـاری ئوشـناک (شـنۆی ئێسـتا) کـە زێـتر لـە دوو هـەزار و پێنـج سـەد سـاڵە لـەو ڕێـگا گرینگە بـۆ یـادەوەری پەرسـتگای مجێسـەر و ڕێنوێنـی ڕێبـواران لـە سـەر ترۆپکـی بەرزاییـەکان دانـراوە. ئاسـەواری سـندووس (نزیـک گونـدی حەسـەنلوی نەغـەدە) و ئاسـەواری گۆرسـتانی پاشـاکانی (ماننـا) لـە گونـدی زێـوە و نێرگـێ و چەنـدان ئاسـەواری تـر، گرنگـی و ڕادەی شارسـتانێتی ناوچەکـە دەردەخـەن.

دیارتریـن ئـەو گەلانـەی لـەو ناوچەیـەدا باڵادەسـت بـوون لە سـەرەتای مێـژووەوە تـا ئەمڕۆ: ئۆرارتـۆ و هۆری-میتـانی و سـوبارتو و گـوتی و مانـنا و ئاشـوور و مـاد و ئەرمـەن و هەخامەنـشی و ساسـانی و عـەرەبی (خەلافـەتی ئومـەوی و عەباسـی) و کـوردی هەدبـانی و سـەلجووقی و مەغـۆل

و تورکمان و کوردی برادۆست و سەفەوی و قاجار. مەرگەوەڕ لە ڕووی پێگەی سیاسی و جوگرافیا و ژینگەی کشتوکاڵی و پاوان و لەوەڕگە و ئاوەوە بایەخی خۆی هەبووە. باشترین تووتنی ناوچیا هەر بە ڕێگەی مەرگەوەڕ-ڕا دەبردرایە بازاڕەکانی ئێران.

لە ڕۆژگاری عەباسییەکاندا، مەرگەوەڕ بەشێک بووە لە قەڵەمڕەوی حوکمڕانیی کوردانی ڕەوادی (ڕەوەندی) هۆزی ناسراو بە هەدبانی لە تەورێز و مەراغە و هەولێر. سەرۆکانی هۆزی گەورە و دێرینی زەرزا (زەرزاری)ش ماوەیێک بە ناوی دەوڵەتی سەڵاحەدینی ئەیوبییەوە لە شنۆ و سیدەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان دەکرد لەوانەش میر عەلی کوڕی حسام ئەلدینی زەرزاری. لە ململانێی نێوان سەلجووقی و غەزنەوی و جەلالەددین شای خوارزمی، ورمێ و دەوروبەری دووچاری پشێوی و وێرانکاری بوون. ئەم پشێویە بە هاتنی مەغۆلەکان فرەوانتر بوو و ورمێ و شنۆ و مەرگەوەڕ و هەکاری کەوتنە بەر لێشاوی هێزی دڕندەی مەغۆلان. هۆلاکۆ پایتەختی خۆی لە مەراغە و دواتر لە تەورێز دامەزراند و بە نەمانی ئەوان خزمەتکارەکانیان لە تورکمانەکان جێیان گرتنەوە. بەڵام بەشێکی ورمێ و مەرگەوەڕ و سۆما و برادۆست بوون بە زەمینی سەرهەڵدانی میرنشینی ناوداری برادۆست کە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشا.

**زامی سارێژنەبووی دمدم**

""

**ئەی دمدمی بەردی دەلان**

**جێگەی خان و خانادەلان**

**ئێستا بووی بە مەسکەنی خەرتەلان**

""

دمدم قەڵایێکی سەخت و بەرزی نزیک شاری ورمێیە لەسەر گردێکی بەرز هەڵکەوتووە و لە پێنج بەشی گەورە پێک دەهات. ئێستا ئاسەوارەکانی لە دووری ١٥ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای ناوەندی شارن دەگوترێ کە مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانەکان. برادۆستەکان نووژەنیان کردبووەوە، دمدم مەڵبەندێکی دیاری میرانی برادۆست بوو و سمبولێکی گەورەی بەرخۆدانی کوردانە.

لە دوای شکستی شەڕی دمدم (١٦٠٩) و کوژرانی خانی لەپزێڕین، دانیشتووانی ناوچەی ورمێ دووچاری تاڵان و ڕاگواستن بوونەوە. دوای بیست ساڵ لە شەڕەکە، کەلبعەلی خان

**دمدم قەڵاییێکی سەخت و بەرزی نزیك شاری ورمێیە لەسەر گردێکی بەرز هەڵکەوتووە و لە پێنج بەشی گەورە پێك دەهات. ئێستا ئاسەوارەکانی لە دووری ١٥ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای ناوەندی شارن دەگوترێ کە مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانەکان.**




ناوێـک لـە سـەرکردەکانی ناو سـوپای شـا عەبباسـی سـەفەوی، لـە شـەڕی بەغـدا ١٦٢٤ز لـە خزمـەت شـای عەجەمـدا بوو و لـە گرتنـی قـەڵای شـارەکەدا نەبەردییێکـی گـەورەی نواند، شـا عەبباس بـۆ پاداشـتکردنی پێـی گـوت جیـت دەوێ بخـوازە، ئەویـش وەڵامیـدا گـوتی شـوێنێک بـۆ حەوانـەوەی هـۆزە پـەرش و بڵاوەکـەم، شـا فەرمانـی دەرکـرد کـە هـۆزی ئەفشـار هـەر ناوچەییێکـی ئێرانیـان پـێ خـۆش بێـت و داوای بکـەن

پێیـان بـدرێ. کەلبعـەلی کـە شـارەزای خـاک و کـەشی سـازگاری ورمـێ بـوو و دەیـزانی کـوردەکانی پـاش لـە دەسـتدانی دمـدم ورە شـکاون و توانـای بەرگریـان نەمـاوە، بۆیـە دەشـتی ورمێـی هەڵبـژارد. پـاش ڕەزامەنـدی شـا، نزیکـەی هەشـت هـەزار سـەرخێزانی ئەفشـار لـە موسـڵ و فـارس و کرمـان و خوراسـان لـە ماوەییێکـی کەمـدا کۆکرانـەوە و بـەرەو ورمـێ ڕەویـان کـرد. کـە گەیشـتنە دیـوی سـەڵماس کـوردانی ناوچەکـە ڕووبەڕوویـان بوونـەوە بـەڵام ئەنجامەکـەی لـە بەرژەوەنـدی ئەفشـارەکاندا بـوو، کـە گەیشـتنە قـەڵای تۆپراقـی ورمـێ کەلبعـەلی ناوچەکانی

**نزیکەی هەشت هەزار سەرخێزانی ئەفشار لە موسڵ و فارس و کرمان و خوراسان لە ماوەییێکی کەمدا کۆکرانەوە و بەرەو ورمێ ڕەویان کرد. کە گەیشتنە دیوی سەڵماس کوردانی ناوچەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە بەڵام ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی ئەفشارەکاندا بوو**



دەشتی ورمێ و دۆڵ و بناوی نازێ و چەمی ڕەوزە و سندوس و بەراندێزی بەسەر تیرەکانی ئەفشاردا دابەشکرد. بەڵام برادۆستەکان زەوتکردنی خاکی باوپارانیان پێ قبووڵکراو نەبوو و ساڵی ١٦٢٩ز دووبارە بەو هێزەی کە هەیانبوو هێرشیان هێنایەوە سەر داگیرکارانی ئەفشار لە بناوی ڕەوزە بەڵام پارسەنگی شەڕەکە دیسان بەلای ئەفشارەکاندا شکایەوە.

تەمەر خان ناوێک ڕۆڵەیێکی خانی برادۆست بووە دووبارە بە هێزێکەوە خزانەوە ناو و لە قەڵای دمدم و سەنگەریان لە ئەفشاران گرت. لەدوای ١٦٣٥ و بە مردنی کەلبعەلی خان، کوردانی سۆما و برادۆست و دەشت و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و بەردەسۆر دووبارە هێرشیان هێنایە سەر ئەفشارە داگیرکەرەکان کە ئەوکات گەنج عەلیی برای کەلبعەلی مەزنایەتیی دەکردن. بەرگری برادۆستان لە دمدم و دەوروبەری سەد ساڵی تر درێژەی کێشا تا لە ڕۆژگاری نادر شای ئەفشار، کوردان بە هاوکاری یوسف پاشا و لەشکرێکی عوسمانی دمدمیان کردە ئامانج و لەدەست لەشکری ئەفشاریان دەرهێنا. بێستون بەگی ئەفشار یەک لە سەرکردەکانی نادر شا، گەیشتە دمدم و شەڕ لە نێوان عەجەم و عوسمانی ڕوویدا و لە ئەنجامدا یوسف پاشا کوژرا و قەڵاکە بەگوێرەی کتێبەکەی میرزا ڕەشیدی ئەدیبول شوعەرا لە ساڵی ١٧٣٠ لە ڕۆژگاری نادرشا و بە فەرمانی شاتوەمەسپی دووەم بەیەکجاری تەخت کرا.

لەدوای نەمانی نادر شا ئێران بەگشتی ورمێ بەتایبەتی دوچاری پشێوییێکی گەورە بوو، لەشکری ئازاد خانی ئەفغان کە سەرکردەییێکی دیاری نادر شاه بوو، کرا بە حاکمی ئازەربێجان و دەسەڵاتی گەیشتە ورمێ بەڵام زۆری نەخایاند کەریم خانی زەند تەنگی پێ هەڵچنی و شکستی پێ هێنا و ئازاد خان ناچار بە ڕێگەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕەوە پەنای بۆ میری هەکاری برد و لەوێوە خۆی گەیاندە گورجستان. لە ساڵی ١٧٦٠ز کەریم خانی زەند بە سوپای زەند و کەڵهور و بەختیاری تەورێزی گرت و دواتر بە سی هەزار سەربازەوە بەرەو ورمێ هات و ئاوایی دێگالای خوار شارەکەی کردە لەشکرگە و لەوێوە بۆ نۆ مانگ ئابڵۆقەی قەڵای ورمێی دا و دواتر بە کۆمەگی کوردان شیا شارەکە لە دەست ئەفشاران دەربێنێ و بۆ ٣ مانگان بیکات بە پایتەختی حوکمڕانی زەند .لەو ماوەیەدا لەشکرێکی کەریم خانی زەند تا قەڵای (کانی سپی)ی نێوان مەرگەوەڕ و شنۆ هاتن. ئازایەتی کەریم خانی زەند لە نێو کوردانی ورمێ بە ناوودەنگ و جێی سەرنج بوو.

**داگیرکاری عەجەم بە شێوازی جیاجیا**

کینـەی حوکمڕانـانی قاجـار و ئەفشـار لەبەرامبـەر کـوردانی ناوچەکـە بـە شـێوازی جیاجیـا و بـەردەوام پەیـڕەو دەکـرا. ڕاوڕوتی سـەر گوندنشـینان و زەوتکـردنی زەوی و موڵـک ماڵیـان، دەسبەسـەرکردنی سـەرۆک هـۆز و گـەورە پیـاوانی موکـری و بڵبـاس و زەرزا و برادۆسـت بـە بیانـووی ئاژاوەگێـڕی و نـەدانی بـاج و پیتـاک و پیلانگێڕیـی دژ بـە دەوڵـەت بەردەوامـی هەبـوو. هەندێـک جـار ئـەم هێرشانە پەلیـان دەهاویشـت بـۆ ئـەو دیـوی سـنووریش وەک چـۆن سـاڵی ١٨١٥ز ڕوویـدا کاتێـک سـوپایێکی پێکهاتـوو لـە دە هـەزار سـوارە و پیـادە و تـۆپ و تۆپخانـە و بـە فەرمـانی عەبـاس میـرزای جێگـری فەتحعەلـی شـای قاجـار و حاکمـی تەورێـز (ئازەربێجـان) سەرپەرشـتی سوپاسـالاری عەجـەم و سـەرکردەکانی ئەفشـاری ورمـێ و بـە چاوسـاغی سـمایل ئاغـای بشـکوفتی (شـکاک) لـە دیـوی شـنۆ و کێلەشـینەوە پەڕینـەوە ئـەو دیـوی سـنوور بـە نیـازی هێرشـکردنە سـەر ڕەوانـدز. هێزەکـە سـەرەتا گەمـارۆی قـەڵای سیـدەکانی دا بـە تۆپخانـە و چەکـی نوێـوە قەڵایـان ئاگربـاران کـرد بـەڵام لەبـەر بوێـری و بەرگریـی خەڵکـی برادۆسـت و دژواریـی کـەشی ناوچەکـە، عەجـەم بەرگـەی مانەوەیـان نەگـرت و بەبـێ پێـکانی ئامانجـەکان پاشەکشـەیان کـرد.

لـە سـاڵی ١٨٢٨ پـاش شکسـتی سـوپای ئێـران بەرامبەر ڕوسـەکان و لەدەسـتدانی گورجسـتان و ڕەوان و گەنجـە، هـۆزی قەرەپەپاغـی تـورک زمـانی شیعە مەزهەب، لەژێر دەسـەڵاتی ڕوسـەکان ڕایانکـردە دیـوی چاڵدیـرانی ماکـۆ و سـەڵماس و دواتـر بـە فەرمـانی شـازادە عەبـاس میـرزا خاکـی بەپیتـی دەشـتی سندوسـیان وەک پاداشـت پـێ بەخـشرا کـە زێـدی دێرینـی مامەشـان بـوو. هاتنـی ئەفشـار دوای شـەڕی دمـدم و ڕاگوێـزانی قەرەپەپـاغ بـۆ سـندووس گۆڕانکاریـی گەورەبـوون هاوسـەنگی هێـزەکانی بـەلای تورکـی هـاوردە شـکاندەوە و ڕۆڵ و سـەنگی کـوردانی لاواز کـرد.

**مەرگەوەڕ و نەمانی میرنشینەکان**

میرنشـینی برادۆسـت لـە ورمـێ و سـۆما و مەرگـەوەڕ، لـە ڕۆژگاری شـەڕی چاڵدێرانـەوە ١٥١٤ تـا سـەرەتای سـاڵانی ١٨٠٠، بەگوێـرەی ڕێکەوتنـی نێـوان ئیدریسـی بدلیسـی و سـوڵتان سـەلیم لـە لایـەن دەوڵـەتی عوسـمانیەوە وەک ڕەعایـا پشـتیوانی دەکـران و پاداشـت و کۆمـەگ دەکـران و لـە تەنگانـەدا داڵـدەدەدران. بـەڵام دەرچـوونی سیسـتەمی نوێـی ئیدارەدانی دەوڵـەت

ساڵی ١٨٢٠ کە بە نیزامی جەدید دەناسرا و بە هۆیەوە کاروباری باج و کارگیری ڕاستەخۆ بەسترانەوە بە ئەستانبۆلی پایتەختەوە و ڕۆڵی میرنشینە کوردییەکان بەلاوەنرا و ڕێککەوتنی بدلیسی سەلیم هەڵوەشێنرایەوە.

بڕیاڕی هەڵوەشاندنەوە تەنها بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج و پیتاک نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ لەسەر شێوازی دەوڵەتە ئەوروپییەکان و لەژێر کاریگەری شۆڕشی فەڕەنسا دیارترینیان ستایلی ناپلیۆن پۆناپارت. ئیمارەتە کوردییەکان وەک بۆتان و بابان و سۆران مۆرکێکی کوردانە و ناسنامەی کوردستانیان هەبوو. ئەمەش دژ بە هەوڵەکانی دەوڵەتدارە عوسمانییەکان کە هەڵگری جۆرێک لە هەستی نەتەوەپەرستی بوون لەژێر کاریگەری ڕاوێژکارە ئەڵمانەکان، هەر بۆیە پاش ١٨٥٠ سیاسەتی چەسپاندنی زمانی تورکیان پەیڕەوکرد لە هەموو دامودەزگا حکومییەکاندا لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

لە گەرمەی ئەو ڕووداوانەی دیوی عوسمانی و داڕوخانی قەوارە کوردییەکانی ڕەواندز و بابان و ئامێدی و هەکاری، لەشکرێکی ورمێ بەسەرکردایەتی عەسکەرخانی کوڕی لوطفعەلیخان، ساڵی ١٨٤٥ هێرشیان کردە سەر ناوچەی سۆمای برادۆست و پاش بەرگرییێکی چەند مانگە هەردوو قەڵای کونەمێش و بەردەڕەش کەوتنە دەست هێرشبەران و قەڵاکان خاپوور کران و ماڵ و موڵکی بەگزادەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ورمێ و تەورێز دەستی بەسر داگیرا. جێی داخە کە لەو هێرشانەدا  گەورەی شکاکی چەهریق لە ڕیزی عەجەماندا بوو و لە پاداشتدا بەڕێوەبردنی دەڤەرەکەیان پێدرا و خەڵکی ڕەسەن لەبەر ستەمی عەجەم و شکاکان ناوچەکەیان جێهێشت.

کاتێک نوڕوڵا ئاغای هەکاری یەکێک لە بەشداربووانی شۆڕشی میر بەدرخانی میری بۆتان لە ترسی تۆڵەی عوسمانی، پەنای هێنابووە دیوی ورمێ لەلای میر ئەشرەفی بەگزادەی بەردەسۆر دالْدە درابوو، دەوڵەتی عوسمانی بە پشتبەستن بە ڕێکەوتنەکانی نێوان هەردوولا داوای لە ئێران کرد نوڕوڵای ڕادەست بکاتەوە. هێزێک لە ورمێ بزوا بەرەو تەرگەوەڕ بۆ گرتن و تەسلیمکردنەوە نوڕوڵا بەڵام میری بەردەسۆر ڕەتی کردەوە پەنابەران تەسلیم بکاتەوە و حوکمڕانانی ئەم هەڵویستەی میری بەردەسۆریان کرد بە بیانوو و هێزێکیان ناردە سەر تەرگەوەڕ. کوردانی ناوچەکە ڕێی هێزەکەیان گرت و گوندی بەندی

نێوان ورمێ و دەشت بوو بە مەیدانی شەڕێکی دژوار کە بە تێکشکان هێزەکەی عەجەم و هەڵاتنیان کۆتایی هات.

**شەڕی فێڵ و خاپاندن**

شازادەکانی قاجار، کوڕانی شای عەجەم، کە لە تەورێز و ورمێ حاکم و دەسەڵاتدار بوون. چاوی چڵێس و پڕ تەماعیان بڕیبووە موڵک و گوند و قەڵاکانی وڵاتی برادۆستان یەک لەوانە قەڵای بەردەسۆرە بوو کە چەندین ساڵ بوو پشتاوپشت بەدەست بەگزادەکانەوە بوو. ئەدیبولشوعەرا لە کتێبەکەی مێژووی ئەفشار دەنووسێ: خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕ و دەشتی تەرگەوەڕ و سۆمای برادۆست هەر لەکۆنەوە قەڵای سەخت و پتەویان لەسەر تیرەشان و دوند و پۆپەی چیای بەرز و بەردەڵانی ڕژد و هەڵەمووت سازکردووە. قەڵای بەردەسۆر بنکە و پەناگەی سەرۆکانی دەشت و تەرگەوەڕە. بە بیانووی ئەوەی (کە خەڵکی بەردەسۆر سەرقاڵی شەڕ و زیانگەیاندنن بە گوندانی دەوروبەر) بۆیە میرزادە ئەکبەرمیرزا بە تەگبیری عەسکەرخانی سەرتیپ نامەیێکی بۆ کاربەدەستانی ئازەربێجان ڕاگەیاند و ئەوانیش فەرمانیان نووسی ئەگەر شەڕ هەڵگیرسا قەڵاکە خاپوور بکەن و داری لەسەر بەردی نەهێڵن). بەردەسۆر قەڵایێکی سەخت گەورە بوو، لە شەڕ داگیرکردنی ئاسان نەبوو بۆیە پەنایان بردە بەر شێوازی خاپاندن و تەڵەکەبازی، عەسکەرخانی سەرتیپی ئەفشار بانگهێشتی پەرەڤ بەگی بەردەسۆری کرد تا بە فێل و درۆشی ڕازیی بکات قەڵاکە چۆڵ و هێزەکەی ورمێ دەستی بەسەر دابگرێت و دانیشتووانەکە دەربەدەر بکات.

**ڕێککەوتنامەی ئەرزەڕۆم ١٨٤٧ و دەروێش پاشا**

سنووری ئێرانی عوسمانی ماوەی چوار سەد ساڵ هەر بە ناکۆکی مایەوە، ئەوە تەنیا یەک هێلی سنوور نەبوو کە لەسەری پێک نەدەهاتن، بەڵکو ئەوە چەند ناوچەی تەواوی سەرلەبەر بوو کە ناکۆکی لە نێوان هەردوو وڵاتی هاوسێدا دروستکردبوو و ببوو بەهۆی جەنگێکی خوێناوی کە هەمیشە ئاشووبی سیاسی-ئایینی چەندین بیانووی زۆریان بۆ جەنگ بە دەستەوە دەدا. ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم ١٨٤٧ کۆتایی بە دەسەڵاتدارێتی ناوخۆی کورد هێنا. بەڵام کۆتایی بە جەنگ و کێشە سنوورییەکان نەهێنا. تا دواجار بەریتانیا و ڕوسیا -بەو قورسایی سیاسی و سەربازییەی هەیانبوو- هەڕەشەیان

لەو لایەنە کرد کە حورمەتی سنووری دیکە دەشکێنێ بەشێوەیەک هەر ببێتە هۆکاری شکاندنی حورمەتی سنووری لای دیکە، ئەوا هەردوو زلهێز خۆیان دەدەنە پاڵ لایەنەکەی دیکە و هاریکاریی و پشتیوانی لێدەکەن.

دوای ئەم ڕێککەوتنامەیە بارودۆخی سنوورەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە پێی نایە قۆناغێکی نوێ. دەست بەکاربوونی ئەو لێژنەیە چوار قۆڵییە (ئێران -عوسمانی-ڕوسیا-ئینگلیز) لە ساڵی ١٨٥٠ بوو بە خاڵی وەرچەرخان و بەردی بناغە بۆ لێژنەکانی تری تایبەت بە دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت. سەرەڕای هەوڵەکانی دەروێش پاشای نوێنەری عوسمانی بۆ داخڵکردنی ناوچەکانی دیفاکتۆی شنۆ و لاجان و مەرگەوەڕ و سەڵماس و قتوور لە نێو سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانیدا هاندانی سەرۆک و مەزنانی کورد بۆ ڕەتکردنەوەی تەبەعیەتی ئێران تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی دەروێش پاشا هێزی سەربازی بەکاربهێنێ بۆ سەپاندنی ئەم سنوورانە وەک ئەوەی لە قتوور ڕوویدا، بەڵام مکوڕبوونی لایەنی ئێرانی و ڕژدیی چاودێرانی ڕوس و ئینگلیزی ئەم هەوڵانەی لەبار برد. میرزا سید جعفر (مشیر الدولة) ناسراو بە (مهندس باشی) کە نوێنەری ئێران بوو لەو لێژنەیەدا لە ترسی ئەوەی دەروێش پاشا بە هەڵوێستێکی زیان بە سنوور و خاکی ئێران بگەێنێت، شەقاو بە شەقاو لەگەڵ دەروێش پاشا و وەک سێبەر بەدواوەوەی بوو. .

**میر سوڵتان بەگی بێناری و کوژرانی عەسکەرخان**

میر سوڵتان بەگ یەک لە میرانی برادۆست لە نەوەکانی خانی لەپزێڕینە کە لە مەرگەوەڕ و قەڵای بێناردا دەسەڵاتدار بوو. سێ کوڕی هەبوو بە ناوی خانەوادەل و جانگیر و مەحموود. یەک لەو کەسانە بوو کە حاکمانی ورمێ خستبوویانە ژێر چاودێری بە حوکمی ئەوەی نەوەی خانی لەپزێڕینە کە عەجەم پێی دەڵێن: ئەمیرخانی چۆلاق. میر سوڵتان لە ناو خەڵکی مەرگەوەڕ و دەوروبەری خودان کەسایەتیێکی بەڕێز و خۆشەویست بوو و دەسەڵاتی بەسەر مەرگەوەڕ و گەلیی بێناردا هەبوو کە ڕێرەوێکی بازرگانیی گرینگی نێوان شەمزینان و ورمێ بوو و توتنی نایاب و کاڵاکان لەوێوە دەهاتنە بازاڕەکانی ئێران. قەڵاییێکی سەختیشی تێدا بنیاتنرابوو دوور لە دەستی دەسەڵاتی حکومەت عەجەم. میر سوڵتانی بێناری خۆی بە ڕەعییەتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەزانی و پشتگیری بۆچوونەکانی دەروێش پاشای دەکرد لەبارەی خاوەندارێتی عوسمانی بۆ ناوچەکانی شنۆ و مەرگەوەڕ

و لاجـان. ئەوسـاش حوکمـڕانی ورمـێ وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد بەدەسـت شـازادە مەلیـک مەنسـوورِ میـرزای کـوڕی فەتحعـەلی شـای قاجـار بـوو و دایکـی لـە ئەفشـارەکانی ورمـێ بـوو، کـە چڵیسـانە، لـە ڕێگـەری سـەرکار و دەسـتوپێوەندە گەندەڵـەکانی، زۆر لـە موڵکـی ناوچـەکانی شـنۆ و مەرگـەوەڕی بـە زۆری زۆردار کردبـوون بـە پاوانـە میـر بـۆ خـۆی و خـاڵ و خزمـانی.

میرنشـینەکانی کوردسـتان بـە کەوتنـی بۆتـان ١٨٥٠ بـە یەکجـاری لێکهەڵوەشـانەوە، مەرگـەوەڕ و قـەڵای بێنـار دوا شـوێن و میـر سـوڵتانی بێنـاری دوا سـەرکردەی کـورد بـوو کـە نەهاتبـووە ژێـر بـاری ڕێککەوتنـی ئەرزەڕۆمـی دووەم و خـاک قەڵاکـەی سـەربەخۆ مابـووەوە. میـر سـوڵتان وەک ئەدیـب ئەلشـوعەڕا دەڵـێ: (گوێـی نەدەدایـە حوکمـی هیـچ کام لـە حاکـمان و نەدەهاتـە قـەڵای ورمـێ و ملکەچیـان نەبـوو) و حاکـمانی ورمێـش دەسـەڵاتیان بەسـەر بێنـار ڕانەدەگەیشـت، بۆیـە عەسـکەرخانی سـەرتیپیان ڕاسـپارد میـر سـوڵتانی بێنـار بانگهێشـتی لای خـۆی بـکات و فەرمـانی ڕادەسـتکردنی قـەڵای پـێ بگەینـێ تـا بکرێتـە بنکـەی سـەربازی یـان خاپـوور بکرێـت. میـر سـوڵتان دلێرانـە چـووە دیـداری عەسـکەرخان و ئەویـش نیـاز و فەرمـانی حاکـمانی ورمـێ و تەورێـزی پـێ ڕاگەیانـد. میـر سـوڵتان بـۆ ڕاوێژکـردن لەگـەڵ ماقـوڵانی بێنـار و دزێـی مەرگـەوەڕ گەڕایـەوە بێنـار. فەرمانەکـەی عەجـەم لای قبوڵکـرا و نەبـوو، وەڵامـی نـارد کـە ئـەو لـە ڕەعیـەتی دەوڵـەتی عوسـمانییە و ناهێتـە ژێـر بـاری فەرمانـەکانی دەوڵـەتی قاجـار. ئـەم وەڵامـە چـاوەڕوان نەکـراوەی میـر سـوڵتان، شـازادە و حوکمڕانـانی ورمێـی تاسـاند. بـەڵام لەنێـو خەڵکـی ناوچەکـە جێـی خۆشـحاڵی بـوو و دەنگـی دایـەوە و بەردەسـۆر و مەرگەوەڕیـش بـە شـوێن هەڵوێسـتی میـر کەوتـن.

زۆری نەخایانـد شـازادە بـە لەشـکرێکی گـەورەی سـەرباز و تۆپخانـە لـە ورمـێ بەڕێکـەوت بـەرەو قـەڵای بەراندێـز، کـە گەیشـتنە تەرگـەوەڕ (پـەرەو خـان)ی بەردەسـۆری بـە بیانـووی پشـتگیری لـە میـر سـوڵتان دەستبەسـەری کـرد و بـە کـۆت و زنجیـرەوە ناردیـە زینـدانی ورمـێ و قەڵاکـەی خاپـوور کـرد. کـە هاتنـە مەرگـەوەڕ هێـز و لەشـکر لـە نزیـک گونـدی دەزگر وسـتان و تـاوڵ و خێـوەتی لەشـکرگەی لـێ هەڵـدا. هێـزی قەرەپـەپـاغ و شـکاکیش گەیشـتنە هانـای شـازادە و قشـوونێکی سـێ چـوار هـەزار سـەرباز دەشـت و چیـای مەرگـەوەڕی داگـرت. ئەدیبولشـوعەڕا لـە بـارەی بێنـار دەنووسـێ: قـەڵای بێنـار یەکێـک لـە قـەڵا سـەیر و بـەرزەکانی سـەر بـە ورمێیـە و بەشـانی قیبلـەدا کەوتووەتـە سـەری ئەوسـەری مەرگـەوەڕ و لەگـەڵ (ناوچیـا )ی




خاكی عوسمانی فرسەخێک دووره و لە کۆنەوه ملکی باب و باپیری میر سوڵتانی بێنارییە. میر سوڵتان لە تۆرەمەی ئەمیرخانی برادۆستی بناغە دانەری قەڵای دمدمە.

عەسکەرخانی سەرتیب، سەرلەشکری ورمێ، یەکێک لە پیاوانی خۆی بە ناوی محەمەد سوڵتانی خەلەجی لەگەڵ دەستە سەربازێک نارده قەڵای بێنار و داوای لە میر سوڵتان کرد دووباره بێت بۆ دانوستان. میر، نەبادا عەجەم بڵێن دەترسێ و نایەت، دەستە سەربازەکەی بە بارمتە لە قەڵا جێهێشت و ئازایانە بەرەو لەشکرگە بەڕێکەوت بێ گوێدانە ئامۆژگاری خزم و کەسی کە پێیان گوت نەچی تەڵەیە و دەکوژرێی. میر سوڵتان لە بەدنیازی عەجەم غافڵ نەبوو و سەربردەی بێبەختی و نامەردی سەرانی عەجەمی دەزانی، بۆیە کە بەرەو دەزگر بەڕێکەوت هەر بە خۆی بوو هیچ کەس لە کوڕ و کەسانی نزیکی خۆی نەبرد..

ئەو ڕووداوانەی کە پاشتر ڕوویاندا تراژیدیایین و گێڕانەوەکانی عەجەمی ورمێ لەم بارەیەوه جیاوازن لەگەڵ گێڕانەوەی کوردەواری کە سەرزارەکی بۆمان گێردراوەتەوه. عەجەم زۆر هەوڵی داوه میر سوڵتان بەدناو بکات و عەسکەرخانی سەرتیپ بکات بە فریشتە.



کە میر سوڵتان دەگاتە نێو سەربازگەی شازاده، پاش دیدار و گفتوگۆ و گەیاندنی بیروڕای خۆی و خەڵکەکەی بە شازادەی عەجەم، پێی دەڵێن قسەی هەردوولامان بە کاغەز بەرز دەکەینەوه بۆ تەورێز تا ڕا و بۆچوونیان بزانین. بەو بیانووه لێناگەڕێن بگەڕێتەوه بێنار لە لای خۆیان وەک دەستبەسەر دەیهێڵنەوه..بێگومان چاوەڕوانیکردنی نامەی نەسرەتودەولەی فەرمانفەرما و حوکمڕانانی ئازەربێجان

جۆرێـک بـوو لـە کوشـتنی کات تـا وەرگرتنـی نامـەی ڕەزامەنـدی فەرمـی تەورێـز بـۆ پـلانی پێشـوەختەی لەناوبـردنی میـر سـوڵتان لەلایـەن شـازادەوە. کـە فەرمـانی ڕەزامەنـدی گەیشـت ئیـدی لـە نـاو سـەربازگەکە پڕوپاگەنـدەی ئەوەیـان بڵاوکـردەوە گۆیـا بارمتـەکانی نـاو قـەڵای بێنـار لەلایـەن خەڵکـی قـەڵاوە کـوژراون. ئـەم درۆیـە دۆخـی نـاو سـەربازگەکەی وروژانـد و میـر سـوڵتان کرایـە ئامانـج و لەلایـەن سـەربازەکانی عەسـکەرخانی سـەرتیپ دەوردەدرا. میـر سـوڵتان زانی بەرگـەی ئـەو هەمـوو چەکدارەی نییـە، مەردانـە و بـێ بیرکردنـەوە لـە ئاکامـەکان، وەک بـەوری شـاخان هەڵمـەت دەبـا بـەرەو لای عەسـکەرخانی سـەرتیپ و خەنجـەری دەبـانی نـووک تیـژی دمدمـی لـە سنگی پـڕ کینـەی گیـر دەکات و دڵـی ڕەشی لەتوپەت دەکات و لاشـەی خەڵتـانی خوێـن دەکات. شـازادە مەلیـک مەنسـووری کوڕی شـای عەجـەم و دەسـتوپێوەندەکەی کـە ئـەم دیمەنـە دەبینـن تـرس دایاندەگـرێ و سـامیان لـێ دەنیشـێ. میـر سـوڵتان لـە هەمـان شـوێندا شـەهید دەکرێـت.  کـە هەواڵـی کـوژرانی عەسـکەرخانی سـەرتیپ دەگاتـە سـەربازان دەتۆقـن و قۆشـەن پـۆل پـۆل بـڵاوەی لێدەکـەن و بـۆ تۆڵەکردنـەوە پەلامـاری دێهاتـەکانی مەرگەوەڕیـان دا و تالانیـان کـردن.  بارودۆخـی مەرگـەوەڕ و دەوروبـەری بـە هەواڵـی کوشـتنی نامەردانـەی میـر سـوڵتان بەگـی بێنـاری شـڵەژا و پشـێوییەکی گـەورەی خولقانـد. کاریگەرییەکەی دەزگاکانی حوکمڕانیـی ورمـێ و تەورێـز و تەنانـەت مووسـڵیشی گرتـەوە.

**موڵکدارێتی بێنار .. سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان ئێران و عوسمانی**

لـە دوای ڕووداوە خوێناوییەکـەی دەزگـری مەرگـەوەڕ، پشـێوی ناوچـەی مەرگـەوەڕی داگرتبـوو و سـەرهەڵدانی خەڵکەکـە دژ بـە ناحـەق کـوژرانی میـر سـوڵتان لـە زیادبوونـدا بـوو. هەرسـێ کـوڕانی میـر سـوڵتان خـان ئـاودەل و جهانگیـر و مەحمـود بـەگ بـۆ وەدەسـتهێنانی پشـتگیری دەوڵـەتی عوسـمانی، خۆیـان گەیانـدە لای والی موسـڵ بـۆ سـکاڵا و گـەڕان بـە دوای پشـتیوانی بـە حوکمـی ئـەوەی میـر سـوڵتانی باوکیـان لـە ڕەعیـەتی عوسـمانی بـوو و ئـەو ناحەقیـەی بەرامبـەری کـراوە، پێشـێلکردنی ڕێکەوتنـەکانی نێـوان ئێـران و عوسـمانییە سـەبارەت بـە ڕەعیـەتی هـەردوولا.

والی موسـڵ، ئەحمـەد ئاغـا ناوێکـی وەک شـاند لەگـەڵ دەسـتەیێک چەکـداری نـارد بـۆ یاریـدەی کـوڕانی میـر سـوڵتان. ڕاسـپاردەی والی موسـڵ بـۆ شـاندەکە ئـەوە بـوو کـە خـاک و کەوشـەنی بێنـار کەوتووەتـە ناوچیـا (واتـە شـەمزینان) و سـەر بـە دەوڵـەتی عوسـمانییە

و دانیشـتووانی لەکۆنـەوە بـەر فەرمـانی دەوڵـەتی ڕۆم بـوون. جـا بۆیـە بـە گوێـرەی پەیـمان وڕێکەوتنـی نێـوان هـەردوو دەوڵەتەکـە، دەسـتێوەردانی کاربەدەسـتدانی دەوڵـەتی ئێـران لـەو خاکـەدا و نانـەوەی کێشـە بـۆ دانیشـتوانەکەی بـە پێچەوانـەی یاسـایە.

ئەحمـەد ئاغـا دەگاتـە ورمـێ ڕاسـپاردەی والی موسـڵ دەداتـە دەسـت ئەکبـەر میـرزای حوکمـڕان. ئەویـش چونکـە لـە زمـانی یاسـا و ڕێککەوتنـەکان حاڵـی نابێـت، پـرس و ڕا لەگـەڵ کاربەدەسـتانی سـەرەوەی خـۆی دەکات لـە تەورێـز تـا بزانـێ دەوڵـەتی قاجـار چـی دەڵێـت. میـرزا محەمەدخـانی مەجـد ئەلملـوک، کـە سـەرقەڵەمی وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەی دەوڵـەتی قاجـار بـوو لـە تەورێـز لـە وەڵامـی نامەکـەی ئەکبـەر میـرزای حاکمـی ورمـێ کاغەزێکـی بـۆ دەنووسـێ کـە تێبینـی و ڕاسپاردەکانی دەوڵـەتی ئێـران دەخانـەڕوو سـەبارەت بـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ ڕووداو و لێکەوتـەکانی کوشـتنی میـر سـوڵتانی بێنـاری و ئەگـەر و ترسـی تێـوەگلانی دەوڵـەتی عوسـمانی لـە ناوچەکـەدا بـە بیانـووی پاراسـتنی ڕەعیـەت و هاووڵاتیـانی عوسـمانی و چونیـەتی هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ سـەرهەڵدانی خەڵکـی بێنـار:

**دەقی وەڵامەکەی سەرقەڵەمی وەزارەتی خارجییە:**

""دوێنـێ پیـاوی ئاغـا بیوکـی سـەرلق (سـەرلقی ورمـێ) هـات و نامـەی بـە نرخـی ئێـوەی هێنـا .. سـەبارەت بـە بارودۆخـی ئـەو ناوچانـە (بێنـار و مەرگەوەڕ).قسـەکانت دڵخۆشـکەرن نامـەکانی پێشـتری جەنـابی عالیتـان نیگـەرانی و دڵەڕاوکێـی نایـەوە ئەوەیـان دڵ پێـی دەگەشـێتەوە. لـەم یـەک دوو ڕۆژەدا کـە بەریـدی پایتەخـت دەڕوا ئـەم کاغـەزەی بەڕێزیشـتان دەنێرینـە خزمـەت گـەورە پیـاوانی دەسـەڵات تـا ئەوانیـش ئـەرک و تێکۆشـانی ئێـوە لـە بابـەت ڕێکوپێککـردنی کاروبـاری مەرگـەوەڕ و بێنـارەوە بـۆ ڕوون بێتـەوە و جلـەودارانی دەوڵـەت لێـی ئـاگادار بـن. چونکـە ناوەرۆکـی نامـەکانی پێشـتریّ کـە ئێـوەی هێـژا و سـەرلق نووسـیبووتان و گەیشـتبوونە پایتەخـت، بەشـێکی لەلایـەن کاربەدەسـتانی پایەبـەرزی دەوڵـەتی مەزنـەوە وا لێکدرابـووەوە کـە حکومـەتی عوسـمانی بـە هێـز و سـوپاوە دەبێـت گەیشـتبێتە مەرگـەوەڕ و بێنـار. بۆیـە هەندێـک پشـێوی و هەڵچـوونی بـەدوای خـۆی هێنابـوو. منـی خزمەتـکار هەمـوو ئـەو کاغەزانـە دەنێـرم تـا هەمـوو گومانـەکان بڕەونـەوە. (...) هـەر چۆنیـک بـێ ئەگـەر بـەم تەگبیـرە چاکـەی ئێـوەی بەڕێـز و سـەرلق، کەریـم خانـی سـەرخێڵی ڕەوەنـد (سـوورچی) بتوانـێ بارودۆخـی مەرگـەوەڕ هێـور بکاتـەوە و شـەڕنانەوەی خەڵکـی قـەڵای بێنـار داکوژێنـێ باشـترین

ڕێچارەیە. مەزنانی دەوڵەت بە ئاشکرا نووسیویانە و فەرموویانە کە لەپێش دا بە عەقڵ و تەگبیر و ڕاوێژ و دڵدانەوە لەگەڵیان تێکەون پاشان ئەگەر نەکرا بە قوشەنی ورمێ بچنە سەریان و چمان پێویست بوو لە چەند شوێنی دیکەوە دەبێ هێز کۆبێتەوە و توخمەیان قەڵاچۆ بکرێ.

بە کورتی شێوەی هەڵسوکەوت و جوولانەوەی جەنابتان و تەگبیری چوونی کەریم خان بۆ مەرگەوەڕ و بێنار ئەگەر بە هیوای خودای گەورە بتوانێ بارودۆخەکە ڕێک بخاتەوە ئەوەندە وەبەر دڵان دەکەوی کە هەر نەبێتەوە. ئەحمەد ئاغای شاندی پاشای موسڵ هاتە ئێرە و زۆر چاکی جواب درایەوە و بێدەنگ بوو. نامەیێکی بەڕێزتانی پێبوو ناردی و چاوم پێی کەوت عەیبێکی وای تێدا نەبوو، بەڵام چونکە ئەمجارەش دەسەڵاتدارانی دەوڵەت زۆریان ڕاسپاردووە و نووسیویانە و فەرموویانە کە نەکەن سەبارەت بە مەرگەوەڕ و بێنار لەگەڵ بەرپرسانی نێردراوی عوسمانی و ئەوانەی دژبەرن و لە مەرگەوەڕ و بێنارن، نامە بگۆڕنەوە، عەرزتان دەکەم ئەگەر هاتوو لەوەی بەولاوە کارێکی ئاوا هاتە پێش هەتا زۆر پێویست نەبی هەر بە سواڵ و جواب و ڕاسپاردەی زارەکی باشترە. ئەگەر هاتوو زانیتان هەر پێویستە بەڕێزتان تەنیا ئەوەندەتان لەسەر شانییە کە بنووسن لە فلانە خاک کە تۆ هاتوویتە وێ و دەتهەوێ ئاژاوە بنێیەوە و بیگری سەرلەبەری ملکی دەوڵەتی مەزن (ئێران)ــە و بە ئێمەی ئەسپاردووە و لەلایەن دەوڵەتەوە ئیزنمان نییە کە بۆ ساتێکیش ڕێی مانەوەی کەسانێک بدەین کە کاروباری کەوشەنی هەردووک لا دەشێوێنن. دەوڵەتی عوسمانی لە تەورێز کاربەدەست و قونسڵی داناوە. ئەگەر قسەیەکتان هەیە بڕۆنە لای ئەو با خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی ئازەربێجان بکەوێتە گفتوگۆ.

سەبارەت بە کەسوکار و کوڕانی میر سوڵتانیش کە ئێستا لە مەڕگەوەڕن، ئەگەر بە ئەحمەد ئاغا دەخوڕن و بەپشتیوانی هێزی وی لەوێ دەجوولێنەوە و سەریان دێنن و دەبەن بفەرموو کە پێیان بڵێن ئەحمەد ئاغا چوویتە تەورێز و وەڵامی بەجێی دراوەتەوە و بە ڕێگای سابلاغ-ڕا دەچێتەوە موسڵ دەی ئێوە کە بە گوریسێکی ڕزیو کەوتوونە چاڵ دەڵێن چی؟ بفەرموو کە لەلایەکەوە تەواو نائومێدیان بکەن و لە لایەکی ترەوە یەکجار هیوایان وەبەر بنێن بۆ نۆکەرایەتی خۆتان چەشنێک لەگەڵیان بجوولێنەوە هەتا نووسراوەیەکیان لێ وەدەست بێنن کە تێیدا خۆیان بە نۆکەر و ڕەعیەتی دەوڵەتی مەزنی

ئێران دانابێ و ئەم کارانە زۆر ڕێگا خۆشکەرن.

ئیدی بەڕێزی پایە بەرز (مەبەستی ئایی قاجارە) چونکە خۆی ئاگاداری مەبەستەکانە باشتری لێدەزانی بەڵام بەڕاستی دەبێ جەنابتان بەوردی و خێرا کارەکە ڕاپەڕێنن و نابێ هێندە بخایەنێ دەنا وەکو پەتا هەموو لایەک دەگرێتەوە. ئیتر تەواو..""

ترسی دەسەڵاتدارانی ئێران لە تەشەسەندنی نارەزایەتییەکانی خەڵکی مەرگەوەڕ و بێنار و ئەگەری تێوەگلانی سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕووداوەکاندا، ئەکبەر میرزای حاکمی ورمێ دەسبەجێ لەشکری مەرگەوەڕی بە تۆپخانە و هێزەوە کشاندەوە ورمێ و بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، نوێنەری خۆی گەیاندە لای کەریم خانی ڕەوەندی، کە کەسایەتییێکی دیار و بە بڕیاری ئەوسای شنۆ و ڕەواندز بوو تا بچێتە مەرگەوەڕ و هەوڵدات بە ڕێگەی چەند بەڵێنێک کوڕانی میر سوڵتانی بێناری ڕازی بکات و ئاگری ئاژاوەکان دامرکێنێت.

**ئاوابوونی میر و سەرهەڵدانی شێخ**

بە پووکانەوەی دەسەڵاتی میرەکان، کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمەکە واڵابوون و دەبوایە ناو و هێزی تر بێن بە بەدیلی میرنشینەکان. ئیدی زۆری نەبرد چەند ناوێک لە شەمدینان و لە شنۆ ناسران کە دواتر کاریگەریی زۆریان لەسەر ڕووداوەکانی مەرگەوەڕدا دەبێت یەک لەوانە سەید تەهای گەورەیە و کەریم خانی سەرۆکی هۆزی ڕەوەندی سوورچی. سەید تەها بە ڕێگەی تەریقەتەوە و لە نەهری ناوچیا مورید و لایەنگری لە هەڵکشاندا بوو و دەوڵەتی عوسمانیش بە گەلێک جۆر یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی دیفاکتۆی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان کە بەشێکیان لەبەریەک هەڵوەشابوونەوە وەک ڕەواندز و هەندێکی دیکەش وەک میرنشینی بۆتان تا کاتی ڕێککەوتنی دووەمی ئەرزەڕۆمیش ١٨٤٧ هەر توانا و پێگەی خۆی لەدەست نەدا بوو. کەریم خانی گەورەی هۆزی سوورچی لە ورمێ و شنۆ و مەرگەوەڕ تا ڕەواندز جێگەی ڕێز بوو. ڕاولینسون لە گەشتێکی لە شنۆوە بۆ ڕەواندز بە ڕێگەی شەکیو باس لە دەسەڵاتی ڕەوەندەکان دەکات.

پەڕینەوەی شێخانی نەهری بۆ تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی ١٨٤٥. خاوەنی کتێبی سیاحەتنامەی حدود (١٨٤٨) دەنووسێت: لە گوندی بەردەسۆر خانەقاییێک

بە نێوی خانەقای شێخ تەها (لە شێخانی تەریقەتی خالدی) هەیە و کە برایەکەی (خەلیفە شێخ ساڵح) کە پلەی ئیرشادی لە ناوچەی مەرگەوەڕە و خەڵکی بەردەسۆریش موریدی ئەون. دەوڵەتی ئێرانیش ٣ گوندی مەرگەوەڕی (زیزە، ئیرئەسپ، ملەباسک)ی بە شێخ تەها بەخشیوە و دوو گوندی بە شێخ سەید سالحی برای بەخشیوە. خەلفین لە کتێبەکەیدا دەڵێ: شێخ شامیلی داغستانی کە دژ بە ڕوسەکان وەستابووەوە ناوودەنگی سەید تەها و هەواڵی دە هەزار موریدەکانی پێگەیشتبوو ساڵی ١٨٤٦ نامەی کۆمەکخواستنی بۆ سەید تەهای گەورە و کەریم خانی ڕەوەندی بە ڕێگەی نوێنەرەکەی خۆی دەنێرێت کە ناوی حاجی مورتەزا (حەسەن) بوو. دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا هەستی ئایینی کوردان بۆ خۆی ڕابکێشێت و سوود لە تواناکانیان وەربگرێت وەک شەڕکەر دژ بە هێزەکانی ڕوسیا لە قەفقاس. شێخانی نەهری لە ماوەی جەنگی سنوورەکانی قەفقاس لەگەڵ ڕوسیادا (١٨٧٦) وەک هێزێکی شەڕکەر ڕۆڵیکی بەرچاویان هەبوو لە بەرەکانی جەنگدا.

**مەرگەوەڕ و مرخی دراوسێکان**

موڵک خاکی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی برادۆست دوای شکستی دمدم، شەڕ دوای شەڕ و ساڵ دوای ساڵ  بچووکتر دەبووەوە. سەرەتا ورمێ و دۆڵ و بەراندێز ئینجا شوێنەکانی تر. لە شەرەفنامەدا لە باسی ناسر بەگی برادۆست فەرمانڕەوای مەرگەوەڕ ئاماژە بە کێشەی کەوشەن و سنوور لەگەڵ هۆزی دری شەمزینان دەکات کە سەر بە زەینەل بەگی میری هەکاری و شەمزینان بوون.

کاتێکیش میرانی سۆمای برادۆست لەلایەن حاکمانی ورمێ دەسگیرکران و قەڵاکانیان تێکدران خاکە بە پیت و بەرەکەتەکەی هۆوەسن و گوندی دیکە لەلایەن لوتف عەلیخانی سەرتیپی ئەفشار زەوت کراو و ئەویش بە قۆچان و قەباڵە سەر کوڕەکانی خۆیدادا تاپۆی کرد و سەرکاریی و پاسەوانی دایە دەست شکاکان. عەباس میرزای کوڕی فەتحعەلی شای قاجار دوای دەستبەسەرداگرتنی قەڵای کونەمێش ناوچەی برادۆستی بە گوندەکانییەوە کردە موڵکی خۆی و ئەویش بەڕێوەبردنی دایە دەست ئاغەواتی شکاک و زۆربەی خەڵکە ڕەسەنەکەی بەهۆی هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران و زوڵم و زۆریی شکاکان پەرتەوازە بوون و ناوچەکانیان جێهێشت. کە سەید تەهاش هاتە دیوی بەردەسۆر و تەرگەوەڕ دەوڵەتی ئێران چەند گوندێکی پێ بەخشی و داهاتەکانیان بۆ خزمەتی تەکیەی شێخ تەرخانکران.

ناسرەدیـن شـای قاجـار ١٨٨٠ لـە نامەیێکـی بـە دەسـخەتی خـۆی بـۆ سوپاسـالاری ئێـران گلەیـی لـە ئیقبـال ئەلدەولـەی حاکمـی ورمـێ دەکات دەڵـێ ئـەو خـۆی نەخـۆش و پەککەوتەیـە و دەسـەڵاتی ورمێـی داوەتـە دەسـت برازاکـەی و ئەویـش دۆسـتایەتی لەگـەڵ شـێخ عوبیدوڵـڵای (کـوڕی سـەید تەهـای گـەورە) هەیـە و ناوچـەکانی شـنۆ و تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ و برادۆسـت و زۆربـەی شـوێنە گرنگـەکانی سەرسـنووری ورمێـی بەکـرێ داوە بـە کوڕەکـەی شـێخ عوبێدوڵـڵا.

ئەسـکەندەر غۆریانـس لـە بـارەی پەیوەنـدی ژێـرەوەی ئیقبـال ئەلدەولـە و شـێخ محەمـەد سـدیقی کـوڕی شـێخ عوبیدوڵـڵا دەڵـێ: نازانـم ئـەو لەبـەر قازانجـی خـۆی، یـان خەڵکێکـی نادیـاری تـر، پـەرەی بـە دەسـەڵاتی شـێخ داوە و محاڵـی (شـنۆ) و (دەشـتەبێل) و (سـۆماو برادۆسـت) و مەرگـەوەڕی داوەتـە دەسـتی. تەنانـەت دەشـتی لاجانیـش بـە تـکای ئیقبـال ئەلدەولـە لـە سـابڵاخ (موکـری) جیاکرایـەوە و درا بـە شـێخ.

**نەهری و بێنار**

مانگـی ئابـی ١٨٧٨ پشـێوی ناوچـەی مەرگـەوەڕ و قـەڵای زێـوێ گرتـەوە لایەنگـران و موریـدانی نەهـری دووچـاری شـەڕ و ڕەشـەکوژی بوونـەوە. شـاهێد عەیانێـک دەنووسـێت: بەگزادەی بێنـاری بـە لەشـکرێکی گـەورەی دە هـەزار سـوار و پیادە لـە بێنـار و زێـوە و گـردوان هاتنـە دیـوی شـنۆ بـۆ پشـتگیری شـێخ. عەجـەم ئـەم هەواڵەیـان پـێ گەیشـت قشـونی بـە سـەرکردایەتی ئیقبـال ئەلدەولـە: نـاردە سـەر سـەمەد خـانی زەرزا گونـدەکانی لـێ وێرانکـردن و ڕاوی لەشـکری مەرگـەوەڕی نـا تـا نـاو زێـوە و پـووش و پـاوان و عەنبـاری گەنمـی لـێ سـووتاندن و ئینجـا لەشـکری کـوردانی لـە دزێ و زێـوە بـەرەو بێنـار دەرپەڕانـد.

کـە شـێخ عوبێدوڵـڵای شـەمزینی دەسـتی بـە شـۆرش کـرد دژ بـە ئێـران ١٨٨٠، میـر عوسـمانی برادۆسـت بەسـەر قـەڵای (کونـە مێـش) ڕادەگەیشـت، میـر عەبدوڵـڵا بـەگ (کـوڕی شـێخ جانگیـری میـر سـوڵتان) لـە بێنـار و میـر سـوهراب بـەگ (زۆراب بەگ)یـش لـە قـەڵای بەردەسـۆری تەرگـەوەڕ. هاوپەیـمانی سـەرەکیی شـێخ بـوون. شـێخ عەبدولقـادری کـوڕە بچوکەکـەی شـێخ عوبێدوڵـڵا بـە ڕێگـەی سـەرانی زەرزاوە پەیوەنـدی بـە فەقـێ یوسـفی گـەورەی هـۆزی ڕەوەنـدی سـوورچی دەکات لـە کوێسـتانەکانی کێلەشـین.

مەحمـوود بەگـی کـوڕی میـر سـوڵتان بەگـی برادۆسـتیش لـە مەرگـەوەڕەوە بـە نزیکـەی سـێ هـەزار سـوارە و پیادە و تفەنگچیـانی دەشـتی تەرگـەوەڕ و بەردەسـۆر کۆکـردەوە و لەگـەڵ

نورولّلای دەشتی (کە خاڵی شێخ عەبدولقادرە) چوونە ناو لەشکری شێخ لە سندووسێ بەرەو سابڵاخ بەڕێکەوتن. بەڵام شۆرشەکە زۆری نەخایاند و کۆتایی هات، بووە مایەی ماڵوێرانییێکی گەورە بە تایبەت بۆ مەرگەوەڕ و هەڵاتن و چۆڵبوونی و سووتانی ئاواییەکان و دواتریش جێگیربوونی تیرەکانی هۆزی هەرکی لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە. هەرکی زۆربەیان موریدی شێخانی نەهری بوون لە شەمزینان هەر لەگەڵ باڵادەستبوونی ئەودا ڕژانە نێو گوندەکانی ناوچەکە و تییدا نیشتەجێ بوون. بەشێک لەو هۆزە لەگەڵ بێنارییەکان لە کێشە و شەڕ دابوون بە تایبەت کیشە و هەرای سیدان لەگەڵ عەبدوڵلا بەگی بێناری (کوڕی جهانگیری کوڕی میر سوڵتان) لەسەر پاوان و موڵکی گوندەکانی مەرگەوەڕ و گەلی بێنار.

**مەرگەوەڕ لە زوومی حاکمی نوێی ورمێدا-عەلی خانی والی**

دوای ڕووداوەکانی ١٨٨٠ عەلی خانی والی کرایە حاکمی ورمێ. لە ساڵی ١٨٨٧ لە گوندی جێرمێی تەرگەوەڕ حەسۆ ناوێک لەو دیوی هێرشی هێنابووە سەر ناوچەکە و عەلیخان والی بۆ دەرکردنی حەسۆ و سەرکوتکردنی ئاژاوەکەی هێزیکی گەورەی ناردە گوندەکە. لەم شەڕەدا مەحموود بەگی بێناری و ئەمیر خانی زەرزا بەشدار بوون. عەلی خانی والی لەکاتی دەستبەکاربوونی لە ورمێ بە کامێراکە خۆی وێنەی ناوچەکانی مەرگەوەڕ و شنۆ و قتووری گرتووە کە لە ڕووی ئەرشیفەوە گەنجینەی گرانبەهان.

**دووەم لێژنەی دانانی سنوور ١٩١٢-١٩١٤**

پشتبەستن بە ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم، کۆمسیۆنێکی چوارقۆڵی لە ساڵانی نێوان ١٨٤٨ تا ١٨٥٣ دەستبەکار بوو، زۆر لە کێشەکانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی بنبڕ کرد و هێڵەکانی کەوشەنی دەسەڵاتی هەردوو زلهیزی مێملی زەقتر و تۆکمەتر کرد و خاکی کوردستان و ماڵی کوردانی بێرەحمانەتر لەتکرد. کوێستان و گەرمیانی هەزار ساڵەی ڕەوەندانی قەتیسی نێو سنوورە نوێیەکان کرد. بەشێکی کارەکانی سنووردانان لە لێژنەی یەکەم تەواو نەکران و هەوڵدرا لە لێژنەی دووەمدا تەواو بکرێن دووبارە بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنی ساڵی ١٨٤٧ لەو لێژنەیەشدا کە دوای کۆبوونەوەی تاران ١٩١١ ڕوسیا و ئینگلیز ڕۆڵی ناوەندگیریان هەبوو و هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیان هاندا بۆ ڕێککەوتن لەسەر خاڵە هەڵپەسێراوەکان بەڵام بە بەرپابوونی جەنگی گەورە لە هاوینی

١٩١٤و تێـوەگلانی ڕوسـیا و دەوڵـەتی عوسـمانی لـەم جەنگـەدا بەشـێک لـە خاڵـەکانی هەڵگیـران تـا لـە پەیـمانی لـۆزان ١٩٢١ ڕەزامەندیـان لەسـەردرا.

جێـی سـەرنجە کـە لێژنەکـە لـە ڕۆژی ئـاب کـە دەگاتـە ناوچـەی مەرگـەوەڕ بـۆ دانـانی کێـل و نیشـانەکانی سـەر سـنوور، هەواڵـی دەسـپێکردنی جەنگـی گـەورە وەک برووسـک بەرگوێـی ئەندامـانی لێژنەکـە دەکـەوێ و کاری چەقانـدنی کێلـە و نیشـانەکان لـە خاڵـی ١٢٥ بـە دیـوی ڕۆژئـاوای بێنـار وەسـتێنرا و لێژنەکـە بـەرەو تەرگـەوەڕ و سـۆما بەڕێکەوتـن. ئەندامـانی هـەردوو لایـەنی ئێـرانی و عوسـمانی خۆشـخاڵ بـوون بـەم هەواڵـی بەرپـاوونی جەنـگ و تێـوەگلانی ڕوسـیا بـەڵام کـە زانیـان بەریتانیـاش هاتووەتـە نـاو جەنگەکـە خـەم دایگرتـن,

یـەک لـە وێنـە مێژوویـیـەکانی کـە بـە کامێـڕای ئەندامـانی لێژنەکـە گیـراوە وێنـەی مەحمـوود بەگـی بێنـاری و برازاکـەی عەبدوڵـڵا بەگـی بێنـاری کـوڕی جانگیـری کـوڕی میـر سـوڵتانی بێنـاری لەگـەڵ چەنـد سـەرۆک هۆزێکـی هەرکـی و بەگـزادەی ناوچـەی مەرگـەوەڕ و تەرگـەوەڕ (پیـرۆت ئاغـای هەرکی/ مەنـدان و کەریـم خـانی هەرکیـز/ سـیدان و سـەرتیپ بـەگ بەگـزادەی بەردەسـۆر). ئـەم وێنەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی پێـش ١٩١٤ و قایمقامـی قـەزای (شـەمزینان!) و نایبەکـەی لـە وێنەکـەدا دوور دەکـەون. شـایانی گوتنـە کـە لێژنـەی سـنوور ڕۆژانی ٤ بـۆ ٦ مانـگ سـەردانی مەرگـەوەڕ و تەرگـەوەڕی کـرد و لەوێـدا گوێبیسـتی بەرپابـوونی جەنگـی گـەورەی جیهـان بـوون.

**چەند ناودارێکی بێناریان-مەحموود بەگی بێناری برادۆستی**

لـە دەیـەی یەکـەم یـان دووەمـی سـەدەی نۆزدەهـەم بـۆ سـەرەتای جەنگـی یەکەمـی جیهـان لـە مەرگـەوەڕدا ژیـاوە. کـوڕی بچووکـی میـر سـوڵتانی بێنـار بـووە کاتێـک باوکـی بـە ناحـەق دەکوژێـت لەگـەڵ بـراکانی لـە دژی سـتەمی دەوڵـەت ئێـران پەنـا دەبەنـە بـەر والی موسـڵ سـەر بـە دەوڵـەت عوسـمانی بـۆ دەخاڵـەت و پاراسـتنی خەڵکـی ناوچـەی بێنـار کـە سـەر بـە ڕەعییـەتی دەوڵـەت عوسـمانی بـوون,

لـە شۆرشـی شـێخ عوبێدوڵـڵای نەهـری مەحمـوود بـەگ بەسـەر دزێـی مەرگـەوەڕ ڕادەگەیشـت و پشـتگیری شۆڕشـەکە بـوو . لـە دەورانی ١٨٨٧ لـە ئـاژاوەی ڕەونـدان و حەسـۆ ناوێـک لـە گونـدی جێرمێـی تەرگـەوەڕ مەحمـوود بـەگ لەگـەڵ زەرزا و لەشـکری عەلیخـانی والی ورمـێ دژ بـە حەسـۆ وەسـتانەوە.

**عەبدوڵڵا بەگی بێناری**

کەسایەتییێکی دیار و ناوداری مەرگەوەڕ و بێنارە و ڕۆڵی هەبووە لە ڕووداوەکانی ورمێ و دەوروبەری. عەبدوڵڵا بەگ نەوەی میر سوڵتانە و کوڕی شێخ جانگیری دووەمە. کە بێجگە لە عەولا بەگ دوو کوڕی تریشی هەبوو بە ناوی ئەسکەندەرخان و نوری بەگ (نوراللە) کە لە شەڕی فەلەی تیاری کوژراوە. وەک لە بەڵگەنامەکانی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵا دیارە، عەبدولا بەگ لەگەڵ مەحموود بەگی مامی لەو شۆڕشەدا بەشدار بوون و لە هەردوو قەڵای دزێی مەرگەوەڕ و قەڵای بێنار دادەنیشت. بە ڕێگەی ژنخوازییەوە خزمایەتی لەگەڵ سمایل ئاغای شکاک و هۆزی باوئۆمەری بەراندێز و عەجەمی ئەفشاردا هەبووە. بەهۆی کێشەی پاوان و زەوی ماوییێکی زۆر لەگەڵ تیرەکانی هۆزی سیدان لە شەڕ و ناکۆکیدا بووە.

کە سمکۆ مارشمۆنی کوشت و شەڕی کورد و دیانی نەستۆڕی و لەشکری ڕوس بەرپا بوو ئاگرەکە مەرگەوەڕیشی گرتەوە، ئەسکەندەرخانیی برای عەبدوڵڵا بەگ پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ سمکۆی شکاکادا هەبوو و لە زۆربەی شەڕەکانیدا بەشدار بوو. لەدوای شکستی یەکەمی سمکۆ عەبدوڵڵا بەگ لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەستبەسەر دەکرێ و قەڵاکەی تێک دەدرێ و بە خێزانەوە سورگوم دەکرێت بۆ زەنگان و قەزوین و لەوێ حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەچێت، بەڵام بەهۆی ناوەندگیری چەند کەسایەتییێکی شاری ورمێ شای قاجار عەفووی دەکات و لە ناوچەی دۆڵی خوار ورمێ، موڵکی شەیتاناوا و چەند گوندێکی تر دەکرێت و لەوێ جێگیر دەبێت.

پاش گەڕانەوەی سمکۆی شکاک لە دیوی هەکاری، دۆخەکە دووبارە بەرەو پشێوی ڕۆیی و سمکۆ دووبارە جاڕی شۆڕشی چەکداری دا لە ساڵی ١٩٢٢ تا نەمانی شای قاجار باڵادەستبوونی ڕەزا شا (بنیاتنەری دەوڵەتی پەهلەوی) درێژەی کێشا ١٩٢٦ و هەر بە دەستی هێزەکەی ڕەزا شا شۆڕشگێران سەرکووت دەکرێن و ناچار لەگەڵ ئەسکەنەرخانی برای و لەشکری بەزیوی سمکۆ پەنا دینێتە دیوی لۆلان و سیدەکان. کە سمکۆ لە ساڵی ١٩٣٠ بڕیاڕی گەڕانەوە دەدات بۆ ئێران عەبدوڵڵا بەگ لەگەڵی ناگەڕێتەوە کە سمکۆ لە شنۆ دەکوژرێت، عەبدوڵڵا بەگ لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی بێ ئومێد دەبێ، لە ساڵانی دەوری ١٩٤٠ هەر لە سیدەکان سەردەنێتەوە و بە مردنی ئەو کۆتایی بە شەجەرەی میرانی

مەرگـەوەڕ دێـت.

لـە لاوکێکـی کـوردەواری دەشـتی گۆرانـەتی بـاس لـە شـەڕی دەسـتەویەخەی عـەوڵا (عەبدوڵا)بـەگ و بـراکانی ئەسـکەندەرخان و نـوری بـەگ دەکات لـە قـەڵای دزێـی مەرگـەوەڕ دژ بـە هێـرشی فەلـەی هـەکاری (نەسـتۆری) پـاش کـوژرانی مارشـەمۆنی سـەرکردە و ڕابـەری ئاینـی نەسـتۆریان (ئاسـووریان) لـە سـاڵی ١٩١٦لـە کۆنەشـار (دیلـمان)ی سەڵماسـێ بـە دەسـتی سـمکۆی شـکاک:

میر پەنجی کوردان

لێ لێ یێ لێ لێ یێ

ئای لێ لێ میر پەنجۆ

ئەوە ناچمە قەڵاتی دزێ دەشتێ مەرگەوەڕێ

ئەوە لێ برا من گۆتی ب چار دەرگەیە

عەسکەرێ ئەفلاتونویان و ئەبوستێران

بەرێ سپێدێ گۆ ل مە گرتن چار دەورەیە

ئیرۆ شاهد و شهودێ میرپەنجێ کوردان گەلەک هەنە

ب سێ دەنگان گاز دکردێ: نووری برا ئەسکەندەرخان

عەوڵا بەگی بێناری

جارێ تەخسیری بە کوشتنێ ئەفلاتونویان و ئەبوستێران نەکەن

شەڕەک د قەوما سەلماس و دیلەمانێ

سەر دەشتێ مەرگەوەڕێ بەر قەڵاتێ دزێ ئەمێ

تەشبیهات بکەین ی شەڕێ چەناقەلعەو ئەدرنەیە

ئەرێ دەنایێ میرێ من نایێ ئاغاێ من نایێ

جارێ تەخسیرێ بە کوشتنێ مێران نەکەن

دا میر پەنجێ میرێ کوردان مشورێ خۆرا بکات وێ غەزایێ

**ئەسکەندەر خانی برادۆست**

بـرای عەبدوڵـلا بەگـی بێنـار و سـەرکردە لـە شـۆڕشی سـمکۆی شـکاک کـە لـە زۆر لـە

شـەڕەکانی لـە دژی دەوڵـەتی قاجـار بەشـدار بـوو نەخاسـمە لـە شـەڕی دژ بـە خالۆقوربـانی هەرسـینی یـەک لـە نـاودارانی شـۆڕشی جەنگـەڵ، لـە نزیـک بـۆکان سـاڵی ١٩٢١ کـە بـووە هـۆی کـوژرانی خاڵۆقوربـان. دوای شکسـتی شۆڕشـەکە ١٩٢٦ وێـڕای براکـەی و سـمکۆی شـکاک پەنـا دێنێتـە دیـوی سـیدەکان و ناگەڕێتـەوە زێـدی باوباپیـرانی لـە تەرگـەوەڕ هـەر لەوێـش کۆچـی دوایـی دەکات و گۆڕەکـەی لـە گونـدی هەسـنانە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


* میـرزا ڕەشـید ادیـب الشـعراء ، مێـژووی ئەفشـار، (وەرگێـڕانی سـەلاحەدین ئاشـتی- چاپـی ٢٠٠٨)

* پویز راد، ایل زرزا ، چاپی ٢٠٢٤

* شەڕەفخانی بدلیسی، شەڕەفنامە، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: هەژار.

* دکتور نەجاتی عەبدوڵلا ، کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی – عوسمانی (١٦٢٩-١٨٤٧)

* خورشید پاشا، سیاحەتنامەی حدوود، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، ٢٠١٩.

* سایتی کتێبخانەی هارڤارد. ئەلبومی وێنەکانی عەلیخان والی قاجار.

* شـۆڕشی شـێخ عوبێدوڵـلای نەهـری١٨٨٠ لـە بەڵگەنامـەکانی وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەی ئێـران. وەرگێـڕانی لـە فارسـییەوە: محەمـەد حەمـە باقـی، ٢٠٠٧

* یاسین حەسەن گۆران، لاوک و سترانی کوردەواری (ناوچەی گۆران کۆکراوەتەوە)، ١٩٩٧

* عەبدووڵا غەفور (دکتور)، فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان. ٢٠٠٢

* ن . ئـ. خەلفین، خەبات لە رێی کوردستاندا ، وەرگێڕان لە رووسیەوە جەلال تەقی.

## نامەیەك

# لەدوای ڕەشەبای ئەنفالەوە

ئامانج شاکەڵی



**ناوەڕاستی هاوینی ١٩٨٨، هێشتا ڕەشەبای ئەنفال دانەمرکابووەوە، کە نامەی نووسەر و بیریاری گەورەی عەرەبی عێراقی، مامۆستا هادی عەلەوی١٩٣٢-١٩٩٨ «براءة الی اطفال کوردستان»مان پێ گەیشت، نامەکە، سەراپا هەستێکی مرۆڤانەی پاکژی لێ دەچۆڕا.**

ئێمەی پێشمەرگە، کە بۆ یەکەمجار دەنگی ڕاستگۆ و ئازایانەی نووسەرێکی عەرەبمان دەبیست بەو شێوەیە لەگەڵ ژان و زامی کورددا هاوخەم بێت، لە دوورەوە سڵاومان بۆ ئەو کەڵە پیاوە، ئازا و بەشەرەفە دەنارد.

نامەکەم بە زمانی کوردی و بە ناونیشانی «گەردن ئازایی لە منداڵانی کوردستان» تەرجومە کرد و لە ڕۆژنامەی «ڕێگای ئازادی» ئۆرگانی ناوەندیی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان)دا بڵاو کرایەوە. بەداخەوە نە ژمارەی ڕۆژنامەکە و نە ڕەشنووسی نووسینەکەم لا نەماوە.


دمشق ٢٢/١٢/١٩٩٠

عزيزي أمانج
تحية طيبة
وشكراً على رسالتك التي كنت انتظرها من وقت بعيد. لقد انزعجت
كثيراً لما فوجئت بسفرك من دمشق قبل أن نلتقي لاجراء الحوار الذي
اقترحته علي. ومما زاد في انزعاجي أن الأخ عدنان أوحى إليك بأنني غير
موافق على الحوار. ولا أدري من أين جاء بهذا القصد. لعله اعتقد أنني أتبع
لجنة سياسية معينة وأحدد تصرفاتي بموجب هذه اللجنة؟ انني انطلق بأنني من
قناعاتي الوطنية الخالصة وأتعاون مع جميع القوى الوطنية المعارضة لحكم العصابة
في بغداد. ولا أتعصب لحزب دون آخر وإن كنت أميل بالطبع إلى الأحزاب
الثورية والديمقراطية وأتعاون معها ضمن حدود استقلاليتي الشخصية.

أعجبتني رسالتك. وقد اقتطفت منها مقطعاً طويلاً سأنشره
في جريدة الغد الديمقراطي. وقد يشكل رداً على الكثيرين الذين يلجأون إلى
أوروبا ممن يعلنون بدون حياء انتهاء انتمائهم إلى الحزب وتجردهم من هويتهم لمجرد
أنهم حصلوا على المعيشة الجيدة.

آمل أن تواصل الكتابة ولا تخضع لليأس. فالمرحلة الراهنة تقتضي من
الكتاب أن يكثفوا جهودهم لا سيما وقد أصبح معظم السياسيين يتراجعون عن مواقعهم
الوطنية. والمطلوب من الكتاب أن يعيدوا الوعي لشعبهم [illegible] إلى [illegible]
والمستقبل.
هل تراسل الأخ عادل مراد؟ منذ مدة لم أعرف عنه شيئاً. كتبت له
رسالة على عنوانه القديم ولم أستلم رداً. السلام لكل العائلة. أرجو أن
تبلغه ذلك إذا كتبت له.
مع تمنياتي الأخوية ودعائي باستمرار المراسلة

هادي

بەهاری ساڵی دواتر، بە نیازی چوونە ئەوروپا ڕێم کەوتە دیمەشق و لەوێ، لە ئەپارتمانەکەی کاک عەدنان موفتی، تا کاتی سەفەرەکەم، مامەوە. دەمزانی مامۆستا هادیش لە دیمەشقە و زۆریش حەزم دەکرد بە دیداری شاد بم. کاک عەدنان، ماڵی ئاوا بێت، تەلەفۆنی بۆ مامۆستا کرد و بۆ چاخواردنەوەیەک بانگهێشتی کرد. پاشنیوەڕۆیەک، لە دەرگە درا، کە دەرگەکەم کردەوە پیاوێکی کورتەباڵای وردیلە، جانتایەک بە دەستەوە، بە ئارامیی گوتی:

- سڵاو، من هادی عەلەویم!

هادی عەلەوی، کەسایەتییەکی دڵناسک و هەستیار،

**کاک عەدنان، ماڵی ئاوا بێت، تەلەفۆنی بۆ مامۆستا کرد و بۆ چاخواردنەوەیەک بانگهێشتی کرد. پاشنیوەڕۆیەک، لە دەرگە درا، کە دەرگەکەم کردەوە پیاوێکی کورتەباڵای وردیلە، جانتایەک بە دەستەوە، بە ئارامیی گوتی:**

**- سڵاو، من هادی عەلەویم!**

ڕووناکبیرێکی گەورە، سۆفییەکی خاکەڕا و نووسەرێکی ئازا و هۆشیار و خاوەن هەڵوێست بوو. هەر لەبەر ڕاستگۆیی و نەچوونە ژێرباری منەتی ئەم و ئەو، ساڵێک دواتر، ناچار، دیمەشقی بەجێ هێشت و ماوەیەک لە قوبرس و پاشان لە ئەوروپا نیشتەجێ بوو.

لە ماوەی مانەوەم لە دیمەشق، چەندان جار لەگەڵ مامۆستا عەلەویدا یەکترمان دەبینی. سەرەڕای جیاوازیی تەمەن و شارەزایی و توانای نێوانمان، مامۆستا وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەوەفا، هەڵسوکەوتی لەگەڵمدا دەکرد. سادەیی و گەورەیی ئەو پیاوە سنووری نەبوو، لە ناخەوە بڕوای تەواوی بە گشت مافەکانی نەتەوەی کورد هەبوو، بە گریانەوە گوێی لە بەسەرهاتەکانی ئەنفال و تاوانەکانی سوپاکەی سەدام دەگرت کە لەسەر داوای خۆی، بۆم دەگێڕانەوە.

**وا دەزانم، هادی عەلەوی تاکە ڕووناکبیرێکی عەرەب بوو کە بڕوای بە سەربەخۆیی بێمەرجی کوردستان بوو. کە زانی کورتە ڕۆمانێکم بۆ منداڵان دەربارەی کارەساتی ئەنفال نووسیوە، بە گەرمیی داوای کرد تەرجوومەی عەرەبی بکرێت و ئەو ئامادەیە سەرپەرشتیی زمانەوانی چاپکردنی بکات.**

وا دەزانم، هادی عەلەوی تاکە ڕووناکبیرێکی عەرەب بوو کە بڕوای بە سەربەخۆیی بێمەرجی کوردستان بوو.

کە زانی کورتە ڕۆمانێکم بۆ منداڵان دەربارەی کارەساتی ئەنفال نووسیوە، بە گەرمیی داوای کرد تەرجوومەی عەرەبی بکرێت و ئەو ئامادەیە سەرپەرشتیی زمانەوانی چاپکردنی بکات.

بڕیار بوو، چاوپێکەوتنێکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا ساز بکەم، بە داخەوە لەبەر سەفەرەکەم نەکرا و لەوەش ناخۆشتر، ڕێک نەکەوت دووعاخوازیی لە مامۆستا بکەم. پرۆژەی تەرجوومە و چاپکردنی کورتە ڕۆمانەکەشم، نەکرا.. پاش ئەوەی گەیشتمە بەلجیکا، بە نامە پەیوەندیمان بەردەوام بوو، تا کۆچی دوایی مامۆستا هادی عەلەوی، پێنج یان شەش نامەیم پێ گەیشت، بە داخەوە تەنها

سێ دانەیانم لا ماوە.

ئەم نامەیەی مامۆستا هادی عەلەوی، وەک وەفایەک و یادێک لەو دۆستە ڕاستەقینەیەی گەلەکەمان و هاوخەمی کۆستەکانمان، بڵاو دەکەمەوە.

**دیمەشق ۱۹۹۰/۳/۲۳**

**ئازیزم ئامانج**

سڵاو و سوپاس بۆ نامەکەت کە لەمێژە چاوەڕێیم دەکرد، زۆریشم لا ناخۆش بوو کە ئاگەداری سەفەرەکەت نەبووم تاوەکوو ئەو گفتوگۆیەی کە پێشنیازت کردبوو، بکەین. لەوەی کاک عەدنانیش وای حاڵیی کردبوویت کە من ئامادە نیم گفتوگۆکەت لەگەڵ بکەم ، هێندەی تر بێزارمی کرد. نازانم بۆ وا بیری کردووەتەوە؟ ڕەنگە وابزانێت من ملکەچی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوم و هەڵسوکەوتەکانم بە گوێرەی ئارەزووی ئەو لایەنە دادەڕێژم! من لەسەر بنەمای بیر و بۆچوونی نیشتمانیی پاکژمەوە دادەڕێژم و هاوکاریی لەگەڵ هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە چەتەکان بەغدا، دەکەم و هیچ حزبێک بەسەر ئەوی تردا پەسەند ناکەم، هەرچەند من زیاتر هەواداری حزبە شۆڕشگێڕە دیموکراتەکانم و لە سنووری ئازادیی شەخسیی خۆمدا هاوکارییان دەکەم.

نامەکەتم بەدڵ بوو، بەشێکی زۆرم لێ هەڵبژارد و لە ڕۆژنامەی (الغد الديمقراطي) دا بڵاوی دەکەمەوە. ئەمەش وەڵامێکە بۆ زۆرینەی ئەو پەنابەرە عێراقییانەی لەگەڵ گەیشتنیان بە ئەورووپا و وەدەستهێنانی بژێویی خۆڕایی، بێشەرمانە واز لە ناسنامەی خۆیان دێنن و خۆیان بە فەرهەنگیی ڕۆژاواییەوە هەڵدەواسن.

هیوادارم لە نووسین بەردەوام بیت و ملکەچی بێهوایی نەبیت. ئەم سەردەمەی ئێستا وا دەخوازێت نووسەران زیاتر چالاک بن، بە تایبەت چونکە زۆرینەی سیاسییەکان ئیفلاسیان کردووە و بزوتنەوەی نیشتمانی پاشەکشەی کردووە، بۆیە دەبێ نووسەران ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە تاوەکو خەڵکەکە تووشی بێهوایی و سەرلێشیوان نەبن.

ئەرێ پەیوەندیت لەگەڵ کاک عادل موراد هەیە؟ ماوەیەکە هیچ هەواڵێکیم پێ نەگەیشتووە، نامەیەکم بە ناونیشانە کۆنەکەی بۆ نارد، بەڵام وەڵامی نەدامەوە. تکایە ئەگەر نامەت بۆ نووسی، لەوە ئاگەداری بکە.

لەگەڵ هیوا و تکای برایانەم کە بەردەوام نامەم بۆ بنووسیت.

**هادی**

# کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کەیی و چۆن دامەزرا

**یووسف مەنتك**


د. نووری تاڵەبانی


وەلید جومبلات


شێخ عزەدین حوسێنی


یەشار قایە

**کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان (کەنەکە) لە ٢٤ی ئاداری ساڵی١٩٩٩دا لە ئامستردام - هۆڵەندا بە ئامادەبوونی ٧٠٠ نوێنەر و میوانانی کوردستانی و بیانی دامەزراندنی ڕاگەیەنرا. کەنەکە بۆ ئەوەی یەکێتی ئەخلاقی و مافەکانی نەتەوەی کورد بە دی بهێنێت دامەزرێنرا، دابەشبوونی کوردستانی لە نێوان چوار دەوڵەتدا پشتگوێ نەخست.**

بۆ چارەسەرکردنی دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکان؛ پەرەپێدانی پێوەرەکانی یەکگرتن و ستراتیژییەکی یەکگرتوو لەناو دەوڵەتانی ئێستادا؛ بۆ چارەسەری دیموکراتیک، بۆ پرسی کورد و لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و نانێونەتەوەیی بۆ پێشخستنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان تێکۆشان بەڕێوەدەبات. ئەم دامەزراوەیە پەرلەمانی دیاسپۆرایە بۆ گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، خاوەنی دوو سەرۆکە واتا بە شێوەی هاوسەرۆکی بەڕێوە دەبرێت کە یەکێکیان ژن و یەکێکیان پیاوە. کەنەکە باوەڕی وایە هەموو خەڵکی کوردستان بە سەرجەم جڤاکەکان وەکو هەموو گەلانی تری جیهان مافی خۆیەتی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی دیاری بکات، هەروەها باوەڕی وایە بەڕێگای دیموکراسی هەروەک لە بەرنامەی ئەو دامەزراوەیە دیاریکراوە،

پاراستنی ستراتیژی بە ئاشتی و هاوکاری و ڕێکخستنی کورد بە ڕێگای دیموکراسی بخەنە نێو بەرنامەکانی خۆیان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا.

بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لەکاتی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، ٢٤ی ئایاری ١٩٩٩، ئەمستردام:

**کۆنگرە نەتەوەیی کوردستان**

هێزەکانی داگیرکەران و دەرەکی وایکردووە دەستکاری و دەستوەردان لە کێشە ناوخۆییەکانی کورد بکەن و ئەو دابەشبوونانە بەردەوام بن کە دەبێتە هۆی ئەم جۆرە ململانێیانە.

کوردستان بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە لە نێوان ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا. هەروەها لە ئەنجامی کۆچی بەرفراوانی کورد بۆ هەموو بەشەکانی جیهان، ڕەوەندێکی کوردی هەیە.

ئێمە ماوەیەکی زۆرە کار لەسەر پرۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەین بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرنگترین پێداویستییە هاوبەشەکانی نەتەوەی کورد. خواستی سەرسەختی کارکردن بە یەکگرتوویی، خواستێکی نوێ نییە بۆ کورد. لە ئەنجامی هەوڵ و دەستپێشخەرییە بەرفراوانەکاندایە، ئێستا لە ئەنجامێکی سەرکەوتوو نزیک دەبینەوە لە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان. بۆ چەندین سەدە کورد ویستی شەراکەتی و یەکڕیزی لەو جۆرە بەدەست بهێنین کە لە ئەنجامی کارەکانماندا پێشبینی دەکەین.

ئەم هەنگاوە کۆتاییە لە دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەرهەمی کۆتایی نزیکەی چوار ساڵ پلاندانانی بەرفراوان و بێوچان کاری بەردەوامە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٥ وەک دەستپێشخەری بەشێک لە حزب و ڕێکخراو و تاکەکانی کوردستان، کۆمیتەی دیالۆگ بۆ کارکردن لەسەر دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی پێکهێنرا. لە ماوەیەکی کورتدا نوێنەری زۆرینەی ڕێکخراو و لایەنەکان پەیوەست بوون بەو کۆمیتە و لە ئەنجامدا بووە هۆی فراوانبوونی گەورەی ئەم ئۆرگانە. کۆمیتەی دیالۆگ لەگەڵ سەرجەم لایەن و ڕێکخراو و گروپ و کۆمەڵەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کۆبووەتەوە.




**دیمەنێك لە یە کەم کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

لە ١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ بە بەشداری سەرجەم نوێنەری حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ کەسانی ناسراو و ڕێزدار لە کوردستان، لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی لە ٢٩ ئەندام پێکهێنرا. بە بەشداری بەرفراوان، لێژنەی ئامادەکاری پلانێکی سیستماتیکی و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەرفراوانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەروەها پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کردووە. لە کارکردن لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی لێژنەی ئامادەکاری، لێژنەی دیالۆگ بەچڕی کاریان کرد بۆ دروستکردنی ڕوانگەیەکی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دیداری لەگەڵ نوێنەران و تاکەکانی هەموو بەشێک و پارت ڕێکخراوی سیاسی کەوتووە. بەم شێوەیە گەورەترین بەشداریی دروست بووە.

بەتایبەتی و بەو پێیەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرە ئایینییە، گرنگییەکی زۆر بە نوێنەرایەتی بۆ ئایینە ئایینییەکان دراوە کە دوو گروپی گەورەی (عەلەوی و سوننە)، ئێزیدی، لەگەڵ هەموو گروپە ئایینییەکانی دیکەشدا. هەوڵی تایبەت دراوە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بدرێت بە هەر یەکێک لە گەلە کۆنەکانی کوردستان کە لە ژیاندا ماون، ئەویش گەلی ئاسۆری-سوریانی (ئاشووری). کۆنگرەی نەتەوەیی بەگوێرەی بنەماکانی

دیموکراسی فرەیی دادەمەزرێت.

ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەیی نوێنەرایەتی کورد بە گشتی و دانوستاندن و چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان لایەن و فراکسیۆنە کوردییەکان و پەرەپێدان و پاراستن و لێکتێگەیشتن و رێزگرتنە لە نێوان بیروباوەڕی ئایینی جیاوازدا هەروەها دامەزراندنی یەکریزی و تەبایی نێوان کوردە. بۆ هێنانەوەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، «هەموو نەتەوەیەک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە» . کۆنگرە لەسەر بنەمای یەکسانی هەموو گەلانی دراوسێ دامەزراوە، ئێمەش چارەسەری ئاشتیانە و سیاسی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرەوپێش دەبەین.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) بە شێوەی هاوسەرۆکایەتی بەڕێوەدەبرێت و دوو هاوسەرۆک، ژنێک و پیاوێک، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کۆنگرەی گشتی هەڵدەبژێردرێن، لەگەڵ هەڵبژاردنی کۆنسەی بەڕێوەبردن.

لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٧ بە بەشداریی نوێنەرانی ٢٩ حزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی کوردستان پێکهێنرا. ئەو ٢٩ ڕێکخراوە بریتی بوون لە:

١. بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی کوردستان (بەدەکە)

٢. بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان (HIK)

٣. هەڤگرتنی وڵاتپارێز

٤. ئینستیوتی خوێندنی کوردی-بەرلین

٥. ئینستیوتی کوردیی بروکسل

٦. ماڵی گەلی کورد

٧. ئینستیوتی کوردیی ستۆکهۆڵم

٨. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - ئەمریکای باکوور

٩. کۆمەڵەی ماد

١٠. کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ئەورووپا (کۆن-کورد)

١١. ماڵبەندی ڕۆشنبیری(KCC)

١٢. نوێنەری کوردەکانی فیدراسیۆنی یەدەدسە

١٣. پارتی پارێزگارانی کوردستان (پەپەکە)

١٤. پارتی چەپی کورد لە سوریا (پەچەکە-سە)

١٥. پارتی ئیسلامیی کوردستان (PIK)

١٦. پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

١٧. پارتی ڕزگاریی کوردستان (پەرەکە-ڕزگاری)

١٨. پارتی سەرخوەبوونی کوردستان

١٩. پارتی سۆسیالیستی کورد لە سوریا (پەسەکە-سە)

٢٠. حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان (پەسەدەکە)

٢١. پارتی یەکێتیی کورد لە سوریا-یەکێتی

٢٢. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (پەزەکە)

٢٣. پارتی ڕزگاری کوردستان

٢٤. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرەکانی بێتنەهرەین

٢٥. سازمانی خەباتی ئیسلامیی کوردستان

٢٦. یەکێتیی عەلەوییەکانی کوردستان (کاب)

٢٧. یەکێتیی ئێزیدییەکانی کوردستان (یەک)

٢٨. یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (یەنەدە)

٢٩. کۆمەڵە

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان چەند کۆمیتە و کۆمسیۆنێکی هەیە:**

**کۆمیسیۆنەکان:**

١. کۆمیسیۆنی ژنان

٢. کۆمیسیۆنی کاری دەرەوە

٣. کۆمیسیۆنی زمان، پەروەردە، چاند و هونەر

٤. کۆمیسیۆنی سروشت-ژینگە

**کۆمیتەکان:**

١. کۆمیتەی ڕاگەیاندن

٢. کۆمیتەی دارایی

٣. کۆمیتەی مافی مرۆڤ

٤. کۆمیتەی هاوبەشی کاری دیبلۆماسی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

**٢٣ هەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

لە ڕێکەوتی ٢٤و ٢٥ی/ ٥/ ٢٠٢٥ لە شاری ئایندهۆڤنی هۆڵەندا بەڕێوە چوو. کارنامەی کۆبوونەوەکان بەپێی پێویست دیوان دەیتوانی گۆڕانکاری تێدا بکات بڕگەکانی بریتی بوون لە: کردنەوەی کۆنگرە، وتەی کەنەکە، وتار و پەیامی بەشداربووان و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، سوێند خواردنی ئەندامان، ڕاپۆرتی کۆنسەی بەڕێوەبەر و گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتەکە، وتووێژ و پێشنیاز بۆ گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی کەنەکە، گفتوگۆ لەسەر بەڵگەی ستراتیژی نەتەوەیی، هەڵبژاردنی ئۆرگانەکان، پێشنیازی بەشداربووان و بڕیار، کۆتایی. بە پێی توانا بەرنامە و هەندێک لایەنی ڕۆژانی کۆنگرە لێرە دەخەینە ڕوو.

٢٣هەمین کۆنگرەی ئاسایی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) دەستی پێ کرد. کۆنگرەکە دوو ڕۆژی خایاند. لە چوار پارچەی کوردستان و ئەمریکا و ژاپۆن و کەنەدا و ئوستralia و ئەوروپاوە، ٣٠٠ نوێنەر، دەیان پارتی سیاسی، نوێنەری ڕێکخراوەکان، ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و نووسەران و پێشەنگان میوان بەشداری کۆنگرەکە بوون. شایانی باسە

بەشێک لە نوێنەران کە بەهۆی کێشەی ڤیزەوە نەیانتوانی بەشداری کۆنگرە بکەن، لە کوردستان و ڕوسیا، لە ڕێگەی دیمەنەوە بەشداری دانیشتنی کۆنگرەکە بوون.

کۆنگرەیە بە خولەکێک وەستان بەبێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدان و سرودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد.

دواتر لەلایەن هەریەک لە ڕەفیق غەفوور و دڵشا عوسمان وتاری کردنەوەی کۆنگرە خوێندرایەوە، ڕەفیق غەفوور، پێشەنگانی پەکەکە شەهیدان «ڕەزا ئاڵتوون، عەلی حەیدەر قەیتان و حاجی ئەحمەدی ئەندامی کەنەکە و دامەزرێنەری پژاک و فریاد هیرانی ئەندامی کەنەکە بەبیرهێنایەوە و ئاماژەی بەوە دا کارەکانی کەنەکە لە ماوەی ئەو ٢٦ ساڵەدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە».

هەروەها دڵشا عوسمان ئاماژەی بەوە دا، لەنێوان دامەزراوەکانی کوردان کار لە بوارەکانی ژن، گەنج، دیپلۆماسی و سیاسی دەکرێت و وتی: «ئەمڕۆ وەک گەل بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕین، دەبێت ئەم قۆناغە ڕاست بەڕێوەببرێت، دەبێت گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان خاوەن هەڵوێست بن».

دواتر هاوسەرۆکەکانی کەنەکە ئەحمەد قەرەموس و زەینەب موراد قسەیان کرد.



**بەشێك لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**




**وێنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

زەینەب موراد سەرەتا سڵاوی لە بەشداربووانی کۆنگرە کرد و وتی: «ئێمە لە قۆناغێکی نوێداین، لە ٢٧ی شووباتدا بە بانگەوازی 'ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەم قۆناغە دەستی پێکرد، دەبێت گەلی کورد خاوەندارێتی لەم قۆناغە بکات، چونکە ئەمە کاتێکی زۆر گرنگە، دەبێت ئێمە دەستکەوتەکانی باشوور و ڕۆژئاوا بپارێزین، وەک گەلی کورد دەبێت بۆ ئەم قۆناغە نوێیە ئامادە بین، دەبێت هەموو پارت و هێزەکان ببنە یەک».

هاوسەرۆکی گشتیی کەنەکە زەینەب موراد دەربارەی ساڵیادی دامەزراندن و تێکۆشانەکانی کەنەکە لە قسەکانیدا گوتی: «کۆمیتەی ئامادەکاری کەنەکە لە دوای چوار ساڵ تێکۆشان، لە سەردەمێکدا کە یەکێتی نەتەوەیی لە کوردستان لە لوتکەدا بوو، بڕیاریدا بە فەرمی کەنەکە دابمەزرێنن. ئەمە یەکەم هەنگاوە لە ٢٤ی ئایاری ١٩٩٩دا لە ئامستردام نرا. لە دوای ئەم هەنگاوە، پەکەکە خرایە ‹لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان›، وەک «ڕێکخراوی تیرۆریستی› دەستنیشانکرا. لە شوباتی ساڵی ١٩٩٩دا لەسەر پەکەکە و ڕێبەری گەلان عەبدوڵڵا ئۆجەلان پیلانگێڕی نێونەتەوەیی دەستپێکرد و ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە دیلگیرا و بە شێوەیەکی نایاسایییانە ڕادەستی تورکیا کرا. پرسی نەتەوەیی کورد بە

شێوەیەکی ناڕەوا گۆڕدرا بۆ پرسێکی تاوانکاری. بەهۆی ئەم ڕووداوە خۆپیشاندانی گەورە و تووڕەیی لە چوار بەشی کوردستان و دیساپۆرا، لە هەموو جیهاندا و بەم شێوەیە بۆ ڕای گشتیی نێونەتەوەیی پشتڕاستکرایەوە کە بە نەتەوەیبوونی پرسی کورد سەرکەوتوو دەبێت و بەردەوام دەبێت لە پێشکەوتن. بونیاتنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، پێویستییەکی دەیان ساڵەی بەپەلە بووە. لە مێژووی هاوچەرخی کورددا ئەم ڕێکخستنە، گەورەترین ڕێکخستنی نەتەوەیی بێ دەوڵەتە لەسەر ئاستی جیهان و لەم ڕووداوەدا نوێنەرایەتی هێلی سیاسی گەورەی کرد، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا هەبووە. دامەزراوەیەکی پێشوو بە ناوی پەرلەمانی کوردستان کە کپ کرابوو، گەشتبووە ئامانجەکانی. بۆیە پێویستی بە نوێنەرایەتییەکی گەورەی کورد هەبوو لە کۆنگرەدا. لەبەر ئەمەش پەرلەمانی کوردستان لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٩٩ هەڵوەشایەوە. لە ئەنجامدا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لەدوای دامەزراندنی کەنەکە لە ٢٤ی ئایاری ١٩٩٩، گەلی کورد، لە چوار بەشی کوردستان، لە دیساپۆرا، لە ڕوسیا و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، لە ئەوروپا، ئەمریکای باکوور، ئوسترالیا و جیهانی عەرەبی، گروپە ئایینییە کوردییەکان (سوننە، عەلەوی و شیعە، ئێزیدی، ئەهلی حەق، مەسیحی)، گروپە شێوەزارە کوردییەکان (کرمانجی باکوور و باشوور، زازاکی، گۆرانی، هۆرامی، فەیلی) و گەلی ئاشووری- کلدانی لە کوردستان لەو کاتەوە لە یەک ڕێکخراوی نەتەوەییەدا نوێنەرایەتیان هەیە».

کەنەکە کوردی کۆکردەوە، هاوسەرۆکی کەنەکە زەینەب موراد ئاماژەی بەوە دا دامەزراندنی کەنەکە بۆ یەکڕیزی هیوای ئافراند و گوتی: «دوای ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ کە کوردستانی دابەشکرد، پێویست بوو تێکۆشانی یەکێتی ئەنجام بدرێت. ئەم ڕێککەوتنە کاریگەری لەسەر سیاسەتی کورد هەبوو و سیاسەتی کوردیش دابەش کردبوو. پێویستییەک بینرا بۆ یەکگرتن و یەکخستنی کوردان چارەسەری بدۆزرێتەوە و لە ئەنجامدا کەنەکە دامەزرا. دوای دامەزراندنی لەسەر ئاستی کوردستان، بۆ یەکگرتنی کوردان ڕەنج و تێکۆشانی مەزنی ئەنجام دا، بە گفتوگۆ و تاوتوێی جۆراوجۆر، دامەزراوە و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەڕێوەبران. ئەو سەردەمە بۆ گەلی کورد زۆر سەخت تێپەڕی. لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ ڕێبەر ئاپۆ بە دیل گیرا و گەلی کورد چووە قۆناغێکی ترەوە. دوژمنانی کوردان، بە ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ کە خاکی کوردستانیان دابەش کرد، هەوڵیان دا لە ڕێگەی کۆمەڵکوژی و

قڕکردنەوە کورد لە ناوببەن. دواى پیلانگێڕی نێونەتەوەیی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ، ئەم قڕکردنە گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار. لەسەر ئەو بنەمایانە و خۆپاراستنی کوردان پێویستبوو کە کورد لە هەموو شوێنێکی جیهان یەکگرتووبن. کەنەکە بەبێ وەستان کار و تێکۆشانی درێژە پێداوە و هەوڵیدا کورد بگەیەنێتە قۆناغێکی نوێ و گۆڕانکارییەکی مەزن»

لە کۆتایی قسەکانییدا زەینەب موراد گوتی: «لە مێژووی جیهاندا ململانێی فکری هەیە و ئەمەش سروشتی گەردوونە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە لە ڕووی فکرەوە جیاوازین. کوردانی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ یەک ئامانج و زانابوون تێدەکۆشن و ڕەنج دەدەن، بەڵام لەوێدا گرنگترین شت پاراستنی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردە. کەنەکە کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەو دەوڵەتە هەژموونخوازانە هەبوو کە کورد لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئاستێکی باڵادا. لە ئاستی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوەدا هەنگاوی مەزن نرا. لە نێوان ئەندامانی کۆنگرە بڕیاردرا کۆنفرانس لەسەر ئاستی یەکڕیزی و یەکیتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دابمەزرێنن. لە سایەی تێکۆشان و بەرخۆدانی کچان و کوڕانی کوردستان دەستکەوتی زۆر بەدیهاتووە، ئەرکی هەموو لایەکە ئەم دەستکەوتانە بپارێزێت. ئەمەش بە دامەزراندنی




Ulusal Kongremiz

bir halklar mozaiği olarak tarihteki yerini alacaktır

PKK-MK Üyesi Mustafa Karasu yoldaşın Kürdistan Ulusal Kongresi'ne sunduğu mesajdır...

gre çok fazlasıyla olumlu psikolojik etki yaparak kendisine güvenini yükseltecektir. Doping işlevini görecek Ulusal Kongre, Kürdün gücünü her alanda katlamalı artmasına yol açacaktır.

Ulusal Kongre platformunun kongre programını, ulusal kurtuluş mücadelesinin geldiği düzeyi ve siyasal gerçekleri dikkate alarak, ulusal istemlere cevap verecek düzeyde olgunlaştıracağına inanıyoruz. Bir daha belirtelim ki, programı önemsemekle birlikte, konrgeyi gerçekleştirmenin başlı başına önemli, tarihsel bir adım olduğu tartışmasızdır.

Tüm parçalarda ve dünyanın her tarafında verilen mücadele ve yapılan çalışmalar sonucu her alanda imkanlar fazlasıyla birikmiştir. Ulusal Kongre, bu imkanların ulusal politika çerçevesinde daha verimli ve etkili olmasını sağlayacak, gelişmelerin önünü açarak zaferi yakınlaştıracaktır.

Kürdistan genelinde büyük gelişmelere ve önemli ulusal sorunlara ancak Ulusal Kongre ile cevap vermek mümkünken,

imkanı ve umudunu yakalamış bulunuyoruz. Yine ilk defa birlik olmanın ihtiyacını bu kadar yakıcı hissediyor ve bir araya geliyoruz. Bu gelişme, hakimiyetlerini ulusal zaaflarımıza dayandıran sömürgeci güçler için bir darbe niteliğindedir. *"Kürtler bir araya gelemez, ortak iş yapamaz"* yargısı, kongre ile tarihte kalacak, *"birbirine düşür-böl-yönet"* politikası, ulusal kurtuluş mücadelemize karşı bir silah olarak kullanılamayacaktır.

Ulusal Kongre, Ortadoğu'da Kürtlerin inkar edilemez büyük bir ulus olduğunu bir daha gözler önüne serecektir. Bu gelişme; Ortadoğu'daki diğer halkları Kürt halkıyla birlikte özgür ve eşit koşullarda yaşamanın kaçınılmaz ve gerekli hale geldiği sonucuna varacak, bölge devletlerini de Kürt sorunu karşısında daha gerçekçi yaklaşmaya götürecektir. Ulusal Kongre, Ortadoğu'da her zaman komşu olarak yaşayacağımız halklar ve onun demokratik temsilleriyle ilişkileri geliştirecek, Başkan Apo'nun esir düşmesi sonrası 35 Arap örgütü tarafından gösterilen dostluk tutumunu ve diğer olumlu yaklaşımları somut desteğe dönüştürecektir. Yüzümüzü biraz Ortadoğu'ya çevirdiğimizde bunu rahatlıkla tespit edebiliriz.

Ulusal Kongremiz, halklar ve dinler mozaiği olan Mezopotamya'nın tüm değerlerini kucaklayarak, dünyanın en demokratik ve zengin renkliliği içeren bir platform olarak tarihteki yerini alacaktır. İnsanlığın beşiği olan bu toprakların insanlarına ve kurumlarına da ancak bu bilgelik, olgunluk ve kapsayıcılık yaraşır.

Ulusal Kongremizin gerçekleşmesi bizleri sevindirip geleceğe olan umudumuzu arttırırken, diğer yandan Başkan Apo'nun esir düşmesi tümümüzü kayg-

Kongrenin Değerli Üyeleri!

Ulusal Kongre özlemini sürekli canlı tutan halkımız, kongrenin ilanını mutlaka büyük bir coşkuyla karşılayacaktır. Nitekim heyecanını şimdiden duymaktadır. Kongre delegesi olarak biz de bu heyecan, coşku ve onuru yaşamaktayız.

Delege olarak çalışmalarınıza fiili katılıp desteğimizi sunmak isterdik. Ne var ki maddi olarak şimdi bunu gerçekleştiremiyor, bu mesajla duygu ve düşüncelerimizi aktarmakla yetiniyoruz. İçinizde bulunmasak da kongre iradesinin ulusal politika çizgisinde doğru kararlar alıp uygulayacağına inancımız tamdır. Bu nedenle bulunmayışımızı eksiklik olarak görmüyo-

**هەواڵی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە میدیایی جیهانی**

کەنەکە پشتڕاستکرایەوە».

هەروەها ئەحمەد قەرەمووس ئاماژەی بەوەدا «قۆناغەکە کە بە بانگەوازی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستی پێکرد، زۆر گرنگە، ئەم بانگە نەک تەنها بۆ کێشە ڕۆژانەییەکان، لە هەمان کاتدا هەوڵ بۆ چارەسەری داهاتووش دەدات، لەم قۆناغەدا هەموو پارت و بەشەکانی کوردستان ئەرک و بەرپرسیارێتییان دەکەوێتەسەر».

دوای قسەکانی ئەحمەد قەرەمووس، لە کۆنگرەکەدا بە کۆی دەنگی گشتی ئەندامان، دیوانی بەڕێوەبردن هەڵبژێردرا، ڕێبوار ڕەشید، میدیا عەبدا، ڕۆژین موکرییان، شێخ شەماڵ و یعقوب میرزا، بوون.

دواتر بەڵگە فیلمێکی دۆکیومێنتاری سەبارەت بە مێژوو و ئامانجی دامەزراندنی کەنەکە نمایش کرا.

لە دووەم ڕۆژی (٢٣)هەمین کۆنفرانسی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی هاوسەرۆکان و ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەریی ئەنجام درا و بەپێی پێڕەوی ناوخۆ، ماوەی پۆستی هاوسەرۆکەکان دەتوانرێت دوو خول بێت، بە پێشنیارێکی پەسەندکراو بۆ کۆی دەنگی ئەندامان بڕیاردرا هاوسەرۆکەکانی پێشوو بۆ خولێکی دیکەش درێژە بە ئەرکەکانییان بدەن.

ژمارەی ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەریی (١٩) ئەندام بوو، لە ئەنجامی فراوانبوونی خەبات و تێکۆشانی کەنەکە، بەکۆی دەنگ پێشنیازەکە پەسەندکرا بە زیادکردنی ژمارەی ئەندامان بۆ (٢٣) کەس. بە گفتوگۆ و کۆی دەنگی نوێنەران، لە ١٩ ئەندامی کۆنسەی بەڕێوبەرەوە کرا بە ٢٣ ئەندام. پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامدرا. ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەری خۆیان ناساند، بڕگەی گفتوگۆ و پێشنیاری ئەندامان و میوانەکان بەڕێوەچوو.

هاوسەرۆکانی کەنەکە زەینەب موراد و ئەحمەد کارامووس کە دووبارە وەک هاوسەرۆک هەڵبژێرانەوە، قسەیان کرد و سوپاسی هەمووانیان کرد. زەینەب موراد ڕایگەیاند و گوتی: «لەم قۆناغەدا بەرپرسیارێتیی مەزنیان لەسەر شانە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد دەبێت خەباتی نەتەوەیی بەدیسپلینتر بکرێت و زەمینەی دیپلۆماتیک پتەوتر بکرێت».

ئەحمەد کاراموس ڕایگەیاند و گوتی: «قۆناغەکە هەستیارە لە دوو ساڵی بەردەماندا بۆ پتەوکردنی خەباتی یەکێتیی نەتەوەیی و پەیوەندیی دیپلۆماسی و نێونەتەوەیی وەک یەک دەنگ کاردەکەین بۆ نوێنەرایەتی گەلی کورد».

ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کەنەکە زوبەیر ئایدار ڕایگەیاند و گوتی: «بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە، دەبێت تورکیا دەست هەڵبگرێت لە نکۆڵیکردن لە گەلی کورد»

ئایدار بانگەوازیکرد «بۆ بەشداربوون لەو کۆنفرانسەی لەلایەن کەنەکەوە ڕێکدەخرێت بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی لەسێدارەدانی شێخ سەعید و هەڤاڵانی و بۆ ئەو گردبوونەوەیەی کە بڕیارە لە ئەڵمانیا ئەنجام بدرێت».

کۆنگرەکە بە گفتوگۆ و پێشنیاری بەشداربووانی چوار پارچە و نوێنەری پارتە سیاسییەکان و میوانانی بەشداربوو و باسکردنی ڕەوشی کوردستان و هەرێمایەتی و جیهان، وەک ئەرکێکی نیشتمانی پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و دەسکەوتەکانی کوردستان لە ٢٣هەمین کۆنگرەی کەنەکە دەربارەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، ستراتیژ و خەباتی دیپلۆماسی و یەکڕیزی نەتەوەیی، گفتوگۆی بەرفراوان کرا.

ناوی ئەندامانی بۆ کۆنسەی بەڕێوەبەریی کەنەکە هەڵبژێردران، لە ئەنجامنامەکەدا هاتووە.

پەیامی هاوبەشی هاوسەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری کەجەکە جەمیل بایک و موراد قەرەیلان کادری پێشەنگی پەکەکە. بۆ ٢٣هەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) خوێندرایەوە.

**دەقی پەیامەکە:**

«ئەندامان، دۆست و هەڤاڵانی هێژا؛

سەرەتا سڵاو لە دیوانی کۆنگرە، لە هەموو دۆست و هەڤاڵانی بەشداربوو دەکەین و بەو هیوایەیین کۆنگرەی گشتی کەنەکە بۆ وڵات و گەلەکەمان سودمەند بێت.

دەمانویست ئێمەیش لە کۆنگرەی گشتیی کەنەکەدا ئامادەبین، بە ئەندامێتی ئەم دامەزراوە سەنگینە سەربڵندین. بەڵام لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ئێوەیش دەیزانن،

نەمانتوانی لەگەڵتاندا بین و بەشداربین. دەمانەوێت باوەڕ بەوە بکەن کە هەرچەندە دووریشبین و نەتوانین لە کۆنگرەکەدا بەشداربین ئەوا ئەرکەکانمان بە گوێرەی ئامانجەکانی کەنەکە جێبەجێ دەکەین.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) کە ماوەی ٢٦ ساڵە بەبێ وەستان درێژە بە خەباتەکانی دەدات، لە دامەزراندنی خۆیەوە ئەم یەکێتییە نەتەوەیەیی کوردانی کردووەتە ڕۆژەڤی سەرەکی خۆی و لەپێناو ئەم ئامانجەشدا چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی ئەنجام داوە، کار و خەباتی بەڕێوەبردووە. بووە بە نوێنەری دیبلۆماسی گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات. بە پەرەدان بە پەیوەندییەکانی نێوان کوردان، پەرەدان بە پەیوەندییەکانی نێوان پارت، ڕێکخستن، دامەزراوە و دەزگا مەدەنییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردەوە؛ ئافراندنی ئایدیا و ستراتیژێکی هاوبەش بووە بە ئامانجی بنەڕەتی کەنەکە کە ئێمەیش ئەندامێکین تێیدا. گەر لەمڕۆدا لە پەیوەندییەکانی نێوان کورداندا دیالۆگ و یەکگرتنی هاوبەش لە ئارادایە، ئەوا کەنەکە بۆ ئەوە بووە بە بناغە و پلاتفۆڕمی سەرەکی.

هەڤاڵانی هێژا؛

ڕۆژهەڵاتی ناوین پێی ناوەتە ناو سەردەمێکی نوێوە کە کوردستانیش دەگرێتەوە و پێشهاتی خێرا ڕوودەدەن. تا دێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هاوسەنگی هێز و پەیوەندی نوێ




**بەشێك لە بەڕێوەبەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

دێنە ئاراوە، گەلی کوردیش هەوڵدەدات وەک کارەکتەرێکی چالاک بەشداری ئەم پرۆسەیە بێت. بۆ ئەمەش بێگومان شتی گرنگ و بنەڕەتی ئەوەیە کورد پەرە بە ستراتیژی هاوبەش بدات. ستراتیژی هاوبەش ئەو پێویستییە دەسەپێنێت کە پارت، ڕێکخستن، دامەزراوە و کەسانی کورد لە هەر چوار پارچەی وڵات و لە دەرەوەی وڵاتیشدا گفتوگۆی هاوبەش بکەن. لەم قۆناغەدا کەنەکە کارێکی گرنگ بەبێ کەموکوڕی پێکدەهێنێت و گەیشتووە بەو ئاستەی بتوانێت باشترین تێکۆشان بکات. بەتەواوی لەو باوەڕەداین کۆنگرەیش بۆ ئەم ئامانجە بڕیاری بەهێز بدات و پلانڕێژی کردبێت.

وەک ئاشکرایە، ڕێبەر عەبدوڵلا ئۆجەلان لە ئیمرالی بە ناوی تەڤگەرمانەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا لە دیالۆگدایە. ئەم پرۆسەیە هێشتا درێژەی هەیە. ئامانجی ئێمەیش لەم پرۆسەیەدا بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی دیالۆگەوە بۆ پرسی کورد ڕێگەی چارەسەری بدۆزینەوە. وەک تەڤگەر لەو باوەڕەداین لەم قۆناغەدا لە هەموو شتێک زیاتر بەرپرسیارێتی خۆمان بەجێ گەیاندووە. ئێستا کاتی لایەنەکەی دیکەیە. بەو هیوایەین لایەنی بەرانبەریش ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و بگەین بە دەرەنجامێک.






**بەشداربووان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

بانگەوازی ٢٧ی شوباتی ڕێبەر ئاپۆ و پێشکەوتنەکانی دواتر، ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستاندا کردووە و هەروەها بناغەی یەکێتی لە نێوان کورداندا بەهێز کرد. ئەم بانگەوازییە مێژووییە و سیاسەتەکان کە دواتر پەرەیان پێدرا، گونجاوترین زەمینەی بۆ کوردستان هێنایە ئاراوە تا ئەوەی لەسەر پلاتفۆرمی هاوبەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە کورت، مامناوەند و درێژخایەنەکانی گەلەکەمان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتیک بونیاد بنێن. بەڕاستیش لەبەر ئەوەی دەستکەوت و ناسنامەی گەلەکەمان وردە وردە لە دەرەوەی وڵاتەکەمان لە ژێر فشار و هەڕەشەدایە، تێکۆشان بۆ پاراستنیان و بەدەستخستنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکییەکان هەمیشە بەردەوام بووە و بەردەوامیش دەبێت. هەروەها ئەم تێکۆشانە وا بکات ڕێگە بەڕووی هەموو گەلانی دیکەدا بکاتەوە کە لە وڵاتەکەماندا پێکەوە دەژین تا ئەوەی بگەین بە مافەکانی خۆمان. هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ژن و گەنجان، دینامیکی سەرەکی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەن. بەشداری و پشتگرییان دۆزی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و نەتەوەی دیموکراتیک بەهێز دەکات.

ئەم بانگەوازییە هەروەها پەرەدان بە پەیوەندی نوێ لەگەڵ هێزە نێونەتەوەییەکان، هێزە هەرێمییەکان، گەلانی هەرێمەکە و کارەکتەری سیاسی دەسەپێنێت. کاتێک کوردان لەگەڵ هێزە نێونەتەوەییەکان و کارەکتەری هەرێمیدا پەرە بە پەیوەندی نوێ دەدەن، دەبێت لە ناخۆی خۆییدا پەیوەندی نزیکتربوونەوە بونیاد بنێن و یەکێتی بەرفراوان و بەهێز بئافرێنن. گەلەکەمان لە هەر چوار بەشی وڵاتەکەمان گەیشتووە بە ئاستێکی زۆر گرنگی ڕێکخستن بوون و هۆشمەندی ئازادی. ئیدی لە دۆخی بێ پێشەنگی، بێ ڕیکخستنی و بێ ئیرادەی سەد ساڵی ڕابردوو خۆی ڕزگار کردووە. بەڵام گەر ئەم ماتەوزە و ئاوانتاژەی خۆی بە تێگەشتنێکی هاوبەش و ستراتیژی هاوبەشە و بکات ئەوا دەتوانێت مافەکانی خۆی و ستراتیژیی خۆی بە دەستبخات. کەنەکە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە.

ڕۆڵ و ئەرک لە دامەزراندنی کەنەکەدا لەم پرۆسەیەدا زۆر زیاتر بووە. کوردان هێشتا بەتەواوەتی یەکێتی خۆیان بونیاد نەناوە. بابەتی یەکێتی نەتەوەیی ئەرکێکی گرنگی پێشمانە. ڕێبەر ئاپۆ لە کۆتا دیداری خۆیدا جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکات و داوا لە

هەمـوو کەسـێک دەکات ئەرکـی خۆیـان جێبەجـێ بکـەن. لـە کۆنفرانسـی لۆزانـدا، بڕیـار درا کۆنفرانسـێکی نەتەوەیـی ئەنجـام بدرێـت. پێویسـتە کەنەکـە لـەم ڕووەوە زۆرتـر هەوڵبـدات و لـە چوارچێوەیەکـی کاریگـەردا بتوانێـت کۆنفرانسـێکی نەتەوەیـی ڕێکبخـات.

لـە ماوەکانـی داهاتـوودا، وەک ئەندامـی تەڤگـەر و هـاوکات وەک ئەندامـی کەنەکـە درێـژە بـە خەباتەکانمـان دەدەیـن بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی کـوردان و ئـەوەی دەکەوێتـە ئەسـتۆمان جێبەجێـی دەکەیـن.

بـەم بـاوەڕ و بڕیارداریـیەوە سـڵاو لـە کۆنگـرەی گشـتی دەکەیـن و هیـوای سـەرکەوتن بـۆ ئیـدارەی نوێـی هەڵبژێـردراو دەخوازیـن.

**پرسی ئاشتی لە کۆبوونەوەی گشتی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)دا:**

شـایانی باسـە، پێـواژۆی ئاشـتی نێـوان دەوڵەتـی تورکیـا و ئیمرالـی بابەتـی سـەرەکی گفتوگـۆی نێـو دیدارەکـە بـوو کـە جگـە لـە ناوەرۆکـی وتارەکـەی ( جەمیـل بایـک- قەرەیـلان) بـۆ کۆنگـرە چەندیـن زانیـاری لەسـەر ئـەو پرۆسـەیە خرانـەڕوو. نیلۆفـەر کـۆچ ئەندامـی کۆنسـەی بەڕێوەبـردن لەسـەر ئـەم خاڵانـە هەڵوەسـتەی کـرد و گوتـی:

- ئۆجەلان و پەکەکە ئەرکی خۆیان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە بەجێگەیاندووە.
- دەوڵەتـی تورکیـا جگـە لـەوەی ئۆپڕاسـیۆنە سـەربازییەکانی ڕانەگرتـووە هێشـتا زەمینـەی سیاسـی و یاسـایی بـۆ پرۆسـەکە نەڕەخسـاندووە چونکـە:-
- لەنـاو دامـەزراوەی دەوڵەتـی تورکیا ئاراسـتەیەک هەیـە بـۆ کات کوشـتن لـەو پرۆسـەیە نزیـک دەبێتەوە.
- پرسـی هەمـواری دەسـتور پرۆسـەیەکی ئاڵـۆزە بۆیـە لـە دواییـن لێدوانیـدا ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان بـاس لـە نووسـینەوەی دەسـتوری تـازە بـۆ تورکیـا دەکات.
- قەندیـل تۆپەکـەی خسـتووەتە گۆڕەپانـی دەوڵـەت ئیـدی دەبێـت دەوڵـەت زەمینـەی یاسایی و سیاسـی بـۆ هەنـگاوی دوای بڕیارەکانـی کۆنگـرەی پەکەکـە بنێـت.
- نیگەرانـی و ترسـی کوردسـتانیان لـە نەهاتنـە پێشـی دەوڵەتـی تورکیـا باسـی لێوەکـرا و بەهەنـد وەرگیـرا.
- بڕیار وەرگیرا کە کۆنگرەی نەتەوەیی ڕۆڵی باشتر بۆ پشتیوانی لەو پرۆسەیە ببینێت.

پێشنیارکرا لایەنی کوردی زیاتر شەفافانە زانیارییەکان بداتە ڕای گشتی و میدیا بە تایبەت میدیایی عەرەبی و بیانی.

کەنەکە کە لە ساڵی ١٩٩٩دا دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند، ٢٦ ساڵە کار بۆ یەکێتی نەتەوەیی کوردان دەکات، لە کۆنگرەی ٢٣هەمدا، هەڵسەنگاندن بۆ پرسە نەتەوەییەکان، پێشنیارەکان بۆ چارەسەریی هاوبەش و بڕیارە ستراتیژییەکان بۆ داهاتوو دەکرێن.

**بەڵگەی ستراتیژیی یەکێتی نەتەوەیی کوردستان**

شەڕی نێوان هێزەکانی کوردستان و هێزە کۆلۆنیالیستەکان گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ و ئەم گۆڕانکاری و ڕەوشەی هاتووەتە ئاراوە لە هەموو کاتێک زیاتر یەکێتی ناوخۆیی بایەخدار دەکات. هەتا ئێستا گەلێک هەوڵ و خەبات لەپێناوی یەکێتی نەتەوەیی ئەنجام دراوە و دەتوانرێت بگوترێت کە هەندێک هەنگاو نراوە بەڵام هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پلادفۆرمێک دروست نەبووە کە بتوانێت سەرجەم هێزەکان کۆبکاتەوە. لە چوارچێوەی هەوڵ و ئەزموونەکانی ڕابردوودا، گەل بووەتە خاوەن هۆشیاری یەکێتی نەتەوەیی و لەبەر ئەوەش ئەمڕۆ ئەو بەرپرسیارێتیەی داوەتە سەرشانی پێشەنگە سیاسییەکان لە خاوەن سیاسەت و پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی- دیموکراتیک بن. ئەمڕۆ دۆزی کورد و کوردستان، یەکێتی نەتەوەیی وەکو پێویستییەکی ژیانی دەبینێت. ئیدی پێشخستنی زەمینە و زمانی دیالۆگ لە نێوان هێزە نەتەوەییەکاندا بووە بە ناچاری و پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر. پێویستە بەخێرایی و ساتێک زووتر زەمینەیەک بۆ کۆکردنەوەی هێزە نەتەوەییەکان ساز بکرێ. ڕێ و ڕێبازی دیالۆگ دابنرێت، زمانی دیالۆگ بۆ لەیەک نزیکبوونەوە دروست بکرێت. هەروەها پێویستە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی یەکێتی، نۆرم و یاسا دیاری بکرێت، ئەمەش لە ژیانی سیاسیدا سەروەر بێت. ئێمە وەکو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەڵگەی ستراتیژی یەکێتی نەتەوەی کوردستان پێشنیار دەکەین کە لەنێو ڕای گشتی ئێمەدا بە بەرفراوانی گفتوگۆ بکرێت و لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بگاتە ئەنجامێک.

**ستاتۆی کوردستان و ڕەوشی گەلی کورد**

کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆڵۆنیەکی نێو دەوڵەتییە. لەژێر داگیرکاری تورکیا،

ئێران و سوریا دایە و ڕەوشی چوار پارچەبوونی بەردەوام دەکات. گەلی کورد لەژێر ستەم و چەوسانەوەی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەدایە، لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی خۆی بێبەش کراوە. هەروەها گەر بە شێواز و ئاستی جیاوازیش بێت ئەوا لە تەواوی کوردستان بەشێوەی جۆربەجۆر شەڕ و سیاسەتی پاکتاوکردن و ئینکار بەردەوامە.

ئەو پارچەیەی لەناو سنووری فەرمی عێراقدایە شێوەیەکی نوێی وەرگرتووە. ئەوەش کوردستانی فیدراڵە لە ناو عێراقێکی فیدراڵدا. بەڵام بەداخەوە حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ لە پۆزیسیۆنێکی دژبەری کوردستاندایە. ئەمەش بۆ دۆزی کوردستان و مافی کوردان بەگشتی، پۆتانسێلێکی مەترسیدار لەخۆوە دەگرێت، لەبەر ئەوەش پێویستە هەستیاری نەتەوەیی لەسەر بێت و ئەو هەستیاریەش بڵندتر بکرێت.

**لە ستراتیژی نەتەوەییدا ڕەوشی دینامیکی ناوخۆ و دەرەوە**

ڕزگاری کوردستان، ئازادی نەتەوەیی کورد و ڕزگاری گەلی کوردستان لە دەستی نەیارە کۆلۆنیالیستەکان؛ بەشێوەیەک بەدیدێت کە هەموو هێزە نەتەوەییەکان ببنە یەک و بەسەفەربەری لەسەر ڕێبازی سیاسی ڕەوا و شەڕ لەبەرامبەر نەیاران تێبکۆشن؛ ئەمەش واتای ستراتیژی نەتەوەییە بەرژەوەندی نەتەوەیی دیموکراتی فاکتەری سەرەکی و یەکلاکەرەوەی ستراتیژی نەتەوەییە.

هێزی گەورەی نەتەوەیی کە لە تەواوی کەسایەتی، ڕۆشنبیر و ڕێکخستنە سیاسی-کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتی- کولتووری، کۆمەڵانی گەلی کورد و تەواوی کەمایەتییەکان پێکدێت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ستراتیژی نەتەوەیی-نیشتمانی پێکدێنێ.

هێزە نێودەوڵەتییەکانیش سیاسەتەکانی خۆیان سەبارەت بە کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەگوێرەی بەرژەوەندییە ژێئۆستراتیژیەکانیان بەڕێوە دەبەن. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە پێویستە هاوسەنگ(توازن)ی سیاسەتی جیهانی لەبەرچاوان بگیرێت. هەروەها پێویستە لەسەر بنەمای کۆمەککردن بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوپەیمانێتی فرەلایەنە ڕەچاو بکرێت.

**ڕەوشی دەوڵەتانی داگیرکەر:**

دەوڵەتـە داگیـرکارەکان لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندییـە دەوڵەتییەکانیـان پێکـەوە لەنێـو ناکۆکـی و دژایەتـی دانـە. بـەڵام تەنهـا لەسـەر یـەک شـت بەرژەوەندیـان دەبێتـە یـەک و پێکـەوە دەجولێنـەوە، ئـەوەش تەڤگـەری نەتەوەیـی کوردسـتان و گەلـی کـوردە. دەوڵەتانـی داگیـرکار هـەم بەتەنیا لەبەرامبـەر نەتـەوەی کـورد سیاسـەت بەڕێـوە دەبـەن و هـەم پێکـەوە سیاسـەتی دژبـەری کـورد و کوردسـتان پێکدێنـن و بەڕێوەدەبـەن.

**ڕەوشی نەتەوەی کورد و گەلانی کوردستان:**

لەبەرامبـەر ئـەم کۆنسـێپە نوێیە پێویسـتە دینامیکـی نەتەوەیی لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندی نەتەوەیـی بگەنـە یـەک و بەشـێوەیەکی کوردینەیـی و هاوبـەش هەڵسـوکەوت بکـەن. ئەمـەش شـتێکی ئاسـاییە و خـۆی لەنـاو خۆیـدا مافێکـە. ئـەو تایبەتمەندیانـەی کـە لەسـەر پارچەگەرێتـی ئاوابوونـە، هێشـتا ماونەتـەوە، بـەڵام زۆر لاواز بوونـە. لەبەرامبـەر ئـەوە دەوڵەتانـی داگیرکـەر لەبەرامبـەر بزوتنـەوەی نەتەوەیـی سـنوورەکانی نێوانیـان تێپـەر دەکـەن. پێویسـتە هێـزی نەتەوەیـی کوردانیـش لەبەرامبـەر سیاسـەتی دەوڵەتانـی داگیرکـەر ئیـدی سـنوورە دەسـکردەکان پەسـەند نەکـەن و هەمیشـە هـاوکاری و یەکگرتـن لەنێـوان خۆیـان پێشـخەن، پشـتگیری یەکـتر بکـەن. پێویسـتە بەرامبـەر بـەرەی داگیرکـەران بەرەیەکـی یەکگرتـوو و هاوبـەش ئـاوا بکرێـت و پێکـەوە تێکۆشـان بەڕێوەببـەن. تایبەتمەنـدی نوێـی شۆڕشـی کوردسـتان ئەوەیـە و پێویسـتە بەگوێـرەی ئـەو کۆنسـێپتە هەڵسـوکەوت بکەیـن.

لەلایەکـی دیکـەوە نەتـەوەی کـورد لەنێـو قۆناغـی شۆڕشـێکدایە. کارەکتـەری شۆڕشـی کوردسـتان نەتەوەیـی- دیموکراتیکـە، نەتـەوەی کـورد لەلایەکـەوە لەبەرامبەر داگیرکەران شـەڕی نەتەوەیـی بەڕێـوە دەبـات و لەلایەکـی تـرەوە هەوڵـی پراکتیزەکـردن و خوڵقاندنـی دیموکراسـی لـە ئاسـت کۆمەڵـگای کوردسـتاندا دەدات. بەگوێـرەی ئـەم کۆنسـێپتە، دینامیکـی شۆڕشـی دیموکراتـی نەتەوەیـی بەرفراوانـە. هەمـوو چیـن و توێژێـک، گـروپ و گروپـە کۆمەڵایەتییەکانـی تـر لەبەرامبـەر سیسـتەمی داگیرکـەر و کولۆنیالیسـت لـە ئامانجـی شۆڕشـی نەتەوەییـدا هاوبیـرن و ڕێککەوتـوون. ئـەو ئامانجـەی کـە ئـەوان هەمـوو کۆدەکاتـەوە ڕزگاری کوردسـتان و ئـازادی نەتـەوەی کـوردە. لەنـاو ئـەو ئامانجـەدا، جێگـەی ئاشـوری، ئەرمەنـی، عـەرەب، تورکـمان، ئـازەری، تـورک و کەمـە نەتەوەکانـی کوردسـتان و هـی دیکـەش هـەن. ئەوانیـش هاوپەیمانـی نەتـەوەی کـوردن. ئـازادی و ڕزگاری ئەوانیـش بـە ئـازادی و ڕزگاری نەتـەوەی

کـوردەوە گرێـدراوە. لەبـەر ئـەوە لەبەرامبـەر سیسـتەمی وەحشـی کۆلۆنیالیسـت پێویسـتە هەمـوو گەلـی کوردسـتان سـەفەربەر بـن و خۆیـان ڕێکبخـەن، تەنهـا لـە و چوارچێوەیەدایـە کـە بەرژەوەنـدی هەمـووان لەبەرامبـەر تێکشـکانی سیسـتەمی داگیرکـەر دەبێتـە یـەک. لەبـەر ئـەوەش پێویسـتە بـۆ سـازدانی بەرەیەکـی نەتەوەیی-نیشـتمانی هەمـوو پێکـەوە کۆببنـەوە و هێـزی خۆیـان بکـەن بـە یـەک.

**بڕیاری مافی چارەی خۆ نووسین:**

گرێـدراو بـە هەڵومەرجـی دەروە و ناوخۆیـی، هێـزی نەتەوەیـی، دەرفـەت و بەکارهاتنـی ئـەو پێشـکەوتنانەی کـە لـە قۆناغەکانـی شۆڕشـدا ڕوودەدەن، دەشـێ ڕووبـەڕووری تەڤگـەری نەتـەوەی کوردسـتانیش بـبن. لەچوارچێـوەی دیاریکردنـی مافـی چارەنووسـدا مافـی گەلـی کـورد هەیـە کـە بڕیـار بـدات. ئیـتر ئـەوە مافـی موختارییـەت، فیدرالیـزم، کۆنفیدرالیـزم یـان سـەربەخۆیی بێـت.

**لە شەڕی نەتەوەییدا پۆزیسیۆنی ستراتیژی:**

هێـزە دیموکراتیـک و نەتەوەییـەکان لـەم خاڵانـەدا بـە بڕیارێکـی پتـەو لەبەرامبـەر یەکتردا بەرپرسـیارن.

١ - پێویستە بەرژەوەندی نەتەوەیی و دیموکراتی لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت.

٢ - پێویستە هەبوونی نەتەوەیی بپارێزرێت و لەبەرامبەر سیمبۆڵەکان ڕێزگرتن هەبێت.

٣ - لـە شـەڕی دژی داگیرکـەر و بـن پێکردنـی ڕەنجـدا، پێویسـتە لەسـەر ڕێکخسـتنەکانی تـر نەکەونـە نێـو لێکدانـەوەی تەسـکی ڕێکخسـتنیەوە.

٤ - بـە چ شـێوەیەک دەبێـت بـا ببێـت پێویسـتە لەگـەڵ ڕێکخسـتنی نەتەوەییـدا لەنێـو دیالۆگـدا بیت .

٥ - پێویستە پشتگیری و هاوکاری لەنێو هێزی نەتەوەییدا لە ئاستی هەرە بەرزدا بێت.

٦ - کەرکـوک و هەمـوو سـنووری کوردسـتان لەبەرامبـەر داگیرکـەران بـە چ شـێوەیەک دەبێـت باببێـت، پێویسـتە پێکـەوە و بەشـێوەیەکی یەکگرتـوو بپارێزرێـت.

٧- پێویسـتە شـەڕ و پێکـدادان لـە نێـوان هێـزە نەتەوەییەکانـدا وەکـو تاوانـی نەتەوەیـی

بناسرێت.

٨- ئەگەر هێزێکی نەتەوەیی لەبەرامبەر هێزێکی دیکەی نەتەوەیی، خاوەن کردەوەی هەڵە بێت، خەتایەک ئەنجامبدات، پێویستە ئەوە وەکو زەنگی سوور بنرخێندرێت و لەبەرامبەر ئەو لە ڕێگە دەرکەوتنە، هەموو دینامیکە نەتەوەییەکانی دیکە بکەونە نێو ئالارم (ئینزار)ەوە و تاوەکو لەو هەڵە و خەتایە پاشگەز ببێتەوە، تاوەکو بەرژەوەندی نەتەوەیی بپارێزرێت. پێویستە ئەو کاردانەوەیە پیشانبدرێت بۆ ئەوەی کە شکستی دیکە لەناو یەکێتی نەتەوەییدا ڕوونەدات.

٩- تاوەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی بەشێوەیەکی بەردەوام بمێنێت پێویستە ئەنجومەن، پلاتفۆرم، کۆنگرە و ڕێکخستنەکانی هاوشێوەیان ئاوا بکرێن.

کۆبونەوەی بەرفراوانی خوولی هەشتەمینی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

پووشپەڕی ٢٠٠٨

برۆکسێل

**ئەنجامنامەی ٢٣هەمین جڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان(KNK)، ٢٣هەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی خۆی لە ٢٤-٢٠٢٥/٥/٢٥دا بە بەشداریی زۆرینەی ئەندامانی لە وڵاتی هۆڵەندا بەڕێوەبرد. هاوکات لەگەڵ ئەندامانـدا گەلێک میوان (سەرۆک و بەرپرسانی پارت و دامودەزگاکان و کەسایەتییە سەربەخۆکان)یش بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد. بەگوێرەی ڕۆژەڤی کۆبوونەوەکە ڕۆژی یەکەم وەک ڕاوێژێکی نەتەوەیی بوو و ڕەوشی سیاسی کوردستان، خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان بە فراوانی هەڵسەنگێنران و گفتوگۆ سەبارەت بە ستراتیژی نەتەوەیی قۆناغەکە کرا. بەهۆی پێنەدانی ڤیزا و کاری بیرۆکراتیانە، گەلێک ئەندام لە کوردستان (باشوور و ڕۆژئاوا) و ڕوسیا، نەیانتوانی لە کۆبوونەوەکە ئامادە بن. هەربۆیە لە سلێمانی، قامشلۆ و مۆسکۆ و ئەندامانی نزیک لەو شارانە لە هۆڵێکدا کۆبوونەوە و بەڕێگەی تۆڕی زووم بەشداریی کۆبوونەوەکە بوون.

کۆبوونەوەکـە بـە خولەکێـک ڕێزگرتـن لـە شـەهیدان و بـە سرودی «ئـەی ڕەقیـب» و وتـەی هـەردوو هاوسـەرۆکان دەسـتیپێکرد. بەگوێـرەی ڕۆژەڤەکـە، سـەرەتا سینەڤزیۆنێک لەبـارەی ٢٦ سـاڵەی (KNK) نمایـش کـرا، بەدوایـدا پەیامەکانـی میوانـان، سـەرۆک و نوێنەرانـی پارتـەکان پێشـکەش کـران. دواتـر لەلایـەن کۆنسـەی بەڕێوەبەرێتییـەوە ڕاپۆرتـی سـاڵانەی خەبات، ڕەوشـی سیاسـی جیهـان، خۆرهەڵاتـی ناویـن و کوردسـتان خوێندرایـەوە. پاشـان لەلایـەن ئەندامانـەوە گفتوگـۆی فـراوان سـەبارەت بـە ڕاپۆرتەکـە بەڕێوەچـوو. لـە کۆتایـی ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/٢٤) دا بەگوێـرەی هەڵسـەنگاندن و گفتوگۆیـەکان «جاڕنامە(دێکلەراسـیۆن)ی ٢٣هەمیـن جڤاتـی گشـتی(KNK) « پەسـند کـرا و بـۆ ڕای گشـتی ڕاگەیەنـرا.

لـە دووەم ڕۆژ (٢٠٢٥/٥/٢٥)دا، پێـش هەڵبژاردنـی ئۆرگانەکانـی (KNK) گەڵاڵـە پێشـنیارێک بـۆ گۆڕینـی ماددەیەکـی پەیمانـی (KNK) خرایـەڕوو، دوای گفتوگۆکـردن ئـەو گەڵاڵـە پێشـنیار پەسـند کـرا. بەگوێـرەی ئـەو گۆڕانکارییانـە ئەندامانـی کۆنسـەی بەڕێوەبەرێتـی لـە ١٩ ئەندامـەوە بـۆ ٢٣ ئەنـدام زیـاد کـرا. پاشـان هەڵبژاردنـی هاوسـەرۆکان و کۆنسـەی بەڕێوەبەرێتـی ئەنجـام درا. هـەر یـەک لـە بەڕێـزان زەینـەب مـوراد و ئەحمـەد کارەمـووس بـۆ دوو سـاڵ (خولـی دەیەمیـن) وەک هاوسـەرۆک هەڵبژێردرانـەوە. لیسـتی نـاوی ئەندامانـی هەڵبژێـردراوی کۆنسـەی بەڕێوەبەرێتیـش هاوپێچـی ئـەم ڕاگەیەندراوەیـە.

دوای هەڵبژاردنـەکان، بەردەوامـی بـە گفتوگۆکانـی سـەبارەت بـە ڕاپۆرتەکـەی کۆنسـەی بەڕێوەبەرێتـی درا. هەروەهـا لـە چوارچێـوەی پلانسـازی کار و خەباتـدا، لەبـارەی ١٠٠میـن سـاڵیادی سـەرهەڵدانی ١٩٢٥ و یادکردنـەوەی شـەهید شـێخ سـەعید و هەڤاڵانـی، لـە ئاسـتی نەتەوەییـدا کۆنفرانسـێک و میتینگێکـی مـەزن لـە ناوەنـدی ئەورووپـا، بەفراوانـی گفتوگـۆی لەسـەر کـرا و بەرنامەڕێـژی بـۆ کـرا. هەروەهـا لـە (١٠٢)ەمیـن سـاڵیادی پەیمانـی لۆزانـدا وەک هەمـوو سـاڵان پلانسـازی کـرا گردبوونـەوە و خۆپیشـاندانی جەماوەریـی بەڕێـوە بچێـت. دواتـر بەگوێـرەی ڕۆژەڤـەکان، تاوتوێـی پێشـنیار بڕیـارەکان کـرا و پێشـنیارەکانی ئەندامـان بـۆ داڕشـتنی پلانسـازی داهاتـوو وەرگیـران و کۆبوونەوەکـە بەسـەرکەوتوویی کۆتایـی هـات.

بەگوێـرەی ڕۆژەڤـەکان، سـەرەتا ڕەوشـی سیاسـی کوردسـتان، بەتایبەتـی ڕەوشـی ئـەم دواییـەی باکـووری کوردسـتان و تورکیـا، بانگەوازییەکـەی بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان بەنـاو «بانگـەوازی ئاشـتی و کۆمەڵگـەی دیموکراتـی»، ١٢میـن کۆنگـرەی PKK و بەگشـتی پێـواژۆی

هەوڵەکانی ئاشتی و چارەسەریی پرسی کورد لە باکووری کوردستان، ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا، ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی دیمەشق، کێشە و قەیرانە سیاسی، ئیداریی و ئابووری، دوای هەشت مانگ لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان و دانەمەزراندنی حکومەتی نوێ، ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێرش و هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئێران لەسەر گەلەکەمان، شەڕی ئیسرائیل و حەماس، شەڕ و قەیرانی نێوان ئیسرائیل و ئێران، ڕەوشی زیندانیانی سیاسی، گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین، هەروەها هەڵوێست و کاریگەرییەکانی هێزە جیهانییەکان لەسەر ناوچەکە، هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی فراوان بەڕێوەچوو. هەمان کات جۆش و خرۆشی ئاهەنگی نەورۆز کە ئەمساڵ بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەچوو و بوو بە دەنگ و ڕەنگی گەلەکەمان.

لە کاتێکدا جڤاتی گشتی (KNK) کۆبووەوە کە لە باکووری کوردستان و تورکیا، گفتوگۆی گەرم سەبارەت بە چارەسەریی پرسی کورد بەڕێوەدەچێت و لەم ڕووەوە؛ دیالۆگ، بانگەوازی، کۆبوونەوە و لێدوانی گرنگ دەدرێن.

ماوەیەکە لە دوورگەی ئیمرالیدا لەنێوان بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بەرپرسانی دەوڵەتی تورکدا، لەسەر چارەسەری پرسی کورد دانوستاندن دەکرێت. لەئەنجامی ئەو دیدارانەدا بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕۆژی٢٠٢٥/٢/٢٧دا بەناوی «بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی»یەوە بانگەوازییەکی کرد. لەسەر بنەمای ئەم بانگەوازییە، PKK ١٢هەمین کۆنگرەی خۆی لە ڕۆژانی ٥-٧ی نیسانی ٢٠٢٥ بەڕێوەبرد. لە ١٢ی نیسانیشدا ئەنجامنامەی کۆنگرەکەی بە ڕاگەیەندراوێک بۆ ڕای گشتی ڕاگەیاند. بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکە؛ PKK ڕۆڵی مێژوویی تەواو کرد و بۆ ئەوەی پرسی کورد بەڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر ببێت، ئیدی تەڤگەری ئازادیی کوردستان بە ناوی PKKوە کار ناکات و تێکۆشانی چەکداریی لەبەرامبەر بە دەوڵەتی تورک ڕادەوەستێنێت. وەک لە بانگەوازی و ڕاگەیەندراوەکە دەستنیشانکراوە، ئەمە کۆتایی نییە، ئەمە دەستپێکێکی نوێیە و تەڤگەری ئازادیی کوردستان بەگوێرەی ڕەوشی نوێ خۆی دەگۆڕێت، خۆی سەرلەنوێ بەڕێکخستن دەکات و تێکۆشانی ئازادیی بە فۆرمێکی نوێ بەردەوام دەکات.

هـەم بانگوازییەکـەی بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان و هەمیـش ئەنجامنامـەی کۆنگـرەی PKK، هەنگاوێکـی مێژووییـە. ئـەو بانگـەوازی و ئەنجامنامەیـە لـە ڕای گشـتی کـورد و جیهانـدا، دەنگدانەوەیەکـی مەزنـی دایـەوە. لـە ئاسـتی دامـودەزگا سـەرەکییە نێونەتەوەییـەکان و لـە ئاسـتی هێزەکانـی جیهانـدا، بەشـێوەیەکی ئەرێنـی پێشـوازیی لێکـرا و بـە لێدوانەکانیـان پشـتیوانیان لـە پێـواژۆی ئاشـتی و چارەسـەری کـرد. پـارت و ڕێکخسـتنەکانی کوردسـتانیش هەڵوێسـتی ئەرێنـی خۆیـان خسـتەڕوو و خاوەنداریتییـان لـە پێواژۆیەکـە کـرد. ئەگـەر وەک دەخوازرێتیـش نەبێـت، بەرپرسـانی دەوڵەتـی تـورک بەشـێوەیەکی ئەرێنـی پێشـوازییان لێکـرد.

بـەڵام وەک دەخوازرێـت پێواژۆیەکـە بەڕێـوە ناچێـت. حکومـەت هەنـگاوی بەرچـاوی نەهاوێشـتووە و پەیامەکانیـان ناڕوونـە و زمانی ڕاگەیاندنەکانیشـیان زمانی ئاشـتی نییە. لەلایەکی دیکـەوە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان تاوەکـو ئێسـتا بەردەوامـن، چەکـە قەدەغەکـراوەکان و کیمیاوییـەکان بەکاردێنـن. ئـەم ڕەوشـە بـە هیـچ شـێوەیەک پەسـند ناکرێـت.

لـەم بارەیـەوە جڤاتـی گشـتی (KNK)، ئـەم ڕەوشـەی بـە تایبـەت خسـتە ڕۆژەڤـی خۆیـەوە و ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بـۆ ڕای گشـتی ڕادەگەیەنێـت:

٢٣هەمیـن جڤاتـی گشـتی (KNK)، پێـواژۆی ئیمرالّیـی نێـوان بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان و دەوڵەتـی تـورک، بانگـەوازی بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان و ئەنجامنامـەی کۆنگـرەی PKK، بـە ئەرێنـی دەبینێـت و پشـتیوانی لێـدەکات. بـۆ ئـەوەی ئـەم پێواژۆیـە بەسـەرکەوتوویی بـاش ئەنجامگیـر ببێـت، ئێمـە وەک (KNK)، لەلایـەن خۆمانـەوە هەمـوو دەرفەتێـک دەخەینـەکار. ئـەم پێواژۆیـە گەلێـک گرنگـە و ئەگـەر پرسـی کـورد لـە باکووری کوردسـتان بکەوێتـە سـەر ڕاسـتەڕێی چارەسـەری، لـە هەمانکاتـدا کاریگەرییەکـی ئەرێنـی لەسـەر هـەر سـێ بەشـی دیکـەی کوردسـتان و یەکڕیـزی نێوماڵـی کـورد و کوردسـتانیش دەکات.

ئێمـە بانگەوازیـی لـە هەمـوو هێـز، دامـودەزگا، پـارت، ڕێکخسـتن و هەمـوو گەلـی کوردسـتان دەکەیـن بـە ئەرێنـی لـەم پێواژۆیـە نزیـک ببنـەوە و پشـتیوانی لێبکـەن.

ئێمـە بانگەوازیـی لـە دۆسـتانی گەلـی کـورد و هێـزە ئاشـتیخوازەکان دەکەیـن کـەوا لـەم پێواژۆیـەدا گەلـی کـورد تەنیـا بەجێنەهێڵـن و بـۆ سـەرکەوتنی ئـەم پێواژۆیـە تێکۆشـن.

ئێمـە بانگەوازیـی لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، یەکێتـی ئەوروپـا و هەمـوو دامـودەزگا

نێونەتەوەییـەکان و هێـزە جیهانییـەکان دەکەیـن و دەڵێیـن؛ هـەر تەنیـا لێدوانـی ئەرێنـی بـەس نییـە، بەڵکو پەیوەندییەکانی خۆتـان لەگـەڵ تورکیـا لەپێنـاو سـەرکەوتنی ئـەم پێواژۆیـە بخەنەگـەڕ.

هەروەهـا بانگەوازیـی لـە بەرپرسـانی دەوڵەتـی تـورک دەکەیـن و دەڵێیـن؛ ئـەم دەرفەتـە لەدەسـت خۆتـان مـەدەن، بـۆ ئـەوەی ئـەم پێواژۆیـە پێشـبکەوێت، ڕێ لەبـەردەم بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان بکەنـەوە و ئـازادی بکـەن، ئێـوەش شـەڕ و ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانتان ڕاوەسـتێنن، هەرچـی زووە ئـەم پرسـە بخەنـە ڕۆژەڤـی پەرلەمانـەوە، زەمینـەی سیاسـی و حقوقـی بـۆ چارەسـەریی بەجێبێنـن.

بـۆ ئـەوەی پێواژۆیەکـە بـە شـێوەیەکی باشـتر بەڕێـوە بچێـت، بـۆ ئـەوەی ڕێخۆشـکەری بـۆ هـەردوو لایـەن بکرێـت و هەمیـش چاودێریـی پێواژۆیەکـە بکرێـت، پێویسـتیی بـە لایەنێکـی سـێیەمی بێلایـەن هەیـە. جڤاتـی گشـتی (KNK) بانگەوازیـی لـە هـەردوو لایـەن دەکات ڕێ لەبـەردەم هێـزە نێوانگیـرەکان بکەنـەوە و لایەنێکـی سـێیەم ئەرکـدار بکـەن.

ئێمـە هیواخوازیـن هەمـوو لایەنـەکان بەرپرسـیارێتی خۆیـان بەجێبێنـن و لـە ئاکامـی ئـەم پێواژۆیـەدا پرسـی کـورد چارەسـەر ببێـت.

باشـووری کوردسـتان، دەڤەرێکـی ڕزگارکـراو و خـاوەن سـتاتۆیەکی فیدراڵـە، ئەمـەش بـۆ هەمـوو کوردسـتانیان هیوایەکـی مەزنـە و جێـی دڵخۆشـییە. هەرچییـەک دەبێـت بـا ببێـت، دەبێـت ئـەم دەسـتکەوتە بپارێزرێـت و بـەرەو پێـش ببرێـت. پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی گەلەکەمـان لـە باشـوور، ئەرکێکـی نەتەوەییـە. (KNK) بـۆ پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی باشـوور هەسـتیارە. ئێمـە دەمانەوێـت ئـەم دەسـتکەوتانە فراوانـتر ببێـت و بکەوێتـە خزمـەت هەمـوو کوردسـتانیانەوە.

دۆخێکـی نادیـار لەسەرانسـەری عێـراق هەیـە و ئـەم دۆخـە مەترسـی بـۆ سـەر سـتاتۆی کوردسـتان دێنێـت. لەبـەر ئـەوەی عێـراق لەنێـو قەیرانێکی مـەزن دایـە، گەلێک دەسـتتێوەردانی بیانـی لەنێـو عێـراق هەیـە. لـە ناوچەکانـی مـاددەی ١٤٠ پێواژۆیەکـی بەعەرەبکـردن دژ بـە شـوێنە کوردنشـینەکان بەڕێـوە دەچێـت و لـە گەلێـک جێگـەدا دەسـتیان بەسـەر زەوییەکانـی جوتیـاران و لـە گەلێـک جێگەشـدا کـوردان لـە واری خۆیـان دەردەکرێـن. مخابـن لـە ڕەوشـێکی

وەهـا نادیـار و مەترسـیداردا، هێـزە کوردییـەکان یەکدەنـگ نیـن و پەرشـوبڵاون.

زیاتـر لـە هەشـت مانگـە هەڵبـژاردن لـە باشـووری کوردسـتان بەڕێوەچـووە، کەچـی تـا ئێسـتاش حکومەتـی نـوێ دانەمـەزراوە و هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی هەرێمیـش ئەنجـام نـەدراوە. لـە پاییـزی ئـەم ساڵیشـدا هەڵبژاردنەکانـی عێراقیـش بەڕێوەدەچێـت. لـەم دۆخـەدا یەکڕیـزی نێـو ماڵـی کـورد گەلێـک گرنگـە. ئەگـەر ئێمـە وەک کـورد یەکڕیـز نەبیـن، ئـەوا دەکرێ سـتاتۆی فیدراڵـی و گەلێـک دەسـتکەوتی دیکەمـان لەناوبچـن. لـە هەمانکاتـدا دەڤـەرە دابڕێـنراوەکان (دەڤەرەکانـی مـاددەی ١٤٠)یـش ئەگـەری هەیـە بەتـەواوی لـە کوردسـتان دابـبڕێنرێـت. لـە گەلێـک ناوچـەدا دیموگرافیـای ناوچەکـە دەگۆڕدرێـت. پێویسـتە هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکان، ناکۆکییەکانـی نێـوان خۆیـان بـەلاوە بنێـن و بـۆ پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی کوردسـتان بەیەکـەوە تێبکۆشـن.

لـە کۆبوونەوەکـەدا ڕەوشـی شـەنگال و بەگشـتی دۆخـی باوەڕمەندانـی «ئێزیدی»یـش لـە ڕۆژەڤ دابـوو. کێشـە و گرفتەکانـی شـەنگالیش بەردەوامـن. شـەنگال بەشـێکە لـە خاکـی کوردسـتان. شـەنگال لـە چەندیـن لاوە لەژێـر هێـرش دایـە، پێویسـتە هەمـوو هیـزە کوردسـتانییەکان دژ بـە هێرشـەکانی داگیـرکاران بـۆ سـەر شـەنگال هەڵوێسـت بنوێنـن و شـەنگال بپارێزرێـت. پێویسـتە لـە شـەنگال ناسـنامەی ئێزیدایەتـی بپارێزرێـت، دیموگرافیاکـەی تێکنەدرێـت و خەڵکـی شـەنگال خـۆی، خـۆی بەڕێوەببـات.

دۆخـی «کوردانـی فەیلی»یـش لـە کۆبوونەوەکـەدا لـە ڕۆژەڤ دابـوو. پرسـی کوردانـی فەیلـی، ماوەیەکـی درێـژە لـە ڕۆژەڤـی (KNK)دایـە. بـۆ ئـەوەی ڕاوەسـتە لەسـەر دۆخـی کوردانـی فەیلـی بکرێـت (KNK) کۆمیتەیەکـی تایبەتـی دانـاوە و ئـەم کۆمیتەیـە لەنـاو کار و خەبـات دایـە. کوردانـی فەیلـی لـە گەلێـک ڕووەوە لەژێـر فشـار و هێـرش دان. بەتایبەتـی لەژێـر هێرشـی تواندنەوەیـەک (ئاسمیلاسـیۆنێک)ی مـەزن دایـە. ئـەم پرسـە هـەر تەنیـا کوردانی فەیلـی پەیوەندیـدار نـاکات، هـەر تەنیـا (KNK)ش پەیوەندیـدار نـاکات، لەهەمانکاتدا پرسـێکی نەتەوەییـە و دەبێـت هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکان، سـەبارەت بـە دۆخـی کوردانـی فەیلـی هەڵوێسـتە بکـەن و دەبێـت چارەسـەرییەکی دادپەروەرانـەی ئـەم پرسـە بکرێـت.

لـە لایەکـی دیکـەوە ڕژێمـی ئێـران لەنێـو قەیرانێکـی مەزندایـە. قەیرانەکـە هـەم ئابـووری،

هەمیش کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ڕژێمی ئێران، وڵاتی بۆ هەموو گەل و نەتەوەکانی ئێران، باوەڕمەندییە جیاوازەکان و ژنان کردووەتە زیندانییەکی کراوە(سەرئاوەڵا) و هەناسەی لە خەڵک بڕیوە. بەتایبەتیش فشار و ستەمەکانی سەر ژنان، تا دێت زیاتر و دژوارتر دەبێت. ئیدی ئەم دۆخە پەسند ناکرێت و گەیشتووەتە قۆناغی ڕاپەڕین. دوای کوشتنی کچە کورد ژینا ئەمینی، بە پێشەنگایەتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەرانسەری ئێراندا ڕاپەڕینێک بەرپابوو. ئەم ڕاپەڕینە ڕووبەڕووی هێرشی دژوار بووەوە و بەهۆی ئەو هێرشە دڕندانەیەوە، ئەگەر کەمێک بێدەنگیش هەبێت، بەڵام تا ئێستاش ئەم ڕاپەڕینە بەردەوامە.

ئەمە زیاتر لە ٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران، مافەکانی ژنان و مافە دیموکراتییەکانی هەموو گەلانی ئێرانی پێشێل کردووە و کەسانی دژبەری خۆیشی سەرکوت دەکات. گەلانی ئێران، تووڕە و بێزارن و داوای ئازادی و وڵاتێکی دیموکراتی دەکەن. کۆبوونەوەکەمان، داواکاریی و خواستەکانی گەل بۆ ئازادی و بونیادنانی وڵاتێکی دیموکراتی، بە مافدار و ڕەوا دەبینێت، پشتیوانی لە خۆپیشاندەران و چالاکوانانی ئازادیخواز دەکات. هەروەها کۆبوونەوەکەمان، هێرشەکانی ڕژێمی ئێران لەسەر خۆپیشاندەران و لەسێدارەدانی چالاکوانان شەرمەزار و ڕیسوا دەکات.

بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٣ بەدواوە پارت و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور دەمێننەوە، زۆربەیان بێچەک کراون و لەسەر کەمپەکان دابەشکراون. ئێران بارودۆخی ئەو پارت و هێزانە لەنزیکەوە چاودێریی دەکات و داوای ڕادەستکردنەوەی بەشێک لە بەرپرسانیش دەکات. لە هەمانکاتدا ئێران بەردەوامی بە سیاسەتی لەسێدارەدان دەدات و زیندانیان لەسێدارە دەدات. هەروەها پەیوەست بەمە هێرشەکانی بۆ سەر کۆڵبەرانی کوردیشی زیاتر کردووە و ڕۆژانە کۆڵبەران دەکوژێت. ئەمە دۆخێکی دژوار و مەترسیدارە و دەبێت ڕەتبکرێتەوە.

ئێمە هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان بەتوندی شەرمەزار دەکەین. بانگەوازیی لە پارت و ڕێکخستنە سیاسییەکان، دامودەزگا مەدەنییەکان، ڕۆشنبیران و تەواوی گەلەکەمان دەکەین، لەسەر بنەمای یەکێتی نەتەوەیی، دژی هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران بوەستنەوە و هەڵوێست وەربگرن.

کۆبوونەوەکـە، بانگەوازیـی لـە هەمـوو پـارت و ڕێکخسـتنە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەکات هەرچـی زووتـرە بەرەیـەک لـە نێـوان خۆیانـدا پێکبێنـن و دژ بـە فشـار و هێرشـەکان تێبکۆشـن.

کۆبوونەوەکـە بانگەوازیـی لـە هەمـوو هێـزە ئۆپۆزسـیۆنەکانی ئێـران دەکات لەپێنـاو بونیادنانـی وڵاتێکـی ئـازاد و دیموکـرات، بەرەیەکـی هاوبـەش پێکبێنـن و بـە یەکدەنگـی ڕووبـەڕووی ڕژێـم ببنـەوە.

هەروەهـا کۆبوونەوەکـە، بانگەوازیـی لـە هێـزە دیموکراتییەکانـی جیهـان دەکات کـەوا گەلانـی ئێـران بەتەنیا بەجێنەهێڵـن و دژ بـە سـتەمکارییەکان پشـتیوانی لـە چالاکوانـان بکـەن.

لـە کۆبوونەوەکـەدا دۆزی باوەڕمەندانـی «یارسـان»یش لـە ڕۆژەڤ دابـوو و هەڵوەسـتە لـە پرسـەکانیان کـرا. باوەڕمەندانـی یارسـانی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا هەم وەک کـورد و هەمیش وەک باوەڕمەندێتـی لەژێـر فشـاری دژوار دان. ئایینـی یارسـانی، باوەرییەکـی دێرینـی کوردسـتانە و دەبێـت وەک خـۆی و وەکـو هەیـە بپارێزرێـت. کاتێـک بارودۆخـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران دێتـە بەربـاس، بەداخـەوە زۆرجـار دۆخـی کوردانـی خوراسـان لەبیـر دەکرێـت. ئەمـەش کەموکورتـی زۆربـەی ڕێکخـراوە کوردییەکانـە. کەنەکـە، هـەر لـە دامەزراندنییـەوە و تـا ئێسـتاش هەوڵـی ئـەوە دەدات کـە تیشـک بخاتـە سـەر بارودۆخـی کوردانـی خوراسـان و ئەگـەر سـنووردرایش بێـت نوێنەرایەتیـان لـە کەنەکـەدا هەبێـت. کوردانـی خۆراسـان لـە کەنەکـە نوێنەرایەتییـان هەیـە. پێویسـتە ئـەم نوێنەرایەتییـە بەهێزتـر بکرێـت. پـرس و کێشـەکانی کوردانـی خۆراسـان دەبێـت لـە کارنامـەی هەمـوو ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکاندا جێگیـر بکرێـن.

لـەم سـاڵانەی دواییـدا قەیرانـی نێـوان ئیسرائیـل و ئێـران گەیشـتووەتە ئاسـتی هێرشـی سـەربازیی. ئەمـەش دۆخێکـی نوێـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە. ئێمـە وەک کـورد لـەم شـەڕەدا تـەرەف نییـن، بـەڵام ئـەو قەیـران و شـەڕە کاریگـەری لەسـەر کـوردان هەیـە. ئـەو قەیـران و شـەڕە دەتوانێـت ناوچەکـە سـەروبن بـکات. پێویسـتە هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکان ئـەم دۆخـە لـە ڕۆژەڤیـان دابێـت و لەسـەر بنەمـای سـتراتیژێکی هاوبـەش جموجـۆڵ بکـەن.

مـاوەی شـەش مانگـە لـە سـوریا ڕەوشـێکی نـوێ هەیـە، ڕژێمـی بەعـس ڕووخـا و هێـزە سـەلەفییەکان لـە دیمەشـق بوونەتـە دەسـەڵاتدار. بـەڵام باڵادەسـتی بەسـەر هەمـوو خاکـی

سوریادا نییە. کێشە و گرفتەکانی سوریا زۆرن. هەرچەندە لەگەڵ خۆبەڕێوەبەرێتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕێککەوتنێکیش واژۆ کرابێت، بەڵام هێشتا کێشەکان چارەسەر نەبوونە. بەم ڕێککەوتنە یەکەم جارە دەسەڵاتدارێتی دیمەشق، بەشێوەیەکی فەرمی هەبوونی گەلی کورد و مافە دەستوورییەکانی پەسند دەکات. کۆبوونەوەکە ئەم ڕێککەوتنە بایەخدار دەبینێت و دەیەوێت لە ماوەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، گەلێک هێرش کرایە سەر عەلەوییەکان، مەسیحییەکان و دوروزییەکان. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هێرشەکانی دژ بە باوەڕمەندانی عەلەوی، مەسیحی و دوروزییەکان دووپاتدەبنەوە. کۆبوونەوەکە ئەو هێرشانە شەرمەزار دەکات و بانگەوازیی لە هێزە پەیوەندارەکان دەکات دژ بەو هێرشانە ڕابوەستن و هەموو پێکهاتەکانی سوریا بپارێزن.

دەسەڵاتدارانی نوێی دیمەشق، دەیانەوێت لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستێتی عەرەبی سیستەمێک دابمەزرێنن. بیر و هزریان لە پێوانە دیموکراتییەکان بەدووره. ژنان و مافەکانیان لە ڕۆژەڤیاندا نییە. کەسانی عەلمانی و دیموکراتیخواز لەژێر فشار دان. ئەمەش ڕەوشێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. ئەگەر سوریایەکی دیموکراتی بونیادنەنرێت، ئەوا ئاڵۆزییەکان بەردەوام دەبن و لەوانەیە سوریا پارچە ببێت. لەم ڕووەوە دەبێت کوردان وریا بن، دۆست و هاوپەیمانەکانی خۆیان زیاتر بکەن. لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، کۆنفرانسێک لە نێوان هێزە کوردییەکاندا بەڕێوەچوو، هەنگاوێکی ئەرێنی و سەرکەوتوو بوو. ئێمە سڵاو لەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی دەکەین.

ڕۆژئاوا لە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت. پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ڕۆژئاوا کار و ئەرکێکی بنچینەییە. وەکو پێشوو ئەم دۆخە لە ڕۆژەڤ و پلانسازیی (KNK)دا دەمێنێتەوە و چاودێریی دەکات.

لە کۆبوونەوەکەدا ڕەوشی گەلی ئاسوری-سوریانی-کلدانی لە ڕۆژەڤ دابوو. ئاسوری-سوریانی-کلدانی، گەلێکی دێرینی هەرێمەکەمانە. لە مێژوودا گەلێک جاران کۆمەڵکوژی و جینۆساید لە بەرامبەریاندا کراوە. ئەم گەلە هەر تەنیا لە ڕووی ئەتنیکییەوە بەئامانج گیراون، لە هەمانکاتدا لە ڕووی باوەڕییشدا لەژێر هێرشێکی دژوار دان. لەگەڵ هاتنی

داعشـدا، ئاسوری-سـوریانی-کلدانی بوونـه یـەک لـە ئامانجـە یەکەمینـەکان و کۆمەڵکوژ کـران. هەربۆیـە لـە هەرێمەکـەدا ژمارەیـان کەمبووەتـەوە و تـا دێـت کەمتریـش دەبـن. پاراسـتنی ئـەم گەلـە دێرینـە ئەرکێکـی مەزنـی (KNK) و هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکانە. ئێمـە هەمیشـە لەسـەر ئـەم ئەرکـەی خۆمـان ڕادەوەسـتین. چارەنـووس و ڕزگاریـی گەلـی کـورد و گەلـی ئاسوری-سـوریانی-کلدانی، بەیەکـەوە پەیوەسـتدارە و سەرکەوتنیشـیان هـەر بەیەکەوەیـە.

پێویسـتە وەک گەلـی کـورد، گەلـی ئاسوری-سـوریانی-کلدانی، ئەرمەنـی، عـەرەب، تورکـمان و گەلانـی دیکـەی کوردسـتانیش، لـە ژێـر گەرانتـی جڤاکـی و سیاسـیدا خـاوەن مافـە دیموکراتییـەکان بـن. دەبێـت مافەکانـی پێکهاتـەکان نەبنـە قوربانـی حیسـاباتی دەسـەڵاتدارێتی سیاسـی، دەبێـت وەک گەلانـی دێرینـی ئـەم وڵاتـە ببینرێـن. پێویسـتە ئـەو پێکهاتانـە لـە هەمـوو بڕیارەکانـی داهاتـوودا بەشـدار بـن و مافـە دیموکراتییەکانیـان بەگوێـرەی ژمارەیـان نەبێـت، بەڵکـو بەگوێـرەی تەبایـی و ڕێککەوتـن بێـت.

(KNK) هەمـوو جـۆرە جـووت سـتاندارتی و نەژادپەرسـتییەک، لـە هەرلایەکـەوە بێـت، ڕەتدەکاتـەوە و بانگەوازیـی لـە هەمـوو هێـزەکان و بەرپرسـانی سیاسـیی کـورد و ئـەو پێکهاتانـە دەکات کـەوا ڕێگـە بـە هێـزە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان نـەدەن، کـە دەخـوازن نەتەوەپەرسـتیی و پارچەبـوون تەشـەنە پێـدەدەن.

بەشـێکی گـەورەی کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـە باوەڕمەندانـی «ڕێـی هەق(ئەهلـی هـەق)-عەلەوی»یـن. ئـەم ئاییـن و باوەڕییـەش باوەڕمەندییەکـی دێرینـی کوردسـتانە. باوەڕمەندانـی ڕێـی هەق(عەلـەوی)، لـە مێـژوودا ڕووبـەڕووی گەلێـک هێـرش و کۆمەڵکـوژی بوونەتـەوە. لـە ڕۆژی ئەمڕۆشـماندا، هێشـتا وەک دەخوازرێـت، ناتوانـن بەگوێـرەی باوەڕییەکانـی خۆیـان عیبـادەت بکـەن و بژیـن. هێشـتا ڕووبـەڕووی بچـووک ڕوانین(کەملێڕوانیـن) و جیاوازکاریـی دەبنـەوە. لـە هەمانکاتـدا لـە لایـەن دەوڵەتیشـەوە دەتونێرێنـەوە (ئاسـمیلە دەکرێـن) و هەوڵدەدرێـت لەنـاو کۆمەڵگـەی سـووننیدا بتوێنرێنـەوە. بەشـێک لـە ئەندامانـی (KNK)یـش لـە باوەڕمەندانـی ڕێـی هەق(عەلـەوی)ن و لەنـاو (KNK)دا کار و خەبـات دەکـەن. (KNK)، ڕێـز لـەم باوەڕمەندییـە دەگرێـت و بـە هەمـوو شـێوەیەک مافەکانـی باوەڕمەندانـی ڕێـی هەق(عەلـەوی) دەپارێزێـت.

لـە کۆبوونەوەکـەدا ڕەوشـی کوردانـی ئاناتۆلیـای ناوینیـش لـە ڕۆژەڤ دابـوو. نوێنەرانـی پلاتفۆرمـی کوردانـی ئاناتۆلیـای ناویـن (PKAN) کـە لـە(KNK)دا ئەندامـن، دۆخـی گەلەکەمان لـەو هەرێمەیـان بـاس کـرد و زانیارییـان بـە کۆبوونەوەکـە دا. کوردانـی ئاناتۆلیـای ناویـن ماوەیەکـی درێـژە وەک کوردانـی ناوەنـدی کوردسـتان جێـی خۆیـان لەنـاو شۆڕشـدا گرتـووە و خۆیـان بـە خاوەنـی کوردسـتان دەبینـن. هەربۆیـە ڕووبـەڕووی هێرشـی نەژادپەرستی دەبنـەوە. پێویسـتە هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکان ئـەم دۆخـە ڕەچـاو بکـەن و گەلەکەمـان لـە ئاناتۆلیـای ناویـن بەتەنیـا بەجێنەهێڵـن.

لـە کۆبوونەوەکـەدا، ڕەوشـی کـوردان لـە وڵاتانـی سـۆڤییەتی پێشـوو (ESENG)ش لـە ڕۆژەڤ دابـوو و ڕاوەسـتەی لەسـەر کـرا. ئەمـە ماوەیەکـە، لـە وڵاتانـی قازاسـتان و قیرزسـتانی ئاسـیای ناویـن هێـرش لەسـەر کـوردان هەیـە. کـورد نـەک هـەر تەنیـا لـە کوردسـتان لەژێـر هێـرش دان، هەروەهـا لەسەرانسـەری جیهانیشـدا لەژێـر هەڕەشـە و هێـرش دان. تـا وڵاتێکـی ئـازادی کـوردان بونیـاد نەنرێـت، ئـەو هەڕەشـە و هێرشـانە بـەردەوام دەبـن. (KNK) لـە هەمـوو شـوێنێک و دەڤەرێکـدا، مافەکانـی گەلـی کـورد دەخاتـە ڕۆژەڤـەوە و دەیپارێزێـت.

ڕەوشـی ژنانیـش لـە ڕۆژەڤـی کۆبوونەوەکـە دابـوو. نوێنەرانـی ڕێکخسـتنەکانی ژنـان بەشـێوەیەکی بەهێز بەشـداریی کۆبوونەوەی گشـتی بوون و بە هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی خۆیـان، کۆبوونەوەکەیـان دەوڵەمەنـد کـرد. هەرچەنـدە تەڤگـەری ژنـان، لـە کوردسـتان بەرەوپێشـەوە چووبێـت و لـە ئاسـتی هـەرە بـاڵادا لەنـاو دامودەزگاکانـی کوردسـتاندا هەبـن، لـە وڵاتـی کوردسـتان وەکـو جیهانیـش هێشـتا پرسـی ئازادیـی ژنـان چارەسـەر نەبـووە. پێشـکەوتنی تەڤگـەری ژن لـە کوردسـتاندا، جێـی شـانازییە و لـە ئاسـتی جیهانـدا دەنگـی داوەتـەوە. بـەڵام پرسـەکە مەزنـە، ڕێ و ڕێبازێکـی قـووڵ و درێـژە. دەبێـت زیهنییەتـی هـەزاران سـاڵە بگۆڕدرێـت. هەروەهـا تەڤگـەری ژنـان، دەخـوازن لەنـاو پـارت و ڕێکخسـتنە سیاسـییەکاندا ژمـارەی ژنـان زیاتـر بکرێـت. ژن، ڕەخنـە لـە تێگەیشـتنە باوکسـالارییەکانی پـارت و ڕێکخسـتنە سیاسـییەکان دەگـرن و داوا لـە هەمـوو پارتـەکان دەکـەن بەگوێـرەی حقوقـی ژنـان ڕێـی سیاسـەتی کـوردی لەبـەردەم ژنـان بکرێتـەوە. بەتایبەتـی، داوا لـە پارتـە سیاسـییەکان دەکرێـت کـەوا لـە خەباتـی یەکێتـی نەتەوەییـدا بەشـداربوونی ژنـان بەهێزتـر بکرێـت.

دەبێـت هەمـوو نزیکبوونـەوە جیاکارییەکانـی دژ بـە ژنـان، وەک نزیکبوونـەوەی

دژە دیموکراتــی ببینرێــت و ڕێــز لــە ئیــرادەی ئازادیــی ژنــان لــە سیاســەتدا ببێتــە بنەمــای تێگەیشــتنەکان. پێویســتە کوشــتنی ژنــان لــە مــاڵان و شــەقامەکاندا وەک تاوانــی دژە مرۆڤایەتــی ببینرێــت. دەبێــت ژن بــە ئیــرادەی ئــازادی خــۆی، لەنیــو سیاســەت و دامەزراوەکانی بڕیــاردا جێی خۆیــان بگــرن. (KNK) هەمــوو جــۆرە بەئامڕازکردنێکــی ژن لــە سیاســەتدا ڕەتدەکاتــەوە و ڕێــز لــە ئیــرادەی ئــازادی ژن دەگرێــت و بانگەوازیــی لــە هەمــوو هێــزە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی کوردســتان دەکات کــەوا لەبەرامبــەر بــە ئیــرادەی ژنانــدا ڕێــزدار بــن.

لــە کۆنفرانســی(١٠٠)ەمین ســاڵیادی ڕێککەوتننامــەی لۆزانــدا، بــۆ بەهێزکردنــی یەکڕیزیــی نێــو ماڵــی کوردســتانیان، بڕیــاری کۆنفرانســێکی نەتەوەیــی درا. کۆبوونەوەکــە ئــەم بابەتــەی خستە ڕۆژەڤــی خۆیــەوە و کردییــە بەشــێک لــە پلانســازیی خــۆی. ئامانج ئەوەیــە لــەم ســاڵدا بتوانیــن کۆنفرانســێکی نەتەوەیــی ئەنجــام بدەیــن و هەمــوو کێشــە و پرســگرییەکی خۆمــان لەنێــو کۆنفرانســدا گفتوگــۆ بکەیــن و لەســەر بنەمــای ســتراتیژێکی هاوبــەش یەکێتــی خۆمــان بەهێزتــر بکەیــن.

هەروەهــا ڕاوەســتە لەســەر ســاڵیادی ڕێککەوتننامــەی لۆزانیــش کــرا و لــە (١٠٢)ەمیــن ســاڵیادی ڕێککەوتننامــەی لۆزانــدا، گردبوونــەوە و خۆپیشــاندانی جەماوەریــی بەڕێوەبچێــت.

ئــەم ســاڵ (١٠٠)ەمیــن ســاڵیادی ڕاپەڕینــی ١٩٢٥ی باکــووری کوردســتانە. هەروەهــا (١٠٠) ەمیــن ســاڵیادی لەســێدارەدانی شــێخ ســەعید و ٤٦ لــە هەڤاڵانییەتــی. لــە هەمانکاتــدا (١٠٠) ەمیــن ســاڵیادی بەڵگەنامــەی جینۆســایدی کــوردان «پلانــی ئیســلاحاتی شەرق»یشــە. دوای جینۆســایدی گەلانــی ئەرمــەن و ئاسوری-ســوریانی-کلدانی لــە ســاڵی ١٩١٥دا، جینۆســایدی گەلــی پۆنــدی (پۆنتــۆس، گەلــی ڕۆمــی دەڤــەری دەریــای ڕەش) لــە ســاڵی ١٩١٩، جینۆســایدی کــورد لــە ســاڵی ١٩٢٥یــش دەســتپێکرد. لــەم یادەدا لــە ٢٧-٢٨ی حوزەیرانــی ٢٠٢٥دا لــە برۆکســێل، ســەبارەت بــە «ســەرهەڵدانی ١٩٢٥ی باکــووری کوردســتان» کۆنفرانســێک بەڕێــوە دەبەیــن. لــە ڕۆژی ٢٠٢٥/٦/٣٩یشــدا، کــە (١٠٠)ەمیــن ســاڵیادی لەسێدارەدانی شــێخ ســەعید و ٤٦ لــە هەڤاڵانییەتــی لــە شــاری کۆڵنــی ئەڵمانیا، میتینگێکــی مــەزن بەڕێوەدەبەیــن. کۆنفرانــس و میتینگەکــە بــە ڕێنمایــی نەتەوەیــی بەڕێوەدەچێــت و هەمــوو هێــز و پارتەکانــی کوردســتان بانگهێشــت دەکرێــن.

دۆخـی کوردسـتان و ناوچەکـە ئاڵـۆز و هەسـتیارە. هاوکاتـی مەترسـییەکان، دەرفەتەکانیـش هـەن، ئەگـەر بتوانیـن بەکاریانبێنیـن. هـەر چـوار دەوڵەتـی داگیـرکار لەنیـو قەیرانـی مەزنـدان. ڕەوشـی عێـراق نادیـارە و ناسـەقامگیرییەکی زۆر هەیـە. ڕەوشـی سـوریا، لەبەرچاوانـە و تـا ماوەیەکـی درێژیـش ناتوانێـت خـۆی کۆبکاتـەوە سـەریەک. ئێـران وەکـو باسـکرا، لەنێـو گەلێـک قەیـران دایـە. تورکیـا، هەرچەنـدە خـۆی بەهێزیـش ببینێـت و هەندێـک ناکۆکـی نێونەتەوەیـی بـۆ بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بەکاربێنێـت، بـەڵام ئەویـش لەنێـو قەیـران دایـە و داهاتووەکـەی نادیـارە. لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا شـەڕێکی جیهانـی لـە ئارادایـە. دەوڵەتانـی داگیرکـەری کوردسـتان هەریەکـە و بـە شـێوەیەک لـەم شـەڕەدا تەرەفگیـرن. ناوچەکـە بـەرەو گۆڕانکارییەکـی مـەزن دەڕوات.

لەبەرامبـەر ئـەو دۆخـەدا؛ ئەگـەر ئێمـە بتوانیـن خۆمـان باشـتر ڕێکبخەیـن و یەکێتـی خۆمان بەهێزتـر بکەیـن، ئـەوا دەتوانیـن سـتاتۆیەکی هەمیشـەیی لـە هەمـوو کوردسـتان بونیـاد بنێیـن. هەربۆیـە پێویسـتە هەمـوو هێـز، پـارت، دامـودەزگا و ڕێکخسـتنەکانمان، هەروەهـا هەمـوو گەلەکەمـان لەهەمـوو لایەکـی وڵات و لەهـەر شـوێنێکی تـر دەژیـن، باشـتر یەکبگـرن، پێگـەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی خۆیـان بەهێزتـر و مەزنـتر بکـەن. بـەم شـێوەیە پیـلان و پڕۆژەکانـی دەوڵەتانـی داگیـرکاری دژ بـە کوردسـتان پووچـەڵ دەکەینـەوە.

ڕەوشـی کوردسـتان و جیهـان کـە لـە سـەرەوە شـیکرایەوە، ئـەرک و ڕۆڵـمان دەخاتـەڕوو. شـیکردنەوە و دەستنیشـانکردنی کەموکوڕییـەکان بـۆ ئێمـە بـەس نیـن. بـۆ ئـەوەی ئـەو کەموکوڕییانـە چارەسـەر بـبن، خەباتێکـی بەهێزمـان لـێ دەخوازرێـت. لـە سـەرووی هەموویانـەوە؛ یەکێتـی نەتەوەیـی، کاری هـەرە بنچینەییمانـە. دەبێـت ئێمـە بێوچـان خەبـات بکەیـن. لـە ڕووەوە دەرفـەت و توانسـتەکان هـەن. هەروەهـا ئێمـە دەتوانیـن لـە ئاسـتی جیهانـدا خەباتێکـی دیبلۆماسـی بەهێـز بکەیـن و پێویستیشـە کـە بیکەیـن.

بەکورتـی؛ کات کاتـی یەکێتییـە. کات کاتـی چارەسـەرییە. کات کاتـی ئازادییـە. کات کاتـی خەباتـە.

٢٣هەمین جڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

٢٠٢٥/٥/٢٩

هاوسەرۆکانی (KNK):

زەینەب موراد و ئەحمەد کارامووس

ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەرێتی (KNK):

١. ئاریا عیسا

٢. بەهزاد پیرمووسا

٣. دیمەن سوهرابی

٤. ئەکرەم حسۆ

٥. فارووق جەمیل

٦. فاتمە لەکتۆ

٧. ئیبراهیم عەلیپوور

٨. میران ساڵح

٩. نیلوفەر کۆچ

١٠. نووریێ ئالکاش

١١. عوسمان ئەرگین

١٢.  پەروین سەعید

١٣. ڕەفیق غەفور

١٤. ڕۆژین موکریان

١٥. سەعید سەنەندەجی

١٦. شەهلا حەفید

١٧.شێرکۆ حەمەئەمین

١٨.شێخ شەماڵ

١٩.شیلان ئەمینئۆغلو

٢٠.شوکروڵڵا حەمەئەمین

٢١.یاقووب میرزا

٢٢.زەینەب مستەفا

٢٣.زوبێر ئایدار

# نامەیەك
# لە نوگرە سەلمانەوە

ئاسۆ حەیدەری





لـە گۆڤـاری دۆکیومێنـت ژمـارە ٦ کورتـە باسـێک لـە ژیاننامـەی شـەهید ئەحمـەد حـەلاق نـوسرا و هاوپێـچ بـوو بـە نامەیـەك بـۆ کـوڕە ١ ساڵەکەی کـە لـە نوگرە سـەلمان نووسـیبووی.

لـەم ژمارەیـە ٥ نامـەی تـری شـەهید بـۆ هاوژینەکـەی بـڵاو دەکەینـەوە لەگـەڵ کورتەیـەک لـە ژیانـی دایکـم نازەنیـن حەیـدەری.

نازەنیـن حەیـدەری دوا منداڵـی حەیـدەر فەنـدی قـازی و فەرمانبـەری حکومەتـی عوسـمانییە جگـە لـە خـۆی شـەش بـرا و دوو خوشـکی تـری هەبـوو.

بـرا گەورەکـەی عاسـم حەیـدەری لـە سـەرەتای چلـەکان دەچێتـە کـۆڕی کاری




سیاسی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ڕزگاری کوردستان و پارتی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق و پاش چەند ساڵێک دەستگیر دەکرێ و تاکو شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە زیندان دەبێت، لە ئەنجامی نەخۆشی و نالەباری ژیانی زیندان لە ١٩٧١ کۆچی دوایی دەکات، برای دووەمی ساڵح حەیدەرییە کە دامەزرێنەر و سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق و پارتی ڕزگاری کوردستان بووە، برای سێیەمی جەمال حەیدەرییە کە کادیر و سەرکردەی ناسراوی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو، لە تەمموزی ١٩٦٣ بەعس دەستگیری دەکات و لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا هەواڵی شەهیدبوونی بڵاودەکەنەوە.

برای چوارەمی موهیب حەیدەرییە کە لە تەمەنی لاویدا تووشی زیندان دەبێت و پاشتر لە کودەتای شوباتی ١٩٦٣ دەستگیر دەکرێت و لە ئازاردا هەواڵی ئیعدامکردنی بڵاودەبێتەوە ( تەرمی هەردوو شەهید جێیان نادیارە)

**نازەنین حەیدەری دوامنداڵی حەیدەر فەندی قازی و فەرمانبەری حکومەتی عوسمانییە جگە لە خۆی شەش برا و دوو خوشکی تری هەبوو.**

نازەنین لەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە ١٩٦٣ چاوی دەکاتەوە و لە ئەنجامی گیرانی ٤ برای لە کۆتایی چلەکان و خراپی باری ئابووری خێزانەکەیان ڕوودەکەنە گوند و لە یەکەم ساڵی خوێندنیدا لە قوتابخانە دەهێندرێتە دەر و بێبەش دەبێت لە خوێندن، پاشتر و لە ساڵی ١٩٥٥ کە دەگەڕێنەوە شار لە بەر تەمەن گەورەیی ناگەڕێتەوە خوێندن.

هەرچەندە خەڵکی کە لەگەڵی دادەنیشتن و قسەی بۆ دەکردن ڕۆشنبیری فراوانی و شێوەی قسەکردن و ڕا و بۆچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو ژنە نەخوێندەوارە سەریانی سوڕدەهێنا کە دەیانزانی نەچووەتە قوتابخانە و نەخوێندەوارە.

لە ١٩٥٨ و لە تەمەنێکی زوو دەچێتە کۆڕی خەبات و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حزبی شیوعیی عێراق دەست بە کاری سیاسی دەکات بەتایبەتی لە یەکێتی ئافرەتانی

**هەرچەندە خەڵکی کە لە گەڵی دادەنیشتن و قسەی بۆ دەکردن ڕۆشنبیری فراوانی و شێوەی قسەکردن و ڕاوبۆچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو ژنە نەخوێندەوارە سەریانی سوڕ دهێنا کە دەیانزانی نەچۆتە قوتابخانە و و نەخوێندەوارە.**



لەڕاستەوە: حەمەی حەللاق، ئاسۆ حەیدەری، نازەنین حەیدەری

عێراق چالاک دەبێت.

لە کودەتای شوباتی ١٩٦٣ لە بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی لە کازمییە بەشداری دەکات و بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لاوان و گەنجانی ئەو شارە ناهێڵن سوپای بەعسی لێیان بچێتە ژوورەوە. لە ١٩٦٤ و ١٩٦٥ دووجار دەستگیر دەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت.

لە ١٩٦٦ دەبێتە هاوسەر و هاوژینی تێکۆشەرێکی شاری سلێمانی (ئەحمەد حەلاق) کە ئەو کاتە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنی ناوەندی (لتم)ی حیزبی شیوعیی عێراق بوو و پاشتر لە ١٩٦٧ کە حزبی شیوعیی دەبنە دووبەش دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و بەرپرس لە هێزی پێشمەرگە لە کوردستان و پارتیزانەکانی لە زۆنگاوەکانی خوارووی عێراق و دەستە چەکدارەکانی ناو شارەکان ( جیهازی سیدامی) کە ساڵح عەسکەری بەرپرسی دەبێت، ئەو ڕێکخراوە عەسکەرییە قارەمانانی شار و دێهاتەکانی کوردستان و عێراقی لە خۆ کۆکردبووەوە، جگە لە شانە نوستووەکانی ناو سوپای عێراق.

لەو کارانەیدا، ئەحمەد حەلاق و هاوژینەکەی نازەنین هاوکار و پشتیوان و ڕێکخەری کۆمەڵێک لە چالاکییەکانی بوونە. لە بەهاری ١٩٦٨ دەستگیر دەکرێت و دەنێردرێتە زیندانی نوگرە سەلمان، پێدەچێ دەتوانێت چەند نامەیەک بنێرێتە دەرەوەی زیندان، کە لێرە وێنەی ئەو نامانە بڵاو دەکەینەوە.

ناوەڕۆکی نامەکان بابەتی گشتین نەوەک بکەوێتە دەست دەزگا ئەمنییەکان، بەڵام بەشێک لە کەسایەتی هەردووکیان و پڕ باوەڕی و خەمخۆری ئەحمەد حەلاق و هاوسۆزی و هاوخەمی و هاوپشتی نازەنینی هاوژینەکەی پیشان دەدات.

لە سەرەتای ١٩٦٩ و لە کاتی خۆئامادەکردنی قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعیی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێک بۆ ئازادکردنی عێراق لە دەست بەعس، شەهید ئەحمەد دەگیرێت و لە ماوەی چەند ڕۆژێک شەهید دەبێت و ئەویش وەک دوو براکەی تری نازەنین تەرمەکەی وون دەبێت و بێسەروشوێن دەکرێت.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی هاوژین دەبن کوڕێکیان دەبێت و پاش شەهیدبوونی ئەحمەد حەلاق بە چوار مانگ (حەمە) کوڕی دووەمیان لەدایک دەبێت و لە ساڵی ١٩٧١ دەگەڕێتەوە هەولێر و لە تەک دوو خوشکی گەورەی لە گەڕەکی ئازادی دەژین.



نازەنین حەیدەری لەگەڵ خانەوادەکەی لە زیندانی بەغدا

هاوڕێیانی ئاسۆ کە دەچوونە لای دایکی ئاسۆ بۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەی پێی دەگووتن ئاسۆ لە ڕێگای سەرفرازی و خەبات بۆ میللەتەکەی گیراوە، گەر خوا بە بەشی دایکی بزانێ ئەوا ئازاد دەبێت، گەر شەهید بوو ئەوە جێگای سەربەرزی و شانازییە

لە ١٩٨٧ ئاسۆی کوڕە گەورەی نازەنین دەستگیر دەکرێت و لە حوزەیرانی هەمان ساڵ حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت، نازەنین قارەمانانە ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە دەبێتەوە و هەوڵی ئازادکردنی دەدا ئەمەش بە هاوکاری دۆست و کەس و ئازیزانی، لە پێش هەموویانەوە مومتاز و ساڵحی برای و ئەسعەد عەدۆی هاوڕێی کاک مومتاز.

هاوڕێیانی ئاسۆ کە دەچوونە لای دایکی ئاسۆ بۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەی پێی دەگوتن ئاسۆ لە ڕێگای سەرفرازی و خەبات بۆ میللەتەکەی گیراوە، گەر خوا بە بەشی دایکی بزانێ ئەوا ئازاد دەبێت، گەر شەهید بوو ئەوە جێگای سەربەرزی و شانازییە، وەستا حەسەن و شەهید لوقمان حەمەدەمین (کاروان) کە زوو زوو سەردانیان دەکرد، وەستا حەسەن دەڵێت ئێمە بە چاوی پڕ لە فرمێسک دەهاتینەدەر و دایکی



نازەنین حەیدەری لە کۆتایی پەنجاکاندا

ئاسۆ دڵنەوایی دەداینەوە.

لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەهۆی کاری سیاسی هەردوو کوڕەکەی ( ئاسۆ و حەمە)ماڵی نازەنین حەیدەری بۆ جاری سێیەم بوو بە بارەگایەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و دیسان نازەنین پاڵپشتی مادیی و مەعنەوییان بوو.

لە ئەنجامی هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ئاسۆ ئازاد دەکرێت، پاش ساڵێک جارێکی تری حوکمێکی تری ئیعدامکردنی بۆ دەردەچێت ( ئەم جارە دەستگیر ناکرێت) بەڵام قەدەر بۆ نازەنین وەستابوو و کوڕە بچووکەکەی (حەمە) دەستگیر دەکرێت و نزیک لە سێ ساڵ لە زیندانی ئەبوغرێب دەمێنێتەوە و لە کۆتایی ١٩٩١ ئازاد دەکرێت.

نازەنین حەیدەری لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دەچێتە ئەڵمانیا و پاش ساڵێک تووشی شێرپەنجە دەبێت و تاکو کۆچی دوایی لە ٢٠١٤ ئازارەکانی شێرپەنجە هاوڕێی دەبێت.

**لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە هۆی کاری سیاسی هەردوو کوڕەکەی ( ئاسۆ و حەمە) ماڵی نازەنین حەیدەری بۆ جاری سێیەم بوو بە بارەگایەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و دیسان نازەنین پاڵپشتی مادیی و مەعنەویان بوو.**

# عەبدولڕەقیب یوسف

## نازناوی بەدیع زەمانی دووەمی کوردی پێ دەبەخشرێت

ئا: دۆکیومێنت



عەبدولڕەقیب یوسف لە کتێبخانەکەیماڵەوەیدا

**کە بە هەوڵەکانی لە بواری شوێنەوارناسیدا توانیویەتی پارێزگاری لە چەندان ئاسەواری دێرینی سەر خاکی کوردستان بکات. بەهەمان شێوە بە بۆچوون و ڕاسپاردەکانی، کە وەك میکانیزمێك بۆ دۆزینەوە و ساغکردنەوە و پاراستنی شوێنەوار لە لایەن یونیسکۆوە گرینگی پێدراوە.**

مامۆستا لە ماوەی کارکردنی لە دونیای شوێنەوارناسیدا، درکی بە زۆرێك کەرەستەی شوێنەواریکردووە، کە لە پێشتردا وەك ئەو باسیان نەکردووە. بەتایبەتی لەسەر مێژووی بەرد، مامۆستا لە زانستی بەردناسیدا وەك کەرەستەیەکی شوێنەواری توانیویەتی جارێکی دیکە مێژووی شارستانییەت بخاتە ژێر پرسیارەوە. لە نامەیەکدا کە بۆ ڕێکخراوی جیهانی یونسکۆ ناردوویەتی، ئاماژەی بەو باسە کردووە، بەڵام ئێمە لێرە نامەکەی بڵاوناکەینەوە، چونکە لە ژمارە ٦ی گۆڤاری دۆکیومێنت عەبدوڵڵا کەریم مەحمودی نووسەر باسێکی



ستافی گۆڤاری دۆکیومێنت لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف دا

دوورودرێـژی لەسـەر نامەکـە و کاردانەوەکانـی لـە لاپـەڕە ٢٤١دا بڵاوکردووەتـەوە، بۆیـە دەتوانـن بـۆ زیاتـر ئاشـنابوون بـەو دۆسـیەیە بگەڕێنـەوە بـۆ بابەتـە سـەرەکییەکە.

مامۆسـتا عەبدولڕەقیـب یوسـف وەك کەسـایەتییەکی جیهانـی لـە بـواری شوێنەوارناسیدا گەلیك کتێب و نـووسراوی هەیـە، کـە دەگمەنـن و شوێنەوارناسـان پەییـان پێنەبـردووە. بەتایبـەت لەبـارەی گەڕانـەوەی مێـژووی مرۆڤایەتـی بـە پێـش شارسـتانییەت، مامۆسـتا بـە گـەڕان و سـاغکردنەوەکانی چەنـدان بابەتـی مێژوویـی لـە ڕێـگای ئـەو کەرسـتانەوە پشتڕاسـتکردووەتەوە، کـە پێـمان دەڵێـت لەپێـش ئـەو شارسـتانییەتە چەنـدان شەرسـتانییەتی دیکـەی مرۆڤایەتـی هەبـووە، کـە خاکـی کوردسـتان بەشـی شـێری بەردەکەوێـت لـەو مێـژووەدا. ئـەو ڕاسـتیانەی مامۆسـتای شـوێنەوارناس

**ئەو ڕاستیانەی مامۆستای شوێنەوارناس پشتی پێبەستوون، زۆربەیان کەوتوونەتە سەر خاکی کوردان، بەتایبەتی لەبارەی هەڵکەندی وێنەی ئاژەڵان بەسەر بەردەکاندا، کە لەو ڕێگەیەوە چەندان مێژوو ساغ دەکاتەوە**

پشتی پێبەستوون، زۆربەیان کەوتوونەتە سەر خاکی کوردان، بەتایبەتی لەبارەی هەڵکەندنی وێنەی ئاژەڵان بەسەر بەردەکاندا، کە لەو ڕێگەیەوە چەندان مێژوو ساغ دەکاتەوە. بەتایبەتی ئەفسانەی شیرین و فەرهاد و چەندان ژیاری دیکە، کە هەمووی بە بەڵگەی زانستی و کاری وردی ئاسەوارناسییەوە ساغکراوەتەوە. هەموو ئەمانە وەك نووسین و کتێب بەردەستن و مامۆستا هیچ کارێکی بەبێ ئارگۆمێنتی زانستی نەکردووە، هەمیشە لە پشتی کارەکانیدا توانستی فیکریی و مەعریفی بەڵگەدار بە نموونە و وێنەی زانستییەوە دەوڵەمەندکردووە.

لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی عەلی حەریری، کە لە ٢٩-٣٠/٤/٢٠٢٥ لە هۆڵی ماڵی حەریری لە شارۆچکەی حەریر بەسترا، لە باسە هەرە گرنگەکانیاندا گەڕانەوە بوو بۆ هەوڵ و ماندووبوونەکانی مامۆستای شوێنەوارناس

**هەر لەمیانەی ئەو کۆنفرانسەدا نازناوی بەدیع و زەمانی دووەمی کوردی بە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف پەخشرا.**


سوپاسنامە

سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ
کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی
شاعری نەمر (علي حريري)
کە ڕوژی (٣٠ نیسانی ٢٠٢٥)
لە شاری هەریری پڕ شوێنەوار
نازناوی (بديع الزمانی دووەم)
بەخشی بە من.

عبدالرقيب يوسف
٣٠/٤/٢٠٢٥


٢

لقب (بديع الزمان) لعبدالرقيب يوسف

تلقب بهذا اللقب ثلاثة من النابغين في العالم الاسلامي

١- بديع الزمان الهمداني المتوفى سنة (١٠٠٧م) واسمه احمد بن الحسين.
٢- بديع الزمان الجزري الكردي الذي ألف أكبر كتاب في الميكانيك في العهد الاسلامي وأول مخترع للربوطات عاش في القرن الثاني عشر في إقليم ديار بكر بصورة عامة وتوفى سنة ١٢٠٥م وقبره في مسجد النبي نوح في مدينة الجزيرة.
٣- بديع الزمان سعيد النورسي مؤلف رسائل النور ومرشد جماعات النور في العالم الاسلامي المتوفى سنة (١٩٦٠).
٤- بتاريخ (٢٩-٣٠) نيسان ٢٠٢٥ أنعقد كونفرانس دولي بخصوص الشاعر الكردي القديم (علي حريري) في إقليم كردستان - العراق وحضره (٥٠٠) شخص أو أقل. وفي الكونفرانس في اليوم الثاني منحني (عبدالرقيب يوسف) لقب (بديع الزمان الثاني) أي بالنسبة للنورسي
علماً أن الألقاب لم تمنح من جهات رسمية للعلماء بل كانت مفتوحة لمن يريد أن يتلقب وهي خارجة عن (المصطلحات الشريفة للدول) كما في (التعريف بالمصطلح الشريف) لابن فضل العمري و كتاب ([illegible]) وهما مصريان و في (صبح الأعشى للقلقشندي) المصري [illegible]

**ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی عەلی حەریری**

کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی عەلی حەریری کە لە ڕۆژانی ٢٩-٣٠ی نیسانی ٢٠٢٥ لە قەزای هەریر بەڕێوەچوو، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

١-ئەگەر چی کۆنفرانس هەوڵیدا بە زمانەکانی (کوردیی بە هەردوو زاری کرمانجی و خواروو، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی) توێژینەوە وەربگرێت و وابوو ٢٨ توێژینەوە پەسەند کرا، بەڵام وەک ڕاسپاردە بە گرنگیی دەزانێت کە بۆ ناساندنی عەلی حەریری و بەرهەمەکانی بە دونیای دەرەوە، چەند توێژینەوەیەکی ئاستبەرز وەربگێردرێتە سەر زمانە زیندوو و کاریگەرەکانی دونیا، تا لەو ڕێیەوە خۆمان کاڵای هونەری و ئەدەبی و سەرمایەی زانستیمان بە دەرەوە بناسێنین.

٢-دروستکردنی ئەرشیفێکی تایبەتی عەلی حەریری لە شاری حەریر، کە وێنەی دەستخەتە جۆربەجۆرەکانی شاعیر و هەموو ئەو توێژینەوانەی لەبارەیەوە نووسراون: لەخۆبگرێت، جا ئەم ئەرشیفە لە چوارچێوەی ژوورێکی تایبەت بێت لە نزیک گۆڕی حەریری یان لە ناو کتێبخانەی گشتی و یانیش لە شێوەی دامەزراوەیەکدا کە ببێتە بناغە بۆ مۆزەخانەی کەلەپووریی لەناو شاری هەریر.

٣-گەڕان بە دوای هەموو ئەو دەستنووسانەی کە گومان دەکرێت شیعری عەلی حەریریان تێدا بێت لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی عێراق و وڵاتان و کڕینەوە و هێنانەوەی وێنەی لەبەرگیراویان.

٤-پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ، بۆ پێداچوونەوە و دووبارە ساغکردنەوەی دیوانە شیعرییەکەی عەلی حەریری بە شێوەیەکی زانستیی و شرۆڤەکردنیان و وەرگێڕانیان بۆ لانی کەم بە زمانانی دەوروبەر و هەروەها ئامادەکردنی فەرهەنگیی شیعرەکانی عەلی حەریری.

٥-دامەزراندنی ئەرشیفێکی ڕەنگیی و دەنگیی بۆ شیعرەکانی عەلی حەریری و خوێندنەوەیان و ژێرنووسکردنیان و وەرگێڕانیان و بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕێکی تایبەتی عەلی حەریری.

٦-نۆژەنکردنەوە و ڕێستوورەکردنی گۆڕی عەلی حەریری بە شێوەیەک کە لەگەڵ بنەماکانی مەزارێکی شوێنەواریی بگونجێت و خستنەناو کتێبی گەشتیاریی تایبەت بە ناوچەکە و ناساندنی وەک شوێنێکی کەلەپووری و شوێنەواری و گەشتیاریی.

٧-ڕاستکردنەوەی ژیان و بەرهەمی عەلی حەریری لەنێو کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە، لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی کۆنفرانس و بایەخدانی زیاتر بە عەلی حەریری لەناو مەنهەجی خوێندن لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

٨-چەند ساڵ جارێک دیداری تایبەت بە عەلی حەریری بە بەشداریی قوتابیانی سنوورەکە لە هەریر سازبکرێت، بۆ زیاتر بەبیرهێنانەوە و وردبوونەوە لە ژیان و بەرهەمی و دامەزراندنی ناوەند و سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی بە ناوی عەلی حەریری بۆ زیاتر مانەوەی ناوی ئەو زانا و شاعیرە لە زەینی خەڵکی ناوچەکەدا.

٩- لە پای هەوڵ و کۆششی ٦٥ ساڵەی نووسەر و مێژوونووس عبدالرقیب یوسف کە پێش دەیان ساڵ بۆ یەکەم جار بە درێژیی لە بارەی علی حریری نووسیویەتی و گۆڕی عەلی حەریری میرانی سۆران و زانایانی حەیدەری لە حەریر دۆزیوەتەوە بۆیە کۆنفرانس بە شایستەی ئەوەی زانی نازناوی بەدیعوززەمانی دووەمی پێ ببەخشێت.

لەگەڵ ڕێزی بێپایانی

لیژنەی زانستیی کۆنفرانس

٢٠٢٥/٤/٣٠

لـە بـواری ئاسـەواردا. هـەر لەمیانـەی ئـەو کۆنفرانسـەدا نازنـاوی بەدیـع و زەمانـی دووەمـی کـوردی بـە مامۆسـتا عەبدولڕەقیـب یوسـف پەخـشرا. ئـەو نازنـاوەش، کـە شـایەنی مامۆسـتایە، بـەڵام ناتوانیـن ئـەوە نـا دیدەبگریـن، کـە ئـەو بابەتـە بـۆ پێشـنیارێکی عەبدولـڵا کەریـم مەحمـودی نووسـەر دەگەڕێتـەوە، کـە لـە ژمـارە٦ی گۆڤـاری دۆکیومێنـت لـە بـارەی مامۆسـتاوە ئامادەیکردبـوو. نووسـەر لـە بابەتەکـەی دەڵێـت: ئەگـەر (بەدیـع و زەمـان نورسـی کـوردی) لەکاتـی خـۆی بـە هـەرەزکاری توانیبێتـی ئاسـتی زانسـتی زانایانـی سـەردەمی خـۆی تێپەڕێنێـت، بـەڵام عەبدولڕەقیـب یوسـف لـە کاتـی پیرێتیـدا بـە هـەوڵ و سـاغکردنەوەکانی لـە بـواری وێنـەی سـەربەردەکان زانایانـی کـۆن و تـازە تێدەپەڕێنێـت. ئایـا عەبدولڕقیبیـش (بەدیـع و زەمانـی دووەمـی کـوردی نییـە؟) ئایـە ئـەو عەبقەرییـە وەك نورسـی نەبووەتـە شـانازی کـورد؟

کاتێکیـش ئـەو پەیامـە بـە مامۆسـتا دەگات، کـە لەلایـەن لیژنـەی بـاڵای کۆنفرانـس ئـەو نازناوەیـان پێـداوە، لەبەرامبـەردا عەبدولڕەقیـب یوسـف بـە دەسـت و خەتـە جوانەکـەی، سوپاسـی ئامادەکارانـی کۆنفرانـس دەکات.

# مێژووی پزیشکی لە هەولێر

د. ئازاد مەنتك



ستافی یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کوردستان لە ساڵانی پەنجاکاندا

بەشی سێیەم

**شاری هەولێر دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و هەتا ساڵی (١٩٢٠ز) سەر بە (وویلایەتی موسڵ) بووە، دواتر کەوتووەتە سەر (کەرکووك) و بەو شێوە ماوەتەوە هەتا ساڵی (١٩٢٣ز)، کە لەم ساڵەدا لەگەڵ داکەزراندنی وڵاتی عێراق (مەملەکەتی عێراق) و بوونی (مەلیك فەیسەڵ) بە مەلیکی عێراق..**

هەولێریش کرا بە لیوایەکی سەربەخۆ و هەردوو قەزای کۆیە (کویسنجاق) و (ڕواندوز) سەر بەم لیوایە بوون. هەر لەم ساڵەدا (ئەحمەد عوسمان) وەك موتەسەڕیفی هەولێر (١٩٢٣-١٩٢٧ز)، کە یەکەم موتەسەڕیف بوو، دەستبەکار بوو. بەگوێرەی سەرژمێرییەکان بێت، ئەوەی دوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و دامەزراندنی حکومەتی مەلەکی عێراقی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە؛ لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٢٠ز) لە لایەن دەسەڵاتی ئەوکات بڵاو کراوەتەوە ژمارەی دانیشتووانی عێراق (دوو ملیۆن و هەشت سەت و چل و نۆ هەزار و دوو سەت و هەشتا و دوو کەس) بووە. لەو زەمانیدا کوردەکان هەروەک گەلانی تری عێراق (شارنشین ٢٩٪) و گوندنشین (٣١٪) و ڕەوەند و کۆچەری (٣٥٪) بووە. ژمارەی دانیشتووانی هەولێر (٩٦١٠٠)  نۆهەت و شەش هەزار و سەت

کەس موسڵمان بووە و (٤٨٠٠) چار هەزار و هەشت سەت کەس جوولەکە و (٤١٠٠) کەس فەلە (دیان =مەسیحی)  بووینە و (١٠٠٠) هەزار کەس شەبەک و ئێزیدی بوون، واتا؛ کۆی گشتی ژمارەی دانیشتووانی هەولێر ئەوکات (١٠٦٠٠٠) سەت و شەش هەزار کەس بووە لەو ژمارەیە تەنیا (٧٠٠٠) کەس دانیشتووی قەڵات بوون.

ژمارەکـە، هەرچەنـد کـەس بـوو بێـت .. ئـەوکات، ئـەوە تێبینـی دەکرێـت؛ هەمـوو ئایینزاکان لـە هەولێـر بوونییـان هەبـووە هەتـا دەگـەل نەمانیشـیان بـەڵام شـوێن پێیـان هـەر جێـماوە. ئـەوکات گەڕەکـی تایبـەت بـە (مەسـیحی) و (جوولەکـە) و (شـەبەک و ئێزیـدی) و زۆرینـەی موسـڵمان هەبـووە، ئێسـتاش گەڕەکـی جوولەکـەکان یـان گەڕەکـی عەرەبـان ناویـان مـاوە و دێـت. ئـەوەی جێـگای باسـە، کـە؛ ئـەوکات لـەڕووی تەندروسـتی و پزیشـکی هیـچ فـەرق بـەوە نەکـراوە، کـە؛ ئـەو کەسـەی پیشـەی پزیشـکی پیـادە دەکات یـان دەسـتی تەبیبـی دەدات چ ئاینزاییەکـە یـان چ قـەوم و میللەتێکـە و هەمـوو وەک یـەک چـاوی لێکـراوە و بەڕێـز سـەیری کەسـەکەیان کـردووە. هەروەهـا لـە خـڕ سـەرژمێرییەکان لـە عێراقـدا جـا چ بـە هـۆی فەرهەنگ بـوو بێـت یـان بەهـۆی بیـر و بۆچـوون یـان بـە هـۆی تـرس و واقیـع هـەروەک هەمـوو وڵاتانـی جیهـان ئـەو سـەرژمێری سـاڵی (١٩٢٠ز) بـە تـەواو و بـێ خـەوش ئەژمـارد ناکرێـت چونکـە هـەروەک لـە کتابەکانـی مێـژوودا هاتـووە خەڵکێکـی زۆر دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم  نـاوی خۆیـان تۆمـار نەکـردووە چونکـە ترسـییان لـەوە هەبـووە، کـە؛ دەسـەڵات و حکومەتـی ئـەوکات سـەوقییان بـکات بـۆ بەرەکانـی شـەڕ یـان سـەربازی و بەزۆرەملێیـان پێبـکات یـان پاکتاوییـان بـکات، هـەر بۆیـە؛ خەڵـک نـاوی خۆیـان نەدەنووسـی و لەبـەر ئەمـەش ئـەو سـەرژمێری (١٩٢٠) تـەواو ژمـارەی دانیشـتووان دەرنابڕێـت. هەمـوو ئـەوە دەزانیـن، کـە؛ تـا سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی بیسـت خەڵـک و عالـەم هەبـوو، کـە؛ تەسـکەرە و ناسـنامەی نەبـوو، واتـا: فەرهەنگـی میللـەت و بۆچوونـەکان و تێڕوانینـی میللـەت لـە هەمـوو کاتـەکان کاردانـەوەی لـە سـەر دەرئەنجامـەکان دەبێـت بـەڵام هـەر کـووەك بێـت ئـەو سـەرژمێری سـاڵی (١٩٢٠ز) بەیەکـەم سـەرژمێری فەرمـی و باوەڕپێکـراو دادەنرێـت.

**واقیعی پزیشکی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٠٠ - ١٩٢٠ز):**

لـەم دوو دەیـەی سـەدەی ڕابـردوو هـەروەک سـەدەکانی پێشـووتر لـە کوردسـتان و هەولێـر هیـچ دەنگوبـاس و خەبەرێکـی ئەوتـۆ نییـە! هەتـا لـە گێڕانـەوەی باپیـران و زارەکـی هیـچ ئامـاژە بـە دامەزراوەیەکـی پزیشـکی و تەندروسـتی نەکـراوە!؟ خەڵـک ئەگـەر نەخـۆش

کەوتبان،ئەوا؛ هەروەک لە بەشی یەکەم باسکرا پەنایان بۆ یەک لە ڕێگا چارەسەرییەکان دەبرد. لە باپیرانی خۆمان، بیستوومانە؛ کە پێش دامەزراندنی حکومەتی عێراق پزیشکان بە سەردان هاتوون بۆ هەولێر و بەهۆی نەبوونی دامەزراوەی تەندروستی ئەوکات لە ماڵ یان دیوەخانی یەک لە ناودارانی ئەو کاتی قەڵات ماونەتەوە و نەخۆشی بینیووە و هەر پزیشکەکەش دەرمان و چارەسەری و پێداویستی دەگەڵ خۆی هێناوە و بە نەخۆشەکانی داوە. هەندێک کەسی خواپێداو لە هەولێر کاتێک نەخۆش کەوتوون، ئەوا؛ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەیان سەردانی شاری (موسڵ) یان (حەلەب)یان کردووە، بابای واش هەبووە زیاتر شارەزاتر بووە و چووەتە پایتەخت (ئیستەنبۆڵ). لە چاوپێکەوتنێک بۆ (گۆڤاری پزیشک) جەنابی (د.عبدالرزاق دباغ)، کە؛ لە سەرەتایی سییەکانی سەدەی پێشووی بەبیری بوو، گوتی؛ هەموو دەم لە هەولێر سەردانیکردنی خەڵکەکەی بۆ چارەسەری جیاواز بووە.. ئەوکاتیش خەڵک هەبووە دەچووە چارەسەری ئایینی و هەشبوو گیادەرمان و پزیشکی کوردەواری، تاک و لۆقیش هەبوو، کە؛ نەخۆش دەکەوتن بەس سەردانی پزیشک و سەنتەری پێشکەوتوویان دەکرد. ئەوەی گرنگە، ئەوەیە؛ کە: لە ساڵەکانی نێوان (١٩٠٠-١٩٢٠ز) هیچ دامەزراوەیەکی تەندروستی یان خەستەخانە لە هەولێر بوونی نەبووە و ئەگەر هەشبوو بێت، ئەوا دەربارەی؛ هیچ بە ئێمە نەگەیشتووە. هەتا لە سەدەی نۆزدەش ئەوکاتەی، کە؛ هەولێر و کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی



**ستافی یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کوردستان لە ساڵانی پەنجاکاندا**

ئـەوکات بەرزەفـت نەدەبـوو، هەندێـک لـە سـاڵەکانیش پشـێووی سیاسـی و ناسـەقامگیری دروسـت دەبـوو؛ هـەروەک پشـێوویەکانی سـاڵی (١٨٥٠ز) ئـەم ناوچەیـە تـەواو پشـتگوێ خـرا بـوو. ئینجـا نـەک هـەر هەولێـر و ویلایەتـی موسـڵ بەڵکـو هەمـوو عێـراق، واتـا؛ ویلایەتـی بـەسرە و بەغـداش بەهەمـان شـێوە بـووە. لـە مێـژوودا هاتـووە، کـە؛ یەکـەم خەسـتەخانە لـە بەغـدا لـە سـاڵی (١٨٧٢ز) لـە سـەردەمی (سـوڵتان عەبدولعەزیـزی یەکـەم)، کـە؛ (مەدحـەت پاشـا) والـی بەغـدا بـووە دروسـت کـراوە بەنـاوی (خەسـتەخانەی غـەوارەکان = مستشـفی الغربـاء) بـەڵام ئـەوکات بەهـۆی نەبوونـی دەسـتی کاری پزیشـکی، هەروەهـا خەڵـک ئـەوکات بۆچوونـی وابـوو، کـە؛ دەسـەڵاتی ئـەوکات ئەگـەر نەخـۆش بکـەون و لـە خەسـتەخانە داخیـل بکرێـن، ئـەوا؛ حکومـەت دەیانکوژێـت. هـەر لەبـەر ئـەوە خەسـتەخانە ئـەو دەورەی نەبـووە، تەنیـا بێدەرەتـان و بێکـەس و خەڵکـی لایـدە و نەبوونـی کەسـوکار تێیـدا دەمانـەوە، هەروەهـا بەشـێکی تایبەتـی بـە شـێت و گێـل و نەخۆشـی سێکسـی هەبـووە. هەتـا لـە سـەردەمی والـی (عبدالرحـمان پاشـا) ئەویـش گرنگـی زۆری پێـدا بـەڵام لـە سـاڵی (١٨٧٩ز) ئـەم خەسـتەخانەیە تـەواو پەکـی کـەوت و خاپـوور بـوو هەتـا سـاڵی (١٩١٠ز) دووبـارە لـە سـەردەمی (نـازم پاشـا) خەسـتەخانەی (الغربـاء)ی کـردەوە و دواتـر لـە سـاڵی (١٩١٧ز) خەسـتەخانە بـوو بـە خەسـتەخانەی لەدایکبـوون و منـداڵان و بـە هاتنـی ئینگلیـز لـەو سـاڵەدا ئـەم خەسـتەخانەیە تاکـە خەسـتەخانەی تایبەتمەنـدی منـداڵان و لـە دایکبـوون بـوو.

لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی (١٩١٨ز) ئینگلیـز بەتـەواوی عێراقـی داگیـر کـرد.. ئـەو سـوپایەی ئینگلیـز، کـە؛ لـە هەولێـر بەگوێـرەی نووسراوێـک، کـە؛ بەنـدە لـە کتێبخانـەی ڕەحمەتـی (د.عبدالـرزاق دەبـاغ، خ.ع) بینیـم نزیکـەی (١٩) پزیشـک و کارمەنـدی لەگەڵـدا بـووە، تەنهـا پەرسـتاری ئافرەتیـش لـەو تیمـەدا هەبـووە. جەنابـی (د.عبدالـرزاق، خ.ع) بـۆی گێڕامـەوە، کـە؛ لـە سـاڵی (١٩٦٧ز) کاتێـک لـە بەریتانیـا لـە زەماڵـەی بەریتانـی (خوێندنـی بـاڵا) خوێندوویەتـی، ئـەوا؛ لـە لایـەن گرووپـی پزیشـکی ئـەو سـوپایەی لـە هەولێـر بـووە و لای (سـەربازە دێرینـەکان) داوەت کـراوە و لـەوێ کاپتنێـک لەگەڵیـدا تـەواو باسـی هەولێـری کـردووە و تەنانـەت باسـی لـەوە کـردووە، کـە؛ لـە سـاڵی (١٩١٩ز) لەگـەڵ چارەسـەرکردنی سـەربازانی ئینگلیـزی خەڵکـی مەدەنـی ئـەو کاتـی هەولێریـان چارەسـەر کـردووە.

# گرنگی پاراستنی بەڵگەو دۆکیومێنتەکان
# لە کۆڕێکی سالۆنی لاپەڕە ٩

**ئا – ڕەووست نەوزاد**




**پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٦ لەساڵۆنی لاپەڕە نۆی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆڕێك بۆ نووسەر و ئەکادیمی دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا، بەناونیشانی (پێویستی بەڵگەنامە و گرنگی دۆکیومێنت) بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیران سازکرا.**

لە سەرەتای کۆڕەکە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دڵزار حەسەن وتەیەکی پێشکەش کرد و وتی: ماوەیەك لەمەوبەر لە یەکێك لە زانکۆکانی ڕانیە گفتوگۆمان لەسەر بواری دۆکیومێنت کرد کە ژمارەیەك کچ و کوڕ لەوێ ئامادەبوون دیاربوو بابەتەکەمان زۆر وشك بوو، چونکە مەسەلەی دۆکیومێنت بوارێکی زۆر زانستی تایبەتە ئەو کچ و کوڕانە هەمووی خوێندکاری زانکۆ بوون، بەڵام هەستم کرد بابەتەکە زۆر وشکە و زۆر بەئاسانی



دکتۆر  ئەحمەد حەمەدەمین



دکتۆر محەمەد گەلالەیی

تێی ناگەن، من ئیتر گەڕامەوە ڕابردوو وتم کچینە کوڕینە هەموومان بەتایبەتی نەوەی ئێمە دڵداریمان کردووە کە لە پەیوەندییە دڵدارییەکانماندا نامەکانمان لەناو تویکڵی شقارتە نووسیوە و گۆڕیوە ئیتر ئەوەبوو هەموو پێکەنین و پێیان خۆش بوو لەبەر ئەوەی کچ و کوڕن، منیش وتم ئا ئەوەیە دۆکیومێنت، ئەوانیش وتیان چۆن، وتم ئەو نامەیەی کە ئێستا وا لە ئەرشیفی ماڵەوەم ماوەمە لەسەر دڵداری نەم فەوتاندووە، ئەوە دۆکیومێنتە، کە هۆکاری باسکردنی ئەو بابەتەم بۆ ئەوەبوو کە ویستم ئەو کچ و کوڕە خوێندکارانە تێبگەن لەبەر ئەوەی بابەتەکە وشك بوو، پاشان قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە لەناوچەیەکی وەکو هی ئێوە لە ڕانیە ئایا ڕووداو ڕوویندەداوە هێزی بەریتانی نەهاتوون یا عوسمانییەکان لەوێ نەبوون یا ئاغاکان لەوێ نەبوون یا جەنگ ڕوویندەداوە یا ڕووداوی دڵداری و کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوویندەداوە، بەڵێ ڕوویداوە، باشە وتم کامەتان لە ماڵەکانتان ئەو کەرەستە و

**ئەو نامەیەی کە ئێستا وا لە ئەرشیفی ماڵەوەم ماوەمە لەسەر دڵداری نەم فەوتاندووە و ئەوە دۆکیومێنتە،**

ماتریالانەتان ماوە کە ئێستا پێی دەوترێت دۆکیومێنت کە کاغەزێك نوسراوێك یا کتێبێك مابێت، کەواتە ئەوەی هەیە نەمانتوانیوە وەکو بابەتێکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و پاشان حکومەت یا دەسەلاتیش بە هیچ جۆرێك وەکو شتێکی تایبەتی زانستی کاری لەسەر ئەوە نەکردووە کە ئەم شتانە وەکو کەرەستەیەك لەلای خۆی کۆبکاتەوە، ئەوەی هەیە لە وڵاتانی تر یا وڵاتانی دەوروبەر یا لەلای هەندێك نووسەرەکانی ئێمە دۆکیومێنت کراون، کە بەم دواییە زانکۆی سەلاحەدین ژوورێکی کردووەتەوە بەناوی بەڵگەپارێزی یا دۆکیومێنت پارێزی کە ئەو زانکۆیە کە ناوەندێکی ئەقڵانییە لەم وڵاتەیە، کەچی تازە بیر لەوە دەکاتەوە ژوورێکی هەبێت بە ناوی پاراستنی دۆکیومێنت کە ئێستا دۆکیۆمنێت بووەتە ستراکتۆر کە بابەتێکی زۆر گرنگە و زۆریش زانستییە، ئەوانەی کە پسپۆڕن تێیدا بەڕاستی زۆر کەمن دکتۆر نەجات عەبدوڵلا یەکێکە لەوانەی کە مێژوو شاهیدی بۆ دەدات نەوەك ئێمە مەدحی بکەین لێرە هەروەك کتێبەکانی شایەدی بۆ دەدەن کە بەڕاستی توانیویەتی لەناو ئەرشیفخانەی وڵاتان شتی زۆر گرنگ کۆبکاتەوە، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: **(قل هاتوا برهانکم ان کنتم صادقین)** کەواتە بەڵگە پشتڕاستکردنەوەی هەموو قسەکانیشە، کە بابەتی ڕۆژنامەنووسی جیاوازە لەگەڵ بابەتی دۆکیومێنتی، نوسینیش لەناو کەرەستەی دۆکیومێنتی جیاوازە لەوەی نووسەرێك ئاماژە بە بەشتێك بدات کە دەبێت زۆر ورد بێت تێیدا، بابەتی مامۆستا نەجات لەسەر سەنگی بەڵگەنامە و گرنگی دۆکیومێنتە.

دواتر دکتۆر نەجاتی قسەی کرد و ڕایگەیاند: ڕەنگە ئەمە یەکەمین کۆڕم بێت لەدوای ڕووداوی ڕاپەرینی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامم دابێت کە یەك دووجار لە زانکۆکانی دهۆك و زانکۆی کوردستان بەشداری کۆنفرانسێکم کردووە، ئەگینا هیچ کۆڕێکی ترم لە شاری هەولێر نەبووە ڕەنگە ئەمە یەکەم کۆڕم بێت، بابەتەکەی ئەمڕۆ کە هەڵمبژاردیە لە ڕاستیدا من خەیاڵی کۆڕم لە خەیاڵدا نەبوو، خۆشم هیچ ئامادە نەکردبوو بابەتیشم ئامادە نەکردبوو، بەڵام لە پێشانگای کتێب برادەران ڕوویان لێنام کە ئەوەندە بەدڵسۆزی کاردەکەن بەبێ هیچ مەرج و گفتوگۆیەك نەمتوانی داواکەیان قبوڵ نەکەم، بۆیە ئەوەی ئێستا پێشکەشتانی دەکەم تەنیا چەند سەرەقەڵەمێکە لەبارەی ئەرشیف و دواتر هەموومان دەتوانین بەیەکەوە گفتوگۆیەك بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك کە ئێمە بتوانین چی

بکەین بۆ پەرەپێدانی ئەرشیفی کوردی.
سەبارەت بە ئەرشیف، دکتۆر نەجاتی وتی: ئەرشیف بریتییە لەکۆی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن تاکە کەس یا دامەزراوەیەکی تایبەتی گشتی بەڕێوەدەچێت، وشەی ئەرشیف لە وشەی یۆنانی (ئەرخیۆن)ەوە وەرگیراوە کە بە واتای ماڵ یا مەسکەن یا ناونیشان دێت، هەروەها بە واتای باڵەخانەی کارگێڕی یا نووسینگە یا ئەنجومەنی پیران دێت لە شارە بچووکەکاندا (ئەرخۆنەکان) ئەوانە بوون کە فەرمانیان دەردەکرد و پلە و پۆستی دەسەڵاتیان هەبووە و بە پاسەوانی بەڵگەنامەکان ناسرابوون لەوەوە ئەو ناوەی ئەرشیف هاتووە کە وشەکە لاتینییە و لە وشەی ئەرشیڤیۆم و لە زمانی عەرەبی وشەی ئەرشیف بەکاردێت هەرچەندە خۆی ناوەکە پیتی (ڤ)ی تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی عەرەب ئەو وشەیان نییە و دەیکەن بە (ف) ئێمەش لە وشە عەرەبییەکە وەرمانگرتووە بۆ کوردی، بۆیە ئێمەش دەڵێین ئەرشیف، ئەگینا ڕاستییەکەی (ئەرشیڤ)ـە کە لە وشەی یۆنانی ئەرخیاو هاتووە کە بریتییە لە بەڵگەنامەی پەیوەست بە بنەماڵەیەك یا کۆمەڵەیەك و دواتر بەدرێژایی سەدەکان بە واتای ئەو بەڵگەنامانە هات کە چیتر کاریان پێناکرێت و لە شوێنێك لەژێر دەسەڵاتی دەزگایەك یا چەند کەسێك دەپارێزرێت.
دکتۆر نەجات ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەرشیف بریتییە لە دوو بەش کە ئەوانیش ئەرشیفی گشتی و ئەرشیفی تایبەتییە کە ئەرشیفی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو بەڵگەنامانەی کە پارت و گرووپ و ڕێکخراوە حکومییەکان و دەوڵەت بەرهەمی دەهێنن کە ئەمانە پێیان دەوترێت ئەرشیفی گشتی، هەرچی ئەرشیفی تایبەتییە بریتییە لەو بەڵگەنامانەی کە تاکەکان یا خێزانەکان خۆیان خاوەندارێتی دەکەن کە ئەمانە پێیان دەوترێت ئەرشیفی تایبەتی کە ئەرشیف کۆمەڵێکی زۆر لقی هەیە کە بریتین لە ئەرشیفی (مێژوویی، قەزایی، ئەدەب و هونەر، سیاسی، کارگێڕی، سەربازی، نهێنی، نەخشە و ئەتڵەس).
ڕاشیگەیاند: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە ئەرشیفیان هەیە و دروستیان کردووە و ئیشیان لەسەر کردووە کە یەکەم وڵات بەریتانیایە کە ئەرشیف لەو وڵاتە سەر بە کارگێریەکی ناو وەزارتە و سەر بە ئەرشیفی حکومەتی شانشینی یەکگرتووی ئینگڵتەڕا و وێڵزە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ بەو مانایەی ئەرشیف لە بەریتانیا دروستکردن و بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە، جگە لەوە ئەرشیفی سەربەخۆی

سکۆتلەندا و ئێرلەندای باکووریش هەیە کە ئەم ئەرشیفەی شاری لەندەن دەکەوێتە گەڕەکی (ڕیچ مۆند) لە شاری لەندەن و ٥٨٢ کارمەند لەم ئەرشیفە کاردەکەن تەنیا بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ ی ئەرشیفخانەکە ٤٦ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار پاوەندی بەریتانی بووە، جا خەیاڵی خۆتان بکەن ئەم دەوڵەتە چەندە بایەخ بە ئەرشیف دەدات و چەند پارەی بۆ خەرج دەکات و چی بۆ دەکات.

**فەڕەنسا سەرەتای کۆکردنەوەی ئەرشیفی کاروباری وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا دەگەڕێتەوە بۆ (شارل کۆڤێر) کە وەزیری دەرەوەی شا (لویسی چواردەیەم) بوو**

ئاشکراشی کرد لە وڵاتی فەڕەنسا سەرەتای کۆکردنەوەی ئەرشیفی کاروباری وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا دەگەڕێتەوە بۆ (شارل کۆڤێر) کە وەزیری دەرەوەی شا (لویسی چواردەیەم) بوو دواتر لە سەدەی هەژدەیەم بە فەرمانێکی پاشایی هەرچی کاغەز و بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی (ڕیشۆلۆ) و (مازەران) و (سان سیمۆن) و زۆری دیکە هەبوون هەموویان پارێزران، ساڵی ١٧٦١ لە کۆشکی (ڤێرسای) لە سەردەمی شا (لویسی چواردەیەم)دا شوێنێکی تایبەت بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان لە کۆشکەکە کرایەوە دواتر کاتێك کە شۆڕشی فەڕەنسا




دلزار حەسەن

کە لە ساڵی ١٧٨٩ ڕوویدا ئیدی ئەرشیفی کاروباری وەزارەتی دەرەوە لە کۆشکی ڤێرسای هێنرایەوە ناو پاریس، لە ساڵی ١٧٩٩ یاسای ئەرشیفی نەتەوەیی لە فەڕەنسا دەرچوو لە ساڵی ١٨٣٠ دەزگایەکی ئەرشیفی لە مۆزەخانەی لۆڤەر لەژێر چاودێری مێژوونووسێکی گەورەی فەڕەنسی بە ناوی (ئۆگێست مێنێ) بۆ مێژوونووسان کرایەوە، لە ٢٤ تەمموزی ساڵی ١٨٤٥ پەرلەمانی فەڕەنسا دەنگیدا بۆ دروستکردنی کۆشکێك بۆ وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا کە تا ئێستاش بە (کێ دۆخسێ) ناسراوە کە لە شوێنەکەی لەبەرامبەر ڕووباری (سێن)ـە کە ئەمە لە ساڵی ١٨٤٥ دەنگی بەسەرە و کۆشکەکە دروستکراوە دواتر کاتێك کۆشکی وەزارەتی دەرەوی فەڕەنسا دروستکرا ئەرشیفی فەڕەنسی لە پاریسەوە بۆ ئەوێ لە ساڵی ١٨٥٣ گواسترایەوە و لەو کاتەوە ئەرشیفی فەڕەنسا تا ساڵی ٢٠٠٩ لە (کێ دۆخسێ) بوو ئەوەی کە هەموو جار لە کتێبەکان دەنووسرێت (کێ دۆخسێ) ئەوە مەبەستی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسایە لەو شوێنە.

هەر سەبارەت بە ئەرشیفی فەڕەنسا، دکتۆر نەجاتی وتی: ئەو ئەرشیفە یەکەمجار پارێزراو بوو، بەڵام لە ساڵانی دووەم جەنگی جیهانیدا زیانی زۆری بەرکەوت لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٠ بەر لەوەی ئەڵمانەکان هێرش بکەنە سەر فەڕەنسا، فەڕەنسییەکان خۆیان بەشێکی دۆکیومێنتەکانیان لەناوبرد، دواتر ئەڵمانییەکان هاتن لە کاتی داگیرکارییەکەی فەڕەنسادا کۆمەڵێك دەستنووس و بەڵگەنامەی گرنگیان لەگەڵ خۆیان برد، پاشان لەکاتی ڕزگارکردنی فەرنسا لە ساڵی ١٩٤٥ بەداخەوە بەشێکی ئەرشیفەکە سووتا، فەڕەنسا ساڵی ١٩٨٧ ناوەندێکی ئەرشیفی لە (نانت) کردەوە کە بە ئەرشیفی دیپلۆماسی ناسراوە کە هەرچی ئەرشیفی کونسوڵەکانی فەڕەنسایە لە دەرەوە ئێستا هەموویان لەوێ پارێزراون، دواتر ئەرشیفی وەزاەرتی دەرەوەی فەڕەنسا کە بە (کی دۆخسێ) ناسراوە لە ساڵی ١٩٠٩ باڵەخانەکەی گوازراوە بۆ باڵەخانەیەکی سەربەخۆی دیکە لە باکووری شاری پاریس بە ناوی (لاکورنە) ناسراوە.

ئاماژەی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو بوارەدا وتی: بابزانین ئەرشیف لەوێوە چۆنە کە دوو دەوڵەتی گرنگ کە ناوچەکەیان دابەشکرد و دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە کەیەوە دەستیان بە ئەرشیف کۆکردنەوە کردووە و چۆن بایەخیان بەو بوارە داوە

کە گرنگترین ئەرشیف، ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەکەوێتە ئەنجومەنی وەزیران و گەڕەکی سوڵتان ئەحمەد کە یەکێك لە سێیەمین ئەرشیفە گرنگەکانی جیهان ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانییە کە ئەرشیفی ٣٩ وڵاتی جیهانی تێدا پارێزراوە، ساڵی ١٨٤٧ لەلایەن سەدری ئەعزەم مستەفا ڕەشید پاشا باڵەخانەیەك یا شوێنێك بە ناوی خەزێنەی کاغەزەکان دامەزرا و ساڵی ١٨٥٠ ئەرشیفخانەی دەوڵەتی عوسمانی کرایەوە تاوەکو ڕووخانی ئەو دەوڵەتە کە سەرجەم بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ١٢٠ تا ١٥٠ ملیۆن بەڵگەنامە مەزەندە دەکرێن کە هەندێك کەس دەڵێن تا ٢٥٠ ملیۆن بەڵگەنامە دەیخەملێنن کە تا ئێستا تەنیا یەك لەسەر چواری ئەم بەڵگەنامانە پۆلێن کراون جا خەیاڵی ئەوە بکەن لە سێ بەشەکەی تری ئەو بەڵگەنامانەدا دەبێت چەندە شتی گرانبەهاو کەلەپوور و شتی ئێمەی تێدابێت کە لەوێ پارێزراو بێت کە بەداخەوە ئێمە بەخۆمان ئەرشیفمان نەماوە کە ئەرشیفی گەورەی ئێمە و وڵات و مێژووی بەشێکی ئێمە لەناو ئەو ئەرشیفخانانەیە کە لەناویاندا ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانییە.

سەبارەت بە ئەرشیفی دەوڵەتی ئێران، ئەو دکتۆرە وتی: ئێران هەر لە سەروبەندی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و لە ساڵی ١٨٥١ کتێبخانەی (دار الفنون) لە شاری تاران دامەزرا کە ئەم شوێنە ڕۆڵی کتێبخانەی نیشتمانی دەبینی دواتر لە ساڵی ١٨٩٩ کتێبخانەیەکی دیکەی نیشتمانی هەر لە تاران دامەزرا، پاشان لە سەردەمی ڕەزا شا و لە ساڵی ١٩٣٧ هەر دوو کۆنە کتێبخانەکە یەکیان گرت و کتێبخانەیەکی مەزنیان دروستکرد بە ناوی کتێبخانەی میللی ئێران کە یەکێکە لە کتێبخانە و ئەرشیفە دەوڵەمەندەکان.

وتیشی: ئێستا با باسی چەمکی گرنگی زەبر و زەنگی ئەرشیفتان بۆ بکەم کە دەبێت چی بێت، کە (درێدا) باسی زەبر و زەنگی ئەرشیف دەکات کە چۆن بەڵگەنامەی مێژوویی وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێت بۆ هەیمەنە و دەسەڵات بەسەرداگرتن و داپڵۆسینی سیاسی کە ئەمە ڕێك لە فەلەستین ڕوویدا لە ساڵی ١٩٤٨ کاتێك دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا دەستیان بەسەر زۆر لە بەڵگەنامە و ئەوانەی تایبەت بوون بە دێهات و گوند و شارۆچکەکانی فەلەستین و دەستیان بەسەرداگرت و ئێستاش نەیانداوەتەوە، جا ئەم زەبرو زەنگەی کە ئیسرائیل لەبەرامبەر فەلەستینیەکان پیادەیان کرد بەهەمان شێوە لەناو ئەو هەر چوار وڵاتەی کە کوردیان تێدا دابەشکراوە کە هەم دەوڵەتی ئێران و هەم

تورکیا و هەم سوریا و هەم عێراق ئەوانیش زەبر و زەنگی ئەرشیفیان بەرامبەر کورد پیادە کردووە دەستیان بەسەر بەڵگەنامەکاندا گرتووە و بەڵگەنامەکانیان تەحریف کردووە بۆ ئەوەی بتوانن پاساو بۆ داگیرکردنی خاکەکان بهێننەوە.

ئەوەشی نەشاردەوە کە گرنگی ئەرشیف بۆ پاراستنی یادەوەری کۆمەڵییە بەو مانایەی ئەگەر نەتەوەیەك ئەرشیفی هەبێت کەواتە بایەخ بە پاراستنی یادەوەری دەستە جەمعی دەدات و میللەتێکیش کە ئەرشیفی نەبێت کەواتە میللەتێکی وەکو عەونی یوسف وتەنی میللەتێکی بێ دەفتەرە کە قسەیەکی زۆر جوانە و دەڵێت کورد میللەتێکی بێ دەفتەرە کە مەبەست لەو قسەیە ئەوەیە ئەرشیفی نییە مەبەست ئەوەیە یادەوەری کۆمەڵگەیی نییە کە تۆش ئەو یادەوەریت نەبوو، کەواتە ڕووداوە تاڵەکان ڕەنگە دووبارە ببنەوە، بۆ نموونە دەبینی لایەنێك خراپیەك دەکات بەرامبەر نەتەوەکەی زۆر بەئاسایی تێدەپەڕێت و لەبیردەکرێت نە بەڵگەنامەیەکی لەسەر هەیە و نە ئەرشیف دەکرێت، ئێستا ئێوە بەشی زۆرتان ئەوانەی لێرە دانیشتوون هەر هەمووتان شەڕی ناوخۆتان بینیووە باشە ئێستا مێژوونووسێك بێت بیەوێت لێکۆڵینەوەیەك یا نامەیەکی ماستەر ئامادە بکات یا من لە ئەوروپاوە هاتووم و دەمەوێت لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شەڕی براکوژی ئەنجام بدەم و هۆکارەکانی شەڕەکە بدۆزمەوە لە کێ بەڵگەنامەم لەو بارەیەوە دەستدەکەوێت، ئایا بەڵگەنامەکانی لە کوێ پارێزراوە کە ئەمانە هی سەردەمی دەسەڵاتی خۆمانە و لەدوای ڕاپەرینەوە مێژوویەکی نزیکە، ئەگەر هەر هیچ شتێکمان قبوڵ نییە لەپێش ساڵی ١٩٩١ەوە هەرچی

**کورد میللەتێکی بێ دەفتەرە کە مەبەست لەو قسەیە ئەوەیە ئەرشیفی نیە مەبەست ئەوەیە یادەوەری کۆمەڵگەیی نیە کە تۆش ئەو یادەوەریت نەبوو، کەواتە ڕووداوە تاڵەکان ڕەنگە دووبارە ببنەوە،**

ئەرشیف هەیە گەردنیان ئازاد بێت کە نەماوە لەبەر ئەوەی ئێمە دەوڵەتمان نەبووە و دەسەڵاتمان نەبووە و هیچ کێشەیەك نییە کە پاساوێك هەیە کە ئەرشیفمان نەبووە، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە کاتێك حکومەتی کوردی دادەمەزرێت سەدان جار وتارمان لەسەر نووسی و سەدان جار بە سەرۆکی حکومەتمان وتووە کە ئەرشیفخانەی نەتەوەیی دروست بکەن کورد نابێت ئەرشیفخانەی نەتەوەیی و کتێبخانەی نیشتمانی نەبێت، چەندجار نووسیمان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێویستە ئێمە کتێبخانە و ئەرشیفخانەی نیشتمانیمان هەبێت، بەیانی ئەگەر ئێمە لەخەو هەڵساین بینیمان باڵەخانەیەکی بەرزکراوەتەوە کە لە بیست نهۆم پێکهاتووە و لەسەری نووسراوە (ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان) باڵەخانەیەکی تر لەبەرامبەری هەبێت و لەسەر نووسرابێت کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان، هەقە ئەوکات ئاهێك هەڵبکێشین و سەرمان بەرزبکەینەوەو بڵێین بمانەوێت و نەمانەوێت ئەم میللەتە لەناو ناچێت و دەوڵەتی کوردی دروست دەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە ئەو خەونەیە کە نەمانبینی.

گوتیشی: من پەیوەست بە ئەرشیف و چاپەمەنی حەزدەکەم بگەڕێمەوە سەر باسێکی تر کە چاپ و چاپەمەنییە لە جیهاندا و دواتر ڕۆڵی چاپەمەنی و سەرهەڵدانی چاپەمەنی لە دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی لە دروستکردنی نەتەوە لە ئەوروپادا، کاتێك لەنیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەمی زایینی چاپەمەنی لەلایەن گۆتەنبێرگ-ەوە دامەزرا فرانسیس بیکۆن هەقی بوو گوتی بەڕاستی تاکو چاپەمەنی شێوەی ڕەوشی جیهانی گۆڕی کە هەر بەڕاستی وابوو، داهێنانی چاپەمەنی ڕەوشەکەی گۆڕی تاوەکو نیوەی سەدەی هەژدەیەمی زایینیش لە ڕۆژهەلاتی موسڵماندا چاپەمەنی نەبوو، ئەوەی بووە سەرچاوەی مەعریفە و سەرچاوەی مەعریفە تەنیا لە ڕێگای دەستخەت و ئەو نامانە بوون کە لە سنوورێکی زۆر بەرتەسك و لەناو مزگەوتەکان یا لەناو مەلاکاندا چەند دانەیەکیان کۆپی دەکرایەوە کە ئیدی هیچ شتێکی تری نەبوو کە بچێتە ناو خەڵکی، بۆیە خەڵکیش دەستی بەو مەعریفانەدا ڕانەدەگەیشت، لە ئەوروپا چاپ لە کۆتایی نیوەی سەدەی پانزەیەمی زایینی بەس تەنیا لە ساڵی ١٤٥٠ تاکو ١٥٠٠ کە دەکاتە نیو سەدە کە داهێنانی زۆر سەرەتایی بوون تازە چاپ دۆزرابووەوە، نزیکەی ١٥ تا ٢٠ هەزار کتێب بڵاوکراوەتەوە، لە فەڕەنسا یەکەم چاپخانە لە ساڵی ١٤٧٠ دامەزرا و یەکەم کتێبی فەڕەنسیش ساڵی ١٤٧٦

بڵاوکرایـەوە، بەگوێـرەی ئامـارەکانی (فیفـەر مارتـن) لـە ١٥٠٠ تـا ١٦٠٠ واتـا یـەك سـەدە ٢٠ ملیـۆن کتێـب لـە ئەوروپا چاپکـراوە کـە لـەو کاتـەدا زمانـی لاتینی زمانی بـاو و زمانـی ئاییـن و زمانـی دەسـەڵات بـوو داهێنانـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کتێـب بـە زمانەکانـی فەڕەنسـی و ئینگلیـزی و ئیسـپانی و ئەڵمانـی ئەمـە بەشـداری کـرد لـە دروسـتکردنی هۆشـیاری نەتەوەیـی و دروسـتکردنی نەتـەوە کـە مـن مەبەسـتم ئەوەیـە کـە بڵێـم سـەرچاوەی هۆشـیاری نەتەوەیـی و سـەرچاوەی ناسـیۆنالیزم دەبێـت سـەرچاوەیەکی مەعریفـی بێـت کـە بـەم جـۆرە چاپەمەنـی بـووە سـۆنگەی سـەرچاوەی هۆشـیاری نەتەوەیـی و دروسـتبوونی زمانـی نەتەوەیـی لەنـاو گەلانـی ئەوروپـادا.

ڕاشـگیاند: لەڕۆژهەڵاتـدا گەرچـی چاپخانـە لـە سـەدەی پانزەیـەم هەبـوو کـە جـووەکان چاپخانەیـان هێنابـوو ئەدەبیـات و کتێبـی ئایینـی خۆیـان پـێ بڵاودەکـردەوە کـە لـە دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێـران ڕێگەیـان پێدرابـوو، بـەڵام تەنیـا بـە زمانـی خۆیان بڵاویـان دەکـردەوە، چونکە کێشـەیان هەبـوو لـە شـێوەی نووسـینی وشـەی عوسـمانی و عەرەبـی، ئەگـەر بیانتوانیبایـە وشـەکەش دروسـت بکـەن، دەوڵەتـی عوسـمانی ڕێـگای پێنـەدەدان کتێـب بـە زمانـی عوسـمانی بڵاوبکرێتـەوە، جگـە لـەوە سـەلەفیگەرای عوسـمانیش دژی چاپکردنـی کتێـب بـوون تەنانـەت دژی چاپکردنـی قورئانیـش بـوون، سـوڵتان بایەزیـدی دووەمـی سـوڵتانی عوسـمانی قەدەغـەی کردبـوو ڕۆژنامـە لەچـاپ بدرێـت، لـە سـاڵی ١٥١٥ یاسـایەك لەلایـەن سـوڵتان سـەلیمی یەکەمی عوسـمانییەوە دەرچـوو کـە هـەر کەسـێك توخنـی چاپەمەنـی بکەوتایـە لـەداردەدرا کـە تـا سـاڵی ١٨٢٧ چاپخانـە و لەچاپدانـی کتێـب بـە زمانـی عوسـمانی و زەمانەکانـی تـر لـە دەوڵەتـی عوسـمانی قەدەغـە بـوو وەکـو شـوم سـەیری ئـەم ئامێرەیـان دەکـرد، (ئیبراهیـم موتەفەریقـە) یەکێـك لـەو هاووڵاتییـە هەنگاریانـەی کـە بەدیـل گیرابـوو هـات بـۆ نـاو دەوڵەتـی عوسـمانی لە ئەسـتەنبوڵ بـووە موسـڵمان کـە یەکێـك بـوو لـە وەرگێـڕەکان لـە وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا کاری دەکـرد، بەگوێـرەی ئـەوەی کۆمەڵێـك زمانـی دەزانـی، بۆیـە هەمـوو قۆناغـە بەرزەکانـی بـڕی و بـوو بـە پیاوێکـی باوەڕپێکـراو لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا و توانـی لـە سـاڵی ١٧٢٧ مۆڵەتی چـاپ و چاپەمەنـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی وەربگرێـت واتـا سـەرەتای بڵاوکردنـەوەی چـاپ و چاپەمەنـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٧٢٧ هەوڵەکـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ یەکـەم دامەزرێنـەری چاپخانـە لـە دەوڵەتـی عوسـمانی کـە ئیبراهیـم موتەفەریقـە بـوو

کـە دیپلۆماتــکار و وەرگێــڕ و مێژوونووســی دەوڵەتــی عوســمانی بــوو کــە لــە دوو بەرگــدا مێــژووی دەوڵەتــی عوسـمانی نووسـیوەتەوە کـە چاپخانـە لـە دەوڵەتـی عوسـمانی تەنیـا دوو دەیـە کاری کـرد کـە تەنیـا ١٧ کتێـب بەهۆیـەوە بڵاوکرایـەوە، دواتـر دیسـان چاپەمەنـی قەدەغـە کرایـەوە کـە تیـراژی هەمـوو کتێبـەکان ١٦ هـەزار و ٥٠٠ لاپـەڕە بـوو کـە ڕێژەیەکـی چەنـد کـەم بـوو کـە یەکـەم کتێبـی عوسـمانی لـە سـاڵی ١٧٢٩ بـوو کـە فەرهەنگێکـی دوو بەرگـی بـوو بـە نـاوی (لغـە وانقـولی) کـە وەرگێڕانـی فەرهەنگـی (الصحـاح) ی (ئیسـماعیل کـوڕی حەمـەد ئەلجەوهـەری) بـوو دواتـر کتێبـی (جیهاننامـە) ی (کاتـب چەلەبـی) بـوو کـە یەکێکـە لـە کتێبـە نایابـە مێژووییـەکان کـە سـەرچاوەیەکی گـەورەی مێـژووی دەوڵەتـی عوسـمانییە کـە ٦٩٨ لاپەڕەیـە، یەکـەم ڕۆژنامـەی عوسـمانی (تەقویـم ئەلوەقائیع)ـە کـە سـاڵی ١٨٣١ بڵاوکراوەتـەوە لەبەغـدا (مەدحـەت پاشـا) والی بەغـدا چاپخانەیەکـی لـە فەڕەنسـاوە هێنـا و ناوینـا چاپخانـەی (ئەلویلایـە) کـە بـەم چاپخانەیـە ڕۆژنامـەی (ئەلـزەوڕا)ی چاپکـرد کە یەکێکە لە سـەرچاوە هـەرە گرنگەکانـی مێـژووی عێـراق و دەوڵەتـی عوسـمانی بەتایبەتیـش بـۆ کـورد دەکرێـت دەیـان تێـزی نامـەی دکتـۆرا و ماسـتەری لەسـەر بنووسرێـت کـە ئـەو هەواڵانـەی لـە ڕۆژنامـەی ئەلـزەوڕا بڵاوکراوەنەتـەوە هەواڵـی زۆر گرنگـن و دەکرێـت مێژوونووسـان ئاوڕێـك لـەو ڕۆژنامەیـە بدەنـەوە و بتوانـن کاری لەسـەر بکـەن.

ئامـاژەی بەوەشـکرد هەرچـی لـە ئێـران بـوو چاپەمەنـی لـەو وڵاتـە مێژووەکـەی بـۆ سـەردەمی حکومـی (عەبـاس میـرزا) دەگەڕێتـەوە کـە لـە سـاڵی ١٨١٧ تـا ١٨١٨ بـوو یەکـەم



**لە ئێران کتێبی (فەتح نامە)ی (میرزا ئەبو قاسم)ی قائیمقامی فەراهانی بوو کە پێشتر لە ساڵی ١٦٠٠ەکان سێ کتێبی تری فارسی لە هۆڵەندا چاپکرابوو، بەڵام ئەوروپییەکان چاپیان کردبوو ناکرێ بەیەکەم کتێبی کوردی دابنرێت.**

کتێبیش کە چاپکرا بە فارسی لە ئێران کتێبی (فەتح نامە) ی (میرزا ئەبو قاسم)ی قائیمقامی فەڕاهانی بوو کە پێشتر لە ساڵی (١٦٠٠)ەکان سێ کتێبی تری فارسی لە هۆڵەندا چاپکرابوو، بەڵام ئەوروپییەکان چاپیان کردبوو ناکرێ بە یەکەم کتێبی کوردی دابنرێت.

دکتۆر نەجاتی گوتیشی: ئێستا ئێمە ڕەوشە جیهانییەکەمان زانی هەروەها ڕەوشی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانیشمان زانی، بەڵام بابگەڕێینەوە بزانین ڕەوشی کورد لەم نێوەندەدا چییە کە ئەمەم تەنیا بۆ ئەوەبوو کە بەراوردکارییەکتان بۆ بکەم و بیرۆکەیەکتان لەسەر ئەمە بدەمێ، هەرچی لەناو کوردا هەیە لە هەموو سەدەی نۆزدەیەمدا تەنیا چەند نامیلکە و کتێبێکن کە لەلایەن ئەرمەنەکان بە ئەلفوبێی کرمانجی بڵاوکراوەتەوە، کە فێربوونی ئەلفوبێی کرمانجی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی فێربوونی کوردی کرمانجی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی یەکەمجار سێ چاپی هەیە کە چاپی ساڵی ١٨٦٠ لە ئەستەنبوڵ بڵاوکرایەوە، هەروەها چاپی ١٨٦١ هەیە کە چاپی دووەمە، چاپێکی دیکەی هەیە کە لە ساڵی ١٨٦٨ بڵاکراوەتەوە دوو ئینجیلیش بە کوردی بڵاوکراونەتەوە کە ساڵی ١٨٥٦ کە چاپی یەکەمە و ساڵی ١٨٥٧ چاپی دووەمی بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبانەی ئەلفوبێی کرمانجی بە ئەرمەنی و ئەم دوو ئینجیلە ڕەنگە بپرسن کێ وەریگێڕاوە و بۆچی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی بڵاوکراوتەوە کە کۆمیونیتێکی ئەرمەنی زۆر گەورە کە کریستیان بوون لە ناوچەی (خارپوت) دەژیان ئەمانە ئەرمەنی بوون و ئاینیان کریستیان بوو، بەڵام ئەوەندە لەناو کوردستان ژیابوون، تەنیا زمانی کوردیان دەزانی

**هەرچی لەناو کوردا هەیە لە هەموو سەدەی نۆزدەیەمدا تەنیا چەند نامیلکە و کتێبێکن کە لەلایەن ئەرمەنەکان بە ئەلفوبێی کرمانجی بڵاوکراوەتەوە، کە فێربوونی ئەلفوبێی کرمانجی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی فێربوونی کوردی کرمانجی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی**

و زمانــی ئەرمنیــان لەبیرکردبــوو نەیاندەزانــی کاتێــك موبەشــیر و مســیۆنەرەکان هاتنــە نــاو دەوڵەتــی عوســمانی لــە ســەرەتای نیــوەی یەکەمــی ســەدەی نۆزدەیەمــدا بینیــان ئــەم ئەرمەنییــە قوربەســەرانە کــە لەنــاو کــوردا دەژیــن تەنیــا زمانــی کــوردی دەزانــن، بۆیــە کتێبــی گرامــەری ئەلفوبێــی کرمانجیــان دروســتکردیە بــە ئەرمەنــی بــۆ ئــەوە بــووە ئەوانــە فێــری زمانــی خۆیــان بکەنــەوە و کتێبــی ئینجیلەکــەش هــەر بــۆ ئــەم گرووپــە ئەرمەنییانــە نووســراون کــە بــە ڕەگــەز ئەرمەنیــن، بــەڵام بــە کــوردی قســە دەکــەن کــە وەرگێــڕەکان وێنەکانیشــیان پارێــزراوە لــە کتێبــی ســەفەرنامەیەکی ئینگلیــزی ســاڵی ١٨٩٩ پێموایــە لــەدوا کتێبەکــەی خــۆم کــە (جوگرافیــای کتێبــی کوردی)یــە لــە ســەرەتاوە تــا ســاڵی ١٨٠٠ کــە وێنەکەشــم بڵاوکردووەتــەوە کــە ئــەم قەشــانە یەکەمجــار وەرگێــڕانی ئینجیلیــان کــردووە ئەمانــە وێنەیــان هەیــە و بــە یەکــەم وەرگێــڕی زمانــی کــوردی دادەنرێــن، بۆیــە پێتــان ســەیر نەبێــت کــە یەکــەم وەرگێــڕەکان کــە لــە زمانــی ئەرمەنــی بــۆ کوردیــان ئەنجامــداوە ئەمانــە بەڕەگــەز ئەرمــەن بووینــە و کــورد نەبووینــە.

ڕوونیشــی کــردەوە کــە هەمــوو ئــەو کتێبانــەی کــە لەســەدەی نۆزدەیــەم بڵاوکراونەتــەوە وەکــو وتــم تەنیــا ١٧ کتێــب و ناملکــەی بچووکــن تەنیــا ســێ کتێبیــان کــورد نوســیوویەتی کــە کــورد نەینووســیوە بــۆ خــۆی ڕێزمانەکــەی قەشــە گارزۆنــی ئــەوە بــۆ خۆیانــی نووســیوە بــۆ ئــەوەی فێــری زمانــی ئیتاڵــی بــن و قەشــە ئیتاڵییەکانــی فێــری کــوردی بــن و ئەوانــی تــر کتێبــی گەڕۆکەکانــە کــە تێکســتی کوردیــان تێدایــە و هیچیــان بــە هــەوڵ و کۆششــی کــورد بڵاونەکراونەتــەوە تەنیــا ســێ کتێبیــان نەبێــت کــە کتێبەکانیــش هــەوڵ و کۆششــی کــورد بــووە کــە یەکەمیــان دیوانــی (مەولانــا خالیــدی نەقشــبەندی)یە کــە لــە ســاڵی ١٨٤٨ لــە ئەســتەنبوڵ بڵاوکراوەتــەوە کــە بەشــی زۆری فارســییە و تەنیــا کۆپلــە شــیعرێکی گۆرانــی و هەوارمــی و ئەوانــەی تێدایــە و ئەویتــر هەمــووی بــە زمانــی فارســییە، یەکەمیــن کتێبــی کــوردی دەکرێــت (بەمیعــراج نامە)یەکــی لــووڕی دابنرێــت کــە بەدیالێکتــی بەختیــاری نووســراوە ســاڵی ١٨٨٣ یــا ١٨٨٤ بــووە کــە لــە تــاران بــە چاپــی بەردیــن بڵاوکراوەتــەوە کــە خۆشــبەختانە ئێســتا تەنیــا یــەك دانــە لــەم میعــراج نامەیــە لــە کتێبخانەیــە کــە وا بزانــم نــاوی (مەرحەلیــە) لــە تــاران پارێــزراوە و کۆپییەکــی دەســتنووســی ئــەم کتێبــە ســەنگینە لــە ئەرشــیفی منیــش پارێــزراوە کــە دەکرێــت بــە یەکــەم کتێبــی چاپــی بــەردی دابنرێــت کــە لــە ئێــران لەلایــەن کــوردەوە خــۆی بڵاوکرابێتــەوە، دووەم کتێبــی کــوردی کــە لەلایــەن کــوردەوە بڵاوکرابێتــەوە بریتیــە لــە (مەولــود

نامە)یەکی (مەلا نەبی مەلا ئەحمەدی خاسی) کە ساڵی ١٨٩٩ بە تیراژی ٣٠٠ یا ٤٠٠ دانە بڵاوکراوەتەوە کە ٢٩ لاپەڕەیە و مەولودنامەیەکە لە شاری دیاربەکر بڵاوکراوەتەوە کە ئەمە دەکرێت بە یەکەم کتێبی کوردی دابنرێت لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

ئەو دکتۆرە ئاشکراشی کرد کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ شەش گۆڤار و ڕۆژنامە و ٤٠ کتێبی کوردیمان هەیە کە چاپ و بڵاوکراوەنەتەوە کە ئەگەر کۆی هەموو ئەم کتێبانە کۆبکەیتەوە لە ١٥٠٠ لاپەڕە زیاتر تێپەرناکات کە بەشی زۆریشیان یا (میعراج نامەیە) یا (خەون نامەیە) یا (ئیسماعیل نامەیە) یا ئەوەتا بەشێکی گرامەرن کە مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە چاپ و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کتێب و ئەرشیف ئەمانە سەرچاوەی هۆشیاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمن جا خەیاڵ بکەن دەبێت ناسۆنالیزمی کورد چەندە هەژار بێت لە ڕووی پێگە و کتێب و سەرچاوە مەعریفییەکان، بۆیە من بەراوردەکە بۆ ئێوە بەجێدێڵم و پێشمخۆشە دواتر ئێمە هەموومان بەڕاستی ئامانجی هاتنی من ئەوەبوو ئێمە هەموومان دواتر بتوانین بەشداربین و دیالۆگێك دروست بکەین بۆ ئەوەی بتوانین چۆن ناوەندێك دروست بکەین بۆ ناوەندی دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی کوردستان کە ئەوە حکومەت هیچ ناکات و خۆی لێناکات بە خاوەنی، بەڵام ئێمە با هەوڵێك بدەین و بیکەینە ئەمری واقیع بەسەریان کە تەنیا کۆمەڵێك خەڵك ڕێکبکەوین باڵەخانەیەك دروست بکرێت ئیتر دواتر دەبێتە ئەمری واقیع بەسەریان و ناچارن قبوڵی بکەن.

پاشان دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین بەشداری کۆڕەکەی کرد و وتی: سەرنجم بۆ کۆمەڵێك شت ڕۆیشت کە قسەی لەسەر بکەم لەبەر ئەوەی لە سێرچێکی کوردی بینیم کە توێژینەوەیەکی یەکجار زۆر لە بواری زانستیدا لەسەر بەڵگەنامە کراوە، بۆیە هەوڵمدا قسە لەسەر بەڵگەنامە بکەم کە چییە و جۆرەکانی بەڵگەنامە و بەشەکانی چین ئینجا گرنگی بەڵگەنامە لە توێژینەوەی زانستیدا چییە، بەڵام دکتۆر نەجات بەشێکی باشی قسەکانی کرد و منیشی وروژاند بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ قسەی دیکە، ڕاستیەکەی قسە لەسەر ئەوە ناکەم کە بەڵگەنامە چییە و بەشەکانی چین و لەچیدا بەکاردێت، بایەخی بەڵگەنامە لە توێژینەوەی زانستیدا ئەکادیمیستەکان زۆر بەڕوونی باسی ئەوە دەکەن کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە مەسەلەی پشتگیریکردنی ئەو توێژینەوە زانستیانەی کە

ئەنجامی دەدرێت لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ یارمەتیدەری توێژەرە بۆ وەرگرتنی ئەو زانست و زانیاری و داتایانەی کە لەنێو بەڵگەنامەکاندا هەیە بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی کە بەڵگەنامەی فەرمین، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی کە لەنێو توێژینەوەکانە لەسەر گرنگی بەڵگەنامەدا باسکراوە دەکرێت بوترێت بەڵگەنامەکان بەردی بناغەی توێژینەوەی زانستین لەبەر ئەوەی تەنیا سەرچاوەی زانیاری نین، بەڵکو ئامرازێکن بۆ بەڵگەنامەکردن و ئاڵوگۆرکردنی زانیاری نێوان توێژەرانیشدا، بۆیە هەر توێژەرێك لەکاری زانستیدا بەدوای بەرهەمهێنانی کارێکی دروست و بەنرخدا بگەڕێت دەبێت توانای مامەڵەکردن و شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی بەڵگەنامەکانی هەبێت بۆ ئەوەی کارەکەی زیاتر بکات، من ئەوە بەجێدێڵم لەبەر مەبنای قسەکانی دکتۆر نەجات دەمەوێت قسە لەسەر هەندێك شت بکەم کە پەیوەستە بە کوردەوە لەبەر قسەکانی دکتۆر بەراوردکردنی وڵاتانی دەرەوە بوو لەگەڵ کوردا لە مەسەلەی گرنگیدان بەمەسەلەی بەڵگەنامەدا.

**دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین:**

**لە سێرچێکی کوردی بینیم کە توێژینەوەیەکی یەکجار زۆر لە بواری زانستیدا لەسەر بەڵگەنامە کراوە، بۆیە هەوڵمدا قسە لەسەر بەڵگەنامە بکەم کە چییە و جۆرەکانی بەڵگەنامە و بەشەکانی چین ئینجا گرنگی بەڵگەنامە لە توێژینەوەی زانستیدا چییە.**

وتیشی: دیوێکی تری ئەوەیە کە پێموایە کۆڕەکەش ئامانجیەتی کە ئێمە کەمتەرخەمین لە بەرامبەر کاری بەڵگەنامەدا، بۆیە دەمەوێت بڵێم گرنگیدان بە ئەرشیف لە کوردستان وەکو ئەوەی دکتۆر نەجات وتی لەدوای ساڵی ١٩٩١ بەلایەنی کەمەوە بکرابایە. کۆمەڵێك هەوڵدرا، بەڵام هەوڵی تاکە کەسی و کاتی بوون کە ئەوانە وایانکردووە کە گرووپێك گرنگیان بە بەڵگە داوە لە چوارچێوەی ئەو شوێنە جوگرفاییەی کە کاریان تێداکردووە و زانیویانە کارێکیان ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتن و گۆڕینی

وەزیرێـك یـا بەرپرسـێك یـا نەمانـی حکومەتێـك، وردە وردە کارەکەیـان بـەرەو کاڵبوونـەوە ڕۆیشـتووە کـە دواجـار ئێمـە چەنـد کۆبوونەوەیەکیشـمان کـرد لەگـەڵ بردەرانـی پەرلەمانـدا وەکـو بڵێـی پـڕۆژە یاسـاکە چـووە نـاو پەرلەمـان و دەنگیشـی لەسـەر درا، بـەڵام تـا ئێسـتا دیـزە بەدەرخۆنـە کـراوە وەکـو پێویسـت گرنگـی ئـەو بابەتـە نازانیـن و ناشـتوانین وەکـو پێویسـت خزمەتـی بکەیـن کـە بەشـێکی ڕەنگـە پەیوەسـت بـەوە بێـت کـە ئەقڵـی کـوردی ئەقڵـی ئەرشـیفی نییـە بەشـێکی تـری پەیوەسـتە بـەوەی کـە بەڕاسـتی پارەیەکـی زەبەلاحـی دەوێـت وەکـو ئـەوەی دکتـۆر نمونـەی بەریتانیـای بـۆ هێنایـنـەوە کـە تـۆ ئەگـەر پـارەی لـێ خـەرج نەکەیـت، بەڕاسـتی بەڵگەنامـەی زۆر دانسـقە لـە ماڵەکانـدا هەیـە کـە ئامادەنیـن بەئاسـانی بیدەنـە بەردەسـتی تـۆ، خاڵێکـی تـر بـاس لـە ئەقڵـی ئەرشـیفی بکـەم لـەلای سیاسـییەکانی ئێمـە بەداخـەوە مـن چیرۆکێـم لەلایـە کـە نـە نـاو دێنـم و نـە باسـی کەسـەکە دەکـەم، بـەڵام حزبێکـی سیاسـی لـە سـاڵی ١٩٧٥ەوە تـا ١٩٩١ ڕۆڵـی کاریگـەری هەیـە لـە خەباتـی سیاسـی و پێشـمەرگایەتی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان لـە باشـووری کوردسـتان لەگـەڵ بەشـێك لـە هەڵوەشـانەوەی ئـەم حزبـە و تێکەڵاوبوونـی لەگـەڵ حزبێکـی دیکـە یەکێـك لـە سـەرکردەکانی بەداخـەوە جانتایەکـی گـەورەی لـە دۆکیومێنتی ئـەم حزبـە دەهێنێـت و دەیسـووتێنێت و دەڵێـت لەگـەڵ تێکەڵاوبوونەوەمـان ئەرشیفەکانیشـمان کۆتایـی هـات کـە ئەمـە ئەقڵـی سیاسـی لەبەرامبـەر ئەرشـیفکردنی ئـەم وڵاتەیـە.

دکتـۆر ئەحمـەد باسـی لـەوەش کـرد بەڵگەنامـەکان ئێسـتا بەشـێکی دەردەهێنرێـن و لەنـاو سۆشـیال میدیـا

**هاتە هاتی ئەفغانییەکان کە تا ساڵی ١٧٢٢ مابوو، بەڵام کە دوایی دێن ئەرشیفەکە دەسووتێنن کە ئەوە یەکێکە لە ڕایەکان، ڕای دووەم ئەوەیە کاتێك کە بنەماڵەی قاجارییەکان بە سەرکردایەتی ئەحمەد شای قاجار دێتە سەر حوکم کە دەزانی بەریتانییەکان لە هیندستانەوە ئیشدەکەن بۆ ئەوەی کە بنەماڵەی سەفەویەکان بگەڕێننەوە سەر دەسەڵات**

بەکاردەهێنرێـت کـە بەداخـەوە وەکـو نووسـینەوەی بیرەوەرییـەکان بـۆ ئـەوە نیـن ڕاسـتییەکان دەربخـەن، بەڵکـو بـۆ ئـەوەن یەکـتری پێبشـکێنن کـە ئەمـە یەکێکـە لـە کارەسـاتەکان کـە دەیـان بەڵگەنامـەی لـەو شـێوەیە هـەن لـە وڵاتانـی ئەوروپـادا، بـەڵام ئەوەنـدەی ئـەوان دەسـت بـۆ شـتە باشـەکان دەبـەن، ئێمـە بەقـەد ئەوەنـدە خەریکـی ئـەو بەڵگەنامانەیـن بـۆ شـکاندنی یەکـتری بـەکاری دێنیـن ئەوانـەی تـری کـە خزمەتـی مێـژووی خۆمانـی پێدەکەیـن دیـزە بەدەرخۆنـەی پێدەکەیـن و دەیشـارینەوە.

وتیـشی: ئایـا کاتێـك بەڵگەنامـەکان لـە کاری زانستیشـدا بەکاریدێنیـن دیقەتمـان لەسـەریان هەیـە کاك دڵـزار پرسـیارێکی کـرد کـە وتی ئایـا تەنیـا کاغـەز بەڵگەنامەیـە، ناوەڵـڵا شـتی تریـش بەڵگەنامەیـە.

دواتـر دکتـۆر محەمـەد گەلاڵـی بەشـداری کۆڕەکـەی کـرد و وتی: یەکێـك لـە پایـە هـەرە گرنگەکانـی نێـو مێژوونووسـی کـوردی ئێسـتا لەبەردەمـی وەسـتاوین و سوپاسیشـی دەکەیـن و سـوپاس هەموانیـش دەکەیـن کـە ئـەو دەرفەتەیـان بـە ئێمـەدا، گەلاڵـی ڕاشـیگەیاند: یـەك دوو شـت هەیـە بـۆ مامۆسـتای خۆشەویسـتم وەکـو زیادکردنێـك دەمەوێـت باسـی بکـەم یەکەمیـان ئەرشـیفی سـەفەوی-یە کـە (نەسروڵـڵا حیشـمەتی) لـە گۆڤـاری زانسـتی زانکـۆی ئەسـفەهان ئـەوەی ئامـاژە پێکـردووە کـە ئەرشـیفەکە فەوتـاوە تـا ئێسـتا لەکاتـی تێـزی نووسـینی دکتۆرایەکـەم لەسـەر ئەیالەتـی شـارەزوور چوومـە سـەر ئەرشـیفەکە و بگەڕێـم بەتایبەتـی ئەرشـیفی سـەفەوی و عوسـمانی و هەمـوو ئەوانـە کاربکەیـن جـا یەکێـك لەوانـە کـە پێویسـتم پێـی بـوو ئەرشـیفی سـەفەوی بـوو کـە لەکاتـی هاتـە هاتـی ئەفغانییـەکان کـە تـا سـاڵی ١٧٢٢ مابـوو، بـەڵام کـە دوایـی دێـن ئەرشـیفەکە دەسـووتێنن کـە ئـەوە یەکێکـە لـە ڕاییـەکان، ڕای دووەم ئەوەیـە کاتێـك کـە بنەماڵـەی قاجارییـەکان بەسـەرکردایەتی ئەحمـەد شـای قاجـار دێتـە سـەر حوکـم کـە دەزانـی بەریتانییـەکان لـە هیندسـتانەوە ئیشـدەکەن بـۆ ئـەوەی کـە بنەماڵـەی سـەفەوییەکان بگەڕێننـەوە سـەر دەسـەڵات، ئیـتر دێـن ئەرشـیفەکەیان هەمـوو دەسـووتێنن، واتـا لـە دوو قۆنـاغ ئـەوەی چ ئەفغانییـەکان ڕاسـت مابێتـەوە کـە سـووتێنراوە یـا خسـتیانە نـاو ڕووبـاری ئەسـفەهانەوە یاخـود دواتـر ئـەوەی مابـووەوە هەموویـان سـووتاند، ئـەوەش لەبـەر ئـەوە بـووە کـە نەریتێـك هەبـووە لەنـاو شـایەکانی ئێرانـدا کـە هەمـوو ئـەو شـایانەی کـە دواتـر هاتوونەتـە سـەر حوکـم بەڵگەنامـە و کاغـەزەکانی شـایەکانی پێـش خۆیانیـان هەمـوو

لەناوبـردووە لەبـەر ئـەوەی نەیانویسـتووە ئـەو بنەماڵەیـە بێتـەوە و شـەرعییەت وەربگرێـت، دووەم بـۆ ئەوەیـان بـووە کـە ئـەو موڵـك و ماڵـەی کـە هەیان بـووە لـە ڕووی داراییـەوە نەتوانن جارێکـی تـر وەریبگرنـەوە، واتـا ئەوانـەی کـە بـە نـاوی خۆیـان یـا تاپـۆ بـووە، بۆیـە ئەوانەیـان هەمـوو لەناوبـردووە، کـە بەڕاسـتی ئەرشـیفێکی زۆری کـوردی تێدابـووە کـە پەیوەندییـان هەبـووە لەگـەڵ سـەفەوییەکان هەمـووی لەناوچـوون، بۆیـە ئێسـتا ئـەو ئەرشیفەی کـە هەیـە لەنـاو دەوڵەتـی قاجـاری لـە سـاڵی ١٧٩٧ و ١٧٩٨ لـەو کاتـەوە ئەژمارکـراوە.

وتیـشی: ئێسـتا ئەرشـیفی عوسـمانی چوویتـە ناوچـەی (کایـت هانـە) کـە هـەر لـە بـەری ڕۆژئـاوی شـاری ئەسـتەنبوڵەوە کـە لـە ناوچـەی سـوڵتان ئەحمـەد نەمـاوە، بـەڵام بەگوێـرەی ئـەوەی مـن کارم تێیـدا کـردووە ئەرشـیفەکە کێماسـی زۆر گـەورەی هەیـە کـە وەکـو ئەرشـیفی بەریتانـی نییـە وەکـو دکتـۆر نەجاتیـش باسـی کـرد یـا ئەرشـیفی فەڕەنسـی، بۆچـی، چونکـە ئەرشـیفی بەریتانـی دۆسـیەی لەسـەر هەمـوو شـتێك هەیـە بـۆ نمونـە دۆسـیەی هەیـە لەسـەر هۆزێـك لـە هۆزەکانـی کوردسـتان یـا لـە جیهـان بەگشـتی کـە دۆسـیەکەی لـە ئەلـف هەیـە تـا یائـی کـە ئـەوەی دەسـتی کەوتـووە هەمـووی تۆمارکـردووە و لەیـەك دۆسـیە یـا کەسایەتییەکان و تـا کۆتایـی، بـەڵام ئەرشـیفی عوسـمانی ئـەوەی تێدانییـە کـە هەمـوو بـەش بەشـە تەنیـا دەفتـەرەکان نەبێـت، ئەگینـا ئەوانـەی دیکـە هەمـوو پارچـە پارچـەن بـۆ نمونـە ئەگـەر بتەوێـت شـتێکت دەسـتکەوێت لەسـەر ڕووداوێکـی کوشـتن لەسـەر ڕوانـدوز یـا هەولێـر یـا سـلێمانی یـا لـە کەرکـوك یـا شـوێنەکانی تـر، ئـەوا هەریەکـەو لـە شـوێنێك باسـی دەکات، واتـا تـۆ ئەگـەر بێیـت بـەدوای ڕووداوێکـدا بگەڕێیـت لەنـاو ئەرشـیفی عوسـمانی، ئـەوا هەموویـان بەیەکـەوە نیـن هەرچەنـدە سـێ کۆپـی هەبـووە دانەیەکـی لـە شـوێنەکەی ماوەتـەوە دانەیەکـی لـە ولایەتەکـە و دانەیەکـی تریـش براوەتـە ئەسـتەنبوڵ، بـەڵام هەمـووی نەکراوەتـە دۆسـیە، بۆیـە کاتێـك ئینگلیـزەکان دێنـە کوردسـتان ئەوانـە دەسـووتێنرێن و دەفەوتێـن، لـە ئەسـتەنبوڵیش بەهەمـان شـێوە، بـەڵام ناخرێتـە نـاو یـەك دۆسـیەی بنەڕەتیـەوە کـە تـۆ بەدوایـدا بڕۆیـت، بۆیـە تیشـك دەخەمەسـەر ئەرشـیفی عوسـمانی، چونکـە ئێمـەش ٤٠٠ سـاڵ بەشـێك بوویـن لـەو دەوڵەتـە کـە یـادەوەری و مێـژووی ئێمـە و هەمـوو لایەنەکانـی ژیـاری کـورد لـەو چـوار سـەد سـاڵەیە کـە ئەرشـیفەکەی ونـە.

# چیرۆکی وێنەکەی عوسمان پیرداود لەگەڵ شاژنی ئەردەن



ڕێک (٤١) ساڵ پێش ئەمرۆ منیش وەك قوتابییەك لە (كلية المجتمع العربي- قسم الصحافة والاعلام - عەمان - ئەردەن) ئاگادار کراینەوە کە ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٢ لە (مدينة حسين للشباب) کاتژمێر (٩)ی شەو ئاهەنگی دەرچوان بەڕێوەدەچێت، هەرچەندە سێیەم ڕۆژی ڕەمەزانیش بوو، بەڵام دەبوایە سەعات (٦)ی ئێوارە بۆ هەندێك ڕێنمایی و شارەزایی لە شێوازی ئاهەنگەکە ئامادەبین. بۆیە خواردنی بەربانگیان بە شێوەی سەفەری پێداین. دوای ئەوە بۆ هەر بەشێك و شوێنێك دیاریکرا و هەر قوتابییەك لە شوێنی خۆی دانیشت. پاش کەمێك شاژنی ئەردەن (ملكة نور الحسين) گەیشت. پاش پشوویەکی کەم ئاهەنگەکە بە سڵاوی مەلەکی دەستی پێکرد، ئینجا لە لایەن بەشی یاسایی کۆلێژەوە سوێندی یاسایمان خوارد.

دوای ئەوە ڕەوانشاد (د. ذوقان هنداوي - رئيس مجلس الامناء الكلية) وتەیەکی پێشکەش کرد و لە کۆتاییدا گووتی: ئەی شاژنی بەڕێز من لەبەرامبەر خوا و بەرامبەر ئێوە ئەو گەواهیە دەدەم کە ئەو قوتابییانە بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبونی خۆیان توانیان بە سەرکەوتوویی کۆلێژ تەواو بکەن.. بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان بفەرموون بڕوانامەیان پێببەخشن... ئیتر ناو خوێندنەوە دەستی پێکرد و هەر قوتابییە و بە بزەو خۆشییەکی زۆرەوە بڕوانامەکەی وەردەگرت. منیش وەك ئەو هەموو قوتابییانە ناوم خوێندرایەوە و شاژن لەکاتی پێدانی بڕوانامەکەم پیرۆزباییەکی گەرمی لێکردم، منیش وێرای خۆشحاڵیم دەستخۆشییەکی گەرمم لێی کرد.

## لەئەرشیفی ئەدهەم شێخۆ




قوتابخانەی شامییەی گەورە (الشامیةالکبری) لەسەردەستی شاژنی کورد (فاتیمە زمڕود خاتوون)لەساڵی ١٢١٩ زایینی دروست کراوە، کەدەکاتە کچی نەجمەدین ئەیوب. کەیەکێکە لە گەورەترین قوتابخانەکانی دیمەشق وشام . کە بەناوبانگترین، زانایی کورد مامۆستا بووە لەوسەردەمەدا کە ئەویش عوسمانەددین شەهرەزووری بووە،کەناسراو بووە بە کوڕی سەڵاحەدینی شەهرەزووری.